هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی - سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی مێژوو

# سیاسەتی حکومەتی ئێران بەرامبەر هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان (١٩٤٦- ١٩٤٧)

## لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە

لێکۆڵینەوەکە
ڕێواس فەتاح محەمەد صاڵح

پێشکەشی بەشی مێژووی سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بە دەستهێنانی پلەی ﴿ماستەر﴾ لە مێژووی هاوچەرخی کورددا .

سەرپەرشتیار
پ.ی. د. ئارام عەلی مستەفا

٢٠١٧ زاینی ٢٧١٦ کوردی

ئەم لێکۆڵینەوەیە  بەچاودێری من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو گشت کارە زانستی و ڕێکارەکانی تەواو بووە بەشێکە لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە مێژوویی هاوچەرخی کورددا .

سەرپەرشتیار

پ.ی.د. ئارام علی مصطفی

بەپێی ئەو پێشنیارە ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

د. ئاکۆ عبد الکریم محمود

سەرۆکی بەشی مێژوو

بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن ، ئەم نامەیەمان خوێندەوە بە ناونیشانی ( سیاسەتی حکومەتی ئێران بەرامبەر هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان ١٩٤٦– ١٩٤٧) ، لەگەڵ خوێندکار (ڕێواس فتاح محمد) گفتوگۆی پێویستمان لەبارەی ناوەڕۆك و لایەنە پەیوەندیدارەکانی نامەکە کرد، سەرەنجام پێمانوایە نامەکە شایەنی (            ) .

واژۆ

ناو: پ.ی.د.دلێر احمد حمد

سەرۆکی لیژنە

بەروار: ٢٠١٧/٣/٢٦

واژۆ

ناو: پ.ی.د.هۆشمەند علی محمود

ئەندام

بەروار: ٢٠١٧/٣/٢٦

واژۆ

**ناو: پ.ی.د.هیوا عزیز سعید**

ئەندام

بەروار: ٢٠١٧/٣/٢٦

واژۆ

**ناو: پ.ی.د. ئارام علی** مصطفی

سەرپەرشتیارو ئەندام

بەروار: ٢٠١٧/٣/٢٦

واژۆ

**ناو: پ.ی.د. ابتیسام** اسماعیل قادر

ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان

بەروار: / / ٢٠١٧

بِسْمِ اللهِ الرَحمنِ الرَحِيْمْ

﴿ رَبَنا آتنِا مِن لَدُنك رَحْمة وَ هَيىَّ لَنَا مِنْ أمْرِنا رَشَدآ ﴾

صدق الله العظيم

( الكهف / آلاية ١٠ )

# پێشکەشە بە

- خانەوادە خۆشەویستەکەم، دایکم و باوکم و برا و خوشکەکانم .
- هاوسەری بەڕێزم (مامۆستا یاسین) و جگەرگۆشەکانم ( ڤان ، ڕاسان، محەمەد) .
- هەموو ئەوانەی بوێرانە ڕاستیەکانی مێژوو  وەك خۆی دەنووسنەوە .
- هەموو کوردێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر .

## سوپاس و پێزانین

به پێویستی دەزانم سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی هەموو ئەو مامۆستا، هاوڕێ، دۆست و هاوکارە بەڕێزانە بکەم، کە لە نووسینی ئەم ماستەرنامەیەدا هاوکارییان کردووم و لەپشتیوانی ئەوان بۆ ئەم ئەرکە سودمەند بووم وەك :

١- سەرپەرشتیارەکەم زۆر بەڕێز دکتۆر ( ئارام عەلی )، کە بە دیدو بۆچوونە زانستیەکانی لە تەواوی قۆناغەکانی نووسینی ئەم نامەیەدا ڕێنمایی کردووم، لەئەزمونەکانی بەڕێزیان سوودم وەرگرتووە، هیوای تەندروستی و تەمەندرێژی و سەرکەوتنی بۆ دەخوازم .

٢- ئەو دکتۆرە بەڕێزانەی، کە لە قۆناغی ئامادەکارییدا وانەیان پێوتم و لە ئەزمون و دیدی زانستیان بەهرەمەندبووم، وەك ( دکتۆر کەمال عەلی، دکتۆر دلێر حەقی شاوەیس، دکتۆر یاسین سەردەشتی، دکتۆر ئاکۆ شوانی، دکتۆر احسان) . هاوکات سوپاسێکی گەرمی بە ڕێزان دکتۆر ئاکۆ شوانی و دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر دەکەم، کە لە نووسینی ئەم نامەیەدا گەلێك ڕێنمایی و زانیاری بەسودیان لەسەر چۆنیەتی نووسینی نامەکە پێدام، هیوای تەندروستی و سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم .

٤- هەموو ئەو دۆست و کەسانەی، کە هاوکاریانکردوم بەپێدانی سەرچاوە و ژێدەری پەیوەست بەم نامەیە وەك بەڕێزان :- ( مامۆستا حسێن، مامۆستا ئارام عەلی سەعید، مامۆستا لەتیف مەحمود، مامۆستا لوقمان، مامۆستا شەیما سەعید حەمەلاو) . هاوکات سوپاسی کارمەندانی کتێبخانەی بزوتنەوەی گۆڕان دەکەم بەتایبەتی (کاك جەماوەر، کاك هەڵکەوت)، کە زۆربەی سەرچاوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستانیان خستە بەردەستم بەتایبەتی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان . زۆر سوپاسی کاك چالاکی سەرپەرشتیاری پەیجی هەواڵنامەی کتێب دەکەم، کە زۆربەی سەرچاوە ئینگلیزییەکان و زۆرێك لەو گۆڤارانەی، کەدەستکەوتنیان گرانبوو لەڕێگەی بەڕێزیانەوە بەدەستم هێنا، زۆری سوپاسی کاك بورهان دەکەم بە سیدی ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەی بەسودی پێدام .

٥- لە کۆتاییدا سوپاسی بێ پایانی خانوادەکەم دەکەم، بەتایبەتی هاوسەری خۆشەویستم (مامۆستا یاسین) کە لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم نامەیەدا بەو پەڕی دڵسۆزییەوە هاندەر و هاوکاروپشتیوانم بووەچ لەڕووی دەروونیەوە، چ لە ڕووی گەڕان بە دوای سەرچاوەدەستخستنیان هیوای تەندروستی تەمەندرێژی بۆ دەخوازم .

## لیستی کورتکراوە بەکارهێنراوەکانی ئەم توێژینەوە:

### أ- بۆ سەرچاوە کوردییەکان

١. س.پ = سەرچاوەی پێشوو
٢. هـ.س = هەمان سەرچاوە
٣. ل = لاپەڕە
٤. ل ل = لاپەڕەکان
٥. ز = زاینی
٦. هـ = هەتاوی
٧. ب.ج = بێ جێگای چاپکردن
٨. ب.م = بێ مێژووی چاپکردن

### ب- بۆ سەرچاوە عەرەبییەکان

١. ص = الصفحة
٢. ص ص = الصفحات
٣. ب.م = بدون مكان الطبع
٤. ب.ت = بدون تاريخ الطبع

### ج- بۆ سەرچاوە فارسییەکان

١. ص = الصفحه
٢. ص ص = الصفحات
٣. بی .جا = بدون جايی چاپ
٤. بی .تا = بدون تاريخ چاپ
٥. ش = شمسی
٦. م.پ= مصدر پيشين
٧. هـ.م= همان مصدر

### د- بۆ سەرچاوە ئینگلیزییەکان

1. OP. Cit= oper Cit to= سەرچاوەی پێشووو
2. Ibid= هەمان سەرچاوە
3. P= Page = لاپەڕە
4. PP= Pages = لاپەڕەکان
5. Vol= Volume = بەش
6. Fo = Foreign Office وەزارەتی دەرەوەی

# پێڕست


پێشەکی .................................................١-٦

دەروازە.................................................٧

تەوەری یەکەم– بارودۆخی گشتی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، داگیرکردنی ئێران لەلایەن بەریتانیا و سۆڤێتەوە ..................................................٨– ١٨

تەوەری دووەم – ڕاپەڕینی چەکداری ناوچەکانی بانە، ورمێ، هەورامان و مەریوان لە سەردەمی محەمەد ڕەزاشادا..................................................١٨–٢٨

بەشی یەکەم..................................................

پەرەسەندنی کاری ڕێکخراوەیی و دامەزراندنی کۆمەڵە وپارتە سیاسیەکان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئازەربایجان لەسالآنی جەنگی دووەمی جیهانیدا..........................

باسی یەکەم – دامەزراندنی کۆمەڵە و پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ............

١– دامەزراندنی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) و پەیڕەو وپرۆگرام و کارەکانی .........٢٩– ٤٢

٢– دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەرنامەکانی ...............................٤٢–٤٨

باسی دووەم – پەرەسەندنی خەباتی ڕزگاریخوازی لە ئازەربایجان ..............................

١– دامەزراندنی حیزبی (تودە) و هەڵوێستیان بەرامبەر کێشەی کورد.....................٤٨– ٥٢

٢– دامەزراندنی (فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان) ستراتیژ و بەرنامە و کاری حیزب.........٥٣– ٥٨

بەشی دووەم ..................................................

دامەزراندنی هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان و پەیوەندییەکانیان .....................

باسی یەکەم – ڕووبەڕووبونەوەی سەربازی لە نێوان فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان وسوپای ئێران و دامەزراندنی کۆماری ئازەربایجان ..................................

١- ئازادکردنی شارەکانی ئازەربایجان لە ژێر دەسەلاَتی تاران......................٥٩- ٦١

٢- هەوڵی ڕێکخراوەکان بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی ئازەربایجان و دامەزراندنی

کۆماری ئازەربایجان.................................................٦١- ٦٥

٣- بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجان بەر لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان...٦٥-٦٩

باسی دووەم- دامەزراندنی کۆماری کوردستان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان ......

١- دامەزراندنی کۆماری میللی کوردستان و بەرنامە و چالاکیەکانی ...................... ٧٠- ٧٥

٢- پەیوەندییەکانی نیوان کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان پاش دامەزراندنی کۆماری

کوردستان .........................................................................٧٥-٧٨

٣- هەوڵەکانی ئەحمەد قەوام بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و یەکێتی

سۆڤێت .........................................................................٧٨- ٨٢

باسی سێیەم- ڕێکەوتنی نێوان کۆماری کوردستان وکۆماری ئازەربایجان و هەڵوێستی حکومەتی

ئێران لەم بارەیەوە.........................................................................

١- ڕێکەوتننامەی نێوان هەردووکۆماری کوردستان و ئازەربایجان هەڵوێستی بەریتانیا سەبارەت بە

ڕێکەوتنەکە..........................................................................٨٣-٨٦

٢- هەوڵەکانی حکومەتی تاران دژ بە ڕێکەوتننامەی نێوان کوردستان و ئازەربایجان...٨٦- ٩٣

بەشی سێیەم..........................................................................

گفتوگۆودانوسانەکانی نێوان تاران وکوردستان، لەشکرکێشی تاران بۆسەر ئازەربایجان و کوردستان .........................................

باسی یەکەم- هەوڵەکانی کۆماری کوردستان بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتی تاران وپەیوەندییەکانی

لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان ........................................................

١- گفتوگۆ و دانوسان لە نێوان حکومەتی تاران و کۆماری کوردستان.....................٩٤- ٩٩

٢- پەیوەندیی نێوان کوردستان و ئازەربایجان پاش ڕێکەوتننامەی ٢ی نیسان ١٩٤٦.....٩٩- ١٠٤

٣- کاریگەریی ڕێکەوتنی ئێران و سۆڤێت لەسەر چارەنووسی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان. ......................................................................... ١٠٤- ١١٢

باسی دووەم- ڕووخاندنی هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان لەلایەن حکومەتی تارانەوە..................................................................

١- سەرهەڵدانەوەی گرژیی و ئاڵۆزییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان لەگەڵ

حکومەتی تاران ........................................................ ١١٢-١١٨

٢- لەشکرکێشیی سوپای ئێران بۆ سەر هەر دوو کۆماری ئازەربایجان و کۆماری کوردستان و ڕووخانی هەردوو کۆمارەکە .....................................................١١٨- ١٢٥

ئەنجام.......................................................................١٢٦- ١٢٧

الخاتمە و أبرز الاستینتاجات.........................................................١٢٨-١٢٩

Abstrac........................................................................ ١٣٠-١٣١

پاشکۆی (نەخشە)...........................................................١٣٢- ١٣٣

پاشکۆی (بەڵگەنامە)..........................................................................١٣٤

لیستی سەرچاوەکان.......................................................١٣٥- ١٥٢

# پێشەکی

## (چوارچێوەی نوسین و شیکردنەوەی سەرچاوەکان)

وردبونەوەو لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی حکومەتی ئێران بەرامبەر هەردوو کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان، بایەخی ستراتیژی و گرنگی بۆ نەتەوەی کورد بە گشتی و بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان بەتایبەتی هەیە، لەبەرئەوەی کوردستان"کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتیە"، کێشەکەی کێشەی وڵاتێکی دابەشکراو و بێبەشکراوە، هەموو جۆرە تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی بەرامبەر کراوە، لەوانە چەوساندنەوەی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی زمان و کەلتور و فەرهەنگ و هەموو مۆرکێکی ناسیۆنالیستی کوردی بەتایبەتی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و دامەزراندنی دەوڵەتی ئێرانی ناسیۆنالیستی توندڕەوی فارسی بە ڕێبەرایەتی ڕەزاشای پەهلەوی، پیادەکردنی ئایدۆلۆژیای فارسگەرایی و سیاسەتی مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگای ئێرانی. هاوکات بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانی و داگیرکردنی ئێران لەلایەن ئەنگلۆ-سۆڤێت و کەوتنی ڕەزاشا، هەموو ئەمانە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوە غەیرە فارسەکان بەتایبەتی کورد و ئازەری بە گەلێك هەوراز و نشێودا برد، دۆزی کورد و ئازەری کرد بە بابەتێك لە ناو هاوکێشە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکاندا، دەستێوەردان و خۆتێهەڵقورتانی دەوڵەتانی ناوچەکە و زلهێزەکانی ڕۆژئاوا بەرامبەر هەر دوو گەلی کورد و ئازەر و بەستنەوەی چارەنووسی هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان بە ئاڕاستە و تەوژمەکانی جەنگی ساردەوە، سیاسەتی هەڵخەڵەتاندن و لە خشتەبردنی حکومەتی تاران و ڕۆڵیان لە دروستکردن و قوڵکردنەوەی کێشە و ناکۆکیە مێژوویەکانی نێوان هەردوو گەلی کورد و ئازەر، هەموو ئەوانە بابەتی ئەم توێژینەوەیە، کە هەوڵێکە بۆ خویندنەوەی سیاسەتی حکومەتی ئێران بەرامبەر هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان ، هاوکات دەستنیشانکردنی ئاستی بەشداریی و هاوکاریکردنی هەردوو کۆمارەکەیە لە نێوان خۆیاندا و کاریگەرییان لە سەر سیاسەتی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی، لە چوارچێوەی یەکێتی خاکی ئێراندا نیشاندەدات .

### هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینە:

نەبوونی باسێکی ئەکادیمی لەسەر ڕێبازی زانستی بۆ ئەم بابەتە بە زمانی کوردی ، کە شرۆڤەی سیاسەتی ئێران بەرامبەر بە کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان بکات. هەرچەندە لە چوارچێوەی ڕووداوەکانی کۆماری کوردستاندا هەندێك توێژەر و نوسەری بەتوانا لە سەر ئەم بابەتەیان نووسیوە، بەلاَم سیاسەتی ئێران بەرامبەر بە هەردوو کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان بە هەموو

ڕەهەندەکانیەوە لە چوارچیوەی نامەیەکی ئەکادیمیدا، کە زۆربەی سەرچاوەکانی سەردەمەکەی خۆی لە ڕۆژنامە، گۆڤار، بەڵگەنامەکانی ولاَتانی دراوسێ و ڕۆژئاواییەکان وەك لەم توێژینەوەدا خراوەتە ڕوو، کارێکی لە و جۆرە نەکراوە .

## ئامانج و بایەخی توێژینەوەکە :

ئامانجی توێژینەوەکە، بریتییە لە دەسنیشانکردنی بنەما سەرەکیەکانی سیاسەتی ئێران بەرامبەر هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦–١٩٤٧ . گرنگترین هۆکارەکانی گرژیی و ئالۆزییەکانی نێوان کوردستان و ئازەربایجان بەتایبەتی لە ناوچە جێناکۆکەکانی ورمێ، خۆی، ماکۆ....هتد دەخاتەڕوو. گرنگی و بایەخی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، کە باسی پەیوەندییە سیاسی و دبلۆماسیەکانی کۆماری کوردستان لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان دەکات و تا ڕادەیەکیش لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت، کە وای لە کۆماری کوردستان کرد لە بازنەی نێودەوڵەتی و مامەڵەی دیبلۆماسی بە دابڕاوی بمێنێتەوەو ڕووبەڕووی نەبوونی شەرعیەتی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و ناوچەیی و ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ تاران ببێتەوە. ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆدەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتیەکانی ڕابردوو تا لە داهاتوودا دووپاتنەکرێنەوە، چ لەگەڵ ئازەریەکان یان لەگەڵ دەوڵەتی ئێران، هاوکات دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان تاکو ببێتە پەند و وانەیەك بۆ داهاتوو .

## میتۆدی توێژینەوەکە:

بە ڕەچاوکردنی بواری زانستی بابەتەکە، بۆ گەیشتن بە ئامانجە زانستیەکانی توێژینەوەکە، میتۆدی وەسفی مێژوویی و ڕێبازی شیتەڵکاری پەیڕەو کراوە، سەرەتا باسی ڕووداوە مێژووییەکان کراوە، دواتر بە شێوازێکی زانستیانە شیکردنەوەی بابەتی بۆ کراوە بە لەبەرچاوگرتنی کات و شوێنی ڕووداوەکان، لێکدانەوەی بۆ کراوە، بۆ بەرچاو ڕوونی و ساغکردنەوەی ڕاستی ڕووداوەکان بەڵگەنامە بەکارهێنراوە .

## ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە:

بارودۆخی سەختی هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی و ئابووریی و قەیرانی دارایی و بایکۆتکردن و نەبوونی دەوامی ئاسایی دامودەزگاکانی حکومەت، بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەریی خراپ و نەرێنی هەبوو لەسەر دەروونی توێژەر و دەستخستنی سەرچاوە و تەنانەت خەرجی تێچوونی توێژینەوەکەش، بێگومان

لەئەگەری نەبوونی ئەو گرفتانەی باسکران، ڕەنگە توێژەر دەرفەتی گەشتی ئێران و بینینی شایەتحاڵەکانی سەردەمی کۆماری هەبوایە بۆ دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەی .

## ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لەپێشەکی و دەروازە سێ بەش و ئەنجام و پاشکۆ و نەخشە و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە . دەروازە دوو تەوەر لەخۆدەگریت، سەرنجێکی گشتی لە بارودۆخی ئێران و کوردستانی ڕۆژهەلاَت لە سالاَنی جەنگی دووەمی جیهانیدا نیشانداوە، هەروەها خراپی دۆخی ناوخۆیی ئێران و داگیرکردنی ئەم ولاَتە لەلایەن بەریتانیاو سۆڤێت و گرنگترین لێکەوتەو دەرهاویشتەکانی وەك، ڕووخانی دەسەلاَتی ڕەزاشا و دروستبوونی بۆشایی دەسەلاَت لەهەرێمی ئازەربایجان، ڕاپەڕینی چەکداریی ناوچە کوردنشینەکانی بانە وورمێ و هەورامان و مەریوان دژ بە دەسەلاَتی ناوەندیی ئێران خستۆتەڕوو.

بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوە دوو باسی لەخۆگرتووە، لەپەرەسەندنی کاری ڕێکخراوەیی و دامەزراندنی کۆمەڵە و پارتە سیاسییەکان لە ڕۆژهەلاَتی کوردستان و ئازەربایجان دواوە، بە درێژی باس لە دامەزراندن و پەیڕەو و پرۆگرام و ئامانجەکانی کۆمەڵەی (ژ.ك) پاشان گۆڕینی ئەم کۆمەڵە بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (ح .د .ك .ا) و ئامانج و ستراتیژی حیزب کراوە .هەروەها دامەزراندنی پارتی (تودە) و ستراتیژ و کاریگەری لە پەرەسەندنی خەباتی ڕزگاریخوازی ئێران و ئازەربایجان، گۆڕینی بۆ حیزبی (فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان) وستراتیژ و کارەکانی ڕاڤەکراوە .

بەشی دووەم دوو باس لەخۆ دەگرێت، لە دامەزراندنی هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان دواوە. سەرەتا باسی ئازادکردنی شارەکانی ئازەربایجان لە دەسەلاَتی ناوەندیی تاران و هەوڵی ڕێکخراوەکان بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی ئازەربایجان و پێکهێنانی حکومەتی ئازەربایجان و بەرنامە و کاری حکومەت کراوە، بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجان و دامەرزاندنی کۆماری کوردستان و کار و چالاکیەکانی خراوەتە ڕو، باسی پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و ئازەربایجان پاش دامەزراندنی کۆماری کوردستان و هەوڵەکانی قەوامی سەرۆك وەزیرانی ئێران بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و سۆڤێت کراوە، هەروەها ڕێکەوتننامەی نیوان هەردوو حکومەتی میللی کوردستان و ئازەربایجان و کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوانیان، هەڵویست و ناڕەزایی بەریتانیا لەسەر ڕێکەوتنی نێوان کورد و ئازەربایجان، نیگەرانی و هەوڵەکانی ئێران بۆ لێدان و کەمکردنەوەی بایەخی ڕێکەوتننامەی کوردی – ئازەرەی خراوەتەڕوو.

بەشی سێیەم لە گفتوگۆو دانوسانی نێوان تاران و حکومەتی کوردستان دواوە، پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و ئازەربایجانی لە دوایی ڕێکەوتننامەی ١٩٤٦/٤/٢٣، کاریگەریی ڕێکەوتنی ئێران-سۆڤێت لەسەر چارەنووسی هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان ، دروستبوونی گرژیی و ئاڵۆزییەکانی هەردوو حکومەتی کوردستان و ئازەربایجان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی تاران ، بێئاکامی گفتوگۆکانی ئازەربایجان و کوردستان لەگەڵ حکومەتی تاران و لەشکرکێشی و بەکارهێنانی هێزی سەربازیی ڕووخانی هەردوو کۆمارەکە باسکراوە. لەم توێژینەوەیەدا چەندین سەرچاوەی مێژوویی ڕەسەن بە چەند زمانی جیاواز بەکارهاتوون، کە بەم شێوەی خوارە ڕاڤەیان دەکەین:

## ١- بەڵگەنامەکان:

شایەنی باسە بەکارهێنان و سود وەرگرتن لە بەڵگەنامەکان بۆ شرۆڤەکردنی هەر ڕووداوێکی مێژوویی گرنگی و بایەخی زۆری هەیە بەتایبەتی بۆ بابەتێکی وەك ئەم توێژینەوەیە، کە ماوەی ڕووداوەکان زۆر کەمن، بۆیە بەکارهێنانی بەڵگەنامەکان دەکرێت سود و کەڵکی زۆریان هەبێت، بەڵام دەبێت توێژەر زۆر بە وورياییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات بەتایبەتی ئەو بەڵگەنامانەی کە بە قەڵەمی کەسانی بێگانە نوسراون، کە لەوانەیە دیدو تێڕوانینی خاوەنەکانیان و لایەنەکانیان نیشان بدات، ناکرێت بەبێ بەراوردکردنیان بە سەرچاوە مێژووییە ڕەسەنەکان، بە ڕاستی ڕەها ناوەڕۆکەکەیان بگوێزرێتەوە، ئەو بەڵگەنامانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراون، بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی عێراق، بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیای فیدراڵ کە لەکتێبەکانی ئەفراسیاو هەورامی وەرگیراون، بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا (**FO,PRO**)، کەلەکتێبەکانی ئەنوەرسوڵتانی وەرگیراون، یان ئەرشیفی نیشتمانی حکومەتی ئەمریکا، لەگەڵ هەندێك بەڵگە و دۆکۆمێنت بە زمانی کوردی .

## ٢- سەرچاوە کوردییەکان:

ئەو سەرچاوە کوردییانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراون فرەچەشن و زۆربوون، بەشێکیان یاداشت و بیرەوەریی ئەو کەسانەن، کە خۆیان بەشداری شانۆی ڕووداوەکانیان کردووەو لە نزیکەوە ئاگاداری زۆربەی ڕووداوەکان بوون و زۆر بەڵگەی ڕاستەقینەی ئەو ڕۆژگاریان پەیوەستکردووە بە نووسینەکانیانەوە، کە بێگومان سودیان بۆ ئەم توێژینەوەیە هەبوو وەك بیرەوەریەکانی : عەقید بەکرحەوێزی، میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی، غەنی بلوریان، محەمەد شاپەسەندی ....هتد . جگە لە یاداشت و بیرەوەریەکان، ژمارەیەکی بەرچاو کتێبی مێژوویی ڕەسەن و توێژینەوەو کتێبی وەرگێڕرا بۆ

سەر زمانی کوردی بەکارهێراون لەوانە: کتێبەکانی"کوردو کوردستان"ی قاسملوو،"حکومەتی کوردستان"، " کورد و عەجەم" ، "بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین "ی نەوشیروان مستەفا، "پەنجا ساڵ خەبات" ی جەلیل گادانی، کتێبەکانی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان"، "کۆماری کوردستان" ی حامید گەوهەری، ئەم کتێبانە سەرچاوەیەکی گرنگ و پڕ بایەخبوون کە توێژەر سودی لێوەرگرتوون بەتایبەتی لەنووسینی مێژووی (ژ.ك) و (ح.د.ك.ا) .

هاوکات توێژەر سودی لە هەندێك کتێبی گرنگ بینیووە، کە زۆر بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی نوسراون تەنانەت تێدایە خۆی لە بنەڕەتدا نامەی ئەکادیمیە وەك کتێبی "کوردستانی ئێرانی" دکتۆر یاسین سەردەشتی کە سەرەکیترین سەرچاوەی ئەم توێژینەوەیە بوو، هەروەها کتێبەکانی تری وەك: "کۆماری کوردستان"، "چەند لاپەڕەیەك لە مێژوویی ڕۆژهەلاتی کوردستان"، "مێژووی هاوچەرخی ئێران"، "هەڵوێستی حیزبی تودە لە ئاست کێشەی نەتەوایەتی کورد لە ئێران" ...هتد، هەروەها ئەم توێژینەوەیە زۆر سودمەند بووە لە کتێبەکانی دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی بەتایبەتی هەردوو کتێبی "ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دووەم جەنگی جیهانیدا"،"پەیوەندیەکانی کوردستان و ئازەربایجان و هەرەسهێنانی هەردوولا"....، هەروەها کتێبەکانی مەحمودی مەلا عززەت وەك: "جمهوریەتی کوردستان" و" دەوڵەتی جمهوری کوردستان . نامە ودۆکۆمێنت "، هەروەها کتێبی "ڕۆژهەلاتی کوردستان" ی ئەنوەر سوڵتانی، "کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان" ی حوسێنی مەدەنی، چەندین سەرچاوەی تر .

٣- سەرچاوە عەرەبییەکان :

ئەم توێژینەوە سودی لەو سەرچاوانە بینیووە، کە بە عەرەبی نوسراون، یان بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕراون . بەشێك لەم سەرچاوانە لەسەر مێژووی ئێران و ڕووداو و گۆڕانکاریە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی ئێرانیان نووسیوە، ئاوڕێکی کورتیان لە ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران داوەتەوە وەك : عبدالهادی کریم سلمان، د. محمد وصفی ابو مغلی، د.حامد محمود کتێبەکانی د. امال السبکی، روح الله رمضانی، حربي محمد....، هەندێکی تریان ڕاستەوخۆ لەسەر مێژوویی کورد و بزوتنەوە نەتەوایەتیەکەیان نوسیووە، وەك کتێبەکانی : طاهر خلف البکاء، د.ولید حمدی، هۆزان سلیمان الدوسکی هەروەها کتێبەکەی (ولیام ایغلتن) و جورج کیرك لەو کتێبانەن سودی لێوەرگیراوە، هەروەها ئەو نامە ئەکادیمیانەی کە لەسەر ڕووداوەکانی ئێران نوسراون توێژەر سودی لێوەرگرتوون، لەوانە: نامەکەی امل عباس جبر البحرانی، سمیرە عبد الرزاق العانی، ماستەرنامەی عباس حسین الجباری، فوزیە صابر محمد، هەموو ئەمانە و چەندین کتێبی تریش لەو سەرچاوە بەنرخانەن، کە ئەم توێژینەوەیە لێیان بەهرەمەند بووە.

٤- سەرچاوە فارسییەکان:

ئەم تویژینەوەیە سودی لە سەرچاوە فارسیەکان وەرگرتووە چ ئەو سەرچاوانەی، کە ڕاستەوخۆ باسی کوردستان و ڕووەداوەکانی ڕۆژهەلاّتی کوردستانیان کردووە، بە فارسی نوسراون یان وەرگێڕاونەتە سەر زمانی فارسی، هەندێك لەم سەرچاوانە ڕاستەوخۆ لەسەر ڕووداوەکانی کوردستانیان نوسیووە وەك: "نگاهی به تاریخ مهاباد"ی سەید محمد صمدی، "جغرافیا و تاریخ بانه کردستان"ی محمد رئوف توکلی، کتێبەکانی حسین مدنی، احمد شریفی، بهزاد خوشحالی، جەعفەر مەهدی نیا، بەشێکی تر لە سەرچاوە فارسیەکان کە توێژەر سودی لێ بینیوون ئەو یاداشت و بیرەوەریانەن، کە خاوەنەکانیان کاربەدەستی دەوڵەتی ئێران بوون، تەنانەت هەندێکیان بەشداریی زۆربەی ڕووداوەکانی کوردستان و ئازەربایجانیان کردووە، وەك: سەرلەشکر احمد زنگنه، علی دهقان، حمید رضا جلالی پور و چەندین نوسەری تر، لەبەرئەوەی ئەمانە کاربەدەستی دەوڵەت بوون و دید و تێڕوانینان بۆ کێشەی کورد و ئازەربایجان دوژمنکارانە بوو، هەرچەند زانیاری زۆر وردیان لەسەر زۆربەی ڕووداوەکانی ئەو کاتە لە یاداشتەکانیاندا تۆمار کردووە، بەلاّم بۆ سودوەرگرتن لێیان پێویستیان بە وردبینی و بەراوردکردنی زانیارییەکانیان بە زانیاری سەرچاوە مێژووییە ڕەسەنەکان هەیە. شایەنی باسە هەندێك سەرچاوەی تری فارسی بەکارهێنراوە، کە خۆیان ڕۆژئاوایین، بەلاّم بەرهەمەکانیان وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی فارسی وەرگێڕراوە، وەك: پیتر اوری، کریس کۆچیرا...هاوکات توێژینەوەکە سودی لە هەندیك لەو ڕۆژنامە و بلاّوکراوانە بینیوە، کە بە زمانی فارسی دەرچوون، وەك ئازەربایجان، ، کوهستان، هەریەکە لەم ڕۆژنامانە بە گوێرەی تێڕوانینی خاوەنەکانیان و ئەو لایەنەی کاریان بۆ کردوە هەواڵەکانی کوردستان، ئێرانیان بلاّوکردووەتەوە، لەنێویاندا کوهستان باشترین هەفتەنامەی ئەو کاتە بووە، بە زمانی فارسی لە تاران دەرچووە .

٥- سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

بەشێکی تر لەو سەرچاوانەی، کە سودو گرنگی بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم توێژینەوەیە هەبوو سەرچاوە ئینگلیزیەکان بوو، یەکێك لەو سەرچاوانە کتێبی **George Lenczowski, Russia and the west in Iran 1918 – 1948**. لەم کتێبەدا زۆربەی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە تۆمارکراون، کە دەکەوێتە چوارچێوەی ئەم توێژینەوە، هەروەها ئەو کتێبانەی، کە زانیاری باشیان تێدا بوو وەك : **(Enteasar) ,(Abbas Vali)** ئەمانە توێژەر سودی لێبینیووە سەرەڕای چەندین کتێبی تریش، کە لەم توێژینەوەدا بەکارهێنراوە .

توێژەر

دەروازە

یەکەم : بارودۆخی گشتی ئێران و کوردستانی ڕۆژهەلأت و داگیرکردنی ئێران لەلایەن بەریتانیاو سۆڤێتە وە .

دووەم : ڕاپەڕینە چەکدارەکانی ناوچەکانی بانە، ورمێ، هەورامان و مەریوان لە سەردەمی دەسەلأتی محەمەد ڕەزاشادا.

## یەکەم/ بارودۆخی گشتی ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات، داگیرکردنی ئێران لەلایەن بەریتانیا و سۆڤێتەوە .

بارودۆخی ئابووریی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی لە ئێران بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی لە ئاستێکی زۆر خراپ و ناهەمواردا بوو، زۆربەی نەتەوە نافارسەکانی ئێران لە سەردەمی ڕەزاشادا ڕووبەڕووی چەوساندنەوەی نەتەوەیی ببوونەوە[١]، کورد لەو نەتەوانە بوو، پشکی شێری لەم چەوساندنەوە و زوڵم و زۆرەی دەسەڵاتی پەهلەوی بەرکەوتبوو، لە دوای شکستپێهێنانی ڕاپەڕینەکەی سمکۆخانی شکاك[٢]، علی دەشتی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێران لە بەردەم ئەنجومەنەکەدا ڕایگەیاند: "لە ئێراندا کێشەیەك نییە بە ناوی کێشەی کورد، چونکە کورد لێرە وەك نەتەوایەتی مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت " [٣].

ڕەزا شا سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانەی ستەمکارانەی بەرامبەر بە کورد پیادە کرد، لەو چوارچێوەیەشدا بەکارهێنانی زمانی کوردی و جلوبەرگی کوردی لە دامودەزگا و قوتابخانەکاندا قەدەغە کرد[٤]، ناوی زۆربەی گوند و ناوچە کوردیەکانی لە کوردیەوە بۆ فارسی گۆڕی، بە ئامانجی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردنشینەکان، حکومەتی تاران دەستیکرد بە ڕاگواستنی ژمارەیەکی زۆر خێزان لە عەشیرەتە کوردەکانی (جەلالی، گولباغی ،پیران) و ڕاپێچکردنیان بە زۆر بۆ ناوچەکانی سوڵتان ئاباد و کرمان و شیراز لە ساڵی ١٩٣٥، کە بە هۆی سەختی ڕێگا وبان و خراپی شێوازی گواستنەوەیان ژمارەیەکی زۆریان، کە ژن و منداڵبوون گیانیان لە دەستدا [٥].

لە ڕووی ئابوورییەوە جیاوازیەکی بەرچاو لە نێوان هەرێمە فارسەکان و هەرێمە نافارسەکاندا بەتایبەتی کوردستان هەبوو، کە لە ڕووی بژێوی ژیان و ئاستی گوزەران و دەستخستنی هەلی کار لە

---

[١] فوزية صابر محمد،ايران بين الحربين :تطور السياسة الداخلية ١٩١٨–١٩٣٩،رسالة ماجستير غير منشورة قدمت الى مجلس كلية الاداب،جامعة البصرة–١٩٨٦،ص ٤٢٢.

[2] **Richard Tapper,The Canfilit Of Tribe and State in Iran and Afghanstan ,New York ,1983,pp.375-397**

[٣] ياسين خالد حسن، كردستان الشرقية (دراسة فى الحركة التحررية القومية فيما بين الحربين ١٩١٨–١٩٣٩ ، رسالة ماجستير غير منشورة قدمت الى مجلس كلية الاداب جامعة صلاح الدين – ١٩٩٥، ص ٥٢ .

[٤] کۆسار فەتاحی، پەیوەندیەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان لە ڕێگای خویندنەوەی کتێبی ( ڕێچارد مۆبلی ) یەوە، دۆسیێ ئێران (گۆڤار) ، ژمارە ١٧، ئازاری ٢٠١٠، ل١١٥ .

[٥] د. فرح صابر، التطورات السياسية فى ايران فى عهد رضا شاه بهلوى، منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية ، السليمانية، ٢٠١٣، ص٣٣٦ .

ئاستێکی زۆر خراپ و قەیراناویدا بوو، بۆ نموونە لە کۆتاپۆژەکانی دەسەڵاتی ڕەزاشا کۆمەڵێك کارگە و کارخانەی جۆراوجۆر لە هەرێمە جیاوازەکان دروستکران، وەك دامەزراندنی زیاتر لە چل کارگەی ڕستن و چنین، هەشت کارخانەی بەرهەمهێنانی شەکر و دروستکردنی ژمارەیەك کارگەی دانەوێڵە و جگەرە، لەم ژمارەیەش پشکی کوردستان و ئازەربایجان تەنها دوو کارگەی بچووکی بەرهەمهێنانی شەکر بوون. وێڕای ئەوە کوردستان ئەوکات و ئێستاشی لەگەڵدا بێت گرنگترین ناوچەی بەرهەمهێنانی توتنە، کە زیاترین پیشەسازی دەوڵەت لەم بوارە دایە[٦].

وێڕای خراپی بارودۆخی ئابووریی لە ئێران، جەنگی دووەمی جیهانی دۆخی ئابووریی لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و ئێران بەتایبەتی سەختتر کرد بوو، برسێتی و شاردنەوەی کەلوپەل و هەڵاوسانی ئابووری و بەرتیلخۆری و بازاڕی ڕەش و یاریکردن بە نرخ لەلایەن توێژێکی مشەخۆری تازە پەیدا بوو سیمای ئابووریی ئێران بوو. دوای داگیرکردنی ئێران لە ئابی ١٩٤١ گەورەترین قەیرانی ئابووریی سەریهەڵدا، کە بە قەیرانی ( نان ) ناسراوە، ئەمەش بەهۆی کەمی دانەوێڵە و بازرگانیکردنی حکومەت بە دانەوێڵەی عەمبارکراوی گەنجینەکان و فرۆشتنی لە بازاڕی ڕەشدا، دەستگرتنی هێزە داگیرکەرەکان بەسەر بڕێکی زۆری گەنم و دانەوێڵەدا ڕوویدا[٧].

خراپی دۆخی ئابووریی و قەیرانی بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستیە بنەڕەتیەکان وەك خۆراك و کەلوپەل، ئاستێکی مەترسیداری تۆمارکرد، بە گوێرەی دانپیادانانی محەمەد ڕەزاشا خەرجی بژێوی لە ئێران تا ٤٠٠٪ زیادیکرد، لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٤٠– ١٩٤٣، لەگەڵ بەردەوامبوونی جەنگدا ئەم ڕێژەیە هەڵکشا بۆ ٦٢٩٪ لە مانگی حوزەیرانی ١٩٤٣ تا حوزەیرانی ١٩٤٤ڕێژەکە بۆ ٨٥٠٪ بەرزبوویەوە[٨] ، ئەو بارودۆخە دژوارەی، کە خەڵکی ئێرانی پێدا تێپەڕی ناڕەزایی بەرامبەر حکومەتی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر کرد و خەڵکی بۆ ڕاپەڕین دژی حکومەتی ئێران هاندا [٩].

بەهەمانشێوە لایەنی ڕۆشنبیری و تەندروستیش لە دۆخێکی یەکجار خراپدا بوو، کە جگە لە تاران لە هیچ شوێنێکی تردا زانکۆ نەبوو، تەنانەت قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیش جگە لە شارە

---

[٦] فائزة حسین عباس،"تطور الفکر القومي في ایران ١٩٣٩– ١٩٤٥ " ، گولان العربي (مجلة )، العدد ٧،القسم الثانی ، اربیل،کانون الاول ١٩٩٦،ص ١٧.

[٧] د.یاسین سەردەشتی، کۆماری میللی دیموکراتی کوردستان (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لەجوڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد، ب.ج ،ب.م ،ل ٣٦ .

**[8] R.Greave :The Reign Of Muhamad Riza Shah 1942-1976 ,"Twentieth Century Iran " ,Edi,H.Amir Sadghi ,New York,1977,p54.**

[٩] د.طاهر خلف البکاء ، التطورات الداخلیة في ایران ١٩٤١–١٩٥١، الطبعة الاولی، بغداد – ٢٠٠٢، ص٣٤.

گەورەکان بە ڕێژەیەکی یەکجار کەم هەبوون، تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیش لە تەواوی ناوچەکانی هەرێمی باکوری کوردستان کە شارەکانی (سەردەشت، سەقز، بانە، مهاباد، شنۆ، لاهیجان ، نەغەدە، بۆکان،.......هتد) تەنها یەك خوێندنگەی ناوەندیی هەبوو، بە بەراورد بە ژمارەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە زیاتر لە یەك ملیۆن کەس بوو بە کارەسات دادەنرێت[١٠]. سەبارەت بە قوتابخانەی سەرەتایی لە مهاباد وگوندەکانی دەوروبەری کە زیاتر لە ٦٥٠ گوند بوون، تەنها پێنج قوتابخانەی سەرەتایی هەبوون. بارودۆخی تەندروستیش زۆر لە بارودۆخی پەروەردە و ڕۆشنبیری خراپتر بوو، تەنها یەك نەخۆشخانەی (بیست قەرەوێڵەیی ) لەم ناوچەیەدا هەبوو لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاتر لە ٢٠٠,٠٠٠ کەس بوو[١١]، بەم جۆرە چاکسازیەکانی ڕەزا شا شار و ناوچە کوردیەکانی نەگرتووە، کە لە هەموو ناوچەکانی تری ئێران خراپتر بوو، بەمەش ناوچەکە لە دۆخێکی دواکەوتوویی ئابووریی و کۆمەڵایەتیدا مایەوە[١٢].

سەرەڕای نەبوونی هیچ نیەتێکی ڕاستەقینە بۆ چاکسازیی لە ناوچە کوردنشینەکان، خراپی گوزەران و چەوساندنەوەی خەڵك بەتایبەتی جوتیاران لە لایەن کاربەدەستانی حکومەتەوە، باج و پیتاکی قورس و فشاری ئابووری و ئاسایش و سوپا بۆ سەر دانیشتوانی گوندەکان و زۆرداریی نەتەوایەتی بەردەوام لە هەڵکشاندابوو[١٣]، ڕەزاشا هەوڵیدەدا دەسەڵاتی کەمینەی ئازەری بەسەر زۆرینەی کوردی دانیشتوی ناوچەکە زاڵ بکات ئەمەش لە ڕێگەی فەرمانبەرە ئازەرییەکانەوە بوو، هەژار موکریانی لەم بارەیەوە نوسیویەتی :" فەرماندەرانی عەجەم (ئازەری ) و پۆلیس لە کوردستان خەڵکانێکی گەندەڵ و مەترسیدارن بە زۆر بەرتیل لە خەڵکی وەردەگرن و بە بیانوی بێ بنەما سزایان دەدەن وەك پۆشینی جلی کوردی و، ڕادەستنەکردنی توتن بە حکومەت و خزمەت نەکردنیان"....لە درێژەی ئەم بابەتەدا نوسیویەتی: "ئای لەو نەگبەتیەی کە فەرمانبەرێك یان پۆلیسێکی ئازەری لە کوردستان بمرێت تەنانەت بە نەخۆشیش بوایە، خێرا کوردەکان سزای بە کۆمەڵ دەدران و بە هەر نرخێك بوایە تاوانباریان دەکردن تاکو پارەیان لێوەربگرن "[١٤]. زۆرداری هێزی ژاندارمەری ئەو کات، کە ناوە خۆماڵیەکەی ( ئاسایش )

---

[١٠] برهان الدین ابابکر یاسین ، کوردستان في سیاسة القوی العظمی ، ترجمة : هۆراس ، دهۆك – ٢٠٠٢ ، ص ٤٩ .

[١١] د. کمال مظهر احمد ، دراسات في تاریخ ایران الحدیث و المعاصر، بغداد– ١٩٨٥ ، ص٢٥٥ .

[١٢] کۆهستان (روزنامه) ، شماره (١٦ ) ، سال أول ، تهران ،٢١ خرداد ١٣٢٤ ش .

[١٣] د.عبدالرحمان قاسملوو ، کوردستان و کورد (لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابوورییە )،وەرگێڕانی :عبدالله حسن زادە، چاپی دووەم ، چاپخانەی منارە ،هەولێر –٢٠٠٦ ،ل٨٥ .

[١٤] هەژار (عەبدوڕەحمان شەرەفکەندی ) ، چێشتی مجێور ، ئامادەکردن و سەرپەرشتی کردنی چاپ : خانی شەرەفکەندی ، چاپی یەکەم ، پاریس –١٩٩٧ ،ل٥٤–٥٥ .

بوو بێزاریەکی زۆری بۆ خەڵکی کوردستان دروستکردبوو، بە هۆی بە زۆرەملێ ڕاپێچکردنی گەنجی کورد بۆ خزمەتی سەربازی و بەربڵاوی بەرتیلخۆری بە ڕێژەیەکی زۆر[١٥].

سەرەڕایی خراپی بارودۆخی ناوخۆیی ئێران، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش حکومەتی ئێران پەیوەندییە سیاسیەکانی گرژی و ئالۆزیی تێکەوت، پەیوەندییەکانی ئێران و یەکێتی سۆڤێت لە دوو ساڵی دەستپێکی جەنگی دووەمی جیهانیدا تاڕادەیەك پێچەوانە بوو لەگەڵ سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان ئەڵمانیا و سۆڤێت، کە لە چوارچێوەی پەیمانی (پاکەتی پەلامارنەدانی یەکتر ) و پێویستی زۆری ئەڵمانیا بە گواستنەوەی شتومەکەکانی لە ئێرانەوە بە خاکی سۆڤێتدا بۆ ئەڵمانیا[١٦]. پەیمانی دۆستانەی نێوان ئەڵمانیا و سۆڤێت، لە مانگی ئابی ١٩٣٩ واژۆکرا، ئەم پەیمانە تاڕادەیەك دەسەڵاتدارانی ئێران و شای تووشی دوودڵی و ترس کردبوو، هاوکات لە پێناو شکاندنی بێلایەنی ئێران لە جەنگدا، کەپێشتر ڕەزاشا بەفەرمی بێلایەنی ڕاگەیاندبوو، هەوڵێك بۆ قوڵترکردنەوەی هەستی دوژمنکارانەی شا بەرامبەر بە سۆڤێیت، لەلایەن بەریتانیاو هەبوو، کە بەهۆی پڕوپاگەندەی (ئاژانسی هەواڵی بەریتانیا) وە دەستی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی گوماناوی و ترسئامێز کرد، گوایە سۆڤێیت هێزەکانیان لە ناوچە سەرسنوریەکانی قەفقاس جوڵاندوە، هەرچەندە سەراپای ئەم هەواڵانە لەلایەن ئاژانسی (تاس)ی سۆڤێتەوە ڕەتکرانەوە[١٧]. بەڵام ئەم پڕوپاگەندانە لە ڕۆژنامەکانی تری ئەوروپادا دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، بۆ نموونە ڕۆژنامەی لاستامپا (Lastampa) ی ئیتاڵی لە ڕۆژی ١٩٣٩/١٢/٨ وتارێکی بڵاوکردەوەو بە درێژی باسی ئەوەی کردبوو کە " مۆسکۆ نیازی دروستکردنی ڕووسیای بچووکی لە بەڵقان هەیە، هەوڵ بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەك لە کوردستانەوە دەدات "، هەروەها جەختی لەسەر چاوچنۆکی سۆڤێیت لە هەرێمەکانی باکوری ئێران، بۆ دەستکەوتنی دەروازەیەك بە ئاراستەی کەنداوی عەرەبی کردبوەوە[١٨]. گرنگترین ئەو هۆکارانەی، بوون بە سەرچاوەی مەترسی بۆ ئێران لەلایەن سۆڤێتەوەو کاریگەریی خراپیان لەسەر پەیوەندیی نێوان هەردوولا هەبوو ئەمانەبوون :

١- کێشە سنوورییەکانی نێوان سۆڤێت و ئێران و پڕوپاگەندەی شیوعی و کاری سیخوڕی سۆڤێت .

---

(١٥) د.عبد الرحمن قاسملو ، اربعون عاما من الكفاح من أجل الحرية (موجز من تأريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني الايراني ، ترجمة وتقديم وهوامش : د.عزالدين مصطفى رسول ، الجزء الاول ، الطبعة الثانية ، بيروت – ١٩٩٤ ، ص ٣٥ .

(١٦) عبدالهادي كريم سلمان ،ايران في سنوات الحرب العالمية الثانية ،مركز دراسات الخليج العربي ،البصرة –١٩٨٦،ص ٥٧ .

(١٧) سميرة عبدالرزاق عبدالله العاني ، العلاقات الايرانية – البريطانية ١٩٣٩ –١٩٥١ ، أطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية الاداب ، جامعة بغداد– ١٩٩٧ ، ص ٥٨ .

(١٨) معتضد، تاريخ پنجا و هفت ساله ايران در عصرپهلوى ،انتشارات علمى ، تهران –١٣٨٠ ش ،ص ٤١٤ –٤١٥ .

٢- كێشەی ئابووریی، وەك پشتبەستنی هەرێمەكانی باكوری ئێران بە سۆڤێت لە ڕووی سەرچاوە جیاوازەكانی ئابوورییەوە .

٣- مەترسی لەشكركێشی سۆڤێت بۆ ئێران زیاتر بوو بەتایبەتی دوای واژۆكردنی پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ ئەڵمانیا ساڵی ١٩٣٩ .

٤- پڕوپاگەندەی دروستكراو لەلایەن ئاژانسە هەواڵیەكانی بەریتانیا، ولآتانی تری ئەوروپا و ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست بە ئاراستەی داگیركردنی ئێران لەلایەن سۆڤێت و بەكارهێنانی فڕۆكەخانەكانی باكوری ئێران لەلایەن سۆڤێتەوە[١٩].

٥- تێوەگلانی سۆڤێت لە جەنگ و لەشكركێشی بۆ سەر فنلندا، كە دوای چوار مانگ بەرەنگاریی بەهێز، دواجار لە ١٩٤١/٣/١٢ بەگوێرەی ڕێكەوتنی خۆبەدەستەوەدان، سۆڤێت سەركەوتنی بەدەستهێنا، ئەمەش نائومێدی و ترسی زیاتری لای ئێرانیەكان دروستكردبەتایبەتی، كە نەیاندەزانی هەنگاوی دواتری سۆڤێت چی دەبێت[٢٠].

دوای هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهانی، ئێران لە( ١٩٣٩/٩/١٤) دا بێلایەنی خۆی لەم جەنگە ڕاگەیاند[٢١]، هەرچەندە ڕەزا شا وای نیشاندا دەیەوێت بە شێوەیەكی هاوسەنگانە مامەڵە لەگەڵ هەردوو بەرەی شەڕدا بكات، بەلآم لە ڕاستیدا حكومەتی تاران مەیل و ئارەزووی زیاتر بە ئاڕاستەی ئەڵمانیای نازی بوو، كە شا پێیوابوو داهاتوو بۆ ئەڵمانیایە[٢٢]. هۆكارێكی تر، لەشكركێشی ئەڵمانیا بۆ سەر سۆڤێت لە (١٩٤١/٦/٢٢) كاریگەری خراپی لەسەر ئێران بەجێهێشت ئەوە بوو، كە ئەمریكا و بەریتانیا بۆ بەهاناوەچوونی سۆڤێت و گەیاندنی كۆمەك بەو وڵاتە پێویستیان بە ڕێگایەكی كورتی وەك ئێران بوو، كە ستراتیژی و ئاسان بوو دەیانتوانی لەهەر چوار وەرزی ساڵدا كەڵكی لێوەربگرن. ئەوەش

---

[١٩] نزار ايوب حسن الكولي ، العلاقات الايرانية – السوفيتية (١٩٣٩ –١٩٤٧ ) ، دراسة تأريخية تحليلية ، مطبعة الحاج هاشم، أربيل –٢٠٠٩ ، ص٧١.

[٢٠] ن.م، ص٧١-٧٢.

[٢١] محمد كامل محمد عبد الرحمن ، سياسة ايران الخارجية في عهد رضا شاه(١٩٢١- ١٩٤١) ، مراجعة : د.كمال مظهر احمد ، منشورات دراسات الخليج العربي ، جامعة البصرة –١٩٨٨،ص٢٤٧.

[٢٢] ژمارەی ئەڵمانیەكانی ناو ئێران تا كۆتایی مانگی حوزەیران لە نێوان سێ تا چوار هەزار كەس دەبوون، چەندین پۆست و پلەی باڵآیان بەدەستەوە بوو، لەوانە زیاتر لە پەنجا دامودەزگاو بەڕێوەبەرایەتیەكانی سەر بە وەزارەتی دارایی و بازرگانی و پیشەسازی بوو . بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ژمارەو كاری ئەڵمانەكان لە ئێران بڕوانە:

نصيف جاسم عباس الاحبابي ، العلاقات بين ايران والمانيا النازية ١٩٣٣ – ١٩٤٥، رسالة ماجستير غير منشورة قدمت الى مجلس كلية الاداب، جامعة بغداد ،١٩٨٩، ص١٤٠ .

هێڵی ئاسنی سەرانسەری ئێران بوو زۆر سووك و ئاسان دەیتوانی کەرەستەی شەڕ بگەیەنێتە سنوورەکانی سۆڤێت[٢٣].

لە دوای واژۆکردنی ڕێکەوتنی هاوبەش (١٢ی تەموزی١٩٤١) لە نێوان سۆڤێت و بەریتانیا پرسی ناردنی کۆمەکیەکانی بەرتانیا بەرەو یەکێتی سۆڤێت چووە بواری جێبەجێکردنەوە، لە (١٩٤١/٧/١٩) سۆڤێت و بەریتانیا دوو پێشنیاریان ڕادەستی حکومەتی ئێران کرد و ئاگادارییانکردەوە، مانەوەی ئەو ژمارە زۆرەی ئەڵمانەکان لە ئێران جێگەی مەترسین و هیچ هۆکارێکی قەناعەت پێهێنەر بۆ مانەوەیان لە ئێران لە ئارادا نەماوە، بەڵام ڕەزاشا پشتیکردە داواکاریەکانیان، بۆیە هەردوو دەوڵەت لە ١٦ی ئابی ١٩٤١ دوو بیرخەرەوەی تریان ڕادەستی حکومەتی تارانکرد و دەرکردنی ئەڵمانەکانی ئێرانیان لە پێش ئابی ١٩٤١ دووپات کردبووەوە[٢٤]. بەڵام جارێکی تر حکومەتی ئێران بێ ئومێدیکردن، ئەوانیش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە سەرەکیەکانیان بڕیاری داگیرکردنی ئێرانیاندا[٢٥] . لەشکرکێشی یەکێتی سۆڤێت و بەریتانیا بۆ سەر خاکی ئێران لە بەرەبەیانی ١٩٤١/٨/٢٥ دەستیپێکرد، لەشکری سور لە باکورەوە بە ئاراستەی تەورێز و بەندەری پەهلەوی، تا ناوچەی سنوریی نێوان تورکیا و ئێران پێشڕەوییانکرد. لە باکوری ڕۆژهەڵاتیشەوە بەرەو مەشهەد ڕۆشتن و دوای بۆردومانێکی چڕی شارەکانی تەورێز و قەزوین و بەندەری پەهلەوی، لە ماوەی کەمتر لە سێ ڕۆژ دا سەرکەوتنی تەواویان بەدەستهێنا و توانیان سوپا شاهنشایی تێکوپێك بشکێنن [٢٦].

هاوکات سوپای بەریتانیا لە دوو قۆڵەوە هاتنە ناو ئێران، سەرەتا لە باشورەوە لە سنووری نێوان عێراق و ئێرانەوە بە ئاراستەی موحەمەرەو دامەزراوە نەوتیەکانی ئێران لە عەبادان، لە قۆڵی دووەمیشەوە لە ڕۆژئاوای ئێران لە خانەقینەوە بەرەو کرماشان و هەمەدان پێشڕەوییانکرد[٢٧]. هێرشی بەریتانیا بۆ سەر هێزی دەریایی ئێران لە خوڕەمشەهر بوو بە هۆی نقوومبوونی سەرجەم کەشتیە ئێرانیەکان و زیانێکی گەورەی گیانی وماڵی بە سوپای شاهنشایی گەیاند و توانیان لە ماوەی تەنها سێ ڕۆژدا کۆتا خاڵی

---

[٢٣] حوسینی مەدەنی ، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی دووەم ، چاپی یەکەم ،خاکەلێوی ١٣٨٠ هەتاوی ، ل ١٦١.

[24] **George Lanczows Ki ,Soviet Advances In The Middle East ,Washington ,1972 –p.24 .**

25**F.Eshroghi ,"Anglo –Soviet Occwpation Of Iran In August 1941 " ,In Middle Eastern Studies ,Vol.20.No.I ,January 1984 ,p27** .

[٢٦] عبدالرضا هوشنگ مهدوی ، سیاسة خارجی ایران در دوران پهلوی ١٣٠٠– ١٣٥٧ ،چاپ سوم ، تهران – ١٣٧٥ش، ص٦٨–٧١ ؛ د. حوسێن محەمەد عزیز، کورد و شۆڕش و هەلی مێژوویی، چاپی دووەم ، کوردستان ، سلێمانی – ٢٠٠٠، ل١٨٨.

[٢٧] سعید الصباغ ، تاریخ ایران السیاسي : جدور الفصول ١٩٠٠–١٩٤١ ، الطبعة الاولى ، القاهرة –٢٠٠٠، ص٢٤٣ .

بەرگریی سوپای ئێرانی تێکشکێنن[٢٨]. لەشکرکێشی هاوپەیمانان بۆ سەر ئێران لە ئابی (١٩٤١) دا ئاکامێکی کاریگەر و گرنگی لێکەوتەوە، هەڵوەشاندنەوەی سوپای شاهنشایی و لادان و دوورخستنەوەی ڕەزاشا گرنگترین ئەو ڕووداوانە بوون، کە تەواوی هاوکێشە سیاسی و هەرێمایەتیەکانی ئێرانی گۆڕی و قۆناغێکی نوێی لە ژیانی سیاسی هێنایەکایەوە، کە بە گۆڕانکاری زۆر و قەیرانی جۆراو جۆر دەناسرێت[٢٩]. گرنگترین گۆڕانکاریی ناچارکردنی ڕەزاشا بوو بۆ وازهێنان لە دەسەڵات بۆ کوڕەکەی لە ١٩٤١/٩/١٦ [٣٠].

محەمەد ڕەزاشا، کە دوای باوکی دەسەڵاتی گرتە دەست، سەرەتا فەرمانی لێخۆشبوونی گشتی دەرکرد، بەوەش ژمارەیەکی زۆر لە زیندانیە سیاسیەکان ئازادبوون و دورخراوەکان گەڕانەوە وڵات، ژیانی پارتایەتی دەسپێکردەوەو سیاسەتمەدارە دورخراوەکانی سەردەمی ڕەزاشا گەڕانەوە گۆڕەپانی سیاسەت وەك : موصەدق، سەید زیائەدین تەباتەبایی، ئەحمەد قەوام و پیشەوەری . هەروەها بڵاوکردنەوەو چاپکردنی زیاتر لە بیست ڕۆژنامە و گۆڤاری جۆراوجۆر، دووبارە هاتنەوە مەیدانی ڕێکخراوە پیشەییەکان و دیاردەی پارتایەتی سەریهەڵدایەوە[٣١].

---

[٢٨] دونالد ولبر ، ایران (ماضیها وحاضرها ) ، ترجمة: الدکتور عبدالنعیم محمد حسین ، الطبعةالثانیة ، دار الکتاب اللبنانی – ١٩٨٥ ، ص١٢١–١٢٢ .

ونستون چرچل، ئاماژە بۆ ئامانجی بەریتانیا دەکات لە داگیرکردنی ئێران و هۆکارەکانی دەگەڕێنێتەوە بۆ پاراستنی کێڵگە نەوتیەکان، داگیرکردنی ناوچە ستراتیژیەکان و دەستەبەرکردنی ڕێگایەکی هاتوچۆ و پەیوەندی لەگەڵ سۆڤیەت، پاراستنی هێڵەکانی هاتوچۆو گواستنەوە لەگەڵ کەنداوی عەرەب و، دەرکردنی سیخوڕەکانی ئەڵمانیا . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

د.ك.و ، الوحدة الوثائقیة ، ملفات البلاط الملکي ، الملف ٣١١/٧٣٦ ، الوثیقة رقم ٣ ، ص٤–٧ .تقریر القنصلیة الملکیة العراقیةفي کرمنشاه بتاریخ ١٦ ایلول ١٩٤١ .

**(29) Georg Lanczowski,Russia and the West in Iran,1918-1948. A study in big power Rivaiy ,fthaca press ,New york-1949 ,pp169 - 175.**

[٣٠] محمد ڕەزا شا لە ساڵی ١٩١٩ لە تارانی پایتەخت لە دایك بووە، دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی ، لە ساڵی ١٩٣١ بەرەو سویسرا سەفەری کردووە بەمەبەستی خوێندنی ناوەندیی، دواترلە ساڵی ١٩٣٦ گەڕاوەتەوە بۆ تاران و لەوێ پەیوەندی بە کۆلیژی سەربازی بەشی تۆپخانە کردووەو دوای تەواو کردنی کۆلیژ پلەی ئەفسەری دووی پێبەخشراوە، لە ساڵی ١٩٣٨ بۆتە پشکنەر لە سوپای ئێراندا، لە دوای باوکی ١٩٤١/٩/١٧ هێشتا بیست و دووساڵی تەمەنی تەواو نەکردبوو، وەك شای ئێران سوێندی دەستوری خوارد و بەڵێنیدا ڕێز لە یاسا بنەڕەتیەکان و مافەکانی گەل بگرێت .....بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ژیانی محەمەد ڕەزاشا بڕوانە :

محمد رضا بهلوی ، مذکرات شاه ایران المخلوع ، ترجمة :مرکز دراسات الخلیج العربي ،جامعة البصرة ، ١٩٨٠، ص١٩–٢٠

[٣١] د،ك.و، الوحدة الوثائقیة ، ملفات البلاط الملکي ، الملف ٣١١/٤٩٩١ ، الوثیقة رقم ١٠٣ ،ص١٥٦، تقریر القنصلیة الملکیة العراقیة فی طهران ، شباط ١٩٤٤.

ئەو بارودۆخە نوێیەی بەهۆی داگیرکاری ئەنگلۆ–سۆڤێتەوە لە ئێران هاتە کایەوە، دەرفەتێکی باشی بە خەباتی نەتەوایەتی کورد لە گۆڕەپانی سیاسەتدا بەخشی، تا برەو بە خەبات و تێکۆشانیان لە پێناو مافە سیاسی و نەتەوەییەکەیان بدەن، هەر بە بیستنی هەواڵی هاتنە ناوەوەی سوپای هاوپەیمانەکان، پەلاماریی بنکە و بارەگاکانی لەشکری شاهنشایی و دامودەزگا داپلۆسێنەرەکانی ڕژێمیانداو چەکەکانیان لێداماڵین، ژمارەیەکی زۆر لە کوردە زیندانیکراوەکان و سەرۆك عەشیرەتە نیشتمانپەروەرە دوورخراوەکان، دەرفەتیان قۆستەوە و گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان، لاوازی دەسەڵاتی ناوەندیی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆشایی کارگێڕیی و سەربازی تێدا دروستکرد، کە زەمینەی بۆ بوژاندنەوەی گیانی نەتەوایەتی و گەڕانەوەی نفوز و دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چەکداری بۆ سەرۆك عەشیرەتەکانی کوردو پیاوە دەستڕۆیشتووەکان ڕەخساند(٣٢).

ڕووخاندنی ڕەزاشای پەهلەوی، بووە مایەی شادی و خۆشی خەڵکی سەرانسەری ئێران بەگشتی و کوردستان و ئازەربایجان بەتایبەتی. بە لەناوچوونی دامودەزگا و سوپای شاهنشایی لە کوردستان، ئازادی و سەربەستی تەواو لە کوردستان بەدیهات و خەڵك هێزەکانی سۆڤێتیان بە (فریشتنەجات) ناوبرد(٣٣)، (حزبی ئازادیخوازی کوردستان) بەم بۆنەیەوە بەیانێکی بۆ بەخێرهاتنی سوپای سوردەرکرد(٣٤). لەو ناوچانەی کەوتبونە ژێر دەسەڵاتی داگیرکاریی سۆڤێت لە باکوری کوردستان، بۆشایی بێ حکومەتی پەیدابوو سۆڤێت هەوڵیدا نفوز و دەسەڵاتی خۆی لە کوردستان و ئازەربایجان سەقامگیر بکات(٣٥)، بەهەموو جۆرێك دژی گەڕانەوەی سوپای ئێران و جموجوڵی سەربازییان وەستایەوەو چالاکیەکانی

---

* گرنکترین پارتەکانی ئەم قۆناغە بریتی بوون لە (حزب توده /پارتی جەماوەر )، (حزب ایران )، (حزب اراده ملی)، (حزب پان ایرانیسم )، (حزب عدالت )، (حزب زوالفا)، (حزب نیروی سوم) بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە پارتەکانی ئەو سەردەمە بڕوانە کتێبی :

سپهر زبیح ، تاریخ جنبش کمونستی در ایران، ترجمة:محمد رفیعي مهربادی ، مؤسسة مطبوعات عطائي ، تهران –١٣٧٥ش.

(٣٢) هوزان سليمان الدوسكي، جمهوریەکردستان دراسة تاريخية – سياسية، الطبعة الاولى ، الدار العربية للموسوعات– ٢٠٠٥، ص٣٢ .

(٣٣) سمایلی ماملێ، کۆماری دیموکراتی کوردستان (کۆتایی و تراژیدیای کۆمار) ١٩٤٦–١٩٤٧،چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی–٢٠١٣،ل٤٠.

(٣٤) نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان: (ڕێبەندانی ١٣٢٤–سەرماوەرزی ١٣٢٥) کورد لە گەمەی سۆڤێتیدا، چاپی سێەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی–٢٠٠٧،ل٤٠.

(٣٥) حوسێنی مەدەنی، س.پ، ل١٨٩.

سڕکردن، ئەمەش دەرفەتێکی باشبوو بۆ کورد و بۆ فراوانکردنی بازنەی چالاکیە سیاسیەکانیان یارمەتیدان[٣٦] .

بەگشتی بارودۆخی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی سۆڤێت لە ڕووی پەیوەندیی نێوان هۆزەکان و ئازادی هاتوچۆکردن هەلومەرجێکی لەباری ڕەخساند. نەمانی سوپای ئێران لە ناوچەکە و گەڕانەوەی زۆربەی ئەوانەی کە لەسەردەمی ڕەزاشادا زیندانی سیاسی یان دوورخرابوونەوە، کە لەلایەك خاوەن پلەو پایەی تایبەتی بوون و بەچاوی ڕێزەوە سەیر دەکران، لەلایەکی ترەوە توانیان زۆربەی زەوی و زارە زەوتکراوەکانیان بگەڕێننەوەو ڕق ئەستورتر بن بەرامبەر حکومەتی تاران، کە ساڵانێکی دوور و درێژ ناحەقی زۆریان دەرحەق بە ڕۆڵی عەشیرەتەکانیان کردبوو[٣٧]. لەلایەکی ترەوە بێباکی حکومەتی ئێران بەرامبەر بە کێشەی نەتەوە نافارسەکانی ئێران، هەنگاونەنانی دەسەلات بە ئاراستەی چارەسەری کێشەی نەتەوەیی و بنبڕکردنی پاشماوەی سیاسەتی چەوساندنەوەو زوڵم و زۆری نەتەوەیی و پەیڕەوکردنی هەمان سیاسەتی شۆڤێنی لەگەڵ خەڵکی کوردستان[٣٨] . تەنها چەند ڕۆژێکی کەم پاش لەشکرکێشییەکەی سۆڤێت و بەریتانیا بۆ سەر ئێران ، ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی سۆڤێت بوو بە گۆڕەپانی چەندین ڕاپەڕین دژی دەسەلاتی ناوەندیی ئێران بەتایبەتی ناوچە کوردنشینەکان، زۆربەی ڕووداوەکانی ناوچەکە پەیوەستبوون بە سیاسەتی سۆڤێتەوە، کە هاندەری سەرەکی عەشیرەتە کوردیەکان بوون[٣٩]. هەرچەندە سوپای سۆڤێت سەرەتای پەلامار و لەشکرکێشیەکەیان تاکو باشوری شاری سنە پێشڕەویانکرد، بەڵام دواتر کشانەوەو لە هێڵی شنۆ- میانداو لە باکوری مهاباد جێگیر بوون، لەگەڵ ئەوەشدا سنووری دەسەلاتیان بەشێوەیەکی کرداریی، تا ناوچەکانی باشور بڕیکرد کە سەقز، بانە و سەردەشتی لەخۆگرتبوو[٤٠].

---

[٣٦] آريا.ى.يودقان، الاتحاد السوفيتي وايران الثورية، ترجمة:مركز البحوث والمعلومات، بغداد – ١٩٨٥،ص٤٧ ؛ مرتضى عبد الرحيم الحصيني ، كردستان قصة ولادة دولة ، الطبعة الاولى، مكتبة الصفاء ، طهران – ٢٠١٢، ص٥٦ .

[٣٧] وليام ايغلتن الابن، جمهورية مهاباد(جمهورية ١٩٤٦ الكردية)، ترجمة وتعليق:جرجيس فتح الله، الطبعة الثالثة، دار للطباعة والنشر، اربيل– ٢٠١٢، ص٣٢.

[٣٨] فوزية صابر محمد، صفحات عن نضال الكورد في ايران ١٩٤١–١٩٤٦، متين (مجلة)، العدد(٨٦)، دهوك،آ دار١٩٩٩، ص١٠٤.

[٣٩] برهان الدين آبابكر ياسين، م.س ، ل٧٢–٧٣.

[٤٠] د.فؤاد حمه خورشيد مصطفى، "الجيوبولتيك والقضية الكردية"تشكيل وانهيار الجمهورية الكوردية ذات الحكم الذاتي في ايران، گولان العربي(مجلة)، العدد (٦٩)، اربيل، شباط–٢٠٠٢، ص٥٨.

له ناوچەکانی نێوان هێزەکانی بەریتانیا و سۆڤێتدا، هۆزە کوردەکان توانیان کاروباری خۆیان بەدەستەوەبگرن[٤١]، بۆیە ئەفسەرە سۆڤێتەکان و باڵوێزە سیاسیەکانیان، کە لە تەورێز و ورمێ کاربەدەستبوون، لەوە تێگەیشتبوون پێویستیان بە پەیوەندیی پتەوتر لەگەڵ کوردەکان هەیە، بەڵام لەبەر نەبوونی ڕێکخراوێکی سیاسی یەکگرتوو، ناکۆکی و ململانێی نێوان سەرۆک عەشیرەت و ئاغاو شێخەکان لە نێوان خۆیان، دیاریکردنی نوێنەری کورد بۆ وتووێژ و گفتوگۆ و ڕاوێژ لەگەڵ سۆڤێت کارێکی ئەستەم بوو بەتایبەتی لەو بارودۆخە سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیەی ئەو دەمەو بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردەواری. دواتر بەرپرسانی سۆڤێت واقیعبینانە لەگەڵ ئەو کەسانەی خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و ئاینی و ڕووناکبیریی یان لە باری عەشرەتیەوە خاوەن نفوز بوون کەوتنە پەیوەندیگرتن. بەم چەشنە نوێنەرانی سۆڤێت دوای چەند سەردانێکیان بۆ مەهاباد لە تشرینی دووەمی ١٩٤١ دا دەستەیەکی (٣٠کەسی) لە سەرۆك عەشیرەت و ئاغا و نوێنەری چین و توێژە جیاوازەکانی شاری مەهاباد بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد بانگهێشتی باکۆ کرد[٤٢]. شاندی میوان، کە لە لایەن سەرکردەی باڵای هێزە چەکدارەکانی سۆڤێت لە کوردستان و ئازەربایجان هاوڕێیەتی کران، لە لایەن باقرۆفی سەرۆك کۆماری ئازەربایجانی سۆڤێتەوە پێشوازییان لێکرا، لە ماوەی مانەوەیان شاندی میوان سەردانی کارگە و دامەزراوە نەوتیەکان و پیشەسازییەکان، ناوەندە ڕوناکبیرییەکانی باکۆیان کرد[٤٣].

شاندی میوان، کە زیاتر سەرۆك هۆز و دەرەبەگەکانی لەخۆگرتبوو لە ڕووی تیۆریەوە جێگەی باوەڕ و متمانەی سۆڤێت نەبوون . میوانەکانی ئەم سەردانە پێکهاتبوون لە ( قازی محەمەد خاوەن نوسینگەو مافناسی مەهاباد، ئەمیر ئەسعەدی دیبۆکری، عومەر عەلی یاری کوڕی، مەجیدیان لە میاندواو، حاجی بابە شێخ، عەبدوڵا ئیلخانیزادەی بۆکان، ڕەشید تەهای هەرکی، زیرۆ بەهادووری لە هۆزی مامش، سەید محەمەد سادقی کوڕی سەید تەهای شەمزینی )[٤٤]. سیاسەتی سۆڤێت بەرامبەر بە کورد لەو سەردەمەدا ڕەوتێکی دیاریکراوی نەبوو، چونکە سیاسەتی ناوچە کوردنشینەکان ئەو سەردەمە لەلایەن چەند دەرەبەگ و سەرۆك هۆز و ڕابەری ئایینیەوە ئاڕاستەدەکرا، ئەمانە خاوەن دیدێکی محافزکارانە بوون لە دەسەڵاتی سۆڤێت بە گومان و نیگەرانبوون وێڕای بێزاریان لە پەرەسەندنی بیری کۆمۆنیستی لە

---

[٤١] ئارچی ڕۆزفیلت ، کۆماری مهاباد، وەرگێڕانی لە فارسیەوە: ئەبوبەکرخۆشناو، سلێمانی–١٩٩٨،ل٥.

[٤٢]نەوشیروان مستەفا، حکومەتی کوردستان..، ل٤٨ .

[٤٣] د.فاضل رسول، كردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الاوسط، ترجمة عن المانية: غسان نعسان، مراجعة: ماموستاجعفر، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، السليمانية–٢٠٠٨،ص١٩٧–١٩٨ ؛ عەبد وڵلا کەریم مەحمود، جەمهوریەتی کوردستان – شاکارێکی مەزن، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك) ، سلێمانی – ٢٠٠٦، ل٧٦ .

[٤٤] حامد محمود عيسى ، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط منذ بدايتها حتى سنة١٩٩١، مكتبة مدبولي – ١٩٩٢، ص٨ .

ناوچەکانیاندا، بۆیە باقرۆفی سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی ئازەربایجانی سۆڤێت داوای لە شاندی کوردی کرد ئەو چەکانەی کورد لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی سوپای ئێراندا دەستیان کەوتبوو بیگەڕێننەوە بۆ حکومەتی ئێران و دەبێت پابەندی یاساکانی ئێران بن و ڕێزیان لێبگیرێت[٤٥] .

## دووەم: ڕاپەڕینی چەکداری ناوچەکانی بانە، ورمێ، هەورامان و مەریوان لە سەردەمی دەسەڵاتی محەمەد ڕەزاشادا

لە ئەنجامی پەلاماردانی ئێران لەلایەن هێزەکانی سۆڤێت و داگیرکردنی ناوچەکانی باکور و ڕۆژئاوای ئێران، سەربازگەی بانەیان گرت[٤٦]، بۆ چەند سەعاتێکیش شاری سنەیان داگیرکرد، بەڵام بەهۆی ڕێکەوتنیسۆڤێتی– بەریتانیاوە دەربارەی دابەشکردنی ناوچە داگیرکراوەکان، ئەو ناوچانە بەر بەریتانیا کەوتبوون، بۆیە سۆڤێت بەجێیانهێشت و بەرەو سەقز کشانەوە[٤٧]. هەرکە سوپای سۆڤێت لە بانە ڕۆیشتن و ئەفسەرە ئێرانییەکانیان لەگەڵ خۆیان برد، حەمەرەشیدخان[٤٨]، یەکێك بوو لە سەرکردە کوردەکانی بانە لەناو سنوری عێراقدا دەژیا، بەهێزێکی ٤٠٠ کەسی سوارەوە هاتە ناو خاکی ئێران دوای

---

[٤٥] سدیق سالح ، بیرەوەریەکانی محمد شاپەسەندی ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی _٢٠٠٧ ،ل٤٣ .

[٤٦] شاری بانە شوینێکی لێرەوار و کوێستان و سارد و سرە، لە ڕۆخی دەریاوە (١٥٢٥م) بەرزە، لە باکورەوە بەرزاییەکانی گەورگی سەقز و مەهاباد، لە باشورەوە بە گەلی شلێر لە کوردستانی عێراق، لە ڕۆژهەڵاتەوە بەناوچەی سەرشێوی سەقز، لە ڕۆژئاواوە بە ناوچەی سیوەیل و ئالانی کوردستانی عێراق بەستراوەتەوە. لە سەقزەوە (٥٥کم) دوورە و (٢٠کم) لە سنوری عێراق و (٦٠کم) لە دووری شاری سەردەشت هەڵکەوتووە، بەشێکە لە ئۆستانەکانی کوردستان و رووبەرەکەی (١٣٤٧ کیلۆمەتر دووجایە) . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : موحسین خالیدی، ڕوانینێك بۆ کوردستان (بانە)، سرووە (گۆڤار)، ساڵی دوانزدە هەم، خاکە لێوی ، ١٣٧٥ ، ل١٠٤.

[٤٧] محمد رئوف توکلی، جغرافیا و تاریخ بانە کردستان، چاپ دوم، تهران–١٣٦٣ش، ص١٩٤ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین، س.پ، ل٥١ .

[٤٨]حەمەدرەشیدخانی کوڕی قادرخانی عەبدوڵڵا بەگی بارام بەگە لە بەگزادەکانی شاری بانەن لە ساڵی١٨٩٨ لەشوێ گوێزانی ناوچەی شلێری سەر بە پێنجوێن لە دایك بووە، دوای مردنی باوکی ساڵی ١٩٢٥بووە بە گەورەی بنەماڵەکەیان و موڵکێکی زۆریان لە نێوان بانە و پێنجوین دا هەبووە، وەك مەنگوڕی دەڵێت:"کەسێکی زۆر لێهاتوو ئازاو شەڕزان و فەرماندەیەکی چاك و بە پیلان بووە، بێ ئەوەی لە هیچ مدرەسە یەکی عسکری فنی نەخشە سازی وەرگرتبێ لە زۆر پلانی عەسکەریدا پێش پلانی ئەفسەرەکانی ئێران دەکەوتەوە". سەرکردایەتی زنجیرەیەك ڕاپەڕینی دژی دەسەڵاتی ناوەندی ئێران کردووە لە ساڵەکانی ١٩٢٨،١٩٢٥،١٩٣٠،١٩٣١ لە زۆربەی شکستەکانیدا پەنای بۆ کوردستانی عێراق بردووە، زۆر جار لە عێراقیش دەستگیر کراوە و ڕوانەی موسڵ و کەرکوك کراوە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژیانی بڕوانە :

میرزا محمد امین مەنگوری، بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩١٤وە هەتا ١٩٥٨، بەشی یەکەم ،چاپی دووەم،سلێمانی – ٢٠٠٠،ل ل١٨٨–١٩٤ ؛ کەیوان ئازاد ئەنوەر ،حەمە ڕەشید خانی بانە ١٨٩٨–١٩٧٤ ، سلێمانی – ٢٠٠١ ، ل٣٩–٧٥ .

دوو رۆژ شەڕ کردن لەگەڵ ئەو سەربازانەی پاریزگاریان لە سەربازگەی بانە دەکرد شاری بانەی ئازادکرد[٤٩]، بەهاوکاری دەزگاکانی شارەوانی و پۆلیس کاروباری ناوخۆی شارەکەی ڕێکخست. لەسەر داوای ژمارەیەکی زۆری سەرۆك عەشیرەت و هۆزەکانی سەقز بە یاوەری (٣٠٠) جەنگاوەری ئازا و جوامێری عەشیرەتەکەی توانی لە رۆژی ١٣ی ئەیلولی هەمان ساڵ شاری سەقز ئازادبکات، ڕێگەشی بە سەربازە ئێرانیەکان دا دوای رادەستکردنی چەکەکانیان شارەکە بەجێبێڵن[٥٠] .

دوای سەرکەوتنەکانی حەمەڕەشیدخانی بانە، هۆزە کوردەکانی سەرسنوری ئێران و تەنانەت ئەو هۆزانەی پێشتر دەوڵەتخواز بوون وەك، هۆزی تیلەکۆ بە حەمەڕەشیدخان بەڵێنی پشتیوانیاندا بەمەش ژمارەی سوپاکەی زۆر زیادیکرد، ئەمەش هۆکارێکی باشبوو وای لێکرد بیر لە داگیرکردنی سنە بکاتەوە، بەڵام نوێنەری بەریتانیەکان، کە لە سنە بوو رێگای پێنەدان و داوای لێکردن نەیەنە شارەکەوەو چاوەڕێی بەرپرسانی ئێران بکەن، کە دەیانەوێت بۆ گفتوگۆ و دانوسان بێنە لایان، بە شێوازێکی ئاشتیانە کۆتایی بە ناکۆکی و ململانیەکانیان بهێنن، کوردیش بەمە ڕازیبوو[٥١]. هەر لەو دەمەدا حەمەرەشیدخان نوێنەری خۆی بۆلای باڵوێزی بەریتانیا لەبەغداد نارد و داوای پشتوانی بۆ بزوتنەوەکەی لێکرد ، بەلاَم بەریتانیەکان پێیانڕاگەیاند، کە ئەوان دەستوەرنادەنە کاروباری ناوخۆی ئێران و پێویستە کورد بە گفتوگۆو دانوسان لەگەڵ حکومەتی ئێران کێشەکانیان چارەسەربکەن[٥٢] .

بەردەوامی شەڕەکان و شکستەکانی حکومەتی ئێران، نۆینەرانی بەریتانیای تووشی گومان و دوودڵی کردبوو، ترسان ڕاپەڕینەکان فراوانتربن و بگەنە ناوچەکانی سنە و کرماشان، لەلایەکی ترەوە ڕاپەڕینەکە ئەوپەڕی لاوازی و بێدەسەلآتی حکومەتی ناوەندیی نیشاندا لەمەڕ چارەسەرکردنی بارودۆخەکە، بوو بە فاکتەرێکی بەهێز بۆ رووخاندنی حکومەتەکەی فروغی لە(١٩٤٢/٢/٨) [٥٣]. لە ئێران حکومەتێکی نوێ بۆ عەلی سوهەیلی پێکهات، بەرپرسانی بەریتانیاش هەر لە سەرەتاوە کەوتنە هاندان و هاوکاریی حکومەتی نوێ بۆ پیادەکردنی ستراتیژێکی نوێ لە هێنانەکاییەی ئارامی و هێمنی بۆ ناوچە

---

[٤٩] نەوشیروان مستە فا ، حکومەتی کوردستان ......، ل٥١ ؛ حە سەن ئە رفەع ، کوردەکان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسیە، وەرگێڕانی: سامان عەبدولاّ، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی– ٢٠٠٩،ل١١٤ .

٦٤ د.ك.و، الوحدة الوثائقية، ملفات البلاط الملكي، الملف ٣١١/٤٩٩٢، الوثيقة رقم ٧٠، ص١٢٧، كتاب المفوضيةالملكية العراقية في طهران بتاريخ ١٩٤٥/١٢/٢٧ .

[٥١] ئۆڵگە ئیڤانۆڤنە ژیگالینە،"ڕۆڵی هۆزەکان لەژیانی سیاسی کوردستانی عێراق لە سالآنی چلەکاندا"، وەرگێڕانی: غازی ئیبراهیم یعقوبی، کاروان(گۆفار)، ژمارە ١١٨، هەولێر–١٩٩٨، ل٣٨.

[٥٢] د.ولید حمدی ، م.س، ص٤٠٢ .

[٥٣] روح الله رمضانی ،س.پ ، ل٧٠.

ڕاپەڕیووەکان، ئەوەش بە جێبەجێکردنی بەشێك لە داواکاری و خواستی ڕاپەڕیووەکان و ڕازیکردنیان تاکو ئێران لەو بارودۆخە سەختە ئابووریی و سیاسیە ڕزگاری دەبێت، دەتوانێت هێزە پەرش و بڵاوەکانی کۆبکاتەوەو دواتر لە دەرفەتێکی گونجاودا کاری پێویست بکات[٥٤]، بە مەبەستی هاوکاری حکومەت (مێجەر فلتجەر)ی ڕاوێژکاری سیاسی هێزەکانی بەریتانیا لە کرماشان خۆی گەیاندە سەقز، تاکو سەرپەرشتی دانوسان و ڕێکەوتنی نێوان کوردەکان و حکومەتی ناوەندیی بکات [٥٥]، لە ئایاری (١٩٤٢) دا ڕێکەوتننامەی ئاشتی لە نێوان هەردوو لایەنی کوردی و ئێرانیدا واژۆکرا، بڕیاردرا بە پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتیەکی کوردی بە سەرکردایەتی حەمەڕەشیدخان وهۆزە کوردەکانی تری ناوچەکە، هاوکات هیچ هێزێکی حکومەتی ئێران لە ناوچەی (بانە–سەردەشت) دا نەمێنێت، هەروەها ڕێگە بە خەڵکی هۆزو خێڵەکانی ئەو ناوچانە بدرێت ئەرکی بەڕێوەبردنی دەزگاکانی پۆلیس و شارەوانی.....هتد بگرنە ئەستۆ، ئەرکی پێدانی موچەی ئەو کارمەندانەش، کە بە (٢٥٠٠٠) تمەن مەزەندە کرا لە ئەستۆی حکومەتی ناوەندیی بێت، لە هەمانکاتدا سەرجەم چالاکیە چەکدارییەکانی ئەو هۆزانە ڕاگیرێت، حەمەڕەشیدخان بە فەرمی لەلایەن حکومەتەوە وەك حاکمی ناوچەکە دەستبەکار بێت. حەمەڕەشیدخان لەناوچەکانی (بانە–سەردەشت) ، تا کۆتایی ساڵی١٩٤٤ توانی بەڕێوەبەرایەتیەکی کوردی بەڕێوەببات[٥٦].

بەم جۆرە حکومەتی ئێران دوایی زەرەر و زیانێکی زۆر، بەپشتیوانی وخواستی بەریتانیا بەپێدانی دەرفەتی خۆبەڕێوەبردن بە کوردەکان تاڕادەیەك توانی ئارامی وهێمنی بۆ ناوچەکە بگێڕێتەوە، کە تا پایزی ١٩٤٤ درێژەی کێشا.حکومەتی ئێران بە تەواوی لە ماوەی ڕێکەوتنەکە سودمەند بوو، لەلایەك خۆی پێڕێکخرایەوە، لەلایەکی ترەوە بە پاڵپشتی هێزە هاوپەیمانەکان (ئەمریکا و بەریتانیا ) توانی خۆی لە قەیرانە ئابووریی و سیاسییە سەختەکان دەربازبکات، دامودەزگا داپلۆسێنەر و سەرکوتکەرەکانی نوێبکاتەوەو دەرفەتی داپلۆسینی هەر جۆرەجموجوڵێکی نەخوازراوی دژی دەسەڵاتی ناوەندیی ببێت. حکومەتی تاران لە ١٩٤٤/١٠/٢ شاری بانەی داگیرکرد و کۆتایی بە دەسەڵاتی حەمەڕەشیدخان هێنا[٥٧] .

---

[٥٤] سمیرة عبدالرزاق عبدالله العانی ،م.س، ص١٦٥–١٦٦ .

[٥٥] گذشته چراغ راه اینده اس، تاریخ در فاصله دو کودتا، نشر جامی ، چاپ دوم ، چاپخانه گلشن ، تابستان– ١٣٦٢، ص١٢٢.

[٥٦] کەیوان ئازاد ئەنوەر،حەمە ڕەشید خانی بانە......،ل١٠٣.

[٥٧] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕاپەڕینی بانە بڕوانە : یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد ١٩٣٩–١٩٧٩، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی –٢٠٠٣، ل ل٦٨–٧٩.

جگە لە بانە یەکێك لەو هەرێمانەی زیاترین جموجۆلی چەکداریی بە خۆوە بینی ورمیٚ بوو، ئەم هەرێمە لە دوایی داگیرکردنی ئێران لەلایەن بەریتانیا و سۆڤێتەوە بوو بە بەشێك لە قەڵەمڕەویی سۆڤێت لە ناو خاکی ئێراندا[٥٨]. ناوچەی ورمیٚ لە هەرێمەکانی تری ئێران جیاواز بوو، تایبەتمەندییێتی ئەم ناوچەیە لەوەدابوو هەر دوو گەلی کورد و ئازەری پێکەوە تێدا دەژیا، کە لە ڕووی زمان و کولتور و نەتەوەو ئاین و ئاینزاوە لە یەکتر جیاوازبوون. دراوسێیەتی دورودرێژی کوردو ئازەر لە ناوچەی ورمیٚ و موکریان لەگەڵ یەکتری، شەڕوشۆڕو پێکدادانی بەردەوام و جیاوازی دەسکەوتی ئابووریی و سیاسی[٥٩]، کێشەی نەتەوەیی و مەزهەبی و مێژوویی لە نێواندا دروستکردبوو، کرۆکی کێشەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی و ناکۆکی لەسەر زەوی و چەسپاندنی دەسەڵات و پێگەی ئابووریی و کۆمەڵایەتی ، لەلایەکی ترەوە لە ئەنجامی سیاسەتی چەوتی دەسەڵاتدارانی ئێران، تادەهات دووبەرەکی و ناکۆکی لەناوچەکە قوڵتردەکردەوە[٦٠].

حکومەتی ناوەندیی بەردەوام ئاسانکاری بۆ باڵا دەستکردنی ئازەرییەکانی ناوچە کوردنشینەکان کردووە، پاڵپشتی موڵکدارە ئازەرییەکانی کرد، تا زەویوزاری کورد زەوت بکەن و لە ناوچە دەشتاییە بەپیتەکان دەرییانکەن و بەرەو چیاکان پاڵیاننێن، هاوکات بەهۆی هاومەزهەبی ئازەرییەکان لەگەڵ فارسدا حکومەتی ناوەندیی لە ڕووی ئابووریی و بەشدارییپێکردنی دەسەڵاتەوە باوەشی بۆ بەشێکی زۆری دەرەبەگ و ئەرستۆکراتی لادیٚ و بۆرژوازی بازرگانی ئازەرییەکان کردبووەوە، لەسەر حیسابی کورد ڕۆژبەڕۆژ پێگەی ئابووریی و کۆمەڵایەتیانی بەهێزتر کرد، تا وەك ئامراز و چەکێك لە داهاتوودا لە ئەگەری هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەك لە نێوان کورد و حکومەتی ناوەندیی دا بەکاریانبێنێت، لەلایەکی ترەوە خەڵکە ڕەشۆك و نەزانەکانی ئازەری بەهۆی وابەستەییان بەچینە دەسەڵاتدارە موڵکدارە دەوڵەتخوازەکانەوە، دژایەتیان لەگەڵ ئاینزای سونە کردووە، کە هەمان ئاینزای کوردبوو، لە زۆربەی کێشەکاندا بەبیٚ

---

٥٨ هەرێمی ورمیٚ دەکەوێتە باکوری کوردستانی ئێران، لە دەریاچەی ورمێوە دەست پیٚ دەکات بەرە و باکور تا ڕووباری ئاراس درێژ دەبێتەوە، لەڕۆژئاواشەوە تاچیاکانی ئاگری دەکشێت. شاری ورمیٚ ناوەندی هەرێمەکەیە و لە سەردەمی ڕەزاشادا لەچوارچێوەی بە فارسی کردنی جوگرافیای کوردستان ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (ڕەزاییە). ئەم هەرێمە چەند شار و ناوچەیەکی گرنگ لەخۆ دەگرێت وەك: (ماکۆ، خۆی، سەڵماس، قوتور، مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ. هەر لە سەردەمی ڕەزاشاوە جوگرافیای کوردستان لە یەکتر دابڕێنراو، هەرێمی ورمیٚ و ناوچەی موکریانیش خرایە سەر ئۆستانی (پارێزگا) ی ئازەربایجان لە ڕووی کارگێڕییەوە کە ئەم شارانەی لەخۆ دەگرت (مەهاباد، سەردەشت، بۆکان، شنۆ، نەغەدە، میاندواو دەوروبەری، شاری ورمیٚ بوو بە ناوەندی کارگێڕی ئۆستانی ئازەربایجان . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

حسین مدنی، تحلیلی فشردە اردنیا میزم و شیوهای مبارزانی در کردستان ایران ، بی .جا ،١٣٦٩ ، ص١٦ .

[٥٩] نەوشیروان مستەفا ئەمین، کوردو عەجەم . مێژوی سیاسی کوردەکانی ئێران، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕوون، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی — ٢٠٠٧ ،ل٥٨ .

[٦٠] د.یاسین سەردەشتی ،س.پ،ل٨٠.

دەستکەوتێکی شایستە بۆ قازانج و بەرژەوەندیی حکومەتی ناوەندیی تاران بەکاردەهێران، ئەمەش بووە مایەی تورەیی کورد و کێشە و ناکۆکیەکانی لەگەڵ ئازەریەکان قوڵترکردۆتەوە[٦١] ، سەرەڕای ئەوەش زۆربەی لێپرسراو و ئەندامانی دەزگا سەرکوتکەرەکانی حکومەت لە ئازەرییەکان بوون، بۆیە گەلی کورد لەو ناوچانە هەمیشە لە کێشە دابوون، چ لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی، یان لەگەڵ ئازەرییەکان، ئەمە یەکێك بوو لەو هۆکارانەی هۆزە کوردەکانی بۆ توندوتیژیی و تاڵانی گوندە ئازەرییەکان بەتایبەتی لە ورمێ و دەوروبەری ورمێ هاندا[٦٢] .

هەر دوایی داگیرکردنی ئێران لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە ئەوەندەی نەخایاند سەرۆکی عەشیرەتی شکاك (عومەرخانی شەریفی)، کە لەسەر هەڵوێستی کوردانە و هاوکاریی سمکۆخانی شکاك خرابووە زیندانی (قەسری قاجارەوە) ئازادکرا[٦٣]، چالاکی هۆزە کوردەکانی ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجای رۆژئاوایش دەستیپێکرد بەتایبەتی دوایەوەی سەربازەرووسەکان لەناوچەکوردنشینەکانی ئازەربایجانەوە بەرەو شارە ئازەرنشینەکان پاشەکشەییانکرد، هەروەها رێگەشیان نەدا سوپای ئێران یەکە پەرپوتەکانی کۆبکاتەوەو رێکخستنەکانی نوێبکاتەوە. کورد، کە بۆ ماوەی زیاتر لە بیست ساڵ لەژێر فشار و گوشاری ئەفسەرانی تورەو توندوتیژی سوپای شاهنشاییدا گرفتاربیوون، هەرکە هەستیان بە ئازادیکرد لە پێناو نەهێشتنی دەسەڵاتداریێتی سیاسی و سەربازی حکومەتی تاران دەستیان بە کۆششی بێوەچان کرد [٦٤] .

لەم هەلومەرجە ئاڵۆز و سەختەدا، عومەرخانی شکاك هێزێکی بیست هەزاری کوردی لە رۆڵەکانی هۆز و خێڵەکانی کورد لە ورمێ و گوندەکانی دوروبەری پێکەوەنا و پەلاماری بنکەو بارەگاکانی پۆلیس و ئاسایشی ناوچەکانی نێوان شائاوا و ماکۆی دا و کۆنترۆڵیکرد، سەربەخۆیی و جیابونەوەی لە تاران

---

[٦١] کەریمی حیسامی، کۆماری دیموکراتی کوردستان یان خود موختاری ،چاپی دووەم، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید-١٩٨٥،ل٨٧-٨٨.

[٦٢] ویلیام ایغلتن الابن، م.س ، ص٤٦.

[٦٣] عومەرخانی شەریفی سەرۆکی عەشیرەتی (شکاك) بوو لە گوندی زەندەشتی ناحیەی شاپور سەر بە شاری ماکۆ لەدایك بووەو ژیاوە، لە سەردەمی رەزا شا بە تاوانی بەشداریکردن لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە ئێران و تورکیا کە پارتی (خۆیبوون) رێکی خستبوو، لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە خراوەتە زیندانەوەو چەندین ساڵ لە گرتووخانەکانی ئێران ژیانی بردۆتە سەر، دوای ئازاد بوونیشی دەستیکردووە بە چالاکی و جموجوڵی چەکدارانە بووە بە ئەندامی کۆمەڵەی (ژ.ك) بە یەکێك لە دەسپێشخەرانی دامەزراندیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دادەنرێت . بۆ زانیاری زیاتر بروانە :
د.ئەفراسیاو هەورامی، پەیوەندییەکانی کوردستان و ئازەربایجان وهەرەسهێنانی هەردوو لا لە ساڵی ١٩٤٦دا ، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی - ٢٠٠٨،ل٤٣.

[٦٤] موجتەبا بورزوویی، بارودۆخی سیاسی کوردستان (١٨٨٠-١٩٤٦) وەرگێرانی لە فارسیەوە: نازناز محەمەد عەبدلقادر، یوسف خدرچووپان، سۆران عەلیپور، کوردستان، هەولێر- ٢٠٠٥ ، ل٣٤٩ .

ڕاگەیاند، عەشیرەتە کوردیەکانی تری وەك (جەلالی، میلان، زیلان ) لە دەوری کۆبوونەوە. ئالآی سەربەخۆیی بەرز کردەوە[٦٥] .

لە ڕۆژی ١٩٤٢/٤/٢٨ هۆزە کوردەکان گەمارۆی ورمیٚ و دەوروبەریان دا و هێڵەکانی تەلەفونیان پەکخست و بەرەو شارەکە پێشڕەوییانکرد، دەستەی کارگێڕیی ئازەری و هێزەکانی حکومەت و ئاسایش، تەنانەت حاکمی شارەکەش بۆ تەورێز هەڵهاتن، شارەکە کەوتە دەست کوردە ڕاپەڕیووەکان[٦٦]. شوڕشگێڕانی کورد ڕۆژانە پەلاماری بنکە و بارەگاکانی پۆلیس و ئاسایشیان دەدا، بەلآم حکومەت هێزی ئەوەی نەبوو ڕووبەڕوویان بێتەوە[٦٧]، کاتیٚ هەواڵی ئازادکردنی ورمیٚ لەلایەن هۆزە کوردەکان و هەڵهاتنی بەرپرسان و دەسەلآتدارانی ئێران لە شارەکەدا بلآبوەوە نوێنەری سۆڤێت لە تاران وتی : "حاکمی ورمیٚ دەستی لە کارکێشاوەتەوە، وازی لەپۆستەکەی هێناوەو شارەکەی بە جێهێشتووە"، بۆیە هەردوو حکومەتی ئێران و تورکیا ئۆباڵی دۆخەکەیان خستە ئەستۆی سۆڤێت، بە بەرپرس و هاندەری ڕاستەقینەی دۆخەکەیان دانا[٦٨]، بە گشتی سیاسەتی سۆڤێت بریتی بوو لە پاراستنی ئاشتی کومەلآیەتی و کەمکردنەوەی قەیرانەکان و باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرۆك عەشیرەتەکان. سۆڤێت بۆ ڕاگرتنی بالآنس و هاوسەنگی لە فشاری حکومەتی ناوەندیی بەو شێوەیەی، خوازیاری گەڕانەوەی لەشکر و پەلامار و سەرکوتکردنی عەشیرەتەکانی ناوچەکە بوون ڕێگربوون، ئەمریکا و تورکیا و عێراقیش پشتیوانیان بوون، کە ئەمە نەك نەبوو بە چارەسەری قەیران و کێشەکان، بەڵکو بووە مایەی خولقاندنی نائارامی و ئاژاوە لەو دۆخە ناسکەدا [٦٩].

سەرکونسوڵی سۆڤێت لە تەورێز (کۆلاژینکۆڤو) و سەرتیپ (سلیوانۆڤی) جێگری فەرماندەی سوپای ١٥ی سوارە، بڕیاریاندا لە نێوان نوێنەرانی ئێران و کوردەکان نێوەندگیری بکەن . لە ڕۆژانی ٣٠ی نیسانی تا ٢ی ئایار وتووێژ و دانوسان لە نێوان شاندی ئێرانی بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ جەلیلی پشکنەری پۆلیس و شاندی کوردی، کە لە ١٢کەس پێکهاتبوون، ناودارترینیان نوری بەگی هەرکی و کامیل بەگی هەرکی بوون، لەو دانیشتنەدا، کە لە گوندی (عەسکەرئاوای) نزیك شاری خۆی لە نێوان هەردوولادا

---

[٦٥] د.ك.و، الوحدة الوثائقية ، ملفات البلاط الملكي ، الملف٤٩٩٨، الوثيقة رقم ١٩، ص٤٩، كتاب وزارة الخارجية العراقية الى رئاسة الد يوان الملكى بتاريخ ١٩٤٢/١٠/٢٤.

[٦٦] کریس کۆچیرا ، مێژووی کورد لە سەدەی ١٩–٢٠دا ، وەرگێڕانی محمد ڕەیانی ،چاپی دووەم ، تهران– ١٣٦٩،ل٢٥٧.

[٦٧] على دهقان ، سرزەمين زەرد شت، اوضاع طبيعى ، سياسى، اقتصادى، فرهنگى ، اجتماعى ، تاريخى رضائية، چاپ اول ايران–١٣٤٨، ص٦٦٩.

[٦٨] د.وليد حمدى ، الكرد و الكردستان فى الوپائق البريطانية. دراسة الوثائقية، لندن – ١٩٩١، ص٤٠٨.

[٦٩] برهان الدين ابابكر ياسين، م.س، ص ص٧٣–٧٥ .

پێکهات[٧٠]، سەرانی کورد وەك مەرجی پێیشوەختە بۆ گەڕانەوەی ئاشتی و ئاسایش بۆ ناوچەکە داوایانکردبوو کە:

١- پۆستی ژاندارم (ئاسایش) و پۆلیس لە ناوچە کوردنشینەکانی نێوان خۆی و مەهابادا نەمێنێت .

٢- کورد مۆڵەتی چەکهەلگرتنی هەبێت .

٣- ئەو (١٢٠٠) تفەنگەی دەستی بەسەرداگیراوە بەسەر گوندنشینەکانی مەڵبەندی ورمێدا دابەشکرێت.

٤- کورد لە هەموو دامودەزگا دەوڵەتیەکانی ورمێدا نۆێنەری هەبێت .

٥- کورد لە کاروباری نەتەوەیی خۆیاندا ئازادبن، حکومەتی ئێران قوتابخانەیان بۆ بکاتەوەولە کوردستان خوێندن بە زمانی کوردی بێت.

٦- ئەو زەوییانەی داگیرکراون بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانیان بگەڕێنرێنەوە.

٧- ئازادکردنی کوردە بەندکراوەکان، کە ژمارەیان ٢٠ کەس بوون[٧١].

نوێنەرانی سۆڤێت بە کوردیان ڕاگەیاندبوو بەشێك لەو داخوازیانە جێبەجێکردنیان لە دەسەلاتی کار بەدەستانی خۆجێیدا نییە، بەڵێنیان پێدان لە ڕێگای باڵوێزی سۆڤێتەوە داواکاریەکانیان دەگەیەننە دەسەلاتدارانی بالای ئێران، سەرهەنگ جەلیلی پێشنیازی جێبەجێکردنی ئەم داخوازیانەی پێدان وەك :

١- دەسەلاتدارانی ئێران کورد چەك نەکەن .

٢- بنکە و بارەگاکانی پۆلیس و ئاسایش لەسەر ڕێگاکان هەلگیرێن .

٣- کورد دەتوانن ئازادانە بەبێ چەك هاتووچۆ بکەن .

٤- مافە تایبەتیەکانی کورد لە بەرچاو بگیرێت و هیچ چەشنە هەنگاوێك دژ بە بەشدارانی ڕاپەڕین هەڵنەگیرێت[٧٢]. بەگشتی هۆکاری ڕووداوەکانی، ورمێ ڕەفتار وهەڵسوکەوتی نابەرپرسانەی کاربەدەستانی

---

[٧٠] د.ئەراسیاو هەورامی، س.پ، ل٤٨ .

[٧١] نەوشیروان مستەفا ئەمین ،حکومەتی کوردستان، ل٥٦-٥٧.

[٧٢] د.ئەفراسیاو هەورامی، ڕۆژهەلاتی کوردستان لەسەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا (بەپێی بەلگەنامەکانی یەکێتی سۆڤێت) ، پێداچوونەوەو ئامادەکردنی سدیق سالح ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی- ٢٠٠٦،ل٤٩ .

خۆجێیبوون، کە بە فەرمانی دەوڵەتی ئێران، تاکو سوپای ئێران بگەڕێننەوە بۆ ناوچەکە و بڵێن هێزەکانی ئێرە بەش ناکات ئەنجامدراون(٧٣) .

بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە سۆڤێت بە فەرمی داوای لە کورد کرد لە ورمێ و ناوچەکانی دەوروبەری بکشێنەوە، لە ئەگەری پابەندنەبوونیشیان سۆڤێت هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی دژی عەشیرەتە کوردەکان ڕاگەیاند، بەمەش سەرکردەڕاپەڕیوەکان بەهۆی پێداگرییەکانی سۆڤێت و ئاڵۆزی هەلومەرجەکە، بەرامبەر هەندێك داواکاری ساکار و سەرەتایی وەك مافی هەڵگرتنی چەك لەلایەن کوردەکانەوە لە ناو شاری ورمێ بریاری کشانەوەیاندا(٧٤).

سەرۆك وەزیرانی ئێران عەلی سوهەیلی لەسەر داوا و پێشنیاری (حسین ئەفشار) ی نوێنەری ورمێ لە مەجلیسی شورای میللی،  کە داوای پاراستنی ماڵ و گیانی خەڵکی ورمێی کردبوو، سەرلەشکر (ئامانوڵلا جیهانبانی) وەزیری جەنگی بۆ ورمێ نارد، تا لێکۆڵینەوە لە هۆکاری نائارامی و بارودۆخی ورمێ، گرتنەبەری ڕێکاری پێویست و گفتوگۆ لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤێت بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەوان بۆ گەڕانەوەی سوپای ئێران بۆ ناوچەکە  بکات(٧٥). دوای چەند ڕۆژێك لە گەیشتنی بەرپرسانی ئێران بۆ تەورێز،  هەنگاوەکانی گەڕانەوەی دەسەلآتی ناوەندیی بۆ ورمێ  بە شێوەیەکی کرداریی دەستیپێکرد، وەك دامەزراندنی بیست و یەك بنکەی پۆلیس لە نێوان شارەکانی ورمێ و خۆی، لەهەر یەکێك لەم بنکانەدا بیست سەربازی سۆڤێتی و ( ٣- ٤ ) پۆلیسی ئێرانی جێگیرکران، هەروەها  لە (٢٥ /١٩٤٢/٥)،٢٠٠٠ سەربازی ئێرانی لە ورمێ جێگیرکران(٧٦)، هاتنەوەی سوپا بۆ ناچەکە و دامەزراندنی بنکە و بارەگاکانیان، هەرگیز نەیتوانی ئاسایش و ئارامی بۆ ناوچەکە مسۆگەر بکات، پێکدادانی چەکدارانی عەشیرەتە کوردەکانی هەرکی و شکاك لەگەڵ هێزەکانی سوپا و پۆلیس بەردەوامبوو تا سەرماوەرزی ١٣٢٤ (تشرینی دووەمی ١٩٤٥) ورمێ بە تەواوی کەوتە دەست هێزەکانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و کۆتایی بە دەسەلآتی  حکومەتی تاران لە ناوچەکەدا هات(٧٧) .

---

(٧٣) د.ئەفراسیاو هەورامی ، س.پ، ل٥١-٥٢.

(٧٤) د.عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزافی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی: جەمال بابان زادە، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم ، سلێمانی - ٢٠١٠، ل٣٣٠- ٣٣١ .

(٧٥) احمد زنگنه ،خاطراتی از مأموریت های من در آذربایجان ( از شهریورماه تا دی ماه ١٣٢٥)، انتیشارات شرق ،تهران ، بي تا، بي جا ، ص٣٥-٣٦ .

(٧٦)یاسین سەردەشتی ،س.پ، ل٨٩.

(٧٧) کوردستان (ڕۆژنامە) ، ژمارە ١،ساڵی یەکەم ،١٣٢٤/١٢/١١ه .

جگە لە ڕاپەڕینەکانی ورمێ و بانە، ڕاپەڕین لە چەندین ناوچەی تریش دژی دەسەلاّتی تاران بەرپا بوو، لەوانە ڕاپەڕینی ناوچەکانی کرماشان، کە تەنها بیست میل لە هێزەکانی بەریتانیاوە دووربوون خەڵکی ئەم ناوچەیە ڕازی نەبوون چەکەکانیان ڕادەستی حکومەتی ئێران بکەن، پەلاماری سەربازگەکانی ڕژێمی ئێرانیان دەدا بەتایبەتی لە شەواندا، زیانی گیانی و ماڵی زۆریان لێدەدان و هەڵدەهاتن(٧٨).

سەبارەت بە ناوچەی شنۆ، کە بەشێك بوو لە ناوچە داگیرکراوەکانی ژێر دەسەلاّتی سۆڤێت هەمان بارودۆخی ناوچەکانی تری هەبوو لەگەڵ هەندێك تایبەتمەندی جیاواز، لەم ناوچەیەدا توێژێکی نیمچە ڕۆشنبیر هەبوون لەلایەکەوە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ناوچەکانی مەهاباد، لەلایەکی ترەوە پێشکەوتن و ڕاپەڕینە چەکدارییەکانی ناوچەکانی ئازەربایجان کاریگەریی گەورەی لەسەریان هەبوو(٧٩)، بەمەش ناوچەکە بە تەواوی لە تاران دابڕابوو. شنۆ ناوچەیەکی بەرفراوان بوو لە باکورەوە تا ورمێ درێژ دەبویەوە، لە باشورەوە تا موکریان، لە ڕۆژهەلاّتیەوە کەنارەکانی دەریاچەی ورمێ هەبوون، لە ڕۆژئاواشەوە دەگەشتەوە بە سنورەکانی عێراق(٨٠). عەشیرەتەکانی (مامش، هەرکی، قەرەپاپاغ) ی تورکمانی لە دیارترین ئێلەکانی ناوچەکەبوون، شاری شنۆ ناوەند و پایتەختی ناوچەکە بوو، هەردوو سەرکردەی دیاری ناوچەکە (قەرەنی ئاغا) ی سەرۆك عەشیرەتی مامش، (قولیخان) ی سەرۆك عەشیرەتی قەرەپاپاغ توانیان بە هاوکاری یەکتر بەڕێوەبەرایەتیەکی سەربەخۆ لە ناوچەکانی شنۆ و دەوروبەری دابمەزرێنن(٨١).

لە سۆنگەی بەرپرسیارێتی هاوبەشەوە، بڕیاردرا سەرجەم فەرمانبەران و کارمەندانی دەستەی کارگێڕی لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە هەڵبژێرێن، هەروەها هەنگاوی گرنگ بۆ چاکسازی کۆمەلاّیەتی و ڕۆشنبیری بەپشت بەستن بەداهاتە ناوخۆیەکان نرا، بەم چەشنە بارودۆخی ناوچەکە بوو بە مایەی سەرەنجی بیانیەکان، یەکێك لەوانە (فلجیفسکی) بوو، کە سەردانی ناوچەی شنۆی کردووەو لە نزیکەوە

---

(٧٨) د.ولید حمدی، س.پ، ل٤٠٤.

(٧٩) د.طاهرخلف البكاء،س.پ،ل١١٥.

(٨٠) موکریان ناوچەیەکی بەرزایی و تەختە لە باکورەوە بە شاری شنۆ و دەریاچەی ورمێ دەورە دراوە، لە باشوریەوە شاری سنەیە، لە ڕۆژهەلاّتیەوە شاری تکاب هەیە، لە ڕۆژئاواشیەوە کوردستانی عێراق هەیە، شاری مەهاباد پایتەختی موکریانە ناوچەکە جگە لە مەهاباد چەندین شاری تریش لەخۆ دەگرێت وەك :(شنۆ ،نەغەدە ،خانە(پیرانشەهر) ، بۆکان، میاندواو، سەردەشت، بان، سەقز)، چەندین ئێل و خێڵی جیاواز لەم ناوچەیە دەژین وەك : عەشیرەتەکانی (مەنگوڕ، مامش، گەورەك، دیبۆکری، بەگزادە، پیران ) . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

ابراهیم افخمی، تاریخ فرهنگ وادب مکریان (بوکان) ،جلد اول ، بی جا ، بی تا ، ص ص ٦٩٢–٦٩٨.

(٨١) ئۆلگە ئیڤانۆڤنە ژیگالینە ،س.پ،ل٤٠.

گۆڕانکاریی و پێشکەوتنەکانی دیوەو سەبارەت بە ناوچەکە وتویەتی : " لە ناوچەی شنۆ زیاتر لەهەموو ناوچەکانی تر هەست بەپرسی دیموکراتی لەئاڕاستەکردنی بزوتنەوەی نەتەوایەتیدا دەکرێت" [٨٢].

سەبارەت بە ناوچەکانی هەورامان و مەریوان، لە ڕۆژی ٢٨ی شوباتی ١٩٤٥ دا (حەسەن ئەرفەع) ی سەرۆکی دەستەی هێزە چەکدارەکانی ئێران بڕیاری چەکداماڵینی هۆزە کوردەکانی ئەم دوو ناوچەیەی دەرکرد، ئەرکی جێبەجێکردنیشی بە سەرتیپ ئەفشاری سەرۆکی لەشکری ٤ی کوردستان سپارد[٨٣]. لە ١٩٤٥/٦/٢٣سوپای ئێران بەرەو هەورامان بۆ چەکداماڵینی عەشیرەتە کوردیەکانی ناوچەکە پێشڕەوییانکرد، سەرەڕایی بەرگرییەکی بەهێزی کوڕانی ئەو عەشیرەتانە، حکومەتی ئێران توانی لە تەموزی ١٩٤٥ بەشێکی زۆری بەرزاییەکانی هەورامان لەچنگیان دەربینێ، سوپای ئێران بەردەوامبوون لەئۆپراسیۆنەکەیان، تاکو گەیشتنە ناوچەچیاکانی سنوری نێوان ئێران و عێراق. لەکاتی شەڕی سوپای ئێران و عەشیرەتەکانی هەوراماندا ناوچەی مەریوانیش ڕاپەڕین، عەشیرەتەکانی لەژێر سەرکردایەتی مەحمودخانی کانی سانان، کە پلەی سەرهەنگی دووەمی ئیفتیخاری ژاندارمەری هەبووە لە (١٩٤٥/٧/١٨) دا لە پشتەوە پەلاماری بارەگای هێزی پیادەی سەربەخۆی مەریوانیدا، بەڵام لەبەر بەرگری زۆری هێزە پیادەکە کە دوو کوژراو و دوانزدە بریندارییان دا، نەیانتوانی ئامانجەکانیان بەدەستبێنن [٨٤]. دوایی ئەنجامدانی کوشتن و بڕین و تاڵانکردنی ناوچە ڕاپەڕیوەکان، ئەفشار ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندی زۆربەی ڕۆژنامەکانی ئەو دەمەی ئێران بووەوە[٨٥]، لەژێر فشاری زۆردا فەرماندەی گشتی هێزەچەکدارەکانی ئێران ناچاربوو سەرتیپ ئەفشار لابدات و لەبری ئەو (ئامانوڵا جەهانبانی) کرد بە فەرماندەی لەشکری ٤ی کوردستان، ئامانج لەم کارە دووبارە کۆنترۆڵکردنەوەی بارودۆخەکە بوو لەلایەن ستادی ئەرتەشەوە، کە دوای خۆڕێکخستنەوەییان توانیان پەلاماری ناوچەکانی هەورامان و مەریوان بدەن و لە کەمترین ماوەدا زۆربەی ئەو گوندانەیان خستە ژێردەسەڵاتی خۆیانەوە، کە پشتیوانی مەحمودخان بوون، مەحمودخان و هاوکارەکانیشی ئاودیوی سنوری عێراق بوون، بۆ ڕێگری لە هەر پێشهاتێکیش سوپای ئێران هێزی پاراستنی سنوری ئێران– عێراقی دامەزراند، بەمەش ڕێگرییەکانی سوپای ئێران بۆ گەڕانەوەی چەکدارە کوردەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان ئامانجەکانی هێنایەدی و (جەهانبان) یش بە سەرکەوتوویی گەڕایەوە بۆ

---

[٨٢] د.فەوزییە سابیر محەمەد ، "کێشەی نەتەوەیی لە ئێران ١٩٤١–١٩٤٦: لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە"، سەنتەری برایەتی (گۆفار) ، ژمارە ١٥، هەولێر ، بەهاری ٢٠٠٠، ل٣٩ ؛ عباس حسين الجبارى، الاكراد الايران ١٩١٤– ١٩٤٦، رسالة ماجستير غير منشورة قدمت الى مجلس قسم التاريخ ، كلية الاداب، جامعة ذيقار ، ٢٠١٣.

[٨٣] کوهستان ، شماره ١١ ، سال اول ، تهران ، ١٧ ارد يبهشت ١٣٢٤ش.

[٨٤] کوهستان، شماره ٢٣، ٨ مرداد ١٣٢٤ .

[٨٥] کوهستان ، شماره ٣١ ، ٣٠ مهر– ١٣٢٤ش .

تاران[٨٦]. بەم جۆرە سوپای ئێران دوای زەرەر و زیانێکی گەورەی ماڵی و گیانی ئۆپراسیۆنی چەککردنی عەشیرەتە کوردەکانی هەورامان و مەریوان لەلایەلەشکری ٤ی کوردستانەوە کۆتایهات، هێزە ئێرانیەکانی گاشێخان ودزلّیش یەکیانگرتەوە بۆ بەهێزکردنی سەربازگەکانی سەقز و سەردەشت بەرێکەوتن [٨٧]

ڕاپەرینی کوردەکانی هەورامان و مەریوان بەشێکە لە بزوتنەوەی نەتەوەیی و دیموکراسی، کە دژی دەسەڵاتە خۆسەپێن و زۆردارەکەی ئێران بوو، هەرچەندە ڕاپەرینەکە لە پانتاییەکی تەسکی ناوچەگەری دابوو، بەڵام بازنەی بەشداریکردنی خەڵکی تێدا فراوانبوو، بەشێکی زۆری چین و توێژە جیاوازەکانی لەخۆ گرتبوو. لە سۆنگەی ڕابەرایتیە عەشیرەتگەرایەکەیەوە نەیتوانی بەربەستی تەسکی ناوچەیی تێپەڕێنێت و ستراتیژ و پەیڕەوێکی گشتگیری نەبوو، تا بتوانێت خاوەندارێتی لە خەباتی یەکپارچەی و سەرتاسەری کوردستان بکات، بۆ بەگژداچوونی کۆنەپەرستی ناوخۆ و داگیرکەرانی بیانی و دەرەکی[٨٨] .

---

[٨٦] د.ك.و، الوحدة الوثائقية ، ملفات البلاط الملكي ،الملف ٣١١/٤٩٥٣،الوثيقة رقم ١٩٠،ص٣٤٨ ،كتاب المفوضية الملكية فى طهران ،بتاريخ ١٩٤٥/١١/١٠ .

١٤٢د.یاسین سەردەشتی ، س.پ ، ل١١٠.

[٨٨] ئۆلگا ئیڤانۆڤنە ژیگالینا، باری سیاسی کوردستانی ئێران لە ساڵانی ١٩٤٢–١٩٤٥ ، وەرگێڕانی: کامەران قادر شۆرش ، (روناکبیری) گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی یە ، ژمارە ٤ ، ستۆکهۆڵم – مارتی ١٩٩٢ ، ل١١٠ .

## بەشی یەکەم/ پەرەسەندنی کاری ڕێکخراوەیی و دامەزراندنی کۆمەڵە و پارتە سیاسیەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وئازەربایجان لەسالآنی جەنگی دووەمی جیهانیدا .

### باسی یەکەم : دامەزراندنی کۆمەڵە و پارتە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

#### ١– دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان وپەیڕەو وپرۆگرام و کارەکانی .

دیاردەی دامەزراندنی ڕێکخراو و کۆمەڵە و پارتی سیاسی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان تا ماوەیەکی درەنگ دواکەتووە، تەنانەت دوایی سەرهەڵدانیشی لە ئاستێکی نزم و لاوازدا بووەو توانای بەجێهێنانی ئەرکە سەرەکیەکانی خۆی نەبووە، کەخۆی لە کۆکردنەوەو ڕێکخستنی خەڵك بۆ داکۆکیکردن لە ئامانجە سیاسی و کۆمەلآیەتیەکان دەبینیەوە، بۆیە نەیتوانیوە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەلآیەتی و ڕۆشنبیرییەکانی ناوچەکە هەبێت، هۆکاری ئەمەش بە پلەی یەکەم بۆ لاوازی و ناکامڵی ڕەگو ڕیشە و ڕایەڵەی ژێرخانی کۆمەلآیەتی و کاری ڕێکخراوەیی، دواکەوتوویی بواری کۆمەلآیەتی و ئابوری و فەرهەنگی و لاوازی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی دەگەڕێتەوە،لەلایەکی ترەوە بۆ نەبوونی توێژێکی بەهێز لە ڕۆشنبیران و چینی مامناوەند و شۆڕشگێڕانی شار (بۆرژواو، وردە بۆرژوای کرێکاران و زەحمەتکێشان) بەرامبەر پەیوەندییە زاڵەکانی کۆمەڵگا وەك باوکسالاری و بالآدەستی بیروباوەڕی ئاینی و خێلایەتی و دەرەبەگایەتی دەگەڕیتەوە، کە تەنها دەرفەتی بە عەشیرەت و عەشیرەتگەرای دابوو، وەك کۆمەڵەیەکی ڕێکنەخراو بەشداریی بزوتنەوەو ڕاپەڕینە ناوچەییەکان بکەن، بە بێئەوەی بتوانن لە بەرەیەکی هاوبەشدا کۆببنەوەو خەباتی نیشتمانی بۆ ڕزگاریی و سەربەخۆیی کوردستان بکەن [٨٩].

عەزیز شەمزینی سەرەتای دەستپێکردنی کاری ڕێکخراوی سیاسی هاوچەرخ بۆ بەشداریی کاریگەرانەی کورد لە شۆڕشی مەشروتەخوازی ئێران ( ١٩٠٥–١٩١١) دەگەڕێنێتەوە. کە لە زۆربەی شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات وەك کرماشان و مەهاباد و سەقز....هتد ئەنجومەنی شۆڕشگێڕانە پێکهێنرا، ئەو ئەنجومەنانە زۆرباش دەستکەوتە دیموکراتیەکانی شۆڕشیان پاراست، ئەمەش یەکەمین بەشداری ڕاستەقینەی جەماوەر بوو لە بەڕێوەبردنی شارەکانیان[٩٠] .

---

[٨٩] د.یاسین سەردەشتی ، س.پ، ل١١١.

[٩٠] د.عەزیز شەمزینی ، جولآنەوەی ڕزگاریی نیشتمانی کوردستان، وەرگێڕانی: فەرید ئەسەسەرد، چاپی سێیەم، سلێمانی–١٩٩٨، ل٩١

بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم کۆمەڵەی (جیهاندانی) بە دەسپێشخەری عەبدولڕەزاق بەدرخان و بە هاوکاری سمکۆخانی شکاك و هەندێك لە گەورەپیاوانی تری کورد لە ناوچەکانی خۆی، ماکۆ دامەزرا. سنوری چالاکیەکانی هەر لەو ناچەیەدا مایەوەو زوو لە ناو چوو بە بێئەوەی هیچ شوێنەوارێکی سیاسی و کۆمەلأیەتی و ڕۆشنبیری لە کوردستانی ڕۆژهەلأتی بەجێبهێڵێت[٩١].

هەر لە کوردستانی ڕۆژهەلأت بەر لە جەنگ و لە سالأنی جەنگی جیهانی یەکەمدا کۆمەڵەی (ئیستیخلأسی کوردستان) لە پێناو یەکگرتنی کورد و سەربەخۆیی کوردستان دەستیان بە خەباتکرد، بەلأم بەهۆی قەتیسبوونی چالاکیەکانی کۆمەڵە لە ناو توێژێکی بچووك لە ڕۆشنبیران و نیشتمانپەروەراندا نەیتوانی کار لە ڕەوتی ڕووداوەکان بکات، هۆکاری ئەمەش بۆ بارودۆخ و ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵگای کوردەواریی و هەلومەرجە نائاسایی و ناسروشتیەکان دەگەڕێتەوە، کە تا ئەو ڕۆژگارە بواری کاری گەورەتریان نەدەدا، بۆیە پەرەسەندن و تەنینەوەو فراوانبوونی چالاکیەکانی کۆمەڵە کارێکی ئاستەم و سەخت بوو[٩٢].

بە درێژایی ماوەی حوکمڕانی دیکتاتۆری ڕەزاشا جگە لە ڕێکخراوێکی بچووك نەبێت کە لە ساڵی ١٩٢٧ لە شاری مەهاباد هیچ هەوڵێکی تر لەو بوارەدا بەدی ناکرێت. ڕێکخراوە کوردیەکەی مەهاباد، کە بەناوی (کۆمەڵەی خێرخوازی کورد) دامەزرا بوو لقی لە زۆربەی شارەکانی کورستان کردبووەوە، وەك: شارەکانی (ورمیٚ، سنە، سەقز، بانە)[٩٣]، کەریمی حیسامی سەبارەت بەم کۆمەڵەیە نوسیویەتی: "کۆمەڵەیەکی بچووکی سیاسی بووە لەگەڵ (ئارارات) و (خۆیبوون) پەیوەندی هەبووەو لەگەڵ کوردستانی عێراقیش جارجار پەیوەندی ڕادەگرت، ئەوانەی لە بەڕێوەبەرایەتی ئەم کۆمەڵە بچووکەدا ناسراوبوون، بریتی بوون لە قازی محمدی شەهید، شێخ محمدی سیربلادا، قازی کاکەحەمەی بۆکان، مەلا محەمەد سادقی قزڵجی، مەلا ئەحمەدی فەوزی"[٩٤]. لەو قۆناغەدا ژمارەیەك لە ڕۆشنبیران و کاسبکارانی شاری مەهاباد بە سەرۆکایەتی (عەزیز زەند) ڕێکخراوێکی سیاسیان بە ناوی (حزبی ئازادیخوازی کورد) ی پێکەوەنا و ژمارەیەکی زۆری لە ڕووناکبیر و شێخ و ئاغاکانی ناوچەی موکریانی بۆ لای ئەم ڕێکخراوە سیاسیە نوێیە ڕاکێشا، پێگەیەکی بەهێزیش لە ناو ئەرمەنیەکانی ئازەربایجان هەبوو. لە ئەندامە

---

[٩١] علاء الدین سجادی ، شۆڕشەکانی کورد کورد وکۆماری عێراق ، چاپخانەی دارالمعارف ، بەغداد ، ١٩٥٩، ل٢٧٦ .

[٩٢] د.کەمال مەزهەر ئەحمەد ، کوردستان لەساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی دا، بەغداد – ١٩٧٥،ل٣٦.

[٩٣] عبدلفتاح علی بوتانی، من وثائق الحركة القومية الكوردية التحررية ، متین (مجلة)، العدد ٩٤، دهوك ، تشرين الثاني ١٩٩٩، ص٩٨-٩٩.

[٩٤] کەریمی حیسامی ، کاروانێك لە شەهیدانی کوردستانی ئێران ، چاپی یەکەم ، ب.ج ،١٩٧١،ل١٠-١١.

دیارەکانی ئەم ڕێکخراوە (هەژار موکریانی، عەبدولڕەحمان زەبیحی، شێخ محەمەدی خانەقا و خەلیفە مەلاعەلی زەنیلی)[٩٥]. ئەم ڕێکخراوە، تا مانگی ئەیلولی ١٩٤١ و داگیرکردنی ئێران لەلایەن ئەنگلۆ – سۆڤێتەوە هەر مابوو[٩٦]. لە ساڵی (١٩٤٢) دا کونسولخانەی بەریتانیا لە تاران هەندێك زانیاری لە کونسوڵی تورکیاوە لە ورمێ دەربارەی دامەزراندنی حیزبێك لەلایەن کورد و ئەرمەن و ئاسوورییەکانەوە بەدەستگەیشتبوو، ئەم حیزبە یاداشتێکی نارەزایی ئاڕاستەی حکومەتی ناوەندیی کردوو، داوای لە کاربەدەستانی ئێران کردووە شاری ورمێ چۆڵ بکەن و داموودەزگا سەرکوتکەرەکانیان لە شارەکە بەرنە دەرەوە. دووریش نییە ئەو داواکاریانەی لەلایەن سەرۆکە کوردەکانی ورمێیەوە لە کاتی دانوسان و گفتوگۆکانیان لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی ئێران لە (عسکرئاوا) خرانەڕوو لەلایەن حیزبی ئازادیخوازی کوردستانەوە فۆرمەلە نەکرابن[٩٧]. ئەم ڕیکخراوە بەپێی بارودۆخی ئەو سەردەمە و بزوتنەوەی کوردایەتی، بوو بە هەنگاوێك بۆ بەرەوپێشچوون لە ژیانی ڕێکخراوەیی سیاسیدا، جوڵێنەر و ڕووناکی ڕێگەی گۆڕانەکانی ئایندە بوو، ئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوە بوون، دواتر ڕۆڵی گەورەو گرنگیان لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ( ژ.ك ) دا بینی[٩٨].

دوای دەستبەسەرا گرتنی خاکی ئێران لە ساڵی ١٩٤١ لەلایەن یەکێتی سۆڤێت و بەریتانیاوە، لەلایەکەوە سنورێکی بۆ دەسەڵاتی ڕەزاشا دانا[٩٩]، لەلایەکی ترەوە ئاهێکی هێنایەوە بە بەر ئێران بەگشتی و جوڵانەوە کوردییەکانی کوردستان بەتایبەتی، لە زۆربەی ناوچەکان بەڕێوەبەرایەتی خۆجێی دروستبوو لە مەهابادیش کۆمەڵەیەکی سیاسی نەتەوەیی بە ناوی کۆمەڵەی ( ژ.ك ) دروستبوو [١٠٠]. سەبارەت بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ و تەنانەت ناوی کۆمەڵەی (ژ.ك)، بیرو بۆچونی جیاواز و ناکۆك لەنێوان مێژوونوس و نوسەرانی ڕووداوەکانی ئەو دەمەی کوردستان هەیە. هەندێك لەوان وەك جەلال تالەبانی و د.یاسین سەردەشتی ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ بەرامبەر ١٩٤٢/٨/١٦ بە مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵەی

---

[٩٥] حوسێنی مەدەنی ،س.پ،ل١٩٤.

[٩٦] احمد شریفی، شورشهای کردان مکری دوران سلطنت دو دمان پهلوی ، چاپ اول ، تبریز، ١٣٥٧ش، ص١١ ؛ عبدلستار تاهیر شریف، کۆمەڵە و ڕیکخراو حیزبەکان لە کوردستانی ئیران لە نیوسەدەدا، ڕۆشنبیری نوێ (گۆڤار)، ژمارە ١٢٢، حوزەیرانی ١٩٨٩، ل٣١.

[٩٧] د.یاسین سەردەشتی ،س.پ،ل ل٨٧–١١٧ .

[٩٨] هێمن ، تاریك و ڕوون ، گوڵبژێرێك لە شیعرەکانی هێمن ،١٩٧٢، ل٢٠ .

[٩٩] د.کمال مظر احمد، س.پ ، ل١٠٣ .

[١٠٠] د.عبدالستار طاهر شریف ، الجمعیات والمنظمات والاحزاب الکردیة فی نصف قرن ١٩٠٨–١٩٥٨، الطبعة الاولى ، بغداد – ١٩٨٩، ص٢١٥.

(ژ.ك) [١٠١]، غەنی بلورییان و ڕەحیمی قازی ساڵی ١٩٣٨[١٠٢]، ڕۆزفلت ساڵی ١٩٤٣، منذر الموصلی و ولیام ئیگڵتن بەرواری ١٦ی ئەیلولی ١٩٤٢، بەمێژووی دامەزراندنی کۆمەڵە دادەنێن[١٠٣].

بەم چەشنە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، کە زۆرجار تەنها بە کۆمەڵە ناودەبرێت، لەلایەن ژمارەیەك کاسبکار و ڕۆشنبیری شاری مەهابادەوە، وەك ڕێکخراوێکی سیاسی و نەتەوەیی دامەزرێنرا، کۆدەنگی سەبارەت بە ناو و ژمارەی دەستەی دامەزرێنەران لە سەرچاوە مێژووییەکاندا نییە، بەلاَم بەگشتی ناوی گروپێکی ١٢ کەسی وەك دامەزرێنەرە سەرەکیەکانی کۆمەڵە لە زۆربەی سەرچاوەکاندا باسی لێوەکراوە، کە ئەمانەن: (حوسێن فروهەر– کارمەند، عەبدولڕەحمان زەبیحی– کارمەند، قادرمودەڕیس– کارمەند، عەبدولڕەحمان ئیمامی — کارمەند، نەجمەدینی تەوحیدی — کارمەند، محەمەدی نانەوازادە، عەلی مەحمودی– مامۆستا ، مەحمەد ئەسحابی مامۆستا، عەبدولڕەحمانی کەیانی– دوکاندار، سدیقی حەیدەری– کارمەند، قاسمی قادری– مامۆستا، مەلا عەبدوڵلاَ داودی ناسراو بە مەلاحەجۆکی بازرگان و ڕوناکبیر ) .[١٠٤]هاوکات سەید محەمەدی سەمەدی ناوی هەندێك کەسی تر دەبات لەوانە: (ڕەحمان عەلەوی، محەمەد ئەمین شەریفی، عەزیز زەند،محەمەدی یاهو، میرحاج لە کوردستانی عێراق)[١٠٥].

سەبارەت بە ئامانجەکانی کۆمەڵەی ( ژ.ك)، وەك ڕێکخراوێکی نهێنی پرۆگرامێکی جێگیر و چەسپاو و نوسراوی لەبەر دەستدا نییە ئاماژە بە ئامانجەکانی بکات، بۆ تێگەیشتن لە بیر و دیدی کۆمەڵە دەبێت لەو یاداشتانەی، کە بۆ حکومەتی ئێرانی ناردووە، یان وتارەکانیان، کە لە گۆڤاری (نیشتمان)ی بلاَوکراوەی بیری کۆمەڵە و زمانحاڵیان بلاَوکراوەتەوە، یان لەو نامە تایبەتیانەی، بۆ مەلا مستەفای بەرزانییان نوسیووە، لە لێکۆڵینەوە لەوانەی ئاماژەی پێکراوە، دەتوانین بڵێین ئامانجی سەرەکی

---

[١٠١] جلال الطالبانی ، كردستان والحركة القومية الكردية ، الطبعة الثانية ، دار الطليعة ، بيروت–١٩٧١، ص٢٥٥ ؛ عبدالستارطاهر شريف،المصدرسابق ،ص٢١٦.

[١٠٢] كمال مظهر احمد ،س.پ ،ل٢٥٧ ؛ غەنی بلورییان ،ئاڵەکۆك . بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم، ستۆکهۆڵم– ١٩٩٧،ل١٨ .

[١٠٣] منذرالموصلی، الحياةالسياسيةوالحزبية فی كوردستان(رؤيةعربيةللقضيةالكردية) ، ص ٢٧٢ ؛ وليام ايغلتن، س. پ،ل٦١ ؛د. یاسین سەردەشتی ، کوردستانی ئێران ، ل١١٨ .

[١٠٤] د.یاسین سەردەشتی ،س.پ،ل١١٨ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین ،س.پ،ل٦٣.

[١٠٥] سەید موحەمەدی سەمەدی ، ژێ.کاف چیبوو؟ چی دەویست وە چی لێ بەسەرهات؟ ، مەهاباد –١٣٦(١٩٨٠ ) ،ل١٥

کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ.ك)، ئازادکردنی نەتەوەی کورد و یەکخستنەوەی هەرێمە لێکدابڕاوەکانی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بووە[١٠٦].

هاوکات لە بەندی حەوتی مەرامنامەی کۆمەڵەی (ژ.ك)، کە لە گۆڤاری نیشتماندا بلاّوکراوەتەوە دەڵێت: " بە بۆنەی متدینبوونی بەشی زۆری نەتەوەی کورد بە دینی ئیسلام، کۆمەڵە لە کوردستاندا تەنیا دینی مقدسی ئیسلام بە ڕەسمی دەناسێ و بۆ تەرویجی شەریعەتی خاوێنی ئیسلام و بەجێگەیشتنی هەموو ڕێ و شوێنێکی ئیسلامەتی تێدەکۆشێ و لەگەڵ منافیقان بەربەرەکانیەکی بەشدەت ئەکا " [١٠٧].

کۆمەڵە بڕوای تەواوی بە خەباتی مەدەنی و کاری دیموکراتی هەبوو وەك ڕێبازێکی دروست و گونجاو بۆ داکۆکیکردن لە ماف و ئازادی و بەختەوەری کۆمەڵگا، لەو پێناوەشدا دەرگای بوونە ئەندام لە کۆمەڵەی (ژ.ك) تاڕادەیەك کراوەو لەسەر بنچینەی کوردبوون بوو، بە مەرجێك کەسانی باش و باوەڕپێکراو بووبێتن، وێڕای ئەو مەرجە بۆ بوون بە ئەندام چاوپۆشی لە ئاسورییەکان دەکرا بە هۆی ئەو پەیوەندییە مێژووییە توندوتۆڵەی لە نێوان کورد و ئاسوریدا لە ناوچەکەدا هەبوو[١٠٨].

کۆمەڵەی (ژ.ك) لە پێناو فراوانکردنی بازنەی چالاکیەکانی و پتەوکردنی یەکێتی ڕیزەکانی لە کۆتایی مانگی نیسان کۆبونەوەیەکی بەرفراوانی بە بەشداری زیاتر لە (١٠٠) ئەندام و هەردوو ئەفسەری نیشتمانپەروەری کوردستانی عێراق میرحاج عەبدوڵا و مستەفا خۆشناو لە باخی داودی نزیك چیای (خوداپەرست)، کە دەکەوێتە ڕۆژهەلاّتی شاری مەهابادەوە بەست، ئامانجی کۆبونەوەکە تاوتوێکردنی ڕەوشی سیاسی کوردستان و هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی گشتی و دیاریکردنی ئەرك و بەرپرسیارێتی، دانانی نەخشە ڕێگەی خەبات بوو بە شێوازێکی گونجاو و تەندروست، هەر لەم کۆبونەوەیەدا، کە زیاتر لە کۆنگرە ئەچوو ،چەند بڕیارێکی گرنگ درا لەوانە :

١- گۆڤارێك بە ناوی (نیشتمان ) چاپ و بلاّوبکرێتەوە و ببێتە ئۆرگانی فەرمی کۆمەڵە، بیروڕاو دیدو هەڵویستەکانی تێدا بلاّوبکریتەوە .
٢- لە پێناو بەدەستهێنانی هاوکاری و پاڵپشتی دەرەکی بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوەیەکانی کورد، کۆمەڵە پەیوەندی بە یەکێتی سۆڤێتەوە بکات و داوای یارمەتی و پشتیوانی لێبکات .

---

[١٠٦] حامید گەوهەری، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ، چاپی یەکەم ، بلاّوکراوەکانی دەزگای ئاراس،هەولێر- ٢٠٠٤ ل٤٥ .

[١٠٧] نیشتمان (گۆڤار) ، ژمارە ٦ ، ڕەشەممەی ١٣٢٢هـ ، ل١٦.

[١٠٨] عبدلقادر دەباغی ، ڕاپەڕینی (کۆمەڵەی ژێ.کاف) ، وەڵامیك بەنامیلکەی ژێ . کاف چ بوو ؟ ئینتشاراتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، بێ شوێن ، بێ میژوو ، ل١٠.

٣-وشەی نهێنی بۆ ئەندامەکانی کۆمەڵە دابنرێت، تا بەهۆیەوە یەکتری بناسنەوە، کە بریتی بوو لە (خوداپەرستی شتێکی چاکە) .

٤- هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە و دابەشکردنی ئەرکەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوە :[١٠٩] (حوسێن فروهەر- بەرپرسی کۆمیتەی ناوەندیی، قادر مودەریس - لێپرسراوی لیژنەی ڕاوێژکاران ، عەبدولڕەحمان زەبیحی - بەرپرسی چاپ و بڵاوکردنەوە، سەدیق حەیدەر فاروقی - کارمەندی ڕاسپێراو بۆ بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکان، نەجمەدین تەوحیدی- بەرپرسی دارایی، محەمەد یاهو- نوسەر و ڕێکخەری کاروبارەکانی کۆمیتە، عەبدولڕەحمان ئیمامی - پشکنەر، قاسمی قادری - ئەندامی لیژنەی ڕاوێژکاران، محەمەدئەسحابی- ئەندامی لیژنەی ڕاوێژکاران، ڕەحمان کەیانی - ڕاوێژکار، حامدی مازوچی - ئەندامی ڕێکخستن، محەمەدسەلیمی- کارمەند، عەلی مەحمودی- ئەندامی کۆمیتە، محەمەدی نانەوازادە - فەرماندەی هێز، ڕەحیم لەشکری - کارمەندی ئیدارەی فەرهەنگ، حەمە ئەمین خاتەمی - کارمەندی پایە بەرزی سەبتی ئەحواڵی مەهاباد بوو[١١٠].

(ژ.ك) جگە لە کۆمیتەی مەهاباد، کە مەلا حەجۆکی بەرپرسی بوو، کۆمیتەی لە زۆربەی شار و ناوچەکانی دەڤەری موکریان لە نەغەدە، سندوس، بۆکان دامەزراند، تا دەهات دۆست و هەوادار و لایەنگری زیاتر دەبوو، بنکەی جەماوەری کۆمەڵە لە چینی زەحمەتکێشانی شار و لادێ و توێژی مام ناوەندی لە خەڵکانی ڕۆشنبیر و خوێندکاران و تەنانەت چینی کاسبکاران و هەژار و ڕەش و ڕوتیش پێکهاتبوو[١١١].

سەرکردایەتی کۆمەڵە هەر لە سەرەتاوە بایەخیان بە دامەزراندنی پەیوەندیی پتەو لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستان داوە بەتایبەتی باشوری کوردستان، بۆ مەبەستەش (محەمەد ئەمین شەریفی) نوێنەری کۆمەڵەیان ڕەوانەی باشوری کوردستان کردووە، لە میانەی سەردانەکەیدا بۆ کەرکوك و سلێمانی چاوی بە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی هیوا کەوتووە[١١٢]، کە ئەوانیش بریتی بوون لە: عیزەت عەبدولعزیز، مستەفا خۆشناو، سەید عەزیز شەمزینی، ئەمین ڕەواندزی، شێخ قادر[١١٣].

---

[١٠٩] مەحمودی مەلا عززەت ،جەمهوریەتی کوردستان، ل٨٢ ؛ سەید محەمەدی سەمەدی ،س.پ ،ل١١٢ .

[١١٠] برایم فەڕشی ، سەدەی کارەسات (مێژووی زیندوو: گفتوگۆ لەگەڵ غەنی بلوریان )، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی-٢٠٠٨، ل٩٩.

[١١١] د.عبدالرحمن قاسملو، م.س ، ص٢٨.

[١١٢] یاسین سەردەشتی ،س.پ،ل١٢١.

[١١٣] نەوشیروان مستەفا ئەمین ،س.پ،ل٧٧.

دوای هەڵوەشانەوەی حیزبی هیوا لقێکی (ژ.ك) لە سلیمانی بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد دامەزرا، کە گرنگترین ئەندامەکانی بریتی بوون لە : ئیسماعیل حەقی شاوەیس، فایەق بێکەس، سدیق شاوەیس ، حەمەعلی مەدهۆش، عوسمان دانش، بەڵام غەفور میرزا کەریم دەڵێت : " جەمال حەمەسەعی و ناهیدەی شێخ سەلام خۆیان بە دامەزرێنەری (ژ.ك) لە سلێمانی دەزانن "[١١٤]، تەنانەت لازاریف پێیوایە دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ.ك) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی کاریگەری حیزبی هیواوە بووە، کە هەردوو نوێنەری هیوا (میرحاج احمد و مستەفا خۆشناو) ڕۆڵی دامەزرێنەرییان بینیووە لە کۆمەڵەد[١١٥].

سەبارەت بە پارچەکانی تری کوردستان کە نوێنەری خۆیان ڕەوانەی مەهاباد کردوەو لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیەوە بە گەرمی پێشوازییان لێکراوە، جگە لە (ئیسماعیل حەقی شاوەیس و عوسمان دانش)، کە نوێنەری سلێمانی بوون، بەهەمان شێوە قەدری جەمیل پاشا لە حەڵەب، قازی مەلا وەهاب لە باکوری کوردستان سەردانی شاری مەهابادیان کردووە[١١٦]. پەیوەندی بەهێزی نوێنەرانی کوردپەروەری پارچە جیاوازەکانی کوردستان لەگەڵ یەکتردا ئاکامێکی گرنگ و بەبایەخی هەبوو، کە بەستنی پەیمانی سێ سنور (دالأنپەڕ) ی لێکەتەوە، دوای ئەوەی نوێنەرانی نەتەوەخوازی کورد لە چیای (دالأنپەڕ) لە مانگی ئابی (١٩٤٤) کۆبونەوەو لەسەر چەند خاڵێکی گرنگ ڕێکەوتن، وەك مانەوەی لقەکانی (ژ.ك) لە پارچەکانی تری کوردستان و، پێکهێنانی سەرکردایەتیەکی هاوبەش و یەکگرتوو بۆ هەموو کوردستان، کە ئاڕاستەی خەباتی نەتەوەی کورد، تا سەرکەوتن بکات. نوێنەرانی بەشداربووی کۆبونەوەکە پێکهاتبوون لە: (شێخ عەبدوڵا ژینۆ، سەعید کانیمارانی، سەید عەزیز شەمزینی، حەمزە عەبدوڵا لە باشوری کوردستان، قازی مەلا وەهاب لە باکوری کوردستان، قەدری جەمیل پاشازادە لە ڕۆژئاوای کوردستان[١١٧].

فروانبوونی بنکەی جەماوەری کۆمەڵە و پەرەسەندنی چالاکیەکانی، بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر بازرگان و مەلا و شێخ و سەرۆك عەشیرەت بچنە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵەوە، لەوانەش: (ئاغا و گەورەکانی دیبۆکری، مامەش، زەرزا، مەنگوڕ، هەرکی، شکاك، جەلالی، ساداتی نەهری، بنەماڵەی قازییەکان کە خاوەنی پلە و پاییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و ئابوری بوون، پەیوەندی

---

[١١٤] غەفوور میرزا کەریم ، سەرەتاڵێ لە کلاًفەی مێژووی پڕ هەڵبەز و دابەز ی ژیانم ،چاپی یەکەم ، سلێمانی – ١٩٨٢،ل٨٩.

[١١٥] لازاریف ، مێژووی کوردستان ،وەرگێڕانی : وشیار عبدالله سەنگاوی ، هەولێر–٢٠٠٨ ،ل٤٢٢ .

[١١٦] برهان الدین ابابکر یاسین، کردستان في سیاسة.....، ص١٤٤ .

[١١٧] زنار سلوپی ، في سبیل کردستان ، مزکرات ، ترجمة:د.علی ، الطبعة الاولى ، رابطة کاوه للثقافة الکردیة ، بیروت –.لبنان –١٩٨٧، ص٢١٣.

بەهێزیان لەگەڵ ئێڵەکانی موکریان و سەرۆك و بنەماڵە دەسترۆیشتووەکان هەبوو، لە نێو ئەو بنەماڵانەشدا قازی محەمەد خاوەن ناوبانگێکی زۆر و کەسایەتیەکی بەرز و ڕێزلێگیراو بوو [(١١٨)]. هاتنی قازی محەمەد بۆ ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە بە خاڵی وەرچەرخانی گرنگ لە برەودان بە خەباتی کۆمەڵە دادەنرێت[(١١٩)]،ستون و پایەکانی کۆمەڵەی چەسپاو و بەهێزتر کرد[(١٢٠)].

کۆمەڵە جگە لە چالاکیە سیاسیەکانی بایەخ و گرنگی زۆریشی بە خزمەتکردنی لایەنی ڕۆشنبیری و ئەدەب و وێژە داوە، لەو چوارچێوەیەشدا گۆڤارێکی بە ناوی (نیشتمان ) بلاّو دەکردەوە، کە زمانحاڵی کۆمەڵە بوو، لە ماوەی نێوان تەموزی ١٩٤١ تا ئایاری ١٩٤٤ نۆ ژمارەی لێ دەرچووە، گۆڤاری (نیشتمان) توانی خزمەتێکی بێ وێنەپێشکەش بە کەلتوری نەتەوەیی و بوژاندنەوەی هەستی نیشتمانپەروەری و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری سیاسی، برەودان بە خەباتی ڕێکخراوەیی و کاری دەستە جەمعی بکات، کەمکردنەوەی گرژی و ئاڵۆزی لە پەیوەندییە خێڵایەتیەکان و ڕاکیشانی خەڵك بۆ خەباتی مەدەنی و تێکۆشانی لە پێناو ئازادی و دیموکراسی برەوپێدا [(١٢١)].

کۆمەڵە گرنگی زۆری بە زمان و فەرهەنگ و کەلتوری کوردی دەدا و لە سۆنگەی خەمخۆری بۆ زمانی زگماکی کوردی و فێرکردنی منداڵانی کورد بە خوێندن و نووسینی زمانی کوردی، دوو خوێندنگەی شەوانەی بە ناوی (گەلاوێژ) و (ئازادی) لەهەر دوو گەڕەکی قەبران و ئەرمەنیانی شاری مەهاباد کردەوە، کە ئەمە ئەزمونێکی بێوێنە بوو لە خزمەتکردنی مەعریفەی کوردی و ئاشناکردنی منداڵانی کورد بە خوێندن و خوێندەواری بە زمانی زگماکی شیرینی کوردی بۆ ئەو قۆناغە کارێکی ناوازە بوو [(١٢٢)].

سەرەڕای پەرەسەندنی چالاکیەکانی کۆمەڵە و فراوانبوونی بنکەجەماوەریەکەی و بلاّوبونەوەی بیروباوەری کۆمەڵە لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان، بەلاّم بەهۆی نهێنیپارێزی و تۆکمەیی ڕێکخستنەکانیەوە، هێشتا حکومەتی ئێران زانیاری ڕاست و دروستی سەبارەت بەم ڕێکخراوە لە

---

(١١٨) نەوشیروان مستەفا ئەمین ،س.پ، ل٧٨.

(١١٩) حمید رضا جلالی پور ، قاضی محمد . کردستان در سالها ١٣٢٠ تا ١٣٢٤ش، چاپ اول ، تهران ، ١٣٦٩ش، ص٢٩ ؛ محەمەد سەید سەمەدی ، س.پ، ل١٣ ؛ حامید گوهەری ، س.پ ، ل١٢٦ .

(١٢٠) جەمال نەبەز ، کوردستان و شۆڕشەکەی ، وەرگێرانی : کوردۆ عەلی، بنکەی چاپەمەنی ئازاد ، سوید –١٩٨٥، ل١٢٧.

(١٢١) د.هیمدادحوسێن ، ڕۆژنامە نووسی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان ١٩٤٢–١٩٤٧، بنکەی ژین ،سلێمانی –٢٠٠١،ل٨٣ ؛ فائزة حسین عباس ،" ظهور عصبة احیاء الکورد (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) " ، گولان العربی (مجلة)، العدد(٨ )، اربیل – کانون الثانی ١٩٩٧ ، ص٤٤ .

(١٢٢) جەلیل گادانی ،پەنجا ساڵ خەبات .کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، بەرگی یەکەم ،چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان ، هەولێر ،ب.م ،ل٢١ .

بەردەستدا نەبوو، لە ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکانیاندا زانیاری هەڵە و چەواشەکارانەیان بڵاو دەکردەوە، کە گوایە کۆمەڵەی (ژ.ك) ڕێکخراوێکی کۆمەنیستیە[١٢٣]، هۆکاری ئەم هەڵوێستەی حکومەتی ئێران لە لایەکەوە بۆ کەمی زانیاری و لاوازی دەزگا سیخوڕییەکانی حکومەتی ئیران لە ناوچەکانی کوردستان دوای داگیرکردنی ئێران دەگەڕایەوە، لەلایەکی ترەوە کارێکی پلان بۆ داڕێژراو بوو، بۆ شێواندنی ڕاستیەکان و چەواشەکردنی ڕای گشتی ئیران و خەڵکی کوردستان بوو بەتایبەتی، کە گوایە کۆمەڵەی (ژ.ك) ڕێکخراوێکی چەپی مارکسییە و نابێتە بەدیهێنەری ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کورد[١٢٤]. شایەنی باسە ئەبو قاسم سەدری قازی کە نوێنەری شاری مەهاباد بوو لە ئەنجومەنی شورای میللی ئێران، وەلأمی ئەو درۆ و دەلەسانەی داوەتەوەو وتوویەتی:" کە(ك.ك.ك) ئەم دەستەواژە کورتکراوەی (کۆمەڵەی کۆمۆنیستی کوردستانە)، کە لە کوردستانی عێراق دروستبووەو هیچ پەیوەندیەکی بە کوردەکانی کوردستانی ئێرانەوە نییە" [١٢٥].

کاتێك حکومەتی تاران خەلیل فەهمی (فەهیمولمولك) ی وەزیری ڕاوێژکاری نارد بۆ کوردستان، بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخ و گوزەرانی خەڵکی ناوچەکە، لە کاتی سەردانی بۆ مەهاباد، کۆمەڵەی (ژ.ك) خواست و داواکاری خەڵکی ناوچەکەی لە یاداشتێکدا، کە لەلایەن خودی پێشەوا قازی محەمەدەوە پەسەند کرابوو ئاڕاستەی نوێنەری حکومەت کرد، گرنگترین ئەو داواکاریانەی کە کورد لە حکومەتی ئێران داوایکرد بریتی بوو لە:

١- دانپێدانان و ناساندنی زمانی کوردی لە سەرجەم دامودەزگا و ناوەندەکانی خویندن لە تەواوی ناوچەکانی کوردستان، کە ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاتر لە سێ ملیۆن کەسە .

٢- فەرمانبەرانی سەرجەم دامودەزگا دەوڵەتیەکان لە کوردستان کوردبن، ئەو باجەی لە خەڵکی کوردستان وەردەگیرێت، لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا و بۆدروستکردنی نەخۆشخانە و قوتابخانە و ڕێگاو بان و پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی تر خەرجبکرێتەوە .

٣- داخوازیەکانیان لە پەرلەمان بخرێتە بەرنامەی کارەوەو گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بۆ دڵنیایی کورد بە یاسا بڕیاری لە بارەوە بدرێت .

---

[١٢٣] کوهستان (روزنامه)، شماره ٣٢ ، سال اول ، تهران ،٧ ابانماه ١٣٢٤.

[١٢٤] کوهستان ، شماره ٣٦، ٥ ا ذرماه ١٣٢٤ش .

[١٢٥] یاسین سەردەشتی ، س.پ ، ل١٢٣ .

هەر لەو یاداشتەدا باس لەوە کراوە ئەمانە داواکاریی هەنووکەین، بۆ داهاتوو کۆمەڵە ئامانجی گەورەتری هەیە، کە مافی چارەی خۆنووسینە بۆ گەلی کورد وەك مافێکی سروشتی و ئاسایی هەموو نەتەوەیەك، بۆیە پێویستە دوای بڕانەوەی جەنگ گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت، هیچ گومانی تێدانیە کورد خۆی دواڕۆژ و چارەنووسی خۆی دیاریدەکات[١٢٦] .

دوای گەڕانەوەی ( فەهیمی) بۆ تاران و بەشداریکردنی لە دانیشتنێکی پەرلەماندا، باسی بارودۆخی کوردستانی کرد و ئاماژەی بە ئاسایش و ئارامی ناوچەکە کرد، لەم ڕووەوە ڕۆڵی قازی محەمەدی بەرز نرخاندو ئاماژەی بە خراپی ڕۆڵی دەسەڵاتدارانی ئێرانی لە ناوچەکە کرد، کاریگەری خراپی ئەوانی بۆ سەر پرۆسەی سیاسی بۆ ئامادەبوانی دانیشتنەکە ڕوونکردەوە[١٢٧] .

لەسەر داوای حکومەتی ئێران شاندێکی کوردی بانگهێشتی تاران کران، شاندەکە بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد و بە یاوەری ژمارەیەك لە سەرۆك عەشیرەت و پیاوە دەسترۆیشتوەکانی مەهاباد، بەمەبەستی گفتوگۆ و بەدواداچوونی ئەو یاداشتە فەرمییەی پێشتر دابوویانە حکومەتی ئێران ڕوویان لە تاران کرد، قازی محەمەد لەو سەردانەیدا چاوی بە ڕەزاشا کەوتووەو لە کاتی گفتوگۆکانیدا زۆر ژیرانە هەوڵیداوە لایەنگری و سۆزی شا بجولێنێت، پێی ڕاگەیاندووە کورد شانازی بە ئێرانیبوونی خۆیەوە دەکات لە هەمانکاتدا نیگەرانن لە پشتگوێ خستنیان لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە، کە بەهۆیەوە ناوچەکە لە دواکەوتنێکی گەورەی ئابووریی و پەروەردەی و ڕۆشنبیریدا دەژین[١٢٨]. هەر لەو دیدارەدا قازی محەمەد داوای لە ڕەزاشا کردبوو چاو بە سیاستەکانیدا بخشێنێتەوەو گرنگی زیاتر بە لایەنی تەندروستی و ڕۆشنبیری ناوچە کوردنشینەکان بدرێت، چیتر بە ناردنی هێز و تۆپ و تانك و زرێپۆش وەڵامی خواستەکانی کورد نەدرێتەوە[١٢٩].هاوکات پێشەوا نیگەرانیەکانی خۆی سەبارەت بە هەڵسوکەوتی نەشیاوی بەرپرس و دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئێران لە ناوچەکە خستە ڕوو، هەروەها هۆکاری پشێویی و نائارامی ناوچەکەی خستە ئۆباڵی ئەفسەری سوپا سەرتیپ (هۆشمەند ئەفشار)، کە بە سیاسەتە ڕەگەزپەرستی و توندوتیژییەکانی بەرامبەر خەڵکی ناوچەکە بێزاری و نائارامی خولقاندبوو[١٣٠]، بەڵام ڕووداوەکانی مەهاباد و دەست بەسەرداگرتنی شارەوانی و دەزگای پۆلیس و پێکهەڵپژان و شەڕ و نائارامی

---

[١٢٦] کەریمی حیسامی، پێداچونەوە: گەشتێك بەنێو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کورستانی ئێران، سوید- ١٩٩٦ ، ل١٧٨-١٧٩ .

[١٢٧] هۆزان سليمان الدوسكي ،جمهورية كردستان. دراسة تاريخية-سياسية، الطبعة الاولى، بيروت - ٢٠٠٦، ص٦٨ .

[١٢٨] بە هزاد خوشحالى، قاضى محمد وجمهورى در اينه اسناد، چاپ اول، تبريز- ١٣٨٠،ص ٢٧٣-٢٧٤ .

[١٢٩] کوردستان (ڕۆژنامە) ، ژمارە ٢ ، ساڵی یەکەم ، مەهاباد ،١٩٤٥/١٢/١٣ .

[١٣٠] بهزاد خوشحالى ، م.پ، ل٢٧٤.

نێوان خەڵکی مەهاباد و کاربەدەستانی ئێران کۆتایی بە گفتوگۆ و دانوسانەکان هێنا، حکومەتی تاران داوایکرد شاندی کوردی بەپەلە بۆ مەهاباد بگەڕێتەوە، داوا لە قازی محەمەد کرا بارودۆخەکە کۆنترۆڵکات و ئارامی و ئاسایشی شاری مەهاباد بۆ دۆخی جاران بگەڕێنێتەوە[١٣١].

پەلاماردانی بنکەی پۆلیس و شارەوانی لەلایەن خەڵکی مەهابادەوە، وەڵامدانەوە بوو بۆ دەستدرێژیەکانی پۆلیسی مەهاباد، کە تەقەیان لە (مینای خالیدی) نوێنەری خەڵکی مەهاباد کرد و کوشتیان، کاتێك ناوبراو بە مەبەستی وەرگرتنی لیستی ناوی ئەو کەسانەی شەکر و چا وەردەگرن سەردانی بنکەی پۆلیس کردبوو، ئەم ڕووداوە بوو بە هۆی وروژانی توڕەیی خەڵکی مەهاباد، بۆ تۆڵەسەندنەوە هەڵیانکوتایە سەر بنکەی پۆلیس و حەوت پۆلیسی تورکی ئازەرییان کوشت و بارەگاکانیان تێکوپێکدان، شارەکەیان کۆنترۆڵکرد، دواین پۆلیس و ئاسایشی ئێرانییان لێدەرکرد[١٣٢]. ڕووداوەکانی مەهاباد هەرچۆنێك بووبێت گۆڤاری نیشتمان، کە زمانحاڵی کۆمەڵەی (ژ.ك) بوو بە تێروتەسەلی باسینەکردوو، نەچووە ناو ووردەکاریەکانیەوە، ئەمە تاڕادەیەك جێگای گومان بوو سەبارەت بە بەشداری و تێوەگلانی کۆمەڵە لەو ڕووداوانە[١٣٣].

سەبارەت بە پەیوەندیی کۆمەڵە لەگەڵ دەوڵەتە زلهێزەکان، کۆمەڵە لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرای نەبوو، سەرەتا لە گۆڤاری نیشتماندا بە ستایشێکی زۆرەوە لە جوامێری و مرۆڤدۆستی بەریتانیا دوابوو، دامەزراندنی (ئێزگەی ڕادیۆی کوردستانی) لە یافا و بلاَوکردنەوەی (دەنگی گێتی تازە) لە بەغداد بە دەستکەوتێکی گرنگ دانابوو، ئیمپراتۆریەتی بەریتانیای بە پارێزەری ئازادیی و سەربەخۆیی و پاڵپشتی نەتەوە بچووکەکان دانابوو[١٣٤]. هەرچەندە کۆمەڵە لە سەرەتاوە بەریتانیای بە ئاڵاهەڵگری هەموو گەلان و گەلی کوردیش ناساندبوو، بەلاَم لە پاش پەیوەندیگرتنیان لەگەڵ (حزبی هیوا)

---

[١٣١] خەلیلی فەتاحی قازی ، کورتە مێژوویی بنەماڵەی قازی لە ویلایەتی موکری، وەرگێڕانی حەسەنی قازی، چاپی یەکەم، لەبلاَوکراوەکانی دەزگای ئاراس ، هەولێر– ٢٠٠٩، ل١١٨–١١٩.

[١٣٢] وليام ايغلتن الابن ،م.س،ص٥٠ ؛ د.طاهرخلف البكاء ،م.س،ص١١٨.

*سەبارەت بە کاتی رووداوەکانی مەهاباد بۆچوونی ناکۆك وجیاواز هەیە کەئیگلتن و بلوریان و ئەرفەع هەرسێکیان بەهاری ١٩٤٥ یان داناوە، قاسملۆ ١٩٤٤و گادانیش ١٩٤٥/١٢/١٧ داناوە، بەلاَم بە گوێرەی ئەو تەلەگرافەی، کە قەرەنی ئاغای مامش بۆ دەوڵەتی ناوەندی ئێرانی ناردووەو بەوردی باسی ڕووداوەکەی کردووەو ڕۆڵی خۆی و هەندێك لە سەرۆك عەشیرەتە دەوڵەتخوازەکانی وەك پاڵەوان وێنا کردووە، کەڕێگەیان لە پەلاماردانی خەڵکی مەهاباد بۆ سەر دەزگا دەوڵەتیەکان گرتووە، لەم تەلەگرافەدا ئاماژە بە ڕۆژی ١ی ڕەشەمێ بەرامبەر ١٩٤٥/٢/٢١ کراوە . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

د.یاسین سەردەشتی ، کوردستانی ئێران ......، ل١٢٩.

[١٣٣] هۆزان سليمان الدوسكی ،م.س ، ص٦٩.

[١٣٤] نەوشیروان مستەفا ئەمین ،س.پ ، ل٨١.

و (شۆڕشی بارزان) گەیشتنە ئەو باوەڕەی بەریتانیا دەوڵەتێك نییە، كە كورد پشتی پێببەستێت. هاوكات ئەمریكاش لە ناوچەكەدا بە كەڵكی دۆستایەتی كوردنەدەهات، بۆیە كۆمەڵە كەوتە گەڕان بە دوایی پشتیوانێكی گەورە و باوەڕپێكراودا، دوایی بەراوردكردنی پرۆگرامی خۆیان لەگەڵ حزبی كۆمۆنیستی سۆڤێت و دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش، بڕیاریاندا پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ سۆڤێت ببەستن [١٣٥].

سیاسەتی سۆڤێت بەرامبەر بە كورد، سیاسەتێكی ناڕوون و ئاڵۆز بوو، بە تایبەتی دوایی هاتنی لەشكری سور بۆ ناو خاكی ئێران لە ئابی (١٩٤١) دا. سەرەتا نیازی سۆڤێت لە بارەی مەسەلەی كوردەوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی بەرژەوەندییەكانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و چالاكی كۆنەپارێزانی ڕۆژهەڵاتی نزیك بوو، سیاسەتی سۆڤێت لەبەر كۆمەڵێك هۆكاری ماددی و مەعنەوی، كە تاڕادەیەك دژ و ناكۆك دەكەوتەوە ناڕوونبوو، لەلایەكەوە نەیدەویست كوردستانی دراوسێ و هاوسنوری ببێتە مەڵبەندیكی پڕ لە گرژیی و ئاڵۆزیی، لەبەر ئەوەی ڕەوتە نەیارەكانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی نزیك دەیانتوانی ئەم مەسەلەیە بۆ گورزوەشاندن لە بەرژەوەندییە دەوڵەتیەكانی بەكاربهێنن، بۆیە سۆڤێت لەگەڵ چارەسەركردنی ئەم مەسەلە و كێشەكانی كوردستاندا بوو، لەلایەكی ترەوە كێشەی كوردی وەك كارتی فشار بەرامبەر ئێران و چەسپاندنی بەرژەوەندییە ئابووریی و سیاسیەكانی لەگەڵ ئەوڵاتە و دژایەتی وڵاتانی تری نەیاری سۆڤێت بەكاردەهێنا[١٣٦]. بۆ زانیاری وەرگرتن و هەڵسەنگاندی بارودۆخەكە ٣٠ كەسیان لە سەرۆك ئێل و عەشیرەت و پیاوماقوڵانی كورد بانگهێشتی باكۆ كرد، بەرپرسانی سۆڤێت شتێكی ئەوتۆیان سەبارەت بە ما فە نەتەوەییەكانی كورد بە شاندی كوردی نەوتبوو، تەنانەت نەهانیان دابوون بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیەكی كوردی، نەپشتیوانیان كردبوون بۆ دامەزراندنی ڕێكخراو و پارتی سیاسی و دەركردنی بڵاوكراوەیەكی كوردی، لەو هەلومەرجە دواكەوتووە كۆمەڵایەتی و ئابووریی و سیاسی و فەرهەنگیەی كۆمەڵگای كوردەواریدا، كە هێزی دەستڕۆیشتوو سەرۆك عەشیرەت و ئاغا و شێخ و مەلاكان بوون، هێشتا زەمینەی دامەزراندنی ڕێكخراوێكی كۆمۆنیستی یان سۆشیالیستی ئامادەنەبوو، بۆیە سۆڤێت لە سەرەتادا هیچ نیەتێكی ڕاستەقینەیان بۆ كاری جدی لە ناو كورددا نەبوو[١٣٧].

سەرەتایی پەیوەندیگرتنی (ژ.ك) بە سۆڤێتەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قۆناغەی، كە فۆكس (ڕێكخراوی نێونەتەوەیی پروپاگەندەی سۆڤێت) خەریكی دامەزراندنی چەند(ئەنجومەنێكی پەیوەندیی

---

[١٣٥] حوسێنی مەدەنی ،س.پ، ل٢٢٨–٢٢٩.

[١٣٦] بێ ناوی نوسەر ، كوردستانی هاوچەرخ ، وەرگێڕانی لە فارسیەوە، گوشادحمەسەعید، چاپی یەكەم ، هەولێر– ٢٠٠٥، ل٣١–٣٢ .

[١٣٧] ئاچی ڕۆزفلت ، كۆماری مەهاباد......، ل٩.

ڕووناکبیری ئێران و سۆڤێت ) بوون، هاوکات کۆمەڵە بە تەواوی گەشەی کردبوو بنکەی دەسەلاتی فراوانببوو، چیتر خەباتی نهێنیان پێ باشنەبوو داوایان لە سۆڤێت کردبوو لقێکی ئەم ئەنجومەنە لە مەهاباد بکاتەوە بە ناوی (ئەنجومەنی پەیوەندیی ڕووناکبیری کوردستان و سۆڤێت)، تا بتوانن لەم ڕێگاوە لەگەڵ سۆڤێت کۆببنەوە بەبێئەوەی ببنەمایەی سەرنجڕاکێشانی دەوروبەر[١٣٨]. ئەم داواکارییەی کۆمەڵە بۆ یەکەمجار لە دیداری بەشێك لە نوێنەرانی کۆمەڵە لەوانە (ئیبراهیمی ئیبراهمیان، مستەفا سوڵتانیان، عەلی ڕەیحانی، ئەحمەد ئیلاهی، محەمەدی دڵشادی ڕەسوڵی، خەلیل خەسرەوی و قاسمی قادری ) لەگەڵ ماتویڤی کونسوڵی سۆڤێت لە١٩٤٥/١/١١، کە لەماڵی محەمەدی ئەمینی شەریفی لە مەهاباد بەڕێوەچوو ئاڕاستەی ناوبراو کرا[١٣٩].

لەو چاوپێکەوتنەدا نوێنەرانی کۆمەڵەی (ژ.ك) کۆمەڵێك داواکارییان هەبوو وەك :

١- کردنەوەی ناوەندیی پەیوەندیی فەرهەنگی سۆڤێت و کوردستان .

٢- داواکردنی دەزگایەکی چاپ لە دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی یارمەتیانبدات .

٣- کردنەوەیی ئێزگەیەکی ڕادیۆی لە مۆسکۆ، کە بەرنامەکانی بە زمانی کوردی بێت و کوردەکانی عێراق لێیتێبگەن، سۆڤێت پشتیوانیانبکات لە ڕزگاربوونی گەلی کورد لە چەوسانەوەی نەتەوەیی و ژێر دەستەیی هەرسێ دەوڵەتی ئێران و تورکیا و عێراق و یەکگرتنەوەیان لە دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆدا، لە پاش ڕووداوەکانی مەهاباد و دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیەکی خۆڕیبەری کوردی لە مەهاباد، کاربەدەستانی سۆڤێت لە ١٢ی مایسی ١٩٤٥ کۆمەڵەی پەیوەندییە فەرهەنگیەکانی سۆڤێتیان لە مەهاباد دامەزراند و ئەفسەرێکی ئازەربایجانیان بە ناوی (مازۆر عەبدوڵلا ئوف) کردە بەرپرسی کۆمەڵەکە[١٤٠].

وێڕای ئەوەی سۆڤێت لە سەرتاوە سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرای بەرامبەر بە کۆمەڵە نەبوو، بەلام دوایی لە دەستدانی جیاووکی نەوتی باکور بۆ کۆمپانیاکانی سۆڤێت و ڕەتکردنەوەی داواکاریەکانیان

---

[١٣٨] ئارچی ڕۆزفلت، س.پ ، ل١٢.

[١٣٩] ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیای فیدراتیف ، فۆندی ٠٩٤ ، ئۆپسی ٣٠ ، دۆسیەی ٦٥، پەرەگرافی٣٤٨، ل٢١-٢٢. وەرگیراوە لەئەفراسیاو هەورامی، ڕۆژهەلاتی کوردستان، ل١٢٤ .

[١٤٠] حامید گەوهەری ، کۆمەڵەی ژیانەوە......،ل١٤٠.

لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە، کەوتنە خۆ و سیاسەتێکی جیاوازتریان بەرامبەر بە کورد پیادەکرد، کە لە هاوکاریی و پیشتیوانیەوە نزیك بوو[١٤١].

سەبارەت بە پەیوەندیی کۆمەڵە لەگەڵ پارتی (تودە )، کە بە یارمەتی و پشتیوانی سۆڤێت دامەزرابوو، تا ڕادەیەك پەیوەندییەکی خراپ و ئاڵۆزییان هەبوو، تودەییەکان هەوڵی بێهێزکردنی کۆمەڵەیاندابوو، پێیانوابوو (ژ.ك) پارتێکی جیاخوازەو یەکێتی خاکی ئێرانی خستوەتەمەترسیەوە، بەپێچەوانەوە تودە موڵکی هەموو ئێرانە بەهەموو جیاوازییە ئیتنیك و ئاینی و مەزهەبیەکانیەوە، بوونی پارتێکی وەك کۆمەڵە، کە دروشمی کوردستانی گەورەی هەڵگرتووە پێویست نییە. سەرەڕای بوونی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لەزۆربەی شارەکانی کوردستان و بە پێچەوانەوە نەبوونی لقی تودە لە کوردستان، بەڵام تودە هەمیشە هەوڵیداوە (ژ.ك) هەڵوەشێنێتەوەو زۆرجار تۆمەتی لایەنگری بەریتانیا و تەنانەت ئەڵمانیای فاشستیان خستوەتە پاڵ و لای سۆڤێت شکاتیان لێکردوون، گوایە کۆمەڵە بە زۆر ئەندامەکانی ئەوانیان لای خۆیان ناونوس کردووە[١٤٢] .

## ٢- دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ( ح.د.ك.ا) و بەرنامەکانی .

کۆمەڵەی (ژ.ك) دوای سێ ساڵ لە خەبات و تێکۆشان لەبەر زۆر هۆ : وەك پشتیوانیکردنی ئێران لەلایەن ئەمریکا و بەریتانیاوە، هەوڵەکانی سۆڤێت بۆ زیادکردنی پێگەی سەربازیی و سیاسی و ئابوورییان لە ئێران و بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە ڕێگای ڕێکخستنە سیاسیەکانیەوە لە ئێران و ئازەربایجان، زیادبوونی فشارەکانی سۆڤێت لەسەر ڕێبەرانی کورد بەتایبەتی قازی محەمەد، کە لەسەر داواو خواستی جەعفەر باقرۆف بە ناچاری ناوی کۆمەڵەی (ژ.ك) بۆ (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) گۆڕی[١٤٣]. هەر سەبارەت بە گۆڕینی کۆمەڵە بۆ حیزبی دیموکرات، غەنی بلورییان ئاماژە بۆ وتەیەکی قازی محەمەد لەم باریەوە دەکات، کە وتوویەتی: "دروشمی کۆمەڵەی (ژ.ك) بۆ هەمووان جێگەی ڕێزەو دەزانین بە تەواوی بەرگری لەمافی گەلەکەمان دەکات، بەڵام ڕۆژگار جۆرێکە، هیچ لایەنێکی جیهانی داکۆکی لە داخوازییەکانی ئەمڕۆی (ژ.ك) ناکات، گەیشتن بەو ئامانجە ڕێگایەکی پڕ هەوراز و نشێوە ئەمڕۆ، کە ئاسۆیەکی ڕوون بۆ ئەو ئاواتەی بەدی ناکرێت، کەواتە پێویستە ئێمە چاوێك بە داخوازییەکانماندا بخشێنین و لەگەڵ هەلومەرج ڕێکیان بخەین و لایەنگرییان بۆ بدۆزینەوە، بەڕای من دوای ئەمڕۆمان دەبێت لە

[١٤١] ادوارد سابلية ، ايران مستودع البارود ، ترجمة : عزالدين محمود السراج ، بغداد -١٩٨٣، ص٢٤١.

[١٤٢] د.ئەفراسیاوهەورامی ، س.پ ، ل١٠٩.

[١٤٣] ئەحمەد محەمەد ئەمین ، دۆزی کورد لە چەند باسێکی مێژوویيدا ،چاپی یەکەم ، هەولێر - ٢٠٠٨، ل٧٩-٨٠ ؛ جەمال نەبەز ، س.پ ، ل١٢٨ .

چوارچێوەی خاکی ئێراندا هەڵسەنگێندرێت و شتێك لە پرۆگرامی خۆماندا بگونجێنین لەگەڵ دەقی یاسا و دەستوری ئەمڕۆی دەوڵەتی ئێران بگونجێت، بەپێی ئەو بۆچوونە پێویستە ناوی (ژ.ك) بگوڕدرێت و قاڵبێکی نوێ دابنێین، کە لەگەڵ دروشمە تازەکەمان بێتەوە "[١٤٤].

هەر سەبارەت به گۆڕینی کۆمەڵە بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (عبدالله ئابریشمی) لە باسی بەرنامەی کۆمەڵەی (ژ.ك) دا ئاماژەی بە ئامانجی سەرەکی کۆمەڵە کردووە، کە (کوردبوون) لە سەروو هەموو کار و بەرنامەیەکیانەوە بووە، هەر بۆیە (ژ.ك) وەك ڕێکخراوی هەموو کوردان پێناسە کراوەو خاوەنی ئامانجی زۆر گەورەبوون، بەڵام هەست بەوە دەکرا ئەم ڕێکخراوە ناتوانێت بەو شێوەیە کار و بەرنامەکانی جێبەجێبکات و پێویستە بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرج و بارودۆخی ئەوکاتە چاو بەپرۆگرام و ئامانج و بەرنامەکانیدا بخشێندرێتەوە[١٤٥]، لە ١٦ی ئابی ١٩٤٥ لە شاری مەهاباد لەسەر داروپەردووی کۆمەڵەی (ژ.ك) بە بڵاوکراوەیەك حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕاگەیەنرا، لەو بەیاننامەیەدا، کە واژۆی زیاتر لە (٦١) کەسایەتی ئاینی، بازرگان، فەرمانبەرانی سیڤیل ، موڵکدار و سەرۆك عەشیرەت و پیاوماقوڵی لەخۆ گرتبوو، داوایانکردبوو بەپێی یاسای بنەڕەتی ئێران و لەچوارچێوەی خۆڕێبەری هەرێمەکاندا بەگوێرەی دەستوری ساڵی ١٩٠٦ لە کوردستان دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمی دابمەزرێنن، یاخود داخوازیەکانیان لە چوارچێوەی (پەیمانی ئەتڵەنتی)، کە داوایی نەهێشتنی چەوساندنەوەی نەتەوەیی لە ئێران دەکات جێبەجێبکرێت[١٤٦].

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە (ح.د.ك.ا) کورتکراوەکەیەتی بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتیە ناسراوەکانی کوردستان و ڕێبەرانی کۆمەڵەی (ژ.ك) یەکەم کۆنگرەی خۆی لە مەهاباد بەست، جگە لەوەی قازی محەمەد بە پێشەوای حیزب هەڵبژیررا، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیش هەڵبژێران، کە ئەمانە بوون: (حاجی بابەشێخ، محەمەد حوسێن سەیفی قاز، مەنافی کەریمی، ئەحمەد ئیلاهی، عەبدولڕەحمانی ئێلخانیزادە، ئیسماعیل ئێلخانیزادە، سەید محەمەد ئەیوبیان، خەلیل خەسرەوی، کەریم ئەحمەدییان، حاجی مستەفا داودی، مەلاحسێن مەجدی، مەحمود وەلیزادە، محەمەد دڵشاد ڕەسوڵی، محەمەد ئەمین شەریفی، عەبدولڕەحمان زەبیحی ) [١٤٧]. لەو لیستانەی بڵاو کراونەتەوە ناوی هەندێك کەسیان تێدا نییە کەچی لە بەڵگەنامەکانی ئەو سەردەمانەدا ناویان هاتووە، وەکو سەید محەمەد

---

[١٤٤] غەنی بلوریان ، ئاڵە کۆك ....،ل٥٧ .

[١٤٥] عبدالله ابریشمی ، مسآله کرد در خاورمیانه وعبدالله آوجلان ، بی .جا، بی.ت ،ص٥٢–٥٣.

[146] **ABASS VALI, KURDS AND IDENTITY ,I.B.TURISE AND CO LTd .6 Salam road,2011 ,p25.**

[١٤٧] ئەحمەد مەحمود عەلی ، مێژووی کورد لە سەد و دونزدە ساڵد ا ، چاپخانەی لەریا ، سلێمانی – ٢٠١٣، ل٤٢٣.

تەهازادە، که لە هەموو بۆنە سیاسیەکاندا بە ناوی (معاون حیزب) واتە کۆمیتەی ناوەندیی قسەیکردوە، سەید عەبدولاّ گەیلانی ، عومەر خانی شکاك، زیرۆبەگ و ڕەشیدبەگی جیهانگیری، ئەمانە وەك لە پێشەکی دەقی (پەیمانی یەکێتی و برایەتی کوردی –ئازەری) دا نوسراوە، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب ناوبراون[١٤٨].

قاسملوو لەبارەی مەرامنامەکەی (ح.د.ك.ا)، پێیوابوو دروستبوونی پارتێکی لەو شێوە بەو پەیڕەو پرۆگرامەی هەیبووە، کە توانیویەتی سەرجەم چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردی لە خۆی کۆبکاتەوە، وەرچەرخانێکی مێژوویی گرنگی لە خەباتی دوورو درێژی گەلی کوردا هێناوەتە کایەوە، بۆیە ئەم پارتە هەر لە سەرەتایی دامەزراندنییەوە ئەرکی گەورەی کەوتبووە ئەستۆو دەبوایە پەلە لە جێبەجێکردنیان بکات، کە ئەمانە بوون:

١- پەیوەستکردنی خەباتی گەلی کورد بە خەباتی گەلانی تری ئێرانەوە بۆ بەگژداچوونی فاشیزم و چەسپاندنی دیموکراسی لەسەرتاسەری ئێراندا، کاتێك کۆمەڵەی (ژ.ك) دامەزراوە دەیان پارتی سیاسی لە ئێران هەبوون، بەڵام (کوردبوون) ، کە ئامانجی سەرەکی کۆمەڵە بوو ڕێگربوو لە تێکەڵاوی و دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە پێشکەوتووخوازەکانی تری ئێران، دامەزراندی (ح.د.ك.أ) ئەم قۆناغەی تێپەراند، جەماوەری کوردستانی لە ژێر یەك ئالاّ و یەك بەرنامەی سیاسی ڕێکخراوی گشتگیردا کۆکردەوە.

٢- بەدەستهێنانی پشتیوانی هێزە ڕزگاریخوازەکانی جیهان بۆ بەگژداچوونی بەرەی فاشیزم و، دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە ئێران، دامەزراندنی (ح.د.ك.ا) بۆ یەکەمجار خەباتی ڕزگاریخوازی کوردی دژی فاشیزم بە بەرەی جیهانیەوە گرێدا، لەلایەکی ترەوە ئومێدی بە بزوتنەوەی کوردایەتی و بەدەستهێنانی شەرعیەتی خۆرێبەری و پشتیوانی سۆڤێت بەخشی، کە تا ڕادەیەك لە بەرەوپێشچوونی بزوتنەوەکەیان لە خەباتی دژی فاشیزم و ئیمپریالیزم هاوکاریکردن[١٤٩]. لەلایەکی ترەوە هەندێك پێیانوابوو وازهێنان لە دروشمی کوردستانی گەورەو ڕازیبوون بە دەسەلاّتێکی خودموختاری لە چوارچێوەی ئێران دا پاشەکشەیەکی گەورەبوو لە ستراتیژی جولاّنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان. خۆسەپاندنی قازی محەمەد و باڵی عەشیرەتگەری و کۆکردنەوەی ئەو هەموو ئاغا و شێخ و سەرۆك

---

[١٤٨] **نەوشیروان مستەفا ئەمین ، س.پ ، ل٩١-٩٢.**

[١٤٩] د.عبدالرحمن قاسملوو ، م.س، ص٣٠-٣١.

عەشیرەتانە لە ناو بزوتنەوەی کوردایەتیدا دەستپێکی قۆناغێکی پڕ مەترسیبوو لە پاشەکشەی دیموکراتی و زاڵبوونی حوکمی ڕەها و تاکڕەوی لە بڕیار و دەسەلآت لە بزوتنەوەکەدا[١٥٠].

وەك ئاشکرایە سەرکەوتنی هاوپەیمانەکان بەسەر بەرەی فاشیزم و دیکتاتۆریەتدا، ململانیەی نێوان زلهێزەکانی بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکان و چۆڵکردنی ئێران قوڵترکردەوە، هەریەکەیان نەخشەیەکی بۆ جێگیرکردنی هێز لە ئێران هەبوو، سۆڤێتیش لەم هەلومەرجەدا، کە لەلایەکەوە بە تەمای جیاووکی نەوتی ئێرانبوو، لەلایەکی ترەوە بەپێی ڕێکەوتنەکان دەبوایە بەبێ مەرج و دەستکەوت لە ئێران بڕۆنە دەرەوە، لەم ڕووەوە سۆڤێت ڕووبەڕووی فشار و گوشاری زۆری هاوپەیمانەکان و ئێران و تەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکانیش بوەوە، لە باروودۆخێکی لەم جۆرەدا سۆڤێت ناچاربوو پەنا بۆ فڕوفێڵ و تاکتیکی نوێ ببات، بۆیە لەڕێگای جەنراڵ (سەلیم ئەتاکیشۆف)، کە لێپرسراوی سیاسیبوو لە تەورێز داوای لە قازی محەمەدی کرد، بۆ داکۆکی لە مافە نەتەوەیەکانیان پێویستە سەردانی لێپرسراوانی سۆڤێت بکەن و داوای هاوکارییان لێ بکەن [١٥١]. سۆڤێت بە گۆڕینی سیاسەتی، کە پارێزگاریبوو لە یەکپارچەی خاکی ئێران پلانێکی تری جێبەجێکرد، کە دابەشکردنی ئێران بەسەر چەند ئەیالەتێکی ئۆتۆنۆمی وەك ئازەربایجان و کوردستان بوو[١٥٢] .

دوای پەرەسەندنی ڕووداوەکانی ئازەربایجانی ئێران و دامەزراندنی (فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان) لە ١٩٤٥/٨/٢٥، سۆڤێت کاری بۆ پێکهێنانی دەسەلآتێکی ئازەریی چەپ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان دەکرد، کە بریتی بوون: لە بەستنەوەی ئازەربایجانی ئێران بە ئازەربایجانی سۆڤێتەوە، یان ناچارکردنی ئێران بۆ لەبەرچاوگرتن و جێبەجێکردنی بەرژەوەندییەکانی سۆڤێت لە ناوچەکەدا . لەم هەلومەرجە ئاڵۆزە دا قازی محەمەد و شاندێکی یاوەری، کە پێکهاتبوون لە (ڕەشیدبەگ، قادربەگ، قاسم بەگ، حسین چنارە، عومەرخان، سەیدخان بەگ، ناصربەگ، کامل بەگ ،ئەمین بەگ و سەید نورە دین ) بانگهێشتی باکۆ کران و لە ١٢ /١٩٤٥/٩ لەلایەن میر جەعفەر باقرۆفەوە پێشوازییان لێکرا، لەسەر چەندین بابەتی گرنگ و هەستیاری ئەو دەمەی کوردستان گفتوگۆیان کرد بوو[١٥٣]. لە چوارچێوەی دیدار و چاوپێکەوتنەکانی شاندی کوردی و باقرۆڤدا، ناوبراو داوای لە کوردەکان کردبوو، لەڕیزی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بۆ خزمەتی دەسەلآتی سۆشیالیستی ئایندەی ئازەربایجان خەبات بکەن، بەلآم

---

[١٥٠] جلال الطالبانی ، س .پ ، ل١٢٧ ؛ غەنی بلوریان ، س.پ ، ل٥٨.

[١٥١] ئەحمەد مەحمود عەلی ،س.پ، ل٤٢٥ .

[١٥٢] حەسەن ئەرفەع ،س.پ،ل١٢٩ .

[١٥٣] د.یاسین سەردەشتی ،س.پ،ل١٤١ .

قازی محەمەد ڕازی نەبوونی خۆی لەمەڕ بابەتەکە خستبووە ڕوو، بەبیری هێنابونەوە، کورد نایانەوێت بەشێك بن لە ئازەربایجان، بەڵکو هیوادارن بتوانن لەگەڵ کوردانی تری تورکیا و عێراق یەکگرن و کۆماری کوردستانی سەربەخۆ دامەزرێنن(١٥٤). دوای مشتومڕێکی زۆر و گفتوگۆی ورد لە نیوان شاندی میوان و باقرۆفدا، سەرئەنجام باقرۆف ڕەزامەندی پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتیەکی کوردی لە مەهاباد پێدابوون بە مەرجی گۆڕانی (ژ.ك) بۆ (ح.د.ك.أ) و وازهێنان لە دەوڵەتی سەربەخۆ و مانەوە لە چوارچێوەی ئێران، لە بەرامبەردا شاندی میوان بۆ پارێزگاریکردن لەو خودموختارییەی داهاتوو، داوای چەك و جبەخانە و یارمەتی دارایی، وەرگرتنی خوێندکاری کورد لە زانکۆی سەربازی تەورێز و ناردنی چاپخانە بۆ شاری مەهابادیان لە باقرۆف و لێپرسراوانی سۆڤێت کرد(١٥٥).

بەم جۆرە سۆڤێت لە چوارچێوەی گۆڕانکاریەکان، بەشێك لە داخوازییەکانی کۆمەڵەی (ژ.ك) بۆ (ح.د.ك.أ) جێبەجێکرد وەك ناردنی دەزگایەکی چاپ بۆ مەهاباد، ڕێگای بازرگانی لەگەڵ ئازەربایجان بۆ کردەوە، هاوکاری لە کردنەوەی خوێندنگەی کوردی لە شارەکانی مەهاباد، بۆکان و شنۆ کرد، لەگەڵ حزبی (تودە) و (فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان) پەیوەندییەکانی بۆ دیموکراتیزەکردنی ئێران بۆ ئاساییکردەوە، لەلایەکی ترەوە هاتنی بارزانیەکان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی بە چەك و تفاقی تەواوەوە بۆ ناوچەکە و دامەزراندنی کۆماری ئازەربایجان لە تشرینی دووەمی ١٩٤٥ لەلایەن فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانەوەو خۆبەدەستەوەدانی لەشکری ٣ی تەورێز و چەند یەکەیەکی لەشکری ٤ی ورمێ هەموو ئەمانە لە کاتێکدا بوون، قازی محەمەد بۆ چارەسەرێك دەگەڕا هەم وەك بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی، کورد پارێزگاری لەمافەکانیان بکەن و هەم نەچنە ژێردەستی فەرمانڕەوایی ئازەربایجانەوەو لایەنگری سۆڤێتیش بەدەستبێنن، هاوکات لە ململانیەی هاوپەیمانان لەگەڵ سۆڤێت و ناکۆکیەکانی سۆڤێت لەگەڵ دەسەلاتی ناوەندی ئێران، کە سەروەری خاکی ئێرانی پێشێل کردبوو سود وەربگرن(١٥٦).

ئەو گۆڕانکاریانەی، ڕوویاندا دەرفەتێکی گرنگیان بۆ ڕێبەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕەخساند ئەوانیش بە خواستە نیشتمانی و نەتەوەییەکانیان بگەن، کە داگرتنی ئالای ئێران لەسەر بینا و باڵەخانە دەوڵەتیەکانی ڕژێمی ئێران لە شاری مەهاباد لە ١٩٤٥/١٢/١٥، هەڵکردنی ئالای کوردستان لە ١٩٤٥/١٢/١٧ لەسەر بینای چوارچرای شاری مەهاباد بوو. لەم ڕووەوە گۆڤاری کوردستان لەژێر سەردێڕی (هەڵکردنی ئالای موقەدەسی کوردستان لە مەهاباد) نووسیویەتی: "هەروەکو لەپێش دەرهاتی

---

(١٥٤) حەسەن ئەرفەع ،س.پ ،ل١٣٠ .

(١٥٥) ئەحمەد مەحمود عەلی ، س . پ ، ل٤٢٦ .

(١٥٦) حامید گەوهەری ،س.پ، ل١٤٤–١٤٥ .

کوردستاندا عەرزکرا، ڕۆژی ٢٤ی سەرماوەرز تەواوی نوێنەرەکانی ئەهالی کوردستان لە شاری مەهاباد کۆبوونەوەو، لە کاتژمێر ١٠ی بەیانی لە کانگای حیزب لە شاری مەهاباد ئاڵای کوردستان بە حوزوری ١٠ هەزار نەفەر هەڵکرا ........."[١٥٧].

هاوکات لە شاری نەغەدەش لە ٢٦ی سەرماوەرز بەرامبەر ١٩٤٥/١٢/١٩ لە ئاپۆڕایەکی جەماوەری بەرفراواندا بە ئامادەبوونی حوسێن فرۆهەری سەرۆکی پێشووی کۆمەڵەی (ژ.ك) مەراسیمی هەڵکردنی ئالاّ ئەنجامدرا، ناوبراو وتاری بۆنەکەی خوێندەوە، لە شارۆچکەی بۆکانیش لە ٧ی بەفرانبار بەرامبەر ١٩٤٥/١٢/٢٨ مەراسیمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ئەنجامدرا و، ئاڵای ئێران، کە سونبولی دەسەڵاتی ناوەندی و هێمای زوڵم و زۆری دەسەڵاتی شاهنشایی بوو لە تەواوی شار و شارۆچکەکانی موکریان هێنرایە خوارەوە[١٥٨].

(ح.د.ك.ا) لە یەکەمین کۆنگرەی خۆیدا کە لە ٢٣ تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ لە مەهاباد بەستیان، پەیڕەو پرۆگرامی حیزب ڕاگەیەنرا، کە پێکهاتبوو لە چوار بەش و بیست و دوو ماددە، هەروەها بەیانێکی فەرمی بە بۆنەی دامەزراندنی حیزبەوە بلاّوکرایەوەو لە هەشت خاڵدا گرنگترین ئامانجەکانی حیزبی خستەڕوو[١٥٩]. سەبارەت بە مەرامنامەی (ح.د.ك.أ)، بەشی هەرە زۆری خواست و پێداویستیەکانی کۆمەڵگای کوردەواری ئەوسای لە خۆ گرتبوو، وەك داکۆکیکردن بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە چوارچێوەی ئێران، بەدەستهێنانی خودموختاری میللی و نەهێشتنی جیاوازی نەتەوایەتی و نەژادی لە نێوان کورد، ئەرمەنی ، ئاشوری و ئازەری، هەروەها لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ، دامەزراندنی حکومەتێکی بنکە فراوانی جەماوەری، کە بتوانێت خواستەکانی میللەتی کورد بۆ ژیانێکی شایستە و باشتر جێبەجێبکات وەك، گەشەپێدانی کشتوکاڵ و دابینکردنی بازاڕ و هەلی کار وساغکردنەوەی بەرهەم و بەدەستهێنانی کارگەی پیشەسازی و دەرهێنانی سامانی ژێر زەوی و ڕێکخستنی باج لە نێوان دەسەڵاتی ناوچەیی و ناوەندیی و بەکارهێنانی لە بواری گەشەپێدانی ڕۆشنبیریی و فەرهەنگی و کەلتور و زمانی کوردی لە خوێندن و دامودەزگا دەوڵەتیەکاندا، هەوڵدان بۆ بەگژداچوونەوەی نەخوێندەواری بە ڕێگای

---

[١٥٧] سەبارەت بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە شارەکانی مەهاباد و بۆکان و نەغەدە بڕوانە : کوردستان (گۆڤار) ، ژمارە ٢ ،ساڵی یەکەم ، ١٩٤٥/١٢/٢١ ؛ کوردستان ( گۆڤار) ، ژمارە ٣ ، ١٩٤٦/٣/٢١، ل٢٠– ٢١ ؛ هەلاّلە ( گۆڤار) ، ژمارە ١، ساڵی یەکەم ، بۆکان ، ڕەشەمێی ١٣٢٤ ، ل ٢٢ .

[١٥٨] نەوشیروان مستەفا ئەمین ،س.پ ،ل ل ٩٧–١٠٢

[١٥٩] مجتبى مقصودی، قومیت ها و نقشی انان در تحولات سیاسی سلطنت محمد رضا پهلوی ، انتیشارات : مرکز اسناد انقلاب اسلامی ، تهران– ١٣٨٢ش ، ص ص ١٥٠– ١٥٨ ؛ محمد طه الجبوری ، تاریخ الحزب الشوعی الایرانی (توده) ، رسالة ماجستیر غیر منشورة ، معهد دراسات الاسیویة والافریقیة ، جامعة المستنصریة ، بغداد – ١٩٨٨، ص٥٩ .

خوێندنی زۆرەملێ، فەراهەمکردنی خوێندن بۆ قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیی ....هتد. ئەو ڕەخنەیەی لەم مەرامنامەیە گیراوە ئەوەیە، باسی چارەسەری بۆ کێشەی موڵکدارە گەورەکان و جوتیارانی بێزەوی نەکردووە[١٦٠]. لە لایەکی ترەوە لە مەرامنامەکەدا باسی لە (خودموختاری میللی) کردووە لەچوارچێوەی ئێراندا هیچ سنورێکی بۆ کوردستانی خودموختاری دیارینەکردووە، جگە لەوەش سەبارەت بە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی و چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵات و شێوازی چەسپاندنی یاسا لە کوردستان بە گوێرەی یاسای ئەیالەت و ویلایەت، کە لە دەسەڵاتی خودموختاری کەمترە، شتێکی ئەوتۆی باس نەکردووە [١٦١] .

## باسی دووەم/ پەرەسەندنی خەباتی ڕزگاریخوازی لە ئازەربایجان .

### ١- دامەزراندنی حیزبی (تودە) و هەڵوێستیان بە رامبەر کێشەی کورد .

پارتی تودە بە میراتگری پارتی (کۆمۆنیستی) ئێران دادەنرێت، هەرچەندە پارتی کۆمۆنیستی پێشتر لە پارتی (عدالت/ دادپەروەری) جیابوەتەوە، پارتی کۆمۆنیستی لە ساڵی ١٩١٧ لە باکۆی پایتەختی ئازەربایجانی سۆڤێت دامەزراوە، ئەم پارتە لە ئێرانیش خەبات و چالاکی کردووە، لە ١٩٢٠/٦/٢٢ یەکەم کۆنگرەی لە ئێران بەستووە، ژمارەیەکی بەرچاو دۆست و لایەنگر و ئەندامی هەبووە، بەڵام بەهۆی فشارەکانی ڕەزا شاوە ناچاربوون بەنهێنی لە پشت پەردەوە درێژە بە خەبات بدەن، وێڕای تۆکمەیی و نهێنی پارێزی، ڕەزاشا گورزێکی کوشندەی لە سەرانی حیزب وەشاند و توانی بە هاوکاریی پۆلیسی نهێنی، (تەقی ئارانی) و ٥٣ کەس لە شوێنکەوتووەکانی دەستگیربکات و بە سزای ٣-١٠ ساڵ زیندانیکردن، تەقی ئارانی لەساڵی١٩٤٠ لە زینداندا گیانی لەدەستدا، بەڵام هاوکارەکانی دوای داگیرکردنی ئێران لەلایەن بەریتانیا و سۆڤێتەوە لە ئابی ١٩٤١ ئازادکران[١٦٢].

دوای ئازادبوونی سەرکردەکانی پارتی کۆمۆنیستی و گەڕانەوەی دوورخراوەکان، ئەم گروپە هەوڵەکانیان بۆ کۆکردنەوەی لایەنگرانی ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستی چڕتر کردەوە، لە ٢٩ی ئەیلولی ١٩٤١، دوای تەنها سیانزدە ڕۆژ لە لادان و دوورخستنەوەی ڕەزاشا پارتێکیان بە ناوی (حیزبی تودە/ پارتی جەماوەر) بە سەرۆکایەتی سلێمان میرزا ئەسکەندەر دامەزراند، ئەم پارتە لە ١٩٤١/١٠/٩ لە تاران یەکەم

---

[١٦٠] نەوشیروان مستەفا ئەمین، س.پ ، ل٩٥ .

[١٦١] عەبدولرحمان قاسملوو ،اربعون عاما......، ص٨٠ .

[١٦٢] محمد وصفي ابومغلى ، الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران ١٩٠٥-١٩٨١ ، مركز دراسات الخليج العربي، جامعة البصرة - ١٩٨٥، ص٢٤ .

کۆنفرانسی بەست[١٦٣]، حیزبی تودە بوو بە دیارترین هێزی سیاسی ئێران بەتایبەتی دوای دوورخستنەوەی ڕەزاشا و گەڕانەوەی زیاتر لە پەنجا کەسایەتی مارکسی و سەرۆکی سەندیکایی، کە پێشتر بۆ دەرەوەی ئێران دوورخرابوونەوە، بە گەڕانەوەیان بەرگێکی نوێیان بە بەر خەباتی سەندیکای و چالاکی ڕێکخراوەیی کرد[١٦٤]، حیزبی تودە توانی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ژمارەیەکی زۆر لە دۆست و ئەندام و لایەنگر لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە تا ساڵی ١٩٤٣ ژمارەی ئەندامەکانی بۆ ٢٠٠،٠٠٠ هەزار کەس بەرزبوەوە[١٦٥]، بەمەش بوو بە باشترین و تۆکمەترین پارتی سیاسی ئێران لە ڕووی ڕێکخستنەوە، دەستی بە سەر شانۆی سیاسی زۆربەی شارە گەورەکان بە تارانی پایتەختیشەوە گرت[١٦٦].

حیزبی تودە لە ساڵی ١٩٤٢ ڕایگەیاند ئامانجی سەرەکیان بریتی یە لە جێبەجێکردنی یاسای بنەڕەتی ئێران (دەستور)، ڕووبەڕووبونەوەی دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی و بەگژداچوونی سیاسەتی زوڵم و زۆر و سەرکوتکاری، کە سیماکانی دەسەلاتی ڕەزاشا بوون[١٦٧]. ئامانجیان پارێزگاریکردن بوو لە ئازادییە بنەڕەتیەکان و مافی هاووڵاتیان و گەلی ئێران بەگشتی و بەشداریکردن لە خەباتی بەرەی دیموکراسی جیهانی بۆ بەگژداچوونەوەی دیکتاتۆریەت و فاشیزم [١٦٨] .

دەستەی دامەزرێنەرانی حیزبی تودە لەڕۆشنبیرە مارکسیەکان و کۆمۆنیست و سۆشیال دیموکراتەکان و کەسانی میللی و ئازادیخوازی وەك (میرزا سلێمان ئەسکەندەری، ئیرەج ئەسکندەری، ڕەزا رۆستە، ئەردەشیر ئاوانسیان، د.مورتەزا یزیدی، د.رامتش، مەحمود یەقراتی و خەلیل مەلەکی ....هتد) پێکهاتبوون[١٦٩]. حیزبی تودە هەر لەسەرەتاوە لەسەر داوا و خواستی سۆڤێت دامەزرا بوو ئەمەش دوای داگیرکردنی بەشێکی خاکی ئێران لەلایەن لەشکری سورەوە لە ١٩٤١/٨/٢٥، بەرپرسانی نێونەتەوەیی کۆمۆنیست (کۆمێنترن)، مەسەلەی دامەزراندنی پارتێکی سیاسی هەڵگری ئامانج و داکۆکیکاری

---

[١٦٣] هونك تاهفندی ، الحزب الشوعي الايرانی (توده) ١٩٤١–١٩٨١، ترجمة: عبدالواحد ناظم جاسور ، معهد دراسات االفريقية و الاسيوية ،جامعة المستنصرية ، بغداد –١٩٨٦ ،ص ص ٨–١١ ؛ احمد شاكر عبد العلاق: الاحزاب و المنظمات السياسية فی ايران ١٩٦٣– ١٩٦٩ دراسة تاريخية، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة الكوفة– ٢٠١٢ ، ص١٢ .

[١٦٤] محمد علی همايون كاتو زيان، مصدق و مبارزات برای قدرت در ايران ، بي.جا، بي.تا، ص٦٤–٦٥.

[١٦٥] محمد وصفی ابو مغلی، نفس المصدر ، ص٢٨.

[١٦٦] طاهرخلف البكاء ،التطورات الداخلية في ايران .....،ص٩٧

[١٦٧] د.یاسین سەردەشتی و بەرزانی مەلا تەها ، مێژووی هاچەرخی ئێران، چاپی دووەم، چاپخانەی سایە، سلێمانی– ٢٠١٠، ل١٨٦.

[١٦٨] ابراهيميان ،م.،س، ص٢٥٤ .

[١٦٩] د.یاسین سەردەشتی ، سەرەنجێکی گشتی لە دامەزراندنی حیزبی تودەی ئێران و پەرگرتنی لە ساڵانی ١٩٤١–١٩٤٦، دۆسیەی ئێران (گۆڤار) ، ژمارە ١، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی ، سلێمانی – کانوونی دووەمی ٢٠٠٦، ل٣٠.

بەرژەوەندییەکانی سۆڤێت بێت لەو بارودۆخە نوێیەی ئێران تاوتوێکرد، بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبونەوەی ئەزمونی شکستخواردووی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێران بڕیاری دامەزراندنی حیزبێکی جەماوەریاندا، کە بتوانێت سەرجەم چین و توێژە کۆمەڵایەتیەجیاوازەکانی کۆمەڵگای ئێرانی لە خۆی کۆبکاتەوە، لەلایەکی ترەوە دامەزراندنی پارتێکی خاوەن ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستی بە گوێرەی یاسای ساڵی ١٣١٠ھ/ (١٩٣١) قەدەغە کرا بوو، هاوکات بە ئەندامبوون لە پارتێکی لەو شێوەدا هەر کەسێك بوایە ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەبوەوە. هەرچەندە تودە میراتگر و دریژە پێدەری پارتی کۆمۆنیستی بوو، بەڵام وەك پارتێکی ڕێپێدراوی یاسایی دەستی بە کارەکانیکرد[١٧٠].

حیزبی تودە بوو بەکارتی فشار بە دەست سۆڤێتەوە، کە دژی دەسەڵاتی ناوەندیی و بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا لە کاتی پێویستدا بەکاریدەهێنا، باشترین بەڵگەش داکۆکی و پێداگرییەکانی حیزبی تودە بوو بۆ پێدانی جیاووکی نەوتی باکور بە سۆڤێت، بۆ ئەم مەبەستە چەندین خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، توانیان شەقام و گۆڕەپانەکانی ئێران پڕ بکەن لە دەنگی ناڕەزایی دژی حکومەتی ئێران، کە ڕازینەبوو ئەم جیاووکە بە سۆڤێت بدات [١٧١]. لە هەمانکاتدا خۆپیشاندەرانی تاران لەلایەن ئۆتۆمبیلی سەربازی سوپای سورەوە پارێزگارییان لێدەکرا[١٧٢]. بە هۆی فشاری سۆڤێت و ئەو ئاژاوەو ئالۆزییانەی حیزبی تودە ئەنجامیدا، حکومەتەکەی محمد ساعیدی ناچار بوو لە ١٩٤٤/١٠/٩ دەست لە کاربکێشێتەوە، لەلایەن (مورتەزا قلی بیان) ەوە حکومەتێکی نوێ پێکهات[١٧٣] .

حیزبی تودە سەرەتا وەك حیزبێکی دیموکراتی لیبراڵی ڕیفۆرمخواز، نەك شۆڕشگێڕی ڕادیکاڵی کۆمۆنیست هاتە مەیدان، وەك حیزبی هەموو چین و توێژە ئازادیخواز ومۆدێرنەکان دەستی بە خەباتکرد، بە گوێرەی پێداویستی و گۆڕانکاریەکانی دەرەوەو ناوەوەی ئەو کاتەی ئێران سیاسەتی خۆی لەمەڕ مەسەلە ستراتیژییەکان داڕشت، لەسەر ئاستی ناوخۆ سیاسەتێکی فرەجەمسەری پیادەکرد، کە بەرگریکردن بوو لە بەرژەوەندیی نیشتمانی بە گوێرەی دەستور و یاسای بنەڕەتی ئێران و کارکردن بۆ

---

[١٧٠] مؤسسه مطالعات و پژوهشهای سیاسی، حزب توده از شکل گیری تا فروپاشی (١٣٢٠-١٣٦٨)، چاپ اول ، تهران - ١٣٨٠ ، ص١٨٩.

[١٧١] جورج کیرك ، موجز تاریخ الشرق الاوسط ، ترجمة : عمر الاسکندری .مراجعة : سلیم حسن ، دار الطباعة الحدیثة ، القاهرة -١٩٥٧، ص٤٠٣ .

[١٧٢] جامی، گذ شته چراغ راه اینده اسکت ( تاریخ ایران در فاصله دو کودتا ١٢٩٩-١٣٣٢) ، انتشارات فقنوس ، تهران- ١٣٨١، ص٢٠٣ .

[١٧٣] باقرعلی، شرح حال رجال سیاسي و نظامي معاصر ایران، جزء الاول، ب.م، ب.ت، ص ٣٥٢ .

فەراهەمکردنی دیموکراسی و ئەنجامدانی چاکسازی ئابووریی و کۆمەڵایەتی، کارکردن بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی و چەسپاندنی لە یاسای کار، پاکسازی دامودەزگاکانی دەوڵەت لە پیاوانی شاهنشایی و فاشیستە ڕەگەزپەرستەکان، چەسپاندنی ماف و ئەرکی سەرجەم گەلانی ئێران بێ جیاوازی، لەسەر ئاستی دەرەوەش پشتیوانیکردن لە بەرەی دیموکراتی جیهانی، بەگژداچوونی فاشیزم و ئیمپریالیزم، پاراستنی یەکێتی خاك و سەروەریی نیشتمانی ئێران و پتەوکردنی پەیوەندییەکانیان بوو لەگەڵ بەرەی دیموکراتی جیهانی(١٧٤).

لە پاش بەستنی یەکەم کۆنگرەی حیزب لە مانگی تشرینی یەکەمی ( ١٩٤٢) دا، کە بە ئامادەبوونی ٣٩ چاودێری پارێزگاکان و ٨٧ نوێنەری تاران بەڕێوەچوو، خواست و دروشمەکانی تودە بە شێوازێکی گشتگیر و ئاشکراتر دەرکەوتن، خواستە ئابووریی و کۆمەڵایەتیەکانی چینی زەحمەتکێشان وەك ڕێکخستنی کار بەگوێرەی یاسای کار و دیاریکردنی هەشت کاتژمێر بۆ کارکردن، پشووی هەفتانەی ڕۆژی هەینی، دەستەبەرکردنی بیمەی بێکاری، دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی هەرزان لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ کەمدەرامەتەکان، یاسای خانەنشینی و قەدەغەکردنی کاری منداڵان . سەبارەت بە جوتیارانیش، دووبارە دابەشکردنەوەی زەوی دەوڵەت و موڵکدارە گەورەکان بەسەر جوتیارانی بێ زەویدا هەروەها دامەزراندنی بانقی کشتوکاڵی و دەستەی هەرەوەزی، کردنەوەی دەرمانخانە و قوتابخانە لە گوندەکان.....هتد هەموو ئەمانە لە بەرنامەی حیزبی تودەدا جێگیرکران(١٧٥).

سەرەڕای فراوانبوونی پێگەی جەماوەری تودە و ڕێکخستنەکانی و کردنەوەی لق و بارەگا لە زۆربەی شارە گەورەکانی باکور و باشوری ئێران، کە شوێنی نیشتەجێبوونی گەلانی ئێران بوو لە ڕەگەز و نەتەوە جیاوازەکانی وەك (کورد، ئازەر، بلوچ، فارس و عەرەب ....هتد)، بەڵام تودە نە لە بەیاننامەی ڕاگەیاندنی حیزب و نە لە مەرامنامەی کۆنفرانسی یەکەمی ساڵی (١٩٤١) دا، نە لەو بەرنامەیەی، فراکسیۆنی تودە پێشکەشی مەجلیسی چواردەهەمی کردبوو، بەهیچ شێوەیەك کێشەی نەتەوایەتی و خواست و داواکاریی هەرێمە نافارسەکانی ئێرانی باس نەکردبوو، هۆی ئەم بێهەڵوێستیەی تودە بە پلەی یەکەم بۆ تێڕوانینی تودە لەمەڕ ئەو مەسەلانە دەگەڕێتەوە، کە بڕوای بە سەربەخۆی و یەکێتی خاکی ئێران هەبوو، ئەمەش لە لایەك چاوپۆشی لە زوڵم و ستەمکاری سەردەمی شاهنشایی بوو، لەلایەکی ترەوە پالپشتی بۆ ئایدۆلۆژیای فارسە ناسۆنالیستەکان بوو، کە دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوابوون، بە بێبەشکردنی

---

(١٧٤) د.طاهر خلف البكاء ، م.س، ص٩٣ .

(١٧٥) يرواند ابراهاميان ، ايران بين دوو انقلاب آز مشروطة تا انقلاب اسلامى، ترجمة: كاظم فيروزمند، حسن شمش آورى، دكتر محسن مير شانهچى، نشر مركز، تهران – ١٣٧٨ ، ص٢٥٥–٢٥٦.

میللەتانی تری ئێران، جگە لە فارس لە حوکمڕانیدا، کە سەرچاوەی هەموو ئالۆزی و کێشەکانی تری ئێرانبوون[١٧٦]. تودەییەکان لە ناخەوە بڕوایان بە سەنتراڵیزم و فارسگەرایی هەبووەو خەباتیان لەو پێناوەدا کردووە، بۆیە لە کاتی کۆنگرەی ساڵی ١٩٤٤ دا، ژمارەیەك لە نوێنەرە غەیرە فارسەکانی تودە گلەیی و گازەندەیان لە حیزب کردبوو، یەکێك لەو ٤٤ نوێنەرە ئازەریانەی، کە بەشداری کۆنگرەیان کردبوو بە زمانی تورکی ئازەری ڕەخنەی توندی لە کۆمیتەی ناوەندیی حیزب گرتبوو، بە کەمتەرخەم و بێباك لە ئاست خواست و نەهامەتیەکانی هەرێم و ناوچە نا فارسەکان وەسفیان کردبوو[١٧٧].

سەبارەت بە هەڵوێستیان بەرامبەر بە کێشەی کورد و پەیوەندییان لەگەڵ ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوە نەتەوەییە کوردیانەی، لەسالآنی جەنگی دووەمی جیهانی دامەزراون، نەك پەیوەندیی دۆستانەیان لەگەڵ نەبەستوون، بەڵکو بە توندی دژی خواست و داواکارییەکانیان ڕاوەستاون، بە تایبەتی کۆمەڵەی (ژ.ك)، کە وەك ڕێکخراوێکی نەتەوەیی بۆ ئازادی کورد و کوردستان تێدەکۆشا، تەنانەت لە کاتی ئەو ڕاپەڕینە چەکدارانەی دژی دەسەلآتی ناوەندیی ئێران لە ناوچەکانی (بانە، ورمێ، هەورامان و مەریوان) دا ڕوویدا، تودە نەك هاوکاریی لانی کەم پشتیوانی لەداوا ڕەواکانیان نەکرد، پێدەچێت بێهەڵوێستی حیزبی تودە سەبارەت بە مافی نەتەوە غەیرە فارسەکان و خواستی هەرێمەکان جگە لەپشتیوانیان بۆ ناوەندگەرایی و فارسگەرایی، هاوکات پشتگیرییان لە بەرقەرارکردنی هێمنی و ئاسایشی ڕێگای هاتوچۆو گواستنەوەی هاوکاری و یارمەتیە جەنگیەکانی بەریتانیا و ئەمریکا بۆ سۆڤێت بووبێت[١٧٨].

شایەنی باسە بەرپرس و نوێنەرانی سۆڤێت پەیوەندیی نزیك و پتەوییان لەگەڵ بەرپرس و ڕێبەرانی تودەدا هەبووە، تەنانەت هەوڵیانداوە لە بەرژەوەندی تودە لە کوردستان بنکەی جەماوەری دروستبکەن و خەڵکی لە کۆمەڵەی (ژ.ك) دووربخەنەوە، ئەگەر بۆیان بلوێت مۆرکە نەتەوایەتیەکەی (ژ.ك) لێکەنەوەو ئەوانیش بخەنە ژێر سێبەری خۆیانەوە، بۆ ئەم مەبەستە داواییان لێکردون بچنە ژێر سێبەری تودەوە[١٧٩].

---

[١٧٦] دۆسیەی ئێران(گۆڤار) ، س.پ ، ل٣٥.

[١٧٧] یرواند ابراهامیان ، م.س، ص٣٥٨ .

[١٧٨] حوسێنی مەدەنی ، س.پ، ل٢٣٢-٢٣٣.

[١٧٩] د.یاسین سەردەشتی، هەڵوێستی حیزبی تودە لە حاست کێشەی نەتەوایەتی کورد لە ئێران (١٩٤١-١٩٨٣) ،سلێمانی-٢٠٠٦، ل ١٧-١٨ .

### ٢- دامەزراندنی (فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان ) و ستراتیژ و بەرنامە و کاری حیزب

ئازەربایجان دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژهەلاتی ئەو مەڵبەندەی بە ناوچەکانی ئەودیوی قەفقاس ناسراوە بە چەندین ولات دەوەرە دراوە، لە باکور داغستان، لە باکوری ڕۆژئاواوە جۆرجیا، لە باشوری ڕۆژئاواوە ئەرمینیا و تورکیا، لە باشوریشی کوردستان، هەروەها بەشێکی بنەڕەتیش لە لێوارەکانی باشور و ڕۆژئاوای قەزوین پێك دێنێت، کە بەگەورەترین دەریای داخراوی جیهان دەژمێرێت. ڕووبەری ئازەربایجان بە نزیکەی ١٨٦هەزار کیلۆمەتر دووجا دەخەملێنرێت، نزیکەی ٨٧ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەی دەکەوێتە سۆڤێتەوە، ئەوی تریشی دەکەوێتە ناو ئێران و بەشەکانی باکوری ڕۆژئاوای پێکدێنێت ، ئازەربایجانیەکان بە دانیشتوانی ڕەسەنی ئەو ناوچەیە دادەنرێن کە پێشتر بە ئەترۆپاتین و ئەلبانیا و قەفقاس ناودەبرا[(١٨٠)].

ئازەربایجان خاوەنی مێژوویەکی دوورو درێژە لە خەبات و ڕووبەڕووبونەوەی دەسەلاتە داگیرکەر و ستەمکارەکان، هەر لە کۆنەوە دەستە و تاقمی جیاواز چاوی تەماحکاریان بڕیبووە ئەم ناوچەیە، لە سەدەی سێیەم و چوارمدا زاینیدا ئازەربایجان بووە گۆڕەپانی شەڕی نێوان ساسانیەکان و ڕۆمانیەکان، هەروەها لە سەدەی یانزدەهەمدا سەلجوقیەکان، پاشان لە چلەکانی سەدەی سیانزدەوە کەوتەبەر شالاوی مەغۆلەکان، دواتر هەردوو دەوڵەتی قەرە قۆینلۆ و ئاق قوینلۆ لەم ناوچەیەدا دامەزراون و فەرمانڕواییان کردووە، بەڵام دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی لەلایەن شا ئیسماعیلی سەفەوی گرنگی و پێگەی ئەم ناوچەیەی زیاترکرد بە جۆریك، کە بووبە مەڵبەندی ئەو دەوڵەتە تازەیەی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دروستبوو. خەباتی بەردەوامی خەڵکی ئازەربایجان بۆ ڕزگاربوون لە دەسەلاتی ناوەندیی و بەدەسهێنانی خۆریبەری لە گەشەکردنی قۆناغ بە قۆناغ بەردەوامبوو، ئازەرییەکان دوایی کوژرانی نادرشا لە شوباتی (١٧٤٧) دا، لاوازبوونی دەسەلاتی ناوەندیی ئێران توانیان چەندین میرنشینی نیمچەسەربەخۆ دامەزرێنن وەك : (قەرەپاپاغ و شەکی، شیروان، گەنجە، باکۆ، دەربەند، تەورێز، ئەردەبیل، مەراغە) زۆر میرنشینی تریش. لە دوایی شەڕەکانی (١٨٠٤-١٨١٣) و (١٨٢٦-١٨٢٨) نێوان ڕوسیا و ئێران، ئازەربایجان بۆ نزیکەی دوو بەشی یەکسان دابەشبوو، بەشێکیان بەر ڕوسیا کەوت، بەشەکەی تریان لە ئێراندا مایەوە، سیاسەتی شۆڤێنی دەسەلاتداران و فەرمانڕوایانی ئێران بەرامبەر

---

(١٨٠) د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و ئازەر لە ئێران، وەرگێڕانی : ئازاد عوبێد سالح ،چاپی یەکەم،هەلێر- ٢٠٠٤ ، ل٥٩.

خەڵكی ئازەربایجان بۆ سەرجەم پایەكانی سیاسی و ئابووریی و كۆمەڵایەتی پەلیهاوێشت و بووە پاڵنەری سەرەكی چەندین بزوتنەوەو ڕاپەڕین دژی دەسەڵاتی ناوەندیی[181].

ئازەریەكان لە زۆربەی شۆڕش و ڕاپەڕین و تەنانەت مانگرتن و خۆپیشاندان دژی دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران بەشداری ڕاستەقینە و كاریگەرییان هەبوو، بەتایبەتی لە شۆڕشەكانی دەستوری و بزوتنەوەی خیابان (١٩٠٤– ١٩١١)، بەڵام بە هاتنی ڕەزاشا بۆ سەر تەختی دەسەڵات تا ڕادەیەكی زۆر گەلانی غەیرە فارس ڕووبەڕووی سیاسەتی سەركوتكاری و داپڵۆسان بونەتەوە، رەزاشا بە شێوەیەكی زۆر دلڕەقانە سیاسەتی كپكردنەوەو لە ناوبردنی هەرجۆرە جموجوڵێكی سیاسی و مەدەنی لە هەموو هەرێمەكانی ئێراندا پیادەكرد، وەك پەراوێزخستنی هەرێمەغەیرەفارسەكان لە ڕووی خزمەتگوزاریەوە، پێشێلكردنی مافە نەتەوەیی و كەلتوری و فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و ئابوورییەكانیان، ژمارەیەكی زۆر خەڵكی تێكۆشەر و ڕووناكبیری ئازەربایجان لە دادگا سەربازییە تایبەتیەكان فەرمانی مردن یان زیندانی هەمیشەییان بەسەردا سەپێنراوە[182].

كاتێك هێزەكانی سۆڤێت دەستیانگرت بەسەر ناوچەكانی باكوری ئێران، هەرێمی ئازەربایجان بوو بە بەشێك لە قەڵمڕەوی دەسەڵاتداریێتی سۆڤێت لە ئێران، بەمەش خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی ئازەری لە سالآنی جەنگی دووەمی جیهانی بەرەو قۆناغێكی تازە لە خەباتی سیاسی و چەكداریی گەشەیكرد، كە تادروستكردنی دەسەڵاتی خودموختاری درێژەی هەبوو، بەتایبەتی دوای ڕووخانی ڕەزاشا و هەڵوەشانەوەی سوپای شاهنشایی، هەرێمی ئازەربایجان بە كردەوە كەوتە ژێر سابات و دەسەڵاتی سۆڤێتەوە، حكومەتی تاران دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی لەو هەرێمەدا لە دەستدا[183].

لە ڕاستیدا ئازەربایجانی ئێران لە بارودۆخێكی زۆر ناهەموار و سەختدا بوو، نائومێدی و بێزاریی باڵی بە سەر زۆربەی خەڵكەكەیدا كێشابوو، بۆیە كاتێك محەمەد ڕەزاشا هاتە سەر تەختی دەسەڵات داوایكرد چاكسازی بەپەلە و بنەڕەتی لە هەرێمی ئازەربایجان ئەنجامبدرێت[184]. لەدوای كەوتنی رەزاشا و لاوازی حكومەتی ناوەندیی، كۆمەڵێك پارت و ڕێكخراوی سیاسی دامەزران، یەكێك لەوپارتانەی لە ئازەربایجان دروستبوو، خاوەندارێتی لە ماف و دەنگ و رەنگی ئازەرییەكان كرد، لەپێناو خواستە نەتەوەییەكان و بۆ بەدەستهێنانی خۆڕیبەری خەباتیكرد، (فیرقەی دیموكراتی ئازەربایجان) بوو، كە لە

---

(181) كمال مظهر احمد، دراسات في تاريخ ......، ص ص ١٩٣– ١٩٥ .

(182) د. كەمال مەزهەر ئەحمەد، خەباتی ڕزگاریخوازی .....،ل٨٦–٩١ .

(183) حوسێنی مەدەنی، كوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، ل١٥٧–١٥٨ .

(184) عبد الهادى كريم سلمان ، م.س ، ص١٣٠.

ئابی (١٩٤٥) دا دامەزرا، ژمارەی ئەندامەکانی تا کۆتایی هەمان ساڵ گەیشتە ٧٠ هەزار ئەندام، کە پاڵەو جوتیار و کرێکار زۆربەی ئەو ڕێژەیان پێکدەهێنا، لەگەڵ چەند هەزار کەسێك لە ڕۆشنبیران و بازرگانان[١٨٥].

دوای پەرەسەندنی ڕووداوەکانی ئازەربایجان و شکستی حیزبی تودە لە کوردستان، سۆڤیەتیەکان دەستیانکرد بەجێبەجێکردنی بەرنامەیەکی تازەو کراوە، کە لە لایەکەوە لکاندنی ناوچەکانی باکوری ڕۆژئاوای ئێران بوو بە یەکێتی سۆڤێتەوە بێئەوەی تەنگ بە حیزبی تودە هەڵچنێ لە جێگاکانی تری ئێران، لە لایەکی ترەوە حیزبێکی سەربەخۆ دامەزرێنی و شۆڕش بەرپا بکات و سەربەخۆیی هەرێمی ئازەربایجان ڕابگەیەنێ و داوای جیابونەوە لە ئێران بکات[١٨٦]، هاوکات لەم ڕێگەیەوە فشار بخاتە سەر ئێران و ناچاریکات، تاکو بەرژەوەندییە جیاوازەکانی سۆڤێت لە ئێران لەبەرچاو بگرێت[١٨٧]. (ئەحمەد یاقوبۆف) ی ڕاوێژکاری باڵوێزخانەی سۆڤێت لە تاران، لە سەرەتای مانگی ئابی (١٩٤٥) دا لەسەربڕیاری (پۆلتبیرۆ/ مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤێت) و (باکۆ) بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە و ئامادەکاری سەرەتایی بۆ دامەزراندنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان سەردانی تەورێزی کرد[١٨٨].

گرنگترین ئەو کۆسپ و تەگەرانەی لە بەردەم دامەزراندنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لەمپەربوون، حیزبی تودەی ئێران و (ئەردەشیرئاوانسیان) ی سەرۆکی تودەی ئازەربایجان بوو[١٨٩]، کە دژی دروشمی ڕزگاریخوازی فیرقەی دیموکرات بوو، ڕێگری لەچوونی بازرگانان، پیشەکاران، موڵکدارەکان بۆ ڕیزی فیرقەی دیموکرات کرد، بۆ ئەومەبەستە تودەییەکانی ئازەربایجان زنجیرەیەك کاری تێکدەرانەیان کرد، خراپترینیان (ڕووداوەکەی لیقوان) بوو[١٩٠].

---

[١٨٥] د.یاسین سەردەشتی و بەرزانی مەلا تەها، مێژووی هاوچەرخی ئێران .....،ل١٨٨-١٨٩ .

[١٨٦] ئارچی ڕۆزفلت ،س.پ، ل١٥

[١٨٧] د.یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران .....،ل١٤١ .

[١٨٨] حامید گوهەری، س.پ، ل١٠١ .

[١٨٩] ئەردەشیر ئاوانسیان لە ساڵی ١٩٠٥ لە ئازەربایجانی ئێران لە دایك بووە، سەر بە چینی ناوەند بوو، لە زانکۆی مۆسکۆ بەشی دەرمانسازی خوێندووە، دواتر بووە بە سەرۆکی لقی ئازەربایجانی حیزبی تودە .بڕوانە: حمید رضا فیروزی ،جمهوری کردستان گذری بر چگونگی پیدایش و چرایی فروپاشی، انتشارات نوای دانش، کتابخانه ملی ایران ،چاپ دوم –زمستان ١٣٨٨ ،ص٣٧.

[١٩٠] ڕووداوی لیقوان لە ڕۆژی ١٩٤٥/٨/٩ ڕوویدا، کاتێك سەرۆکی لقی تودەی ئازەربایجان ئەردەشیر ئاوانسیان لەگەڵ ئەمیر خزیی، ڕەزا ڕەزایی، ئەبولفەزل هاشمی و گروپێکی سەد کەسی بۆ کۆبوونەوە ڕۆیشتبوون بۆ لیقوان، هەر لەوێ شەڕ

ئەنوەرخامەیی دەربارەی دامەزراندنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و پشتیوانی سۆڤێت لەو حیزبە باسی لەوە کردووە، کە ستالین بڕیاریدابوو هەموو ئەو دەستکەوتانەی سۆڤێت لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ی ڕوسی لە دەستیدابوون دووبارە بەدەستیانبێنێتەوە، وەك لکاندنی وڵاتانی باڵتیك و چەند وولاتێکی تری دراوسێی بە یەکێتی سۆڤێتەوە، هەروەها پێداگریان لە بەدەستهێنانی جیاووکی نەوتی باکوری ئێران و ڕازینەبوونی حکومەتەکەی ساعیدی ، پاڵنەرێکی تری پشتیوانی سۆڤێت لە دامەزراندنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بوون[١٩١]، بەتایبەتی دوای ئەوەی دەربارەی پێدانی جیاووکی نەوتی باکور وەڵامی نەرێنیان وەرگرتبوو، لەڕێگەی (باقرۆف)ی[١٩٢]سکرتێری یەکەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجانی سۆڤێتی ڕاستەوخۆ دەستیان خستە نێو مەسەلەی ئازەربایجان و بە هاوکاریی تەواوی ئازەرییە کۆچەرییەکان و بەڕێبەرایەتی (جەعفەر پیشەوەری) توانیان فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان دامەزرێنن[١٩٣] .

---

و پێکهەڵپژان لە نێوان حاجی ئیحتیشام لیقوانی خاوەنی گوندەکە و بەشداربوانی کۆبوونەوەکە ڕوویدا بوو، لە ئەنجامدا سێ کەس لەهاوڕێیانی ئاوانسیان و حاجی ئیحتیشام و کوڕەکەی و خزمەتکارێکی کوژرابوون و ماڵو سامانی حاجی ئیحتیشامیش تالآن کرابوو . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : حامید گەوهەری ، کۆماری کوردستان، (٢٢/١/١٩٤٦– ١٧/١٢/١٩٤٦)،چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر– ٢٠١٠، ل١١١–١١٢ .

[١٩١] انور خامە اي، فرصت بزرگ آز دست رفتە ، علم ، تهران – ١٣٦٩ش ، ص٢٢٧.

[١٩٢] جەعفەر باقرۆف لە شاری (کوبە) ی سەر بە پاریزگای باکۆ لە بنەماڵەیەکی جوتیاری لە ئازەربایجان لەدایك بووە لە ساڵی١٩١٧ جێگیری سەرۆکی شوڕشگێڕی شاری کوبە بووە ،لە١٩١٨ لە کاروباری سیاسی و نیزامی باکۆدا چالاکی نواندووە، پاش شکستی سۆڤێت لە ئازەربایجان چۆتە ڕوسیا، لە ساڵی ١٩١٩ ڕاپەڕینی ئاستراخانی بە فەرمانی کیرۆف سەرکوت کردووە، لە سالانی ١٩٢٠–١٩٢٢ جێگری سەرۆکی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی هەرێمی قەرەباغ و کۆمیسەری سەرۆکی دادگای نیزامی سوپای ١١ی سۆڤێت بووە .....تا مردنی ستالین لە ساڵی ١٩٥٣ بەکردەوە کەسی یەکەمی کۆماری ئازەربایجان بووە ......دواتر بە تاوانی تێوەگلانی لە تیرۆرکردنی جەعفەر پیشەوەری لە٧ /٥/١٩٥٦ دەستگیرکراوە، لە پاش دادگایکردنی گوللە باران کراوە . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :نیکۆلآی زینکۆڤیچ ، سەرکردەکان – فەرهەنگی مێژوویی ژیانی مرۆڤە زۆر بەناوبانگەکان ، چاپی ڕوسی ، مۆسکۆ –٢٠٠٤ ، ل٣٦–٣٩.

[١٩٣] انور خامە ای ،س.پ،ل٢٢٧.

جەعفەر پیشەوەری لەساڵی ١٨٩٣ لە گوندی ( زاویە سادان) ی سەر بە (خەڵخاڵ) ی ئازەربایجان لەدایك بووە، لەگەڵ بنەماڵەکەی لە ساڵی ١٩٠٥ ئاوارەی قەفقاسی ڕوسیا بووەو هەر لەوێ خوێندنی تەواو کردووە وەك مامۆستا دامەزراوە، لەکاتی ڕاپەڕینەکانی جەنگەڵ گەڕاوەتەوە بۆ ئێران و خەریکی چالاکی سیاسی بووە و شورای ناوەندی یەکێتی کرێکارانی ڕێکخستووەو ڕۆژنامەی (حقیقت) ی بلآوکردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٣٠ لەلایەن ڕژێمەکەی ڕەزا شاوە دەستگرکراوە،لەدوای ڕووداوەکانی ئابی ١٩٤١ ئازادکراوەو دووبارە چالاکیەکانی دەستپێکردۆتەوەو ڕۆژنامەی (ئاژیر) ی دەرکردووە. وەك نوێنەری حیزبی تودە لە هەڵبژاردنەکانی خولی چواردەهەمی مەجلیسی شورای میللی ئێران سەرکەوتنی بەدەسهێناوە، بەڵام ئەنجومەن ئەندامێتیەکەیان هەڵپەساردووە، دواتربە هاوکاری سۆڤێت لە ئلبی ١٩٤٥ ( فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان) ی

فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان  لە ١٩٤٥/١٠/٢٢ بە ئامادەبوونی ٢٣٥ نوێنەر لە تەورێز یەکەم کۆنگرەی بەست، دوای چوار ڕۆژ گفتوگۆی چڕوپڕ دەربارەی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییان هەڵبژاد، ڕۆژنامەی (ئازەربایجان)، کە بە زمانی ئازەری دەردەچوو وەك ئۆرگانی فەرمی حیزب بڕیاری لێدرا[١٩٤]، هەر لەم کۆنگرەیەدا جگە لە ئەندامانی کۆنگرە، چوار ڕاوێژکار و ١٧ میوان بەشدار بوون، کە پێکهاتبوون لە (نیکجۆ ) جێگری پارێزگار، (ئیلهامی) سەرۆکی شارەوانی تەورێز، سالار سەرۆکی شارەبانی، (ئاغا ئۆلی) سەرۆکی دارایی میوانەکانی کۆنگرە بوون[١٩٥]، لە کۆنگرەدا بە هەڵبژاردن و بە زۆرینەی دەنگ ڕێبەرانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان هەڵبژێران، جەعفەر پیشەوەری بە سکرتێری حیزب هەڵبژێررا[١٩٦]. هەر یەکە لە نیزامەدین ڕەفیعی، سادق پادگان، حاجی میرزا عەلی شەبستەری وەك جێگر و یاریدەدەری پیشەوەری دەست بەکاربوون، هاوکات ئەندامانی دەستەی بەڕێوبەرایەتی پێکهاتبوون لە: سەلامولله جاوید، حەسەن زەریفی، عەلی ماشینچی، غولام حوسێن فەرشچی و جەعفەر ئەدیب، هەروەها هەریەکە لە حەسەن بێرنگ، حەسەن جەودەت ، زەینەلعابد ین  قیامی وەك ڕاوێژکار هەڵبژێران[١٩٧].

فیرقە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا جەماوەرێکی فراوانی لەدەور کۆبووەوە، بەپێی ئەو زانیاریانەی، لە ڕۆژنامەی ئازەربایجان  بڵاوکراونەتەوە، تا کۆتایی ١٩٤٥ ژمارەی ئەندامەکانی گەیشتۆتە ٧٠ هەزار ئەندام، ٥٦ هەزار جووتیار و، ٦هەزار کرێکار، ٣ هەزار کاسبکار، ١٠ هەزار ڕووناکبیر، ٢ هەزار  بازرگان، ٥٠٠ موڵکداری بچووك و ١٠٠ پیاوی ئاینی [١٩٨].

دوا بە دوای دامەزراندنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، کۆنگرەی  گەلی ئازەربایجان سازکرا، لەو کۆنگرەدا مەجلیسی میللی دەستەیەکی ٣٩ کەسی بە ناوی هەیئەتی میللیەوە بۆ هەڵبژاردنی مەجلیسی میللی و حکومەتی ئازەربایجان هەڵبژارد، حاجی مستەفا داودی  وەك تاکە نوێنەری کورد بوو

---

دامەزراندووەو بووە بە سکرتێری ئەو پارتە و سەرۆك وەزیرانی حکومەتی میللی ئازەربایجان . بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ژیان بڕوانە د. ئەفراسیاو هەورامی ، ڕۆژهەڵاتی کوردستان ....، ل٢٢٢-٢٢٣ .

[١٩٤] لە سالانی جەنگی دووەمی جیهانیدا بەتایبەتی دوای ڕووخانی ڕەزاشا ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤار لە ئێران دەردەچوون ، کە تەنها لە تاران ١٠٣ ڕۆژنامە، ٢٩ گۆڤار دەردەچوون، لە تەورێزیش ٤ ڕۆژنامە دەردەچوون، دیارترینیان ڕۆژنامەی  ئازەربایجان  بوو .

[١٩٥] حامید گەوهەری ،س.پ ،ل١١٣ .

[١٩٧] حامید گەوهەری ، س.پ ،ل١٠٤-١٠٥ .

[١٩٨] ئازەربایجان (روزنامە)، شمارە ٣٣، سال اول ، سەشنبە ٢ بهمن  ١٣٢٤ش .

به ئەندامی ئەم مەجلیسە، ئەم هەیئەتە تا پێکهێنانی مەجلیسی شورا و حکومەتی ئازەربایجان هەموو بڕیارێکی بە دەستبوو، هەر لەو کۆنگرەدا بەیاننامەیەکی چواردە خاڵی بلاّوکرایەوە، کە وێنەی بۆ نوێنەرانی سیاسی ئەمریکا، بەریتانیا، سۆڤێت، فەرەنسا، شای ئێران، مەجلیسی شورای ئێران و کاربەدەستانی تری ئێران نێردرابوو[١٩٩]. ئەرکی ئەم هەیئەتە بریتی بوو لە بەڕێوەبردنی ئازەربایجان و هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی ئازەربایجان، گفتوگۆکردن لەگەڵ تاران بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەکانی ئازەربایجان لەگەڵ تاران . بۆ یەکەمجار ئافرەت بەشداری لە هەڵبژادنی ئەنجومەنی نیشتمانی ئازەربایجان کرد[٢٠٠]. گرنگترین ئامانجی ئەم پارتە بریتی بوو لە: بەکارهێنانی زمانی ئازەری لە قوتابخانە و دامەزراوە حکومیەکاندا، هەروەها خەرجکردنی سود و داهاتی ناوچەکە بۆ ناوچەکە خۆی، هاوکات پێکهێنانی ئەنجومەنی ناوچەکان بەپێی دەستور، هەروەها دووپاتیانکردەوە، کە زمان و مێژووی فەرهەنگی ئازەربایجان ناسنامەیەکی جیاوازی بەخشیوەتە خەڵکی ناوچەکە[٢٠١].

فیرقەی دیموکرات سەرەڕای یەکگرتنی لەگەڵ لقی ئازەربایجانی حیزبی تودە، خەڵکی ناوچەکەی پڕ چەککرد و خۆی سازکرد بۆ خەباتی چەکداری ، هاوکات لەشکری سور ڕێگەی نەدا بە گەڕانەوەی سوپای ئێران بۆ ناوچەکانی ئازەربایجان، لەلایەکی ترەوە جەعفەر باقرۆف، کە بۆ بەئەندامبوونی لە (پۆلیتبرۆ/ مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤێت) پێویستی بە هەشت ملیۆن لایەنگر هەبوو، بۆیە باقرۆف بۆ جیاکردنەوەی ئازەربایجانی ئێران و لکاندنی بە ئازەربایجانی سۆڤێتەوە تەواوی هەوڵی خۆی وەگەڕخست، تا لەو ڕێگەوە بتوانێت دەنگی پێنج ملیۆن کەسی ئازەربایجانی ئێران لەپاڵ دەنگی سێ ملیۆن لایەنگری ئازەربایجانی سۆڤێت بۆ خۆی مسۆگەربکات[٢٠٢]. پەرەسەندنی ڕووداوەکان و گۆڕانکاریەکان بەتەواوی لە بەرژەوەندی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجاندا بوون، پارتی ناوبراو توانی لە ماوەیەکی کورتدا هێزەکانی ئێران لە ئازەربایجان چەك بکات و مەجلیس و پاشان حکومەتیان پێکهێنا، نوێنەرانی زۆربەی شار و ناوچەکانی ئازەربایجان، کە بە ڕێگەی هەڵبژاردن یان ڕێکەوتن بە شێوەیەکی دیموکراسی بەشدارییان لە سەرکردایەتی حیزب و مەجلیس و حکومەتدا پێکرا[٢٠٣].

---

[١٩٩] د.ئەفراسیاو هەورامی ،س .پ،ل٢٤٥ .

[٢٠٠] د.كمال مظر احمد ، دراسات في تاريخ... ،ص ١٠٥ .

[٢٠١] حميد رضا فيروزى ،م.س ،ص٣٩.

[٢٠٢] داريوش قمرى (قنبرى)، تحولات ناسيوناليسم در ايران (٣٢-١٣٢٠) ، مركز اسناد انقلاب اسلامى ،تهران ،چاپ اول – ١٣٨٠، ص ص١٧٨-١٧٩ .

[٢٠٣] د.ئەفراسیاو هەورامی ، ڕۆژ هەلاّتی کوردستان......،ل٢٢٧ .

## بەشی دووەم / دامەزراندنی هەردوو كۆماری ئازەربایجان و كوردستان و پەیوەندییەكانیان

### باسی یەكەم / ڕووبەڕووبونەوەی سەربازی لە نێوان فیرقەی دیموكراتی ئازەربایجان و سوپای ئێران و دامەزراندنی كۆماری ئازەربایجان

#### ١- ئازادكردنی شارەكانی ئازەربایجان لە ژێر دەسەلاتی تاران

فیرقەی دیموكراتی ئازەربایجان بە زیادبوونی ئەندام ولایەنگرانی، بە مەبەستی دروستكردنی هێزێكی چەكدار بۆ پشتیوانی فیرقە و زیاتربوونی متمانەی لای سۆڤێتیەكان و داكۆكیكردن لە مافە نەتەوەییەكانی گەلی ئازەربایجان، دەستی بە ناونووسینی لاوانی ولآت و ڕاكێشانیان بۆ ڕیزەكانی سوپا و دەستەكانی فیدایی كرد. پاشان فیرقە پلانێكی تۆكمەی بۆ دوورخستنەوەی هەڕەشەكانی ڕژێمی تاران بۆ دەرەوەی سنوریان داڕشت، بۆ مەبەستەش بە هاوكاریی سۆڤێت چەندین شارو ناوچەیان ئازادكرد، وەك شارەكانی نامین، زنجان، گەرمی .لە ١٩٤٥/١١/٢٧ ناوچەكانی ئاسترا و بیلاسوازیان لە سوپا و پۆلیسی تاران پاككردەوە. وێڕای ئەوەی تەورێز لەژێر دەستی دیموكراتەكانی ئازەربایجاندا بوو، بەلآم هێشتا سەربازگەوهێزی نیزامی و پۆلیسی ئێرانی تێدامابوو، لە كاتی هەوڵەكانی ڕزگاركردنی شارەكەدا، پارێزگاری تەورێز (بەیان)، كە لەلایەن حكومەتی تارانەوە ئەو پۆستەی پێدرابوو، فەرمانی بە سوپا و پۆلیس و ئاسایش كرد، بەبێبەرگریكردن و خوێنڕشتن شارەكە ڕادەستی دیموكراتەكان بكەن، چونكە ئەوان خاوەنی شەرعیەتی دەسەلآتن و بە هەڵبژاردن بوون بە دەسەلآتدار[٢٠٤].

حكومەتی تاران بۆ سەركوتكردنی فیرقەی دیموكراتی ئازەربایجان لە كۆتاییەكانی تشرینی دووەمی ١٩٤٥ بڕیاریدا هێزی سەربازی ڕەوانەی ناوچەكە بكات، بەلآم لە شەریف ئاباد، كە شەش كیلۆمەتر لە قەزوینەوە دووربوو ڕاوەستێنران، هاوكات فەرماندەی هێزەكانی سۆڤێت هۆشیاری بە هێزەكانی ئێراندا، پێشڕەوییەكانیان بەرەو قەزوین ڕاگرن بەپێچەوانەوە ڕووبەڕووی كاردانەوە سەربازییەكانیان دەبنەوە، بەم چەشنە لەژێر فشاری سۆڤێتدا هێزەكانی ئێران تا دووری دوو كاتژمێر لە شەریف ئابادەوە بە ئاڕاستەی تاران كشانەوە[٢٠٥].

---

[٢٠٤] د.ئەفراسیاو هەورامی ، س.پ ، ل ل٢٣٩-٢٤٠ .

[٢٠٥] سید جلال الدین مدنی، تاریخ سیاسی معاصر ایران ، دفتر انتشارات اسلامی، جلد دوم ، چاپ سوم ، بی.جا، بی .تا، ص ص٢٩٤-٢٩٥ .

بارودۆخی ئازەربایجان، تا دەهات ئاڵۆزتر دەبوو، ئەو دیموکراتە چەکدارانەی هەندێکیان لە ئازەربایجانی سۆڤێت و قەفقاسەوە هاتبوون، هێرشیان بۆ سەربنکەکانی سەرباز و پۆلیس و ئاسایشی ئێران کرد، ئەمەش بوو بە سەرەتای ڕاپەڕین لە هەرێمەکەدا، هاوکات لەشکری سور ڕێگری لەو کاروانە یارمەتیانەی تاران بۆ پشتیوانی هێزە گیرخواردووەکانی باشوری ناردبوو کرد، لە ئاکامدا لە ١٩٤٥/١٢/١٠ دیموکراتەکان سەربازگەکانی تەورێزییان ناچار بە خۆبەدەستەوەدان کرد، لەوکاتەوە بەرەی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کەوتە ژێر دەسەلاتی گەلی ئازەربایجانی تازەپێکهاتوو. سەبارەت بە چۆنیەتی خۆ بەدەستەوەدانی سەربازگە و بنکەکانی تەورێز، ڕێکەوتننامەیەك لە نێوان جەنڕاڵ درەخشانی فەرماندەی لەشکری٣ی ئازەربایجان و حکومەتی ئازەربایجاندا مۆرکرا لە ١٩٤٥/١٢/١٣، بەگوێرەی خاڵەکانی ڕێکەوتنەکە جەنڕاڵ درەخشانی ئامادەبوو تەورێز و ناوچەکانی دەوروبەری خۆیان ڕادەستبکەن و چەك دابنێن [٢٠٦].

گرنگترین خاڵەکانی ڕێکەوتننامەکە بریتی بوو لە:

١- جەنڕاڵ درەخشانی وەك نوێنەری سەربازگەی تەوریز، جەعفەر پیشەوەری وەك نوێنەری حکومەتی ئازەربایجان ڕێکەوتنەکەیان واژۆکرد .

٢- هیچ فەرمانبەرێکی مەدەنی (سیڤیل)، یان سەربازیی نابێت لە سەربازگەی تەورێز بێنە دەرەوە تا دەرچوونی بڕیارێکی نوێ لەم بارەیەوە، حکومەتی ئازەربایجان پاراستنی ژیانیان مسۆگەردەکات .

٣- دەبێت سەرجەم چەك و تەقەمەنی و کەلوپەلە سەربازییەکان لە جبەخانەکاندا کۆبکرێنەوە، ئەرکی پاراستنیان لەئەستۆی دەوڵەتی ئازەربایجان دەبێت[٢٠٧] .

٤- هەر ئەفسەرێك بیەوێت بە خواست و ئارەزوی خۆی بگەڕێتەوە بۆسەر زێدی خۆی، یان هەر جێگایەکی تر، دەوڵەتی ئازەربایجان بەپێی توانا تێچوونی سەفەریان بۆ خەرجدەکات .

٥- ئەو ئەفسەرانەی دەیانەوێت لە ڕیزەکانی سوپای ئازەربایجاندا خزمەت بکەن، دەوڵەتی ئازەربایجان ئامادەیە، پاش سوێندی سەربازیی ئەو ئەفسەرانە وەربگرێت و مووچە و ژیانیان بۆ دابینبکات .

٦- دوای سوێندخواردن بە سەرباز و ئەفسەر و پلەدارەکانی لەشکری تەورێز، چەکەکانیان پێدەدرێتەوەو دەتوانن درێژە بە ڕاژەی سەربازی خۆیان بدەن .

---

[٢٠٦] د.ئەفراسیاو هەورامی ، ڕۆژهەلاتی کوردستان ،ل٢٥٠ .

[٢٠٧] ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی روسیایی فیدراڵ ، ئۆپسی ٢ ، دۆسیەی ١٦ ، پەرەگرافی ٢٦ ، ل ل٣٧-٣٨ .
وەرگیراوە لە کتێبەکەی ئەفراسیاو هەورامی، ڕۆژهەلاتی کوردستان لە سەردەمی ....، ل٣٥٠ .

٧- ڕێکەوتننامەکە بەدوو وێنە دەبێت، دوای واژۆکردنی لەنێوان نوێنەرانی هەردوولا ئالوگۆڕ دەکرێت[٢٠٨].

دوای خۆڕادەستکردنی سەربازگەی تەورێز و بەرزبوونەوەی ورەی دیموکراتەکان و زیادبوونی لایەنگری و پشتیوانیان لەلایەن کۆمەلانی خەلکەوە، لە بارەی چەك و تەقەمەنیشەوە بەهێزبوون. سەربازگەکانی ورمێ و ئەردەبیل چەککران، لە ئەردەبیل تیپێك لە لەشکری ئێران بە خۆیان و چەکەکانیانەوە خۆیان ڕادەستی دیموکراتەکان کرد، بەهەمانشێوە لە میاندواو، خۆی، موشکین شەهریش هێزەکانی ئێران پاش بەرەنگارییەکی کەم خۆیان ڕادەستکرد، بەپێچەوانەی ئەو شارانەوە چەککردنی سەربازگە و ئاسایشی ورمێ چەند ڕۆژێکی خایاند، هەرچەندە (سەرهەنگ زەنگنە) ی فەرماندەی سەربازگەی ورمێ و (مەرزەبانی) سەرۆکی ئەرکانی سەربازگەکە و (نووربەخش) ی فەرماندەی ئاسایش، لە تارانەوە فەرمانی خۆبەدەستەوەدانیان بۆ هاتبوو، بەلام ئەوان لە ١٩٤٥/١٢/١٥ بەرگری توونديانكرد بە ناردنی هێز و تانك و زرێپۆش بۆ دەرەوەی شارتەقەیان لە فیداییەکان کرد، لە ناو شاریش پێنج دیموکراتیان کوشت، بەلام دیموکراتەکان بەهەمان نەخشە و پلانی گرتنی تەورێز لە هەموو لایەکەوە ورمێیان ئابلۆقەدا، پەیوەندییان لەگەل تاران و شارەکانی تر بڕی و پاشان کۆمەلێك پیاوماقول و کەسایەتی ناسراوییان نارده لایان بۆ خۆبەدەستەوەدان و بەرگرینەکردن، دوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە ئەوانیش لە ١٩٤٥/١٢/١٩ خۆیان بەدەستەوە داو شارەکەیان ڕادەستی دیموکراتەکانی ئازەربایجان کرد[٢٠٩].

## ٢- هەولی ڕێکخراوەکان بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی ئازەربایجان و دامەزراندنی کۆماری ئازەربایجان

دەستەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێران بۆ ئەندامێتی کۆمسیۆنی کاروباری ئازەربایجان هەلبژێردراون بەم ناوانەی خوارەوە :- (مالیکی مەدەنی نیقابەت لە فراکسیۆنی میهن، ئەسکەندەری و فەرمانفەرمایان لە فراکسیۆنی ئازادی، شەریعەتزادە و حیشمەتی لە فراکسیۆنی ئیتحادیە ملی، سیقەتول ئیسلامی و سەمسام لە فراکسیۆنی دیموکرات، مەسعودی و دکتۆر عەبدو لە فراکسیۆنی مستقل، دکتۆر کشاوەرز و شەهاب لە فراکسیۆنی تودە، دکتۆر موسەددیق و دکتۆر شەفەق لە کەسانی سەربەخۆ) . هەروەها گروپێك لەئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێران بە نوێنەرایەتی ئازەربایجان بانگەوازێکیان ئاڕاستەی حەکیمی سەرۆك وەزیرانی ئێران کردبوو، داوایان لێکردبوو، کە سێ دەستەی نوێنەرایەتی بۆ تاوتوێکردنی کێشەی ئازەربایجان ڕەوانەی مۆسکۆ و لەندەن و واشینتۆن بکرێت، لە

---

[٢٠٨] د.تورج اتابکی ، اذربایجان در ایران معاصر ، ترجمه: محمد کریم اشواق، چاپ اول، تهران- ١٣٧٦، ص١٤٤ .

[٢٠٩] د.ئەفراسیاو هەورامی ، س.پ، ل ل ٢٤١-٢٤٢ .

وەلامدا (حكيمی) ئۆمێدی خواستبوو وەك پێشنیارکرابوو ئەو دەستەیەی، سەفەری ڕوسیا دەکات سەرکەوێت، چونکە ئەو پێیوابوو کێشەی ئازەربایجان ڕەنگە لەگەڵ ڕووسیادا چارەسەربکرێت[٢١٠].

هاوکات بەرەی ئازادی، کە ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامە دیموکراتەکانی ئێرانی لەخۆدەگرت و لە هاوینی ١٩٤٣ دامەزرابوو وەك : ڕۆژنامەکانی (رەهبەر، مەردم، ئاژیر، دەماوەند، ئازادگان، ظفر، پروش، ندای حقیقت، شەهباز، خاورنو، ئازەربایجان، ڕاستی، توفیق )، بەیاننامەیەکیان بلاّو کردەوە تێدا هاتووە: "بەرەی ئازادی هەروەك زۆر جار ڕایگەیاندووە، دەسەلاّتدارانی سەرەوەی ئێرانی ئاگادارکردۆتەوە ئەم هەموو وێرانکاری و کێشە و شەرمەزاری و زوڵم و زۆرە لە ئێران دواڕۆژێکی خراپیان بۆ گەلی ئێران بەدواوە دەبێت، ڕووداوەکانی ئازەربایجان نموونەیەکن . ئەمڕۆ کۆنەپەرستان فرمێسکی تیمساحی بۆ دەڕێژن و دەستیانداوەتە بەدناوکردنی ئازەربایجان، وەك چۆن لە سەردەمی ڕابردوودا ستارخان و خیابانی و شورشگێرە نەترسەکانی تری ئازەربایجانیان تاوانبار دەکرد، بەرەی ئازادی نەك تەنها ئەم درۆ و دەلەسەو بوختانانە ڕەتدەکاتەوە، بەڵکو داوادەکات دەوڵەت و ئەنجومەنی ئێران بەپێی پرنسیپە دیموکراتیەکان داخوازییەکانیان جێبەجێبکات، ئەو هەموو بروسکە و داخوازیانەی، کە لە سەرانسەری ئێرانەوە دەگەن داوای ئەوەدەکەن داخوازییەکانی ئازەربایجان بە داخوازی کۆمەلاّنی هەموو ئێران حیساب بکرێن "[٢١١].

وێڕای هەوڵە ئاشتیخوازەکان بۆ چارەسەری کێشەی ئازەربایجان، بەلاّم بەرپرسانی بالاّی ئێران نیەتی ڕاستەقینەیان بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکان نەبوو، هەروەك لە هەڵوێستی شادا دەرکەوت بەگوێرەی بلاّوکراوەیەکی هەواڵدەری تاس لە تاران لە ١٩٤٥/١٢/٧ ئاماژەی بەوەکردبوو، کە دەسەلاّتدارانی ئێران جارێ بە توندی دژی بزوتنەوەی ئازەربایجان ناجولێنەوە، بەڵکو دەیانەوێت یاری بە کات بکەن، تا ئەو دەمەی هێزەکانی سۆڤێت لە ئێرانن هیچ کارێك ناکەن، بەلاّم دوای دەرچوونی ئەو هێزانە، دەکەونەسەرکوتکردنی نەك تەنها دیموکراتەکانی ئازەربایجان بەڵکو بەگژ هەموو هێزە ئازادیخوازەکانی تری ئێراندا دەچن، ئەمەش بە ئاشکرا لە وتەکانی شای ئێراندا دەرکەوتبوو، کە لە ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/٢٤ وتویەتی: " جارێ ئێمە بوارمان نییە سزای خۆفرۆشان بدەین، بەلاّم، کە کاتی خۆی هات ئیتر هیچ ڕەحمێکیان پێناکەین"[٢١٢].

---

[٢١٠] د. ئەفراسیاو هەورامی ، ڕۆژهەلاّتی کوردستان....، ل٢٥٣ .

[٢١١] هـ.س ،ل٣٥٥ .

[٢١٢] ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیای فیدراڵ ، ئۆپسی ٦، دۆسیەی ٤٢ ، پەرەگرافی ٥٠ ، ل٤ . وەرگیراوە لەکتێبەکەی ئەفراسیاو هەورامی، ڕۆژهەلاّتی کوردستان...، ل٣٤٨ .

پاش ئازادکردنی تەواوی ناوچەکانی ئازەربایجانی ئێران و وەدەرنانی هێزە نیزامیەکانی ئێران، دیموکراتەکان لە (١٩٤٥/١٢/٢١) یەکەم ئەنجومەنی نیشتمانیان لە ئازەربایجان، کە ژمارەی ئەندامەکانی (١٠١) کەس بوون دامەزراند، ئەنجومەن سەرۆکایەتی حکومەتی ئازەربایجانی خودموختاری بە جەعفەر پیشەوەری سپارد(٢١٣).

حکومەتی ئازەربایجان هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە کاری بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان جوتیار و موڵکدار و خاوەن زەوییەکان کرد، وەك دابەشکردنی ٢٦ هێکتار زەوی بە سەر ٢١٠ هەزار جوتیاردا، بە مەبەستی پەرەپێدانی ئابووریی کارگەیەکی بۆ پیشەسازی مافور دامەزراند، کاتژمێری کاری ڕۆژانەی کردە هەشت کاتژمێر. هاوکات بایەخی تایبەتی بەلایەنی ڕوناکبیری و فەرهەنگی داو، جگە لەوەی زانکۆیەکی حکومی کردەوە، ژمارەیەکی زۆر قوتابخانە و فێرگەی کردوەتەوەو لە ڕێگەی تیمێکی تایبەتەوە هەوڵیداوە نەخویندەواری لە گوندەکاندا نەهێڵێت، بایەخی تایبەتی بەلایەنی هونەری و فێرگەی هونەری شانۆی داوەو تیپی مۆسیقای دامەزراندبوو، شایەنی باسە ئەو کارانەی حکومەتی ئازەربایجان ئەنجامی دابوو کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بژێوی ژیان و گوزرانی خەڵك کردبوو، بەجۆرێك لە تەورێزی پایتەختی ئازەربایجان، کە دووەم گەورەترین شاری ئێران بوو نرخی کاڵا و شتومەك دوو هێندەی تاران هەرزان بوو(٢١٤).

حکومەتی ئازەربایجان لە یانزدە وەزارەت پێکهاتبوو، جەعفەر پیشەوەری وەك سەرۆك وەزیران لەلایەن ئەنجومەنی میللی ئازەربایجانەوە دەستنیشانکراو ئەرکی پێکهێنانی کابینە وەزاریەکەی خرایە ئەستۆ(٢١٥)، ئەویش ئەم کەسانەی وەك وەزیر بۆ کابینە وەزارییەکەی دەسنیشانکرد: جاوید وەك وەزیری ناوخۆ، کاویان وەك وەزیری لەشکری میللی، (مهتاش بۆ کشتوکاڵ)، (بێرییا بۆ فەرهەنگ و ڕۆشنبیری)، (ئاورەنگی بۆ ژینگە و پاك و خاوێنی)، (عظیمی بۆ وەزارەتی داد)، (کبیری بۆ ڕێگاوبان و پۆستە و گەیاندن)، (ڕەسولی بۆ بازەرگانی و ئابووریی)، هەروەها قیامی وەك سەرۆکی چاودێری دادوەری باڵا لەلایەن پیشەوەرییەوە دامەزرا، فەریدوون ابراهیمی وەك دادوەری گشتی هەموو ئازەربایجان دەست نیشان کرا(٢١٦).

---

(٢١٣) کەمال مەزهەر ئەحمەد ، خەباتی ڕزگاریخوازی کوردو ئازەر لەئێران ، ل٩٣ .

(٢١٤) د.عبد الرحمن قاسملوو ، کوردستان و کورد ،ل٨٨ .

(٢١٥) نظام نامه داخلی مجلس ملی آذربایجان ، آذربایجان (روزنامه ) ، شماره (٧٩) ،٢٣ آذرماه ١٣٢٤ش .

(٢١٦) نخستین وزیر تا انتخاب وزیر کار امور مربوط به وزیر کار رانیز انجام می داد ، آذربایجان (روزنامه) ، شماره ٧٨، ٢١ آذر ١٣٢٤ش .

حکومەتی تازە پێکهاتووی ئازەربایجان بەرنامەیەکی بیست خاڵی ڕاگەیاند، کە لە هەندێك خاڵدا زیاتر پێداگری لەیەکسانی مافی هاووڵاتیانی دانیشتووی ئازەربایجان کردووە، لە خاڵی (١٩) دا داوای مافی یەکسانی بۆ گەلانی ئازەر و کورد و ئەرمەنی و ئاسوری بە بێجیاوازی کردبوو ، هاوکات لە ڕۆژنامەی ئازەربایجان، کە ئۆرگانی فەرمی حیزب و حکومەتبوو لەژێر ناونیشانی (بڕیارەکانی حکومەتی ئازەربایجان) لە خاڵی (٨) دا دەڵێت: " گەلانی تر کە لە ئازەربایجان دەژین، مافی ئەوەیان هەیە کاروباری خۆیان بە زمانی زگماکی خۆیان بەڕێوەبەرن، بەڵام دەبێ ئەوانە نوسرا و ڕاگەیاندنی فەرمییان بە زمانی ئازەربایجانی وەك زمانی فەرمی دەوڵەتی و زمانی نەتەوەیی خۆیان بڵاو بکەنەوە"، ئەمە خاڵێکی هاوبەشی نێوان هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان بوو، کە بایەخێکی گرنگی هەبوو. هەروەك لە خاڵی (٩) دەڵێت: " قوتابخانەتایبەتیەکان نەك دەوڵەتی، بۆ گەلانی بچووك، کە لە ئازەربایجان دەژین دەرس ووتنەوە تێیدا بە زمانی ئازەری لەپاڵ زمانی زگماکیدا ئیجباریە"[٢١٧].

دوای ئەوەی کۆماری ئازەربایجان لە (١٩٤٥/١٢/١٢) دا دامەزرا، جەعفەر پیشەوەری وەك سەرۆك وەزیران و وەزیری کار بە شێوەیەکی کاتی دەستبەکاربوو، عەلی شەبستەری بوو بە وتەبێژی فەرمی ئەنجومەنی نیشتمانی ئازەربایجان . حکومەتی ئازەربایجان وەك هەنگاوی یەکەم سوپایەکی بەهێز و تۆکمەی لەو کەسانەی خۆبەخشانە هاتنە ناو ڕیزەکانی سوپاوە، چ خەڵکی ئازەربایجانی ئێران بووبن، یان ئەو سەرباز و کۆچەرانەی، لە ئازەربایجانی سۆڤێتەوە هاتبوون و بە قزڵباشی ناسراو بوون دروستکرد. سوپای تازەپێکهاتوو ناوی فیدایی لێنرا، کە تا کۆتای کۆمار ژمارەیان لە ١٠هەزار کەس زیاتر بوو، لەهەمانکاتدا نزیکەی حەفتا تا سەد هەزار کەسی تریش ئامادەی چەکهەڵگرتن بوون، کە هەموویان لە ژێر فەرماندەی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجاندا بوون[٢١٨].

لەشکری فیدایی ئازەرییەکان بە هاوکاری حیزبی تودە، جارێکی تر کەوتنەوە خۆ ڕێکخستن و دروستکردنی چەند لیژنەیەکی ناوەندیی و سەرکردایەتی هەرێمی و ناوچەیی، دروستکردنی پەیوەندیی لە نێوان حیزب و لەشکر لە ڕێگای کۆمەڵێك ئەفسەری سیاسیەوە، کە تا ڕووخانی کۆمارەکە ژمارەیان گەیشتە ٣٠ ئەفسەر. بەشێوەیەکی گشتی ئەرکی ئەوانەی لە سۆڤێتەوە هاتبوون بریتی بوون لە:

---

[٢١٧] د.ئەفراسیاو هەورامی ،س،پ ،ل٢٤٦ .

[٢١٨] روح الله .ج.ڕەمەزانی ، ئارچی ڕۆزفلتی کوڕ،د.فوئاد حەمە خورشید ، ژیۆپۆلوتیك و کۆماری کوردستانی دیموکرات ساڵی ١٩٤٦ ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی ئاراس ،هەولێر– ٢٠١٢ ،ل٢٥ .

١- سەرپەرشتی فەرماندە سەربازییەکان و کاروباری سیاسی ڕژێم و بنکە سەربازییەکانی لەشکری فیدایی، کە لە ڕێگەی لیژنەی ناوەندییەوە فەرمانیان پێدەکرا و پیشەوەری خۆی سەرکردایەتی دەکردن.

٢- دامەزراندن و کردنەوەی چەندین ناوەندیی خوێندنی سەربازیی هەر لە سەرەتایی و ناوەندییەوە، تا کۆلێژی سەربازیی و کۆلێژی پۆلیسی، بەگوێرەی پرۆگرام و مەرجی تایبەتی، کە بریتی بوو لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی ئابووریی سیاسی، مێژوو، کۆمەڵایەتی، بابەتی مێژووی پارتایەتی سیاسی جیهانی، دەروونناسی و ڕاهێنانی سەربازی، لەو کۆلێژانەی باسکران سەرکەوتن لەم تاقیکردنەوە مەرجی وەرگرتن بوو، بەم چەشنە حکومەتی ئازەربایجان بوو بە خاوەنی سوپایەکی نیزامی تۆکمە و بەهێز [٢١٩] .

## ٣- بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجان پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان

ناکۆکیە مێژووییەکانی نێوان کورد و ئازەر ناکۆکیەکی جوگرافیە و لەسەر بنەمای زۆرینە و کەمینە دروستبووە بەتایبەتی ئەو ناوچانەی، کە هەردوو نەتەوەی پێکەوە تێیدا دەژیا.[٢٢٠] هاوکات هەوڵەکانی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی ئێران بەتایبەتی ڕژێمەکەی ڕەزاشا بۆ قوڵکردنەوەی ناکۆکی و دووبەرەکی نێوان هەردوولا ڕۆڵی گەورەی بینی ئەمەش دوایی دابەشکردنی ناوچەکانی ئێران بۆ چەند یەکەیەکی کارگێڕی بەبێ لە بەرچاوگرتنی پێکهاتەی نەتەوەیی و بە پێی پلانێکی نەخشە بۆ داڕێژراو، بۆ پەرتکردنی نەتەوە غەیرە فارسەکان، کە نەتەوەی کورد قوربانی یەکەمی ئەم سیاسەتە بووە. بەشێکی گەورەی باکوری کوردستانی ئێران لە ڕووی دارایی و کارگێڕییەوە خراوەتە سەر هەرێمی ئازەربایجان[٢٢١]. محەمەد شاپەسەندی لە بیرەوەریەکانیدا باسی لەوە کردووە، کە خاکی کوردستان لە دابەشکردنی جوگرافی و کارگێڕیدا خراوەتە سەر ئۆستانی ئازەربایجانی ئێران، بۆیە هەر لە کۆنەوە تەنانەت پێش فەرمانڕەوای قاجارییەکان و پەهلەوییەکانیش، لەم ناوچەیەدا ئازەربایجانیەکان حوکمڕانیان کردووە

---

[٢١٩] روح الله ج ڕەمەزانی و فوئاد حەمە خورشید...،س.پ،ل٢٥-٢٦ .

[٢٢٠] ڕەحیم سابیر ، حکومەتی میللی کوردستان (لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی ومێژوویە ، چاپخانەی چوارچرا ، چاپی یەکەم ، سلێمانی - ٢٠١١، ل٨٩ .

[٢٢١] لە ساڵی ١٩٣٨ یاسایەك بۆ دابەشکردنی ناوچەکانی ئێران بۆ چەند مەڵبەندێکی کارگێڕی دەرچوو، یاساکە بە مەبەستی پەرتکردن وهەڵاواردنی نەتەوە غەیرە فارسەکان خرایە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەم دابەشکردنە نوێیە بە هیچ جۆرێك لایەنی نەتەوەیی و پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان ئەم نەتەوانەی ڕەچاو نەکردبوو، بە گوێرەی ئەم یاسایە مەهاباد و دەوروبەری لە ڕووی کارگێڕییەوە خرانە چوارچێوەی ئۆستانی ئازەربایجان، ئامانج لەمەش دابڕینی ئەم ناوچە گرنگەی کوردستان بوو لە ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان . بۆزانیاری زیاتر بروانە :د.طاهر خلف البكاء ، التطورات الداخلية ......،ص١٨٦ .

بەردەوام سیاسەتی چەوساندنەوەو داپلۆسان و زوڵم و زۆر لە کوردستاندا لە هەموو ناوچەکانی تری ئێران زیاتر بێ بەزەییانە و وەحشیگەرانەتر بووە، پەیوەندیی کورد و ئازەریش ئەگەر دوژمنانە نەبوبێت هیچ کاتێکیش دۆستانە نەبووە[٢٢٢].

زۆربەی دانیشتوانی تەختاییەکانی ڕۆژئاوای گۆمی ورمێ و بەشی باکوری شاری ورمێ، تا شاری ماکۆ تورکی ئازەری بوون، بەڵام لەسەر گشت ئەو تەپۆڵکانەی، کە دەیانڕوانی بەسەر تەختایەکانی ناوچەکە خێڵی کورد دەژیا، هەروەها دانیشتوانی میاندواو، کە دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی گۆمی ورمێ هەردوو نەتەوەی کورد و ئازەری پێکەوە تێدا دەژیا، بۆیە هەر دوو دەسەڵاتی مەهاباد و تەوریز وەك یەك چاوییان بڕیبووە ئەو ناوچانە و پاشان بوو بە هۆی ناکۆکی هەمیشەییان[٢٢٣].

ناکۆکیەکانی نێوان کورد و ئازەر لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕەزاشادا گەیشتە ئاستی توند وتیژی و پێکدادان بەتایبەتی، کە ڕژێمی فەرمانڕەوا هەوڵیداوە کەمینەی شیعە مەزهەبی ئازەری باڵا دەست بکات بەسەر زۆرینەی سونە مەزهەبی کورددا[٢٢٤]. بە بەردەوامبوون لەسەر هەمان ڕێچکەی پێشوو حکومەتی ئێران لە ساڵی ١٩٤٢ بۆ دەستبەسەرداگرتنی شاری ورمێ، کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کورد بوون، بەئامانجی تێکدانی هاوسەنگی دیمۆگرافی شارەکە و قوڵکردنەوەی ناکۆکیە نەتەوەیی و مەزهەبیەکان و دروستکردنی کێشەی زەویوزار بەتایبەتی لەو شارانەی هەردوو گەلی کورد و ئازەری تێدا پێکەوە دەژیا گروپێکی میلیشیای لە شیعە ئازەرییەکان دروستکرد[٢٢٥] .

هەردوو گەلی کورد و ئازەری هەلومەرجێکی هاوبەشیان هەبوو، کە خەباتکردنیان بوو دژی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران، لەو چوارچێوەیەدا دەبوایە هەماهەنگی یەکتر بوونایە، بۆ نمونە لەمیانەی سەردانی دووەمی شاندی کورد بۆ باکۆ، باقرۆف داوایی پشتیوانی و هاوکاریی کوردی بۆ حکومەتی خودموختاری ئازەربایجان و پیشەوەری کردبوو[٢٢٦]، تەنانەت باقرۆف ویستبووی داواکاریی کورد کەمبکرێتەوەو کورد ببن بە بەشێك لەو ئۆتۆنۆمیەی لە ئازەربایجان پێکهاتبوو، بەڵام قازی محەمەد داوایی سەربەخۆیی بۆ کورد کردبوو، پێکهاتنی دەسەڵاتێکی هاوشێوەی دەسەڵاتی حکومەتە خودموختاریەکەی

---

[٢٢٢] سدیق سالح ، س.پ ، ل٤٢ .

[٢٢٣] ئارچی ڕۆزفلت ، لە کتێبی گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت ، ل ل ٢٤٢–٢٤٣ .

[٢٢٤] هۆزان دۆسکی ، م.س،ص١٤٥ .

[٢٢٥] د.تورج اتابکی ، م. پ، ص١٦٣ .

[٢٢٦] هـ.م ، ص٤٣٩ .

ئازەربایجانی بە مافی ڕەوای کورد دانابوو، بە هیچ جۆرێك سازشی لەسەر مافە نەتەوەییەکانی کورد نەکردبوو[٢٢٧].

وێڕای پێداگیریەکانی قازی محەمەد لە مافی خۆڕێبەریی، کەچی لە کاتی ڕاگەیاندنی حکومەتی میللی ئازەربایجان و کۆمارە خودموختارەکەی لە کانوونی دووەمی ١٩٤٥پشتیوانی و دانپیادانانی خۆی بۆ دەسەڵاتەکەی ئازەربایجان ڕاگەیاندبوو، شاندێکی پێنج کەسیشی بە سەرۆکایەتی محەمەد حوسێن سەیفی قازی و بە یاوەری چوار ئەندامی تر ڕوانەی تەورێز کرد.[٢٢٨] دوای چەندین دیدار و گفتوگۆی چڕ و پڕ لە نێوان شاندی کوردی و پیشەوەری و بەرپرسانی تری ئازەربایجان، هەردوولا پشتیوانی و هاوکاریی خۆیان بۆ یەکتر دووپاتکردبوەوەو لە هەمانکاتدا شاندی کوردی هیوای خواستبوو، کورد بتوانێت لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەنجومەنی تایبەت بەخۆیان هەبێت بەهەمانشێوەی ئەو ئەنجومەنەی لە ئازەربایجان دامەزرابوو[٢٢٩].

وێڕای بەشداریکردن لەڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری خودموختاری ئازەربایجان، کورد بە پێنج نوێنەر لە کۆی ١٠١ نوێنەری ئەنجومەنی ئازەربایجان بەشداری لە دەسەڵاتە تازە پێکهاتووەکەی ئازەربایجان کرد، بەڵام هەر زوو بۆیان ڕوونبویەوە ڕژێمی ئازەربایجان نایەوێت ئەوان وەك نوێنەری سەربەخۆی کورد بناسێت، هەوڵدەدات هەموو چەشنە دەسەڵات و ئیمتیازێکیان لێوەربگرێتەوە، نوێنەرانی کورد، کە ئەوەیان بینی بۆ مەهاباد گەڕانەوە[٢٣٠].

بەم چەشنە لە ماوەی نێوان پێکهاتنی حکومەتەکەی پیشەوەری تا دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ناکۆکیەکانی نێوان کورد و ئازەری گەیشتە ئاستی ڕووبەڕوو بونەوە، قازی محەمەد لە کانوونی دووەمی ١٩٤٦ هەموو کارمەندە ئازەرییەکانی لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی مەهاباد و ناوچەکانی دەوروبەری دەرکرد، سەرەڕای ئەوەش کاتێك (پورعەجەم) جێگری بەڕێوەبەرایەتی توتنی تەورێز بە مەبەستی وەرگرتنی بەرهەمی تووتنی ناوچەکە هاتە مەهاباد، لەگەڵ دژایەتی و ناڕەزایی خەڵکی ناوچەکە

---

[٢٢٧] ڕەحیم سابیر ، س.پ ، ل٩٠ .

[٢٢٨] شاندی کوردی بێجگە لە محەمەد حوسێن سەیفی قازی، کە سەرۆکی شاندەکە بوو، هەریەکە لە: مستەفا داودی، منافی کەریمی، کەریمی ئەحمەدییان، وەهاب بلوریانی لە خۆگرتبوو . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ولیام ایغلتن، س.پ، ل١٠٧ .

[٢٢٩] ن.م ،ص١٠٧-١٠٨ .

[٢٣٠] درك كينان ، كردها و كردستان ، ترجمه: ابراهيم يونسى ، انيشارات نگاه، بى .جا- ١٣٧٢ش ، ص١٣٣ .

ڕووبەڕووبوەوەو هیچیان پێنەدا، هاوکات کرێکارانی کارخانەی قەندی میاندواو لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمدا، نەیانهێشت قەند و شەکر ڕەوانەی تەورێز بکرێت[٢٣١].

بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان ناکۆکیەکانی نێوان هەردوولا پێی نایە قۆناغێکی پڕ لە کێشەو توندوتیژی، کە کێشەی دیاریکردنی زەوی و سنوری دەسەلآتی هەر دوولا بوو، دەسەلآتدارانی ئازەربایجان دژی ئەوەبوون ناوچەکانی دەوروبەری گۆلی ورمێ، میاندواو، سەلماس، خۆی، ماکۆ ببنە بەشێك لە قەلەمڕەوی کۆماری کوردستان، ئازەریەکان ئەم ناوچانەیان بە بەشێك لە خاکی ئازەربایجان دادەنا، بەهانەیان ئەوە بوو زۆرینەی دانیشتوانی ئەم ناوچانە ئازەریین، هاوکات کورد بەهانەیان ئەوەبوو دانیشتواتی دەوروپشتی ئەم شارانە کوردن، ناوچەکەش هەر لە کۆنەوە هی کورد بووە ئەگەرچی لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە ویلایەتی ئازەربایجان بوو[٢٣٢].

لەلایەکی ترەوە لە ڕاپۆرتی جێگری کونسوڵی سۆڤێت لە ماکۆ و سەلۆمین، باس لەوە کراوە (ح.د.ك.ا) لە مەهاباد هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ عەشیرەتە کوردیەکانی (ماکۆ،خۆی، جەلالی، دیلان، زیلان) نەکردووە، ئەم عەشیرەتە کوردانە ئاگاداری ڕووداوەکانی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان نەبوون، فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان وحکومەتەخودموختارەکەشی هیچ بەشداریەکیان بە کوردەکان نەکردووە، چ لە پارتەکەیان یان لە حکومەت و دەسەلآتدا، بە بیانووی ئەوەی کورد خۆیان پارت و حکومەتیان هەیە، هەرچەندە پێنج کەس لە پیاوە ناودارەکانی ناوچەکە لە کۆمیتەی ناوەندیی (ح.د.ك.ا) بوون، بەلآم چالاکییان لاوازبوو، بەگشتی کوردی ئەو ناوچانە لە بەشداریکردنی کاروباری سیاسی و کۆمەلآیەتی دابڕاو یان بێبەشکراوبوون، کوردەکانی ئەو ناوچانە نائومێد و ناڕازیبوون لە هەڵسوکەوتی فیرقەی دیموکرات و حکومەتی ئازەربایجان، چونکە پارتیزانانی ئازەربایجان گرفتیان بۆ هاتوچۆی کورد نێوان خۆی و مەرەند دروستکردبوو، داوای بەڵگەی حیزبی، یان دەوڵەتیان لێدەکردن، کە کورد نەیانبوو، بۆ چارەسەری گرفتەکەش لە ١٩٤٥/١٢/٣١ سەرانی عەشیرەتە کوردیەکان لە گوندی (بابول) بە بەشداری هەریەکە لە (شێخ عەبدلقادر و شێخ حەسەن، کە ڕێبەری هۆزی جەلالی و ئەندامی کۆمیتەی (ح.د.ك.ا) بوون، عەبدول ئاغاجانی قارەمان، کە ڕێبەری عەشیرەتی دیلان و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو، حەیدەرئاغای حەیدەری ڕێبەری عەشیرەتی میلان، عەموئاغای عەموی ڕێبەری تایفەی عەموی و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (ح.د.ك.أ) بوو کۆبونەتەوە، جگە لە کەسانی ناوبراو زیاتر لە٥٠ کەسی هۆز و خێڵە کوردەکان بەشداری کۆبونەوەکەیان کرد، دواى گفتوگۆ و بیروڕاگۆڕینەوە کۆمەڵێك

---

[٢٣١] موجتەبا بورزوویی ،س.پ، ل٤١٠ .

[٢٣٢] د.طاهرخلف البكاء ،م.س، ص٢٢٠ ؛ مەحمودی مەلا عززەت ،جە مهوریەتی کوردستان، ل٢٩٩ .

بڕیاریاندەرکرد، بۆ ڕوونکردنەوەی پرسیارەکانیان و بەدەمەوەچوونی داواکاریەکانیان، هەردوو ناوداری کورد سەید عەبدول وەهاب و سەلۆ ئیسماعیل بۆ مەهاباد نێرران[٢٣٣]. لە سەردانەکەیاندا بۆ لای دەسەڵاتدارانی کۆماری کوردستان ، پرسیاریان لێکردوون ئاخۆ کۆماری کوردستان داوای شارەکانی ماکۆ، خۆی، ورمێ دەکات ؟ ئەی چۆن دامودەزگا دەوڵەتیەکانی کورستانی تێدا دادەمەزرێت لە کاتێکدا ئەم شارانە بەکردەوە لە کوردستان جیاکراونەتەوە؟ هاوکات لە کۆبونەوەکەدا بڕیار درابوو لە ١١٧ ماڵی دەوڵەمەند لە عەشیرەتەکانی خۆیان هەزار تمەنی ئەو کاتە پارە کۆبکرێتەوە، بنەماڵەکانی تریش بە گوێرەی توانا بەشداری بکەن، بۆ دامەزراندنی دامودەزگا کوردیەکان لە شارەکانی خۆی و ماکۆ، پێدانی ٥٠ تمەن موچەی مانگانە بۆ ڕاگرتنی سوپایەکی دوو سەد سواری چەکداری کوردی[٢٣٤] .

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی کونسوڵیەتی بریتانیا لە تەورێز باسی لە سەردانی کۆمەڵێك کوردی جەلالی کردووە بۆ مەهاباد، کە بە ماکۆدا تێپەڕبوون و لەسەر ڕێگای چوونیان لە گوندە موسڵمانەکانی ناوچەکە کۆکراونەتەوەو کارتی ئەندامێتی فیرقەی دیموکراتیان فرێداوەو وتویانە پێویستە کارتی ئەندامێتی (ح.د.ك.أ) یان بدرێتێ، وەك چۆن لە ورمێ، ماکۆ،خۆی، سولْدز، مەهاباد و میاندواویش هەر وابووە، کورد سەرکەوتوانە داوای شاری میاندواوییان کردبوو، تەنانەت کۆمیتەی خۆجێی کورد ڕێگریکردووە لە بەڕێوەبەرایەتی قەند و شەکری حکومەتی ئازەربایجان کاتێك ویستویانە لۆرییەکی باری قەند، لە کارخانەی دەوڵەتی ببەن. لە لایەکی ترەوە ئەگەری ئەوەهەبوو دەستی کورد گەیشتبێتە شاری (ئازەرشەهر) یش، کەچل میل لە باشوری ڕۆژئاوای تەورێز لەسەر ڕێگای میاندواوەیە، لەوێ وەرزێران بە موچەی ١٠٠تمەنی بۆ پێکهێنانی هێزی سوپای کوردی ئامادە کران .[٢٣٥]

---

[٢٣٣] ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیای فیدرال ،فۆندی ٤، کۆپیەی ٣١، کاتۆنی ٣٥٩ل ،ل ل٤٦–٤٩ .وەرگیراوە لە کتێبەکەی ئەفراسیاو هەورامی ، پەیوەندیەکانی کوردستان و ئازەربایجان ......ل٢٧–٢٨ .

[٢٣٤] هـ.س،ل٢٩ .

[٢٣٥] ئەنوەر سوڵتانی، ڕۆژهەلاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیاوە ، چاپخانەی شڤان ، چاپی یەکەم ، سلێمانی – ٢٠٠٥ ، ل١٩٦ .

## باسی دووەم/ دامەزراندنی کۆماری کوردستان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان

### ١– دامەزراندنی کۆماری کوردستان و بەرنامە و چالاکیەکانی.

سەرکەوتنەکانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی ئازەربایجان پاش کۆنترۆڵکردنی هەرێمی ئازەربایجان بە شاری تەورێزیشەوە لەلایەن فیدایییەکانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانەوە، خۆ بەدەستەوەدانی هێزە نیزامیەکانی تەورێز و ورمێ و ڕێکەوتنی جەنراڵ درەخشانی لەگەڵ پیشەوەری، داگیر کردنی تەواوی دامودەزگاکانی دەوڵەت و پۆلیس و ئاسایش و پادگاکان، پێکهاتنی (ئەنجومەنی میللی ئازەربایجان ) و ڕاگەیاندنی کۆماری ئازەربایجان لە ١٩٤٥/١٢/١٢، هەموو ئەمانە بۆ ئاڕاستەکردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و ڕێبەرانی، هۆکارو پاڵنەری هەژێنەربوون، کە خۆیان بە هاو خەباتی گەلی ئازەری دژی دەسەڵاتی ستەمکار و داپلۆسێنەری شاهنشایی دەزانی[٢٣٦]. لەهەمانکاتدا مێژووی پڕ لە کێشە و گیروگرفتی قوڵ و ناکۆکی نەتەوەیی و زمان و تەنانەت مەزهەبگەرایی، هۆکارێکی تربوون، کە مایەی گومان و دوودڵی کورد بوون لەم دەسەڵاتە تازە پێکهاتووەی ئازەربایجان، کە لە ڕووی کارگێڕییەوە بەشێکی گەورەی باکوری کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە خرابوویە چوارچێوەی (ئۆستان)ەکانی پارێزگاکانی ئازەربایجان[٢٣٧].

لە ئاستی ناوخۆیی کوردستانیش، بارودۆخەکە تارادەیەکی باش بۆ برەودان بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد هاوکاربوو، وەك دروستبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕابەرایەتی پێشەوا قازی محەمەد، کە تاڕادەیەکی باش سەرکەوتبوو لە یەکخستن و کۆکردنەوەی ماڵی کورد و، لە ئامێز گرتنی چین وتوێژە جیاوازەکان و یەکخستنەوەی هێز و باڵە جیاوازەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەلات، بەهۆی پەیڕەو پرۆگرامە گشتگیر و فرەجەمسەرەکەیەوە توانیبووی پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردەواری ئەو سەردەمە دوور لە کێشمەکێشی عەشیرەتگەرایی و جیاواز لە ڕق و کینەی مەزهەبگەرایی ڕەوتی ناسۆنالیستی کوردی پێشخات[٢٣٨].

---

[٢٣٦] د.یاسین سەردەشتی ، کوردستانی ئێران ....، ل١٤٥ ؛ باسیل نیکتین، الکرد، تقد یم و تد قیق ومراجعة : صلاح بروار‌ي، من منشورات مجلة (ASO) ، ب.م – ١٩٩٢ ، ص١٩٥ .

[٢٣٧] پیتر آوری ، تاریخ معاصر ایران ، ترجمة : محمد رفیعي مهرابادی ،جلد اول ودوم وسوم ، چاپ چهارم ، انتشارات عطائی، تهران –١٣٧٧ش ، ص٢٧١ .

[٢٣٨] یاسین سەردەشتی ، هـ.س،ل ل١٤٥–١٤٦ .

دوای ڕووخانی تەورێز قازی محەمەد بڕیاری ئازادکرنی ئەو ناوچەیدا، کە زۆر دەمێك بوو سەربەخۆ بوو، لە (١٩٤٥/١٢/١٥) لەکۆبونەوەیەکی جەماوەری بەرفراوان بە ئامادەبوونی چەندین سەرۆك هۆز و لێپرسراوانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و مەلا مستەفا و سێ ئەفسەری سۆڤێتی ، قازی محەمەد بە شکۆمەندییەوە ناوی لە کۆماری کوردستان نا و ئالای کوردستانی هەڵکرد[٢٣٩]، بڕیاری دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتمانی دا و سیانزدە ئەندامی بۆ دیاریکرد، لە (١٩٤٦/١/٢٢) دا پیشەوا قازی محەمەد وەك سەرۆك کۆمار هەڵبژێررا، سەیفی قازی ئامۆزای بوو بە وەزیری جەنگ، هەروەها پلەی جەنراڵ بە سەیفی قازی، مەلامستەفا، عومەرخانی شکاك، حەمەڕەشیدخانی بانە و زیرۆبەگی هەرکی بەخشرا[٢٤٠]. سەبارەت بە دەسەلأتی یاسادانان و پەرلەمان و ئەنجومەنێکی نیشتمانی هەڵبژێراو، کە نوێنەرایەتی هەموو چین و توێژە جیاوازەکان بکات، دەسەلأتێکی لەم جۆرە نەبوو، بەڵکو یاسادانان لە ئەستۆی (ح.د.ك.أ) بوو، هەرجۆرە بڕیارێکی پێویست، کە لەلایەن دەسەلأتی جێبەجێکردن و ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچوو بوایە و سەرۆك وەزیران واژۆی بکردایە، ئەو بڕیارە شەرعیەتی یاسایی وەردەگرت، هەروەها دەسەلأتی دادوەری بەرپرسیارێتی لە ئەستۆی دادگای باڵا و وەزارەتی داددا بوو[٢٤١].

کۆماری کوردستان، کە بە هاوکاری ڕوسیا دروستبوو هەرچەندە زۆر کورت خایەن بوو، بەڵام زۆربەی چینوتوێژە جیاوازەکان بەشدارییان تێداکرد[٢٤٢]، هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی چالاکیەکانیەوە، وەك حکومەتێکی جیاواز و سەربەخۆ لە دەوڵەت و کۆمەڵگای ئێرانی خۆیدەرخست. لێکدانەوەی ستراکتۆر و پێکهاتەی کۆماری کوردستان، ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئەو کاتەی کوردستان و چۆنیەتی گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی بوو، دوو تایبەتمەندی ئەو سیستەمە بریتی بوو لە یەکبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی و جوگرافی و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی حیزبی لە هەموو دامەزراوەکانی ئەو حکومەتەدا، هاوکات هەموو وەزیرەکانی کابینەکە بەبێ هیچ هەڵبژاردنێك لە خەڵکی مەهاباد و ئەندامانی (ح.د.ك) و سەر بە چینی

---

[٢٣٩] سەبارەت بەناوی ئەو دەسەلأتە کوردیەی کە لە موکریان و مەهاباد دامەزرا بیرو بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام لەم توێژینەوەدا ناوی کۆماری کوردستان بەکارهێنراوە، بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ناوی ئەو قەوارە بڕوانە : مەحمودی مەلا عززەت، جەمهوریەتی کوردستان ، ل ل١٤٨–١٥٤ .

[٢٤٠] ئارچی ڕۆزفلت ، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت ،ل٢٤٢ ؛ د. گوینتەر دیشنەر، کورد گەلی لەخشتەبراوی زوڵم لێکراو، وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە: عەبدولسەلام بەرواری، گۆڕینی بۆ کوردی : حەمە کەریم عارف، هەولێر– ٢٠٠٥ ، ل١٧٢

[٢٤١] فائزە حسین عباس ، قیام جمهوریة مهاباد ١٩٤٥–١٩٤٦ ، گولان العربی (مجلة) ، العدد ١٣،اربیل – حزیران ١٩٩٧، ص٦٥ ؛ عومەر باڵەکی، حیزبی دیموکرات و پرسی قانون، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان، کوردستان– ٢٠١٦،ل٣٠ .

[٢٤٢] د.عثمان علی، الکرد في العلاقات الایرانیة– الترکیة. السیاق التاریخی لعلاقة الکرد بالاتراك والایرانین، حروف لدراسات التاریخیة (مجلة الکترونیة)، العدد ١، شهر اب – ٢٠١٤، ص٨٩ ؛ پرۆفیسۆر یان یەرپە، دابەشکردنی دەسەلأت لە ئێران، وەرگێڕانی لە سویدییەوە: فایەق سەعید، بلأوکراوەی دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر – ٢٠٠٥، ل١٣ .

ناوەندیی شارنشین بوون، بە واتایەکی تر ناوەندیی شاری مەهاباد بوو بە سەنتەر و چەقی ناسیۆنالیزمی تازە لە دایکبووی کوردستانی ئێران و قەوارەی کۆماری کوردستانیان پێکهینابوو[٢٤٣]. هەر سەبارەت بە تایبەتمەندیی کۆماری کوردستان ڕادۆڤان باڤیچ دەڵێت: " کوردستانی ئێرانی بە مۆرکێکی تایبەت و قوڵ نیشانکرد، کە تا ئێستا ئەو نیشانە و تایبەتمەندییانەی مەهاباد خولقێنەری ڕوخساری چەسپیوی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم پارچەیەی کوردستانە"[٢٤٤].

پێکهێنانی لەشکری میللی کورد ئەزمونێکی پڕ بایەخی کۆمار بوو، کە لەلایەن پێشەواوە پێشنیار و جێبەجێکرا، دیسپلین و ڕێکخستن دوو نمونەی ئەو تایبەتمەندیانەن، کە کوردەکان پێی نامۆ بوون، هەرچەندە ئەزمونی جەندرمەی ئێران پێش چەند ساڵێك بۆ دامەزراندنی ژمارەیەك کورد وەك بەشێك لە هێزی ڕێکخراو، ئەوەی سەلماند بوو کورد لە جێبەجێکردنی فەرمان و کاری تایبەتدا زۆر باشن، بەڵام لە دیسپلیندا شارەزا نەبوون، بۆیە قازی محەمەد، کاتێك زانی هێزی پێکهاتوو لە شارنشینەکان باشتر لەگەڵ دیسپلین و ڕێکخستندا دەگونجێت نەك چەکداری خێڵەکان، سوپاکەی زیاتر لە کوردانی شارنشین و گوندنشینانی ئاشوری لەگەڵ تێکەڵەیەکی کەمی کوردی خێڵەکان بۆ پێدانی ورەی ئازایەتی پێکهێنا چەك و پێداویستی و کەلوپەل و شتی تریان لەلایەن سۆڤێتەوە بۆ دابین دەکرا [٢٤٥].

یەکێکی تر لە هەنگاوە مەزنەکانی کۆماری میللی کوردستان، بریتی بوو لە چەسپاندنی زمانی کوردی بە فەرمی لە سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن و دامودەزگاکانی حکومەتی کوردستان، بوژاندنەوە ئەدەب، مێژوو، کەلتوری کوردی، هەوڵدان بۆ فەراهەمکردنی خوێندنی زۆرملێ بۆ منداڵان، ناردنی ژمارەیەك لەو خوێندکارانەی، کە خوێندنی سەرەتایی یان ناوەندییان تەواو کردبوو بۆ تەورێز و باکۆ بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن لەسەر ئەرکی دارایی حکومەت، تا لە داهاتوودا وەك کادیرێکی سەرکەوتوو لێوەشاوە سودییان لێوەربگرێت، لەوانەش : غەنی بلوریان، ڕەحیمی قازی، عەلی گەلاوێژ، سوڵتانی وەتەمیشی، سەید عەزیز شەمزینی، کە بەشێکیان دوای ڕووخانی کۆماریش نەگەڕانەوە[٢٤٦].

---

[٢٤٣] موجتەبا بورزوویی ،س.پ،ل٤١٥ .

[٢٤٤] رادوڤان پاڤیچ، جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە خەباتیدا بۆ سەربەخۆی نەتەوایەتی و سیاسی، وەرگێڕانی : مەحمودی مەلاعززەت ، بڵاوکراوەی دەزگای ناوەندی ڕۆشنبیری کۆمەڵە ،چاپی دووەم ،ب.ج،١٩٨٦ ،ل٤٨ .

[٢٤٥] جیراڵد دووهەر، کوردەکان و فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان ، وەرگێڕانی :د.ئەبوبەکر خۆشناو ، بەدرخان (ڕۆژنامە) ، ژمارە ١٣٨، ٢٠١٠/٤/٨ .

[٢٤٦] جەلیل گادانی، ، س.پ، ل٥٦– ٥٧ .

له كاره بەنرخەكانی كۆمار، كه شایەنی ڕێز و بەرزنرخاندنە، بابەتی به یەك چاو سەیركردن و دانپیانانی مافی ڕۆشنبیری كەمایەتیه ئاینی و ڕەگەزی و نەتەوەیەكانی تری دانیشتووی كوردستان بوو وەك: جولەكە، ئاسوری، ئازەری وئەرمەنیەكان، ئەمانه مافی خوێندن و نوسین و كردنەوەی قوتابخانەیان به زمانی زگماكی خۆیان هەبوو، سەرەڕای سەربەخۆبونیان له جێبەجێكردنی كاروباری ئاینی له بەڕیوەبەرایەتیەكاندا ڕێگەیان پێدرابوو سەرپشكبن ئەگەر بیانەوێت لەگەڵ مندالآنی كورددا بخوێنن بێئەوەی هەلأواردنیان لەگەڵ بكرێت، بۆیه ئەگەر به تۆماری خویندكارانی هەردوو خویندنگەی (پەروانه) و (شەهناز) دابچینەوە، دەبینین ژمارەیەكی بەرچاو له كچه جولەكه و ئەرمەنیەكان لەگەڵ كچانی كورددا فێری خوێندن و خوێندەواری بوون[٢٤٧].

ئەحمەد قازی له كتێبی (خلاصه تاریخ كردستان ) دا دەڵێت :" كۆماری كوردستان شاد و سەر زیندوو بوو لەوێدا بەپێچەوانەی ئازەربایجان كرداری پۆلیسی به شێوەی توند وتیژ نەبوو، خەڵك لەو پەڕی ئازادیدا دەژیان و گوێیان له ڕادیۆكانی خارجی دەگرت، توندوتیژی و قەتڵ وتیرۆری سیاسی نەبوو "[٢٤٨].

دەستكەوتێكی تری گرنگ و به بایەخی كۆمار دامەزراندنی چاپخانەی كوردستان بوو له كانوونی دووەمی ١٩٤٦ له شاری مەهاباد، ئەم چاپخانه یەكەمین گۆڤاری كوردستانی دەركرد، كه گۆڤارێكی سیاسی و ئەدەبی و گشتی بوو، تا ڕووخانی كۆمار ١٦ ژمارەی لێبلأوكرایەوە، سەید محەمەد حمیدی سەرنوسەری بوو .[٢٤٩] هەروەها ڕۆژنامەی (كوردستان)، كه ئۆرگانی (ح.د.ك.أ) و ڕۆژنامەی فەرمی حكومەتیش بوو. بەهەمانشێوە سەید محەمەد حمیدی سەرنوسەری بوو، له ڕۆژانی شەمه و دووشەمه چوارشەمه بلأودەكرایەوە، یەكەم ژمارەی له ١٩٤٦/١/١١ دەرچووە[٢٥٠]. هاوكات كۆمەڵێك گۆڤاری تر بلأوكراونەتەوە وەك گۆڤاری (هەلأڵە)، كه له بۆكان چاپ و بلأوكراوەتەوەو گۆڤارێكی سیاسی و ئەدەبی بووە له ئازاری ١٩٤٦ یەكەم ژمارەی لێدەرچووە، گۆڤاری (هاواری كورد)، (هاواری كوردستان ) و (گڕوگاڵی مندالآنی كوردستان)، لەو بلأوكراوانه بوون، كه خزمەتێكی بەرچاوییان به فەرهەنگ و كەلتوری لایەنی ڕۆشنبیری و سیاسی و كۆمەڵگای كوردەواری كردووە[٢٥١].

---

[٢٤٧] د.یاسین سەردەشتی ، كوردستانی ئێران، ل ١٥٤ .

[٢٤٨] عومەر باڵەكی ،حیزبی دیموكرات و پرسی قانون ، ل٢٦ .

[٢٤٩] د.یاسین سەردەشتی ، هـ.س ، ل ل١٥٤–١٥٥ .

[٢٥٠] د.كەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی له ڕۆژنامەنووسی كوردیدا، چاپی یەكەم ، بەغداد– ١٩٧٨، ل٨٣ .

[٢٥١] مەحمودی مەلاعززەت ،جەمهوریەتی كوردستان......، ل٢٦٨.

له ڕووی ئابووریی و بوژاندنەوەی بازاڕ و بازرگانی، حکومەتی کوردستان کۆمەڵێك هەنگاوی گرنگی نا، وەك: سەربەستی هاتن و چوون و چالاکی بازرگانی، زۆربوونی بەرهەمی کشتوکاڵ و گۆڕینەوەی کەلوپەل، دامەزراندنی کۆمپانیا و شانۆ و سینەمای گەڕۆك .....هتد ئەمانە تا ڕادەیەکی باش جموجوڵی بازاڕییان لە سنوری کۆماردا بوژاندبوەوە، بەڵام دەرامەت و داهاتی سەرەکی لە کۆمەکی یەکێتی سۆڤێتەوە بوو، کە لە ڕێگەی تەرێزەوە دەنێررا، کۆماری ئازەربایجان نزیکەی بیست هەزار تمەن، کە دەکاتە ٤،٤٠٠ دۆلاری ئەوکات بە قەرز دابووە کۆماری کوردستان، بڕیاریش درابوو، کە دواتر بە شەکر بدرێتەوە . وێڕای هەوڵەکانی حکومەتی ئێران بۆ برسیکردن و ئابلۆقە خستنەسەر کوردستان بەتایبەتی قەدەغەکردنی کڕینی توتنی جوتیاران، بەڵام سۆڤێت توتنی ئەو ساڵەی کوردستانی بە ٨٠ هەزار پاوەن لێکڕینەوە[٢٥٢].

سەبارەت بە شێوازی فەرمانڕەوایی لە کۆماری کوردستان، کە ئایە ئەم ڕژێمە فەرمانڕەوایە ڕژێمێکی سەربەخۆ، یان ڕژێمێکی فەرمانڕەوایی فیدراڵی چوارچێوەی ئێراندا بوو، زۆر جار سەرکردەکانی کۆمار جەختیان کردبوەوە، کە خواستی ئەوان جیابونەوە نییە لە دەسەڵاتی ناوەندیی، بەڵکو تەنها بەدیهێنانی مافەکانیانە لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی ئێران، کە ماف بە هەموو هەرێمەکان دەدات دەسەڵاتی یاساییان هەبێت، وەك نیشاندانی نیازپاکی فەرمانڕەوایانی کۆمار لە بری چەمکی وەزیر و وەزارەت چەمکی کارگێڕی و سەرۆکایەتی کارگێڕییان بەکارهێناوە[٢٥٣].

هەروەها لە وەڵامی پرسیارێکدا، کە پەیامنێری ڕۆژنامەی (وەتەن یولندا) ئاڕاستەی قازی محەمەدی کردبوو، کە ئاخۆ نەتەوەی کورد بە ڕێبەری ئەوان داوای جیابوونەوەو سەربەخۆی کوردستان دەکەن، پێشەوا قازی محەمەد وتبووی: " داواکاریی سەرەکی ئێمە لە حکومەتی ناوەندیی ئێران جێبەجێکردنی دیموکراتیانەی یاسای بنەڕەتی ئێرانە، تەنها خواستیشمان سەربەخۆیی ناوخۆ و خۆڕێبەرییە لە چوارچێوەی خاکی ئێراندا" [٢٥٤]. سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی

---

(٢٥٢) مەحمودی مەلاعززەت ،س.پ، ل٢٦٨-٢٦٩ ؛ جەلیل گادانی، س.پ ، ل٥٦ .

(٢٥٣) کەریمی حیسامی ، " حکومەتی کوردستان یان کۆماری کوردستان (١٩٤٦) " ، گزنگ (گۆڤار) ، ژمارە ٤ ، سوید – هاوینی ١٩٩٤ ،ل ل٢٥-٢٧ .

(٢٥٤) د.ك.و، الوحدة الوثائقية ، ملفات البلاط الملكي ، الملف ٣١١/٤٩٥٣، الوثيقة رقم ٥٩ ، ص١٠٦ ، كتاب المفوضية الملكية العراقية في طهران ، ١٩٤٦/١/١٤ .

کوردستانی گەورە، قازی محەمەد ووتبوی: " بزوتنەوەکەی ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی گەورە نییە کوردانی سەرجەم بەشەکانی تر لە خۆ بگرێت "[٢٥٥].

سەبارەت بە ناوچەکانی ژێر دەسەلأتی کۆمار و شێوازی حوکمڕانی جیراڵد دووهەر ئاماژەی بە مەهاباد و گشت ناوچەکانی ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمیٚ کردووە لە وانە (خۆی، ماکۆ لە باکوری دەریاچەکە و ناوچەکانی دەوروبەری مەهاباد، تا خوارووی ناوچەکانی سەردەشت و سەقز بەرە و ڕۆژئاوا وەك شارەکانی ماکۆ، خۆی و میاندواو، کە کۆماری کوردستان بە قەڵەمڕەوی خۆی دەزانی، بەڵام لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان تووشی پێکدادانی کردبوو[٢٥٦]. سەبارەت بە ڕژێمی فەرمانڕەوایی، باسی لەوە کردووە "حکومەتی نویٚ ئۆتۆنۆمیە لە چوارچێوەی ئێراندا، لە جۆری ئۆتۆنۆمی کلتوری لەگەڵ ناسینی زمانی کوردی و مافی گەلی کورد لە دەرچوون لەو گۆشەگیرییەی لە ڕابردوودا لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە بەسەریاندا سەپابوو، ئۆتۆنۆمی کارگێڕی لەوانە کاروباری باج، پەروەردەو ئاسایشی گشتی، کە لە چوارچێوەی ئەم ئۆتۆنۆمیەدا جێگیر کرابوون "[٢٥٧] .

## ٢- پەیوەندییەکانی نیوان کوردستان و ئازەربایجان پاش دامەزراندنی کۆماری کوردستان.

هەڵوێستی حکومەتی ئازەربایجان بەرامبەر کورد باش نەبوو، تەنانەت بەر لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان، دژی هەر جۆرە دەسەلأتێکی کورد بوون، ئەمەش لە کاتی سەردانی (ڕوبەرت ڕۆسۆ)ی جێگری کونسوڵی ئەمریکا لە تەورێز بۆ لای پیشەوەری بەتەواوی ڕوونبوەوە[٢٥٨]. کاتێك پیشەوەری سەبارەت بە چارەنووسی دامەزراندنی دەسەلأتێکی کوردی لە داهاتوودا بە ڕاشکاوی بە بەرپرسە ئەمریکیەکەی ڕاگەیاندبوو، کە هێشتا کورد توانای خۆڕیبەرییان نییە، لەبری دامەزراندنی ئەنجومەنێکی نیشتمانی تایبەت بە کورد، کورد پێنج کورسی لە ئەنجومەنی میللی ئازەربایجان پێدراوە، ئەگەر ئەنجومەنی تایبەت بە خۆیان ببێت دەبێت لەژێر چاودێری و دەسەلأتی ئازەربایجاندا بن، هەروەها پیشەوەری سەبارەت بە نزیکی پەیوەندییان لەگەڵ کورد ڕایگەیاندبوو، هۆکاری دەستبەرنەدانیان لە کورد لە ترسی دەسەلأتی ناوەندیی ئێرانە، کە کورد بۆ دووبەرەکی و ئاژاوە نانەوە لە دژیان بەکاربێنێت .

---

[٢٥٥] د.ك.و، الوحدة الوثائقية ، ملفات البلاط الملكي ، الملف ٣١١/٤٩٥٣ ،الوثيقة رقم ٧١،ص١٢٨ ، تقرير القنصلية الملكية العراقية في تبريز ، ١٩٤٦/١/١٠ .

[٢٥٦] جيرالد دوهر، كردها وفرقه دموكرات آذربيجان ، گفتگو الفارسى (مجلة) ،شماره ٤٥ ، تهران -١٣٨٨ ،ص١٣٤.

[٢٥٧] جيرالد دووهر، هـ.م ، ص١٣٨ .

[٢٥٨] د.ك.و ، الوحدة الوثائقية ، ملفات البلاط الملكى ، الملف ٣١١/٤٩٥٣ ، الوثيقة رقم ٧١ ،ص١٢٨ تقرير القنصلية الملكية العراقية فى تبريز ،١٩٤٦/١/١٠ .

شايەنی باسە دامەزراندنی کۆماری کوردستان ترس و دڵەڕاوکێیەی نەك تەنها بۆ تاران بەڵکو بۆ کۆماری ئازەربایجانیش دروستکردبوو[٢٥٩].

پیشەوەری و حکومەتی ئازەربایجان بۆئەوەی کورد بخەنە ژێردەسەڵاتی خۆیانەوە هیوایان لەدەستنەدابوو، بەلاّم کورد نەك هەر داوای میاندواو و سەردەشت بەڵکو داوای هەموو ئازەربایجانی ڕۆژئاوایان کردبوو، واتە ئۆستانی چوار، کە ورمێ، ماکۆ ،خۆی دەگرێتەوە. خۆی ناوچەیەکە ژمارەیەکی زۆر کوردی تێدا دەژی بە تایبەتی هۆزی قوتوور. هاوکات کورد فەرمانداریێتی (پەمبەی) یان ڕەتکردەوە، کە لەلایەن حکومەتی ئازەربایجانەوە کرابوو بە فەرمانداری ورمێ، بیانوویان ئەوەبووە، حکومەتی ئازەربایجان ماف دانانی کاربەدەستی خۆی لە ورمێ نییە[٢٦٠] . شایەنی باسە دەسەڵاتدارانی ئازەربایجان هەموو کاتێ وایان نیشانداوە، کە کاروباری میاندواو بەدەستی ئەوانە، بەلاّم خەڵکی شار چەندین جار دژی ئەوان خۆپیشاندانیان کردووە و داوای حکومڕانی کوردیان کردووە، بەلاّم قازی محەمەد بۆ نەهێشتنی ناکۆکیەکان سەردانی شارەکەی کردوەو تاڕادەیەك ئارامی و ئاسایشی بۆ شار گێڕاوەتەوە[٢٦١].

لە ڕاستیدا سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان جگە لەوەی بۆ دیارینەکردنی هێڵە سنوریەکانی نێوانیان دەگەڕایەوە، هاوکات بۆ جیاوازی بنچینەیی و سروشتی هەردوو دەسەڵاتی ئازەری و کوردی دەگەڕایەوە، کە شێوازی حکومڕانی لە حکومەتی ئازەربایجان لەسەر بنەمای چەپی میللی ڕادیکاڵی بوو، لە کاتێکدا لە کوردستان بنەمایەکی نەتەوەیی و دیموکراتی و ئازادیخوازی هەبوو[٢٦٢]، ئەمەش پاڵنەرێکی بەهێز بوو موڵکدارە گەورەکانی ئازەری لە ورمێ و دەوروبەری بۆ هەڵاتن لە فشارەکانی ڕژێمی کۆمۆنیستی پیشەوەری و پاراستنی موڵك و سامان و پلەوپایەی چینایەتییان، وێڕای ئەوەی ئازەری بوون ئامادەبوون لەچوارچێوەی سنورەکانی کۆماری کوردستاندا بژین، کە لەو سەردەمەدا ڕوخسارێکی دیموکراتی تری لە ڕژێمە فەرمانڕەواکەی تەورێز پێوە دیاربوو. بۆیە هانی حکومەتی کوردستانیاندا، چارەنوسی ورمێ و دەوروبەری بەدەستەوە بگرێت[٢٦٣]. لەم بارەیەوە کریس کۆچێرا لە باسی ئەم دۆخەدا نوسیویەتی : " بە پێچەوانەی ئەوەی ، چاوەڕوان دەکرا، ئەعیان و

---

[٢٥٩] برهان الدين ابابكرياسين ،م.س، ص١٤٩.

260 **F0371I52702** وەرگیراوە لە ئەنوەر سوڵتانی، س.پ، ل٢٠٧-٢٠٨ .

وەرگیراوە لە ئەنوەرسوڵتانی، س.پ، ل٢١٥ .

٢ 261**F0371I52668I131804**

[٢٦٢] د.یاسین سەردەشتی ، کوردستانی ئێران ، ل١٦٥.

[٢٦٣] وليام ايغلتن الابن ،م.س، ص١٤٠ ؛ موجتەبا بورزوویی ،س.پ، ل٤٤٠ .

گەورەکانی ئازەری مەیلێکیان بۆ چوونە نێو کۆماری ئازەربایجان نەبوو، ئەو کەسانە، کە لە هەنگاوە پێشکەوتووخوازەکانی ڕێبەرانی تەورێز تۆقیبوون، پێیان باشتر بوو وابەستەی مەهابادبن، کە پارێزکاریی ڕێبەرانی کۆماری مەهاباد ئارامی و ئۆقرەیی دەدانێ، ئەو داواکاریشیان لە قازی محەمەد کردبوو، کاتێك ئەو سەردانی پیشەوەری لە ورمێ کردبوو"(٢٦٤).

بەم چەشنە ناکۆکی و گرژی و ئالۆزییەکانی نێوان هەردوو دەسەڵاتی کوردی و ئازەری، تادەهات توندتر دەبوو، وێڕای ئەوەی قازی محەمەد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە گفتوگۆ و لەیەکگەیشتن هەر لە شوباتی ١٩٤٦، تا کۆتایی مانگی ئازار چەند جارێك سەردانی بەرپرسانی تەورێزی کردووە، بەڵام هەوڵەکانی ئاکامی نەبوو، هاوکات پەرەسەندنی ناکۆکیەکان پەلی هاوێشت بۆ قۆناغێکی پڕ لە توندوتیژیی و چەندین شەڕ و ڕووبەڕووبونەوە لە نێوان فیدائییەکانی فیرقەی دیموکرات و پێشمەرگەکانی دەوروبەری ورمێ ڕوویداوە بەتایبەتی ئەو شوێنانەی، زیرۆبەگی هەرکی لێبووە، فەرمانیداوە بڵاوکراوەو بانگەوازەکانی دیموکراتەکانی ئازەربایجان لە دیوارەکان بکرێنەوە(٢٦٥).

لە شوبات تا نیسانی ١٩٤٦ ڕێبەرانی کورد هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوە بوو تا حکومەتەکەیان بکەن بەحکومەتێکی کارا، بێنەو بەردەی زۆریان لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان کرد، هەرچەندە کورد ئومێدی زۆری بە پشتیوانی ڕوسەکان بۆ یەکلاکردنەوەی موڵکەکانی لەگەڵ حکومەتی تەورێز هەبوو، بەڵام کاتێك ڕوونبووەوە سوپای سور ئێران بەجێدەهێڵێت بەبێئەوەی بەڵێنی دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ، یا دابینکردنی چەکی قورس و ئۆتۆماتیکیان بۆ کورد جێبەجێکردبێت، دەسەڵاتدارانی کورد کەوتنە خۆ و لە پێناو بەدیهێنانی مافەکانیان و کۆتایهێنان بە گرژیی و ئالۆزییەکانی ناوچە جێناکۆکەکان، بە کردەوە کەوتنە کۆکردنەوەوناردنی هێز بۆ ناوچەکە، بەڵام پێش ئەوەی پێکدادان و شەڕ دروستبێت (هاشمۆف) ی جێگری کونسوڵی سۆڤێت لە ورمێ داوای لە قازی محەمەد کرد، بۆ دانوسان و گفتوگۆ لەگەڵ پیشەوەری و جەنراڵ (کراسیك)ی سەرکونسوڵی سۆڤێت بچنە تەورێز و کۆبونەوە لەو بارەیەوە ئەنجامبدەن(٢٦٦). هەبوونی سوپای سور لە ئێران ڕەوشێکی نوێیی بۆ گەلی کورد هێنایەکایەوەو دامەزراندنی کۆماری کوردستانی لێکەوتەوە، هاوکات کشانەوەی سوپای سور، هەردوو

---

(٢٦٤) کریس کوچیرا ، جنبش ملی کرد ،ترجمه : ابراهیم یونسی ، انتشارات نگاه ، تهران – ١٣٧١ ،ص٢١٥ .

(٢٦٥) ئەنوەر سوڵتانی ،س.پ، ل٢١٦– ٢١٧ .

(٢٦٦) جیراڵد دووهەر، کورد فرقەی دیموکرات، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشنا و، بەدرخان (ڕۆژنامە) ، ژمارە ١٣٨، ٢٠١٠/٤/٨ .

کۆماری کوردستان و ئازەربایجانی ڕووبەڕووی هەرەسهێنانکردەوە لەسەر دەستی ڕژێمی شاهنشایی ئێران[٢٦٧].

## ٣- هەوڵەکانی ئەحمەد قەوام بۆئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئێران و یەکێتی سۆڤێت .

مەسەلەی کشانەوەی سوپای سور لە ئێران لەچوارچێوەی بەندەکانی کۆبونەوەی مۆسکۆ، بە بەشداری وەزیرانی دەرەوەی هەرسێ دەوڵەتی سۆڤێت و بەریتانیا و ئەمریکا لەماوەی ١٦- ١٩٤٥/١٢/٢٧ بەڕێوەچوو، لە خاڵێکدا باسی کشانەوەو بردنە دەرەوەی هێزەکانی سۆڤێت و بەریتانیا و ئەمریکای کرد، پاش کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و لە ماوەی شەش مانگدا[٢٦٨]، بەلاّم سۆڤێت ئامادەنەبوو خاکی ئێران چۆڵکات لەو ماوەیەی، کە بۆی دیاریکرابوو بە گوێرەی بەندی ٥ی ئەو پەیمانەی، کە لە تاران ١٩٤٢/١/٢٩ بەسترا[٢٦٩]. سەرەڕای بەردەوامی هەوڵەکانی هاوپەیمانان و حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی ئێران، بەلاّم سۆڤێت هێشتا هەر سوربوون لەسەر دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی ئێران و هەموو هێزەکانی خۆی لە باکوری ئێران مۆڵدابوو، بە هیوای بە دەستهێنانی جیاووکی نەوتی باکور زۆری هەوڵیدا[٢٧٠]. ئێران دوای شکستهێنانی کۆنگرەی مۆسکۆ، بە ناچاری پەنایبردە بەر نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی و گەڕانەوەی سەروەریی و یەکێتی خاکی ئێران[٢٧١]. کاتێك حکومەتی تاران

---

[٢٦٧] کاوە ئەمین، ناسیۆنالیزمی کوردی.(خەبات بۆ دەوڵەتێکی نەتەوەیی.بەراوردێك لەنێوان سێ پارتی کوردیدا) ، چاپی یەکەم، هەلێر – ٢٠٠٦،ل٤١ .

[٢٦٨] لەپاش کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی وخۆ بەدەستەوەدانی یابان، ئێران بە فەرمی لە ڕێگای کونسوڵیەتی هەر یەکە لە سۆڤێت و بەریتانیا و ئەمریکا بە یاداشتێك داوای چۆڵکردن و بەجێهێشتنی خاکی ئێران لە ماوەی شەش مانگدا لێکردن، بۆ زانینی دەقی ئەو بیرخەرەوەی کە وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕادەستی نوێنەرانی باڵوێزخانەکانی یەکێتی سۆڤێت و بەریتانیا و ئەمریکای کرد لە تاران . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

د.ك.و، الوحدة الوثائقية ، ملفات البلاط الملكی ، الملف ٣١١/٤٩٥٣، الوثيقة رقم ١٧، ص٢٢، كتاب المفوضية الملكية العراقية فی طهران ،١٩٤٥/٩/١٦.

[٢٦٩] کۆنگرەی یاڵتا کە لە ١٩٤٥/٢/١١ بەسترا، لە گفتوگۆی وەزیرانی دەرەوەی هەرسێ دەوڵەتی هاوپەیمان (سۆڤێت بەریتانیا، ئەمریکا) مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانیان لە خاکی ئێران تاوتوێ کرد، هاوکات هەردوو وەزیرانی دەرەوەی بەریتانیا و ئەمریکا بۆ نیشاندانی نیاز پاکییان پێشنیارییان کرد بەرواری کشانەوەی هێزەکانیان پێش بخەن، هەروەها لە کۆنگرەی پۆتسدام کە لە ١٩٤٥/٧/٢١ دا بەسترا بەریتانیەکان دووبارە پێشنیارییان کرد، هێزەکانی هاوپەیمانان بەهەمان ژمارەوە بەر لە کاتی کۆتای بەندەکانی ڕێکەوتننامەی سێ لایەنی جێبەجێ بکەن، بەلاّم سۆڤێت بەپێشنیارەکە ڕازی نەبوو . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : هۆزان دۆسکی ،م،س، ص١٧٧ ؛ جورج کێرك ،م.س، ص٦٩ .

[٢٧٠] گراهام فولر ، قبلهُ عالم ژئوپلتيك ايران ، ترجمه: عباس مخبر ، چاپ اول ، تهران-١٣٧٣ ، ص١٨٥ .

[٢٧١] ئەفراسیاو هەورامی ، ڕۆژهەلاّتی کوردستان .....،ل٢٧٥ .

کێشەی دەستێوەردانەکانی سۆڤێتی لە ئازەربایجان و کوردستان خستە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایش، نوێنەری سۆڤێت بە توندی بەرپەرچی دایەوەو بە قسەی ناڕاست و هەڵبەستراو وەسفی کرد، بۆیە ئێران کەوتەخۆ بە مەبەستی ڕووبەڕووبونەوەی پلانەکانی سۆڤێت و دەرکردنی لە خاکی ئێران، چەند گۆڕانکارییەکی ستراتیژیی لەپۆستەکانی حکومەتدا کرد وەك، دەست لەکارکێشانەوەی ئیبراهیم حەکیمی سەرۆك وەزیرانی ئێران لە ١٩٤٦/١/٢٠ و هەڵبژاردنی ئەحمەد قەوام وەك سەرۆك وەزیرانی نوێ لە ١٩٤٦/١/٢٨ لەلایەن ئەنجومەنی شورای میللی ئێرانەوە[٢٧٢]. بەم چەشنە مەسەلەی کشانەوەی سۆڤێت لە خاکی ئێران بوو بە یەکێك لەو کێشانەی بەشێکی گەورەی قەیرانەکانی ئێرانی لەماوەی سالآنی (١٩٤٥–١٩٤٦) لەخۆ گرتبوو، تاڕادەیەکی زۆر کاریگەری نەرێنی لەسەر سروشتی پەیوەندییەکانی زلهێزەکان و سۆڤێت هەبوو، بەهەمانشێوە هۆکارێکی گرنگ بوو لە چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی ئێران بەتایبەتی چارەنووسی هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجانی پێوەگرێدرابوو، هاوکات کشانەوەی سۆڤێت لە ئێران ڕۆڵی سەرەکی و یەکلاکەرەوەی لە ڕووخانی هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان گێڕا[٢٧٣].

قەوام هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونیەوە وەك سەرۆك وەزیرانی نوێی ئێران بە مەبەستی جڵەوگیری کێشەکان و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەوکاتەی ئێران کۆمەڵێك کاری گرنگی کرد وەك: هەوڵدان بۆ خاوکردنەوەی ئەو گرژی و ئاڵۆزییانەی ببوونە گرێکوێرەی لەیەکگەیشتن لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و سۆڤێت، هاوکات تەواوی هەوڵی خۆی بۆ گێڕانەوەی سەروەریی نیشتمانی ئێران خستەگەڕ بەبێئەوەی هاوسەنگی هێزی هاوپەیمانان لە ئێران لاسەنگ بکات ، لەو پێناوەشدا یەکەم هەنگاوی بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەکانی ئێران لەگەڵ سۆڤێت لە ١٨ ی شوباتی ١٩٤٦ بە نیازی وتووێژ و دانوسان لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی سۆڤێت بەرەو ئەو وڵاتە کەوتەڕێ[٢٧٤]. لە ماوەی مانەوەی قەوام لە سۆڤێت، کە سێ هەفتەی خایاند چەندین دیدار و گفتوگۆی لەگەڵ بەرپرسە باڵا کانی ئەو وڵاتەدا ئەنجامدا،

---

[٢٧٢] د.ك.و، الوحدة الوثائقية ، ملفات البلاط الملكي ، الملف ٣١١/٤٩٥٣، الوثيقة رقم ٢٤، ص٤٩ ، تقرير المفوضية الملكية العراقية في طهران ، ١٩٤٦/١/٢٩ .

[٢٧٣] مارتین ڤان برونسین ، ئاغا وشێخ ودەوڵەت ، وەرگێڕانی: کوردۆ عەلی، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی– ١٩٩٩، ل٩٧ .

[٢٧٤] ئەو شاندەی یاوەری سەرۆك وەزیرانیان کرد لە (حميد السياح، جواد عامری، د.رضازادە شفق، ودری (ئەندامی ئەنجومەنی ئێران)، اوسیی (بریکاری وەزیری بازرگانی وپیشەسازی )، نیکبور(سەرۆکی ژووری بازرگانی تاران)، سليمان الاسدى بيرنظير (بەڕیوەبەری گشتی پەیوەندیەکانی دەەوە ) پێکهاتبوون . بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە سەیری : د.ك.و، الوحدة الوثائقية، ملفات البلاط الملكي، الملف ٣١١/٤٩٥٣، الوثيقة رقم ٦٦ ، ص١١٥، برقية سرية من الوزارة الخارجية العراقية الى رئاسة ديوان الملكى فى ١٩٤٦/٢/١٩ .

له میانەی کۆبونەوەکانی دوو جار چاوی بە ستالین کەوتووە، چەند جارێك لەگەڵ وەزیری دەرەوەی سۆڤێت (مۆلۆتۆف) دانیشتووە. له چوارچێوەی دیدار و گفتوگۆکانی نێوانیان هەریەکه له سۆڤێت و ئێران خواست و داوا کارییەکانیان بە شێوازی جیاواز خستبووەڕوو، هەرچەندە مەودای دووریی نێوان خواستەکانیان نەیهێشت بگەنە هیچ ڕێکەوتنێك، بەڵام ئەمە بوو بە سەرەتایەکی باش لە داهاتوودا هەردوو لای لە ڕێکەوتنێکدا کۆکردەوە[٢٧٥].

قەوام لە یاداشتێکدا کە لە ١٩٤٦/٢/٢٣ ئاڕاستەی دەسەڵاتدارانی سۆڤێتی کردبوو، باسی لەوە کردووە ئەنجوومەنی شورای میللی ئێران بە پێی بڕیارێك، کە لە ١٩٤٤/١٢/٢ دەرچووە هەموو جۆرە گفتوگۆ و دانوسانێکی بەرپرسانی ئێران لە بارەی پێدانی جیاووکی نەوت بە بێگانە قەدەغەکردووە، مەسەلەی ئازەربایجانیش پەیوەندیی بە ناوخۆی ئێرانەوە هەیە، ئازەربایجان ناوچەیەکی دابڕاونییە لە ئێران و مامەڵە و سازشی لەسەر ناکرێت، هەروەها داوای کردبوو هاوپەیمانان پێش ٢ی ئازاری ١٩٤٦ بەگوێرەی پەیماننامەی سێ قۆڵی ١٩٤٢ لە خاکی ئێران بڕۆنە دەرەوە، هیچ بیانویەکی یاسایی بۆ مانەوەی سۆڤێت لە خاکی ئێران لە دوای ئەو بەروارەوە لە ئارادا نییە[٢٧٦]. حکومەتی سۆڤێت لەبری ڕازیبوون بە یاداشتەکەی ئەحمەد قەوام، کۆمەڵێك پێشنیاری خستەبەردەم شاندی دانوسانکاری ئێرانی، کە گرنگترین خاڵەکانی ئەمانە بوون :

١- حکومەتی ئێران بە فەرمی خودموختاریی ئازەربایجان بناسێنێت .
٢- مانەوەی بەشێکی لەشکری سور لە چەند ناوچەیەکی ئێران بۆ ماوەیەکی نادیار .
٣- حکومەتی سۆڤێت دەستبەرداری خواستی خۆی بۆ بەدەستهێنانی جیاووکی نەوتی باکور دەبێت، بەرامبەر بەوە پێشنیاری دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی هاوبەشی سۆڤێت – ئێرانی کرد بە مەرجێ پشکی سۆڤێت لە کۆمپانیای ناوبراو ٥١٪ بێت هاوکات پشکی حکومەتی ئێران ٤٩٪ بێت[٢٧٧].

وێڕای ڕازینەبوونی قەوام بەو پێشنیارەی سۆڤێت، بۆ جاری دووەم قەوام یاداشتێکی تری ئاڕاستەی حکومەتی سۆڤێت کرد و جەختی لەسەر هەمان خواست و داواکاری یاداشتی یەکەم کردەوە، بەڵام پێداگرییەکانی سۆڤێت بۆ مانەوەی لە خاکی ئێران، قەوامیان ناچارکرد (حسێن علائی) وەك نوێنەری ئێران ڕەوانەی نەتەوەیەکگرتووەکان بکات، مەسەلەی پابەندنەبوونی سۆڤێت بەجێبەجێکردنی بەڵێنەکانیان سەبارەت بە کشانەوەی لە خاکی ئێران تاوتوێ بکات، بەو جۆرەی ڕۆژنامەکانی ئەو کاتە

---

[٢٧٥] موجتەبا بورزوویی،س.پ، ل٤٥٠ .

[٢٧٦] روح الله رمضانی ،م.س، ص١٥٧ .

[277] **Clarmant Skrine , World war In Iran ,London – 1962 ,p. 234 .**

باسیانکردووه، ئەم هەنگاوە تا ڕادەیەکی باش پشتگیری نێودەوڵەتی بەتایبەتی بەریتانیا و ئەمریکا بۆ ئێران مسۆگەرکردبوو [٢٧٨].

هەر کە قەوام گەڕایەوە تاران بوو بە مایەی سەرنج و پیاهەڵگوتنەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی و بلاوکراوەکانی سۆڤێت و دۆست ولایەنگرانیان بەتایبەتی (تودە) و ناوەندە فەرمیەکانی ڕاگەیاندنەکانی ئێران، کە بە پاڵەوان و فریادڕەسێکی دیموکراتیخوازی مۆدێرن و ڕزگارکەری میللی ناویان دەبرد[٢٧٩]. قەوام بە ئاڕاستەی کەمکردنەوەی گرژی و ئاڵۆزییەکانی ناوخۆ چەند کارێکی گرنگی ئەنجامدا، وەك هەنگاوی یەکەم بەشێکی زۆری ئەو داخوازییانەی جێبەجێکرد، کە سۆڤێت لە مێژەوە داوایکردبوو، وەك، لادان و دوورخستنەوەی ئەوانەی بە دۆست و لایەنگری بەریتانیا دادەنران ئەوانیش: تەباتەبایی، جەمالی ئیمام، دەشتی و جەنراڵ ئەرفەع بوون، هاوکات هەموو ئەو ڕۆژنامانەشی داخست دژی سۆڤێت دەیاننووسی، بە ڕواڵەت لەگەڵ تەورێز کەوتە گفتوگۆ و دانوسان بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکانیان، هەروەها سێ بەرپرسی تودەی کرد بە وەزیر لە کابینەکەی خۆیدا، وێڕای ئەوەی موزەفەر فەیروزی دۆستی سۆڤێتی کرد بە جێگری خۆی، بێبەزییانە کەوتە سەرکوتکردنی عەشایەرەکانی باشوری ئێران بە بیانووی دۆستایەتیان لەگەڵ ئینگلیز[٢٨٠].

بەم چەشنە ئەم سیاسەتە چەواشەکارانەی قەوام بوون بە مایەی هاندان و دڵخۆشی سۆڤێت، کە بۆ درێژەدان بە گفتوگۆ و دانوسانەکانی مۆسکۆ، نوێنەری پایەبەرزی سۆڤێت بە ناوی (سادیچکۆف) لە ٢٠ی ئازار گەشتە تاران[٢٨١]، هەردوولا لە ١٥ی خاکەلێوی ١٣٢٥ بەرامبەر ٤ی نیسانی ١٩٤٦ لەسەر چەند خاڵێك ڕیکەوتن وەك ئەمانەی خوارەوە :

١- هێزەکانی سوپای سور لە ماوەی مانگ و نیوێکدا لە هەموو خاکی ئێران بکێشێنەوە .

---

[٢٧٨] موجتەبا بورزویی، س.پ، ل٤٥١-٤٥٢ .

[٢٧٩] د.باقرعاقلی ، میرزا احمد خان قوام السلطنة در دوران قاجاریه و پهلوی ، چاپ دوم ، چاپخانه احمدی ، انتیشارات جاویدان -١٣٧٧،ص٢٩٠ .

[٢٨٠] د.ئەفراسیاو هەورامی ، ڕۆژهەلاتی کوردستان .....،ل٣٣ ؛ د.یاسین سەردەشتی ، کوردستانی ئێران ،ل١٩٣ .

[٢٨١]لەو یاداشتەی سادیچکۆف بۆ قەوامی ناردبوو لە٤ی نیسانی ١٩٤٦ ڕەزامەندی حکومەتی سۆڤێتی نیشاندا لە چۆنیەتی دامەزراندنی کۆمپانیایی نەوتی هاوبەشی ئێران- سۆڤێت، بە ئامانجی دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوت لە مەڵبەندە خاوەن نەوتیەکانی باکوری ئێران بەم مەرجانەی خوارەوە : بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ نەوتی باکور دەردەهێنرێت، لە ٢٥ ساڵی یەکەمدا ٥١٪ بۆ سۆڤێت، ٤٩٪ بۆ ئێران، لە٢٥ ساڵی دووەمدا هەردوولا یەکسان دەبن لە پشکداریدا .
وەرگیراوە لە ئەنوەر سوڵتانی، ڕۆژهەلات کوردستان، ل٢٢٤ .

F071I152673I131844

٢– ڕێکەوتننامەی دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی هاوبەشی ئێران – سۆڤێت و مەرجەکانی لە١٤ی ئازارەوە تا ٧ی نیسان ڕەوانەی ئەنجومەنی شورای میللی بکرێت، بەمەبەستی بڕیار لەسەردان و پەسەندکردنی .

٣–مەسەلەی ئازەربایجان کێشەیەکی ناوخۆیی ئێرانە و بۆ چارەسەرکردنی پێویستە بەپێی یاسا و ڕێساکانی ئەوکات و لەڕێگای چاکسازی و ریفۆرمەوەو بە گیانێکی مرۆڤدۆستی و چاکە خوازییەوە، کێشەکانی نێوان ئێران و کۆماری ئازەربایجان چارەسەر بکرێن[٢٨٢].

بەشێکی تری ڕێکەوتننامەکە داخوازییەکانی سۆڤێت بوو بۆ کشانەوەی سکالآی دەوڵەتی ئێران دژی سۆڤێت لە ئەنجومەنی ئاسایسشی نێودەوڵەتی، بەشداری پێکردنی ئەندامانی حیزبی تودە لە دەسەلآتی بەڕێوەبردنی ولآتدا[٢٨٣]. بەم چەشنە قەوام بەم سیاسەت و ستراتیژە نوێیەوە توانی بە جۆرێك کێشەکان چارەسەربکات کە هەموو لایەك رازی بێت، لە کاتێکدا هەموو ئەمانە تەنها چەواشەکردن و هەڵخەڵەتاندنبوون، پلانی داهاتووی قەوام زۆر ئالۆزتر بوو لەوەی دەبینرا، تەنها خۆی دەیزانی و کەس پەی پێنەبردووە[٢٨٤].

بە واژۆکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە لەنێوان سۆڤێت و ئێراندا، حکومەتی ئێران توانی بە مامەڵەیەکی دیپلۆماسی و ستراتیژییەوە لە لایەکەوە کشانەوەی سوپای سوری لە ناوچەکانی باکوری ئێران مسۆگەرکرد، لەلایەکی ترەوە مەسەلەی ئازەربایجان و کوردستانی خستەوە نێو پەراوێزی کێشە ناوخۆییەکان ئێران، لەپشتیوانی سۆڤێتی دایبڕین، وەك کێشەکانی تری ئێران چارەسەرکردنیانی خستەوە ژێر دەسەلآتی حکومەتی تاران .

---

[٢٨٢] عبد المناف شكر النداوى ، اشكاليات الانسحاب السوفيتى من ايران ١٩٤٦، كلية المعلمين ( مجلة)، جامعة المستنصرية، العدد ٥، السنة الثانية ١٩٩٦، ص ص١١–١٣ .

[٢٨٣] د.ك.و ، الوحدة الوثائقية ، ملفات البلاط الملكى ، الملف ٣١١/٤٩٩٣ ، الوثيقة رقم ٣٧ ، ص٥٧ ، كتاب الوزراة الخارجية العراقية الى رئاسة ديوان الملكى ، ١٩٤٦/٤/٩ .

[٢٨٤] امل عباس جبر البحرانى ، الاذربايجانيون و دورهم السياسي في ايران ١٩٠٥– ١٩٤٦، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة المستنصرية – تشرين الاول ١٩٩٧ ، ص١٣٧ .

## باسی سێیەم/ ڕێکەوتنی نێوان کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان و هەڵویستی حکومەتی ئێران لەم بارەیەوە.

### ١- ڕێکەوتننامەی نێوان هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان و هەڵوێستی بەریتانیا سەبارەت بەڕێکەوتنەکە

وێڕای ناکۆکیەکانی نێوان هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان، بەڵام نزیکبوونەوەی ئێران و سۆڤێت و بەستنی ڕێکەوتننامەی نێوانیان کورد و ئازەری ناچاربە لێك نزیککردنەوە کرد، بۆ مەبەستەش لە کۆماری کوردستان شاندێك بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد و بە یاوەری محەمەد حوسێن سەیفی قازی، سەید عەبدوڵلا گەیلانی، عومەرخانی شکاك، ڕەشید بەگی هەرکی، زیرۆبەگی هەرکی، قازی محەمەدی شنۆیی، گەشتنە تەورێز و لەگەڵ شاندی کۆماری ئازەربایجان، کە پێکهاتبوون لە جەعفەر پیشەوەری، حاجی میرزا عەلی شەبستەری ، سادق پادگان، سلام الله جاوید، محەمەد بێریا دانیشتن، دوای ئەنجامدانی گفتوگۆ سەبارەت بە کێشەکانی نێوانیان لە ئەنجامدا لە ١٩٤٦/٤/٢٣ پەیمانی هاوکاریی و دۆستایەتی لە نێوان کۆماری ئازەربایجان و کۆماری کوردستان واژۆ کرا[٢٨٥].

بەندەکانی ڕێکەوتننامەی نێوان کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان ئەمانەبوون:-

١- بەپێی پێویستی و خواستی بارودۆخەکە هەردوو کۆمار نوێنەر دەگۆڕنەوە .

٢- لە ئازەربایجان لەو شوێنانەی کورد زۆرینەن لە کاری بەڕێوەبردندا هاوبەشی بە کورد دەکرێت، هەروەها لە کوردستانیش لەو شوێنانەی زۆربەی دانیشتوانی ئازەرین، هاوبەشی بە فەرمانبەرانی کۆماری ئازەربایجان لەدەسەڵاتی بەڕێوەبردندا دەکرێت .

٣- بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە ئابوورییەکانی نێوانیان هەردوولا، کۆمیسۆنێکی هاوبەش دادەمەزرێنن، کە بڕیارەکانی لەلایەن دەسەڵاتی کارگێڕی هاوبەشی هەردوو حکومەتەوە جێبەجێدەکرێت .

٤- لە کاتی پێویستدا لە نێوان هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان هاوکاریی پێشمەرگەیی و سەربازی دەکرێت، ئەوەی بۆ پشتیوانی و هاوکاری یەکتر پێویست بێت ئەنجام دەدرێت .

---

[٢٨٥] عومەر باڵەکی ، مەهاباد و کورتە مێژوویەك ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، چاپی یەکەم ، سلێمانی -٢٠٠٤ ،ل٩٧ ؛ درية عونى، عرب واكراد، دار الهلال ، بغداد - ١٩٩٣ ، ص١٤٦-١٤٧ .

٥- هەر کاتێك پێویست بوو لەگەڵ حکومەتی تاران وتووێژ بکرێت ئەوا دەبێت ڕەزامەندی و پەسەندی حکومەتی میللی ئازەربایجان و کوردستانی لەسەر بێت .

٦- حکومەتی ئازەربایجان بۆ ئەو کوردانەی لە ئازەربایجان دەژین، تا ئەو ئەندازەیەی بتوانێت بۆ پێشکەوتن و پەرەپێدانی زمان و فەرهەنگی ئەوان هەوڵدەدات .هەروەها حکومەتی میللی کوردیش بۆ ئەو ئازەربایجانیانەی کە لە خاکی کوردستاندا دەژین بۆ پێشکەوتنی زمان و پەرەپێدانی فەرهەنگی میللی ئەوان تا ئەو ڕادەیەی بتوانیت هەوڵدەدات .

٧- هەر کەس بۆ تێکدانی دۆستایەتی مێژوویی نەتەوەی کورد و ئازەر و لە ناوبردنی برایەتی و دیموکراتی میللی یان لەکەدارکردنی یەکێتی ئەوان هەوڵبدات، هەردوو لا بەیەك دەست ئەو کەسانە بە سزای خۆیان دەگەیەنن[٢٨٦].

ئەگەرچی ئەم ڕێکەوتنە هەندێك لە ناکۆکیە بنەڕەتیەکانی وەك کێشەی سنوری نێوان هەردوولای بە چارەسەرنەکراوی هێشتەوە، بەلأم تا ڕادەیەکی باش بە سەرکەوتن بۆ هەردوو لا دانراوە، چونکە دوای مێژوویەکی دوورو درێژ لە ناکۆکی و ناتەبایی و کێشمەکێشی زۆر، پەیمانیان بە یەکتردا لە مەیدانی سیاسی و سەربازییدا چارەنوسێکی هاوبەشیان هەبێت[٢٨٧].

شایەنی باسە ڕێکەوتنی نێوان هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان بوو بە مایەی توڕەی و بێزاری حکومەتی تاران، کە بۆ چەندین ساڵ بە پیادەکردنی سیاسەتی (پەرتکە و زاڵ بە) تۆی ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان ئەم دوو گەلەدا چاندبوو، ئەوەی نیگەرانیەکانی زیاتر کردبوو ئەوە بوو، کە حکومەتی تاران پێانوابوو ، هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان وەك دوو دەوڵەتی جیاواز و سەربەخۆ ڕەفتاریانکردووەو بۆ دابەشکردنی ئێران هەوڵدەدەن . هەرچەندە لەم ڕێکەوتننامەدا، هیچ هەنگاوێك بۆ دیاریکردنی سنوری نێوان کوردستان و ئازەربایجان نەنرا، بەلأم بە گوێرەی بەندی دووەمی ڕێکەوتننامەکە هەنگاوێك بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کێشانەدا نرابوو، ئەگەری ئەوە هەبوو هەندێ شاری وەك ورمێ، میاندواو،

---

[٢٨٦] هەلأله (گۆڤار) ، ژمارە ٣، ساڵی یەکەم ، بۆکان ، بانەمەڕی ١٣٢٥ ،ل ل١-٧ ؛ کوردستان (ڕۆژنامە) ، ژمارە ٤٥ ،ساڵی یەکەم ، مەهاباد ، چوارشەممە ١٨ی بانەمەڕی١٣٢٥ ،ل٣.

[٢٨٧] احمد زنگنه ،م.پ، ص٨ .

تەنانەت خۆیش بکەوێتە ژێر دەسەلاَتی ئازەربایجانەوە، بەلاَم لەلایەن دەسەلاَتی کارگێڕیی هاوبەشی هەردوولاوە بەڕێوەببرێن[٢٨٨].

بەم چەشنە کۆماری کوردستان بە بەستنی ئەم پەیمانە سەربەخۆی و دانپیانانی کۆماری ئازەربایجانی بۆ خۆی مسۆگەرکرد، جگە لەوەی ناتەبایی و ناکۆکیەکانی نێوانیان بۆ دۆستایەتی و هاوسەنگەریی بۆ بەگژاچوونی دەسەلاَتی ناوەندیی گۆڕا، هاوکات ئەم دۆستایەتیەی نێوان هەردوو حکومەت مایەی دڵخۆشی بوو بۆ کۆماری کوردستان، کە هاوپەیمانێکی وەك کۆماری ئازەربایجانی پەیداکرد، کە بەهۆی پاڵپشتی دارایی و ئابووریی و لۆجستیەوە لەلایەن سۆڤێتەوە سودمەندبوو، بۆیە دەسەلاَتدارانی کۆماری کوردستان بەو پەڕی دڵسۆزییەوە پابەندی بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە بوون و هەوڵی جێبەجێکردنیاندا[٢٨٩].

بەریتانیا هەڵوێستی خۆی لە ئاژانسی هەواڵی (تاس) لە ڕۆژی ١٩٤٦/٥/٦ سەبارەت بە پەیمانی نێوان ئازەربایجان و کوردستان ڕاگەیاند، لەم ڕووەوە بەریتانیا ڕایگەیاند لەبەر ئەوەی هیچ کام لە کۆمارەکانی ئازەربایجان و کوردستان وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە فەرمی ناناسێنێت، بەستنی ئەو پەیمانەش بە فەرمی ناناسێنێت، لەبەر ئەوەی بەستنی ئەم پەیمانە شێوەیەکی فەرمی وەك دوو دەوڵەتی جیاوازی لە خۆ گرتووە ، بۆیە بەریتانیا ناتوانێت دانیپێدابنێت، وێڕای ئەوەش لە نێوان هەردوو دەوڵەتی بەریتانیا و ئێران لەسەر ئەم پەیمانە هیچ وتووێژێك نەکراوە[٢٩٠]. هەر سەبارەت بە پەیماننامە ئاژانسی هەواڵنێری ڕۆیتێر لە لەندەن لە ١٩٤٦/٥/٦ نووسیبووی : " گەرچی دەرچوونی سوپای سۆڤێت لە ئێران، کە بڕیار بوو ٦ی ئایار کۆتایی بێت شتێکی خۆشبینانە بوو، بەلاَم بەستنی پەیمانی نێوان ئازەربایجان و کوردستان بارودۆخی ناوخۆیی ئێران ئاڵۆزدەکات . ئەم پەیمانە لە بارەی یاسایی و نێونەتەوایەتیەوە سەنگێکی نییە، لەبەر ئەوە هیچ کام لەو لایەنانە لەلایەن هیچ دەوڵەتێکەوە وەك دەوڵەتی سەربەخۆ بە فەرمی نەناسراون، سەبارەت بە کێشەی کوردیش وا باسی کردووە، پەیمانەکە کێشەی ناسیۆنالیزمی کوردی دەباتە پێشەوە بە جۆرێك لەوانەیە دەوڵەتی ئێران نەتوانێت بەرەو ڕووی کێشەکانی ناوخۆ بێتەوە بەتایبەتی دوای چارەسەرکردنی کێشەکانی ئازەربایجان بە وتووێژ و گفتوگۆ،

---

[288] F0371I52740 -25338 وەرگیراوە لە ئەنوەر سوڵتانی ، ڕۆژهەلاَتی کوردستان ،ل ٢٤١–٢٤٢ .

[٢٨٩] د.یاسین سەردەشتی، س.پ،ل١٦٧ .

[٢٩٠] ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیای فیدراڵ ، فۆندی ٥٦، کۆپیەی ٩، پاکەتی ١١٥، دۆسیەی ١٧٢ ،ل ل٢١٢–٢١٣ وەرگیراوە لە ئەفراسیاو هەورامی ، پەیوەندیەکانی کوردستان وئازەربایجان ......، ل٢٧٩ .

ناچاردەبێت لەگەڵ کوردیش بکەوێتە گفتوگۆ، دووریش نییە ناسیۆنالیزمی کوردی زیاتر پەرەبسێنێت و بگاتە ناو پارچەکانی تری کوردستان لە تورکیا و عێراق و ئێران و سوریا" [٢٩١].

## ٢- هەوڵەکانی حکومەتی تاران دژ بە ڕێکەوتننامەی نێوان کوردستان و ئازەربایجان

ترس و دوودڵییەکانی حکومەتی ئێران لە ڕێکخستن و مۆرکردنی پەیمانێکی لەو جۆرە لە نێوان هەردوو حکومەتە خودموختارییەکەی کورد و ئازەربایجان، کە بە هەوڵ و کۆششی سۆڤێت بوو بۆ جیاکردنەوەی ئازەربایجان لە ئێران زۆرتر بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی بەریتانیا بە فەرمی داناپیادا نەنانی حکومەتەکەی بەڕێکەوتننامەی نێوان کوردستان و ئازەربایجان خستەڕوو . ڕۆزفلت لەم ڕووەوە ووتویەتی: " خاڵەکانی ئەو پەیماننامەیە لەناوەڕۆکی خۆیاندا نیشاندەری ئەوڕاستیە بوون، دوو ڕژێمە دیموکراتەکە خۆیان بە دوو دەوڵەتی سەربەخۆ دادەنێن، مافیان هەیە نوێنەر ئاڵوگۆڕ بکەن و پەیمانیش ببەستن" [٢٩٢].

قەوامولسەڵتەنە هەر دوای واژۆکردنی ڕێکەوتننامەی نێوان کوردستان و ئازەربایجان، خێرا بۆ تێکدانی ئەو یەکێتیە کەوتە هەوڵدان، بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەی ویستی کەڵك لە ناکۆکیە سنورییەکانی نێوان هەردوو کۆمار وەربگرێت، بەتایبەتی کێشەی سنوریی ئەو شارانەی هەردوو نەتەوەی پێکەوە تێدا دەژیا قوڵتربکاتەوە، تا ئاستی ئاژاوەو جیابوونەوە، لەلایەکی ترەوە هەوڵیدا بەناوی سازان و ڕێکەوتنی ساختەوە بەجیا لەگەڵ هەریەکەیان گفتوگۆ بکات بێ ئاگاداری یەکتری، وەك ئەو ڕێکەوتنەی لە نێوان ئازەربایجان و تاراندا لە تەورێز واژۆکرا و کۆماری کوردستانی لێ بێبەش کرا [٢٩٣].

حکومەتەکەی قەوام بە ناوی دەوڵەتەوە ڕاگەیەنراوێکی لەسەر ئازەربایجان بڵاوکردەوەو ئاماژەی بەوە کرد، دەوڵەت بەپێی بەندەکانی(٢٩،٩٠،٩١،٩٢،٩٣) لەپاشکۆی یاسای بنەڕەتی ئێران پەیوەست بە ئەنجومەنی ئەیالەت و ویلایەتەکان، خوازیاری چارەسەری مەسەلەی ئازەربایجانە و دەیەوێت بەڕیوەبەرایەتی چەند یەکەیەکی کارگێڕی بە خەڵکەکەی بسپێرێت. لە پاڵ زمانی فارسی زمانی ئازەریش بکرێتە زمانی میللی، ڕێکخراوە دیموکراتەکانیش بە گوێرەی یاسای بنەڕەتی مافی خەبات و تێکۆشانیان

---

[٢٩١] ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیای فیدراڵ ، فۆندی ٥٦ ، کۆپیەی ٩ ، پاکەتی ١١٥ ، دۆسیەی ١٧٨ ، ل٢٣٢ وەرگیراوە لە ئەفراسیاو هەورامی، س.پ،ل ٢٨٠ .

[٢٩٢] موجتەبا بورزویی ، س.پ، ل٤٤٢ .

[٢٩٣] مەحمودی مەلا عززەت ، جەمهوری کوردستان، ل٣٠٠ .

دەبێت، حکومەتی تاران بۆ تاوتوێی بارودۆخەکە و زانینی هەلومەرجی سیاسی، نوێنەرانی پێشووی خولی چواردەهەمی ئەنجومەنی میللی ئێرانیان بۆ تەورێز نارد[٢٩٤] .

لەسەر داخوازی و بانگهێشتی سەرۆك وەزیران قەواموسەڵتەنە لە٨ی بانەمەڕ ١٣٢٥ بەرامبەر(١٩٤٦/٤/٢٨) دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان بە سەرۆکایەتی سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتی نیشتمانی ئازەربایجان پیشەوەری [٢٩٥]، بە یاوەری هەریەکە لە سادق پادگان، د.جیهان شاولو، ابراهیمی، دیلمقانی و چواردە کەسی تر لە فیداییەکانی ئازەربایجان و محەمەد حوسێن سەیفی قازی وەزیری جەنگ وەك نوێنەری کوردستان ڕۆشتن بۆ تاران بە مەبەستی گفتوگۆ و دانوسان. لەوێ چاویان بە نوێنەرانی دەوڵەتی تاران کەوت، کە پێکهاتبوون لە: موستەشار ئەلدەولە محەمەد وەلی میرزا، فەرمافەرمائیان، لنگرانی، ئەبیگجیان، موەریخ ئەلدەولە سپهر وەزیری پیشە و هونەر، موزەفەر فیروز یاریدەدەری سیاسی و پەرلەمانی سەرۆك وەزیران لەگەڵیان کۆبوونەوە[٢٩٦]. وتووێژەکان لە ٢٩ی نیسانی ١٩٤٦ دەستیپێکرد، یەکەم بابەتی کۆبونەوەکە شیکردنەوەەیەك بوو بۆ هەموو پرسیارەکان ، لە ڕۆژی دواتر کۆبونەوەی دووەم دەستیپێکرد، نوێنەرانی تاران بڕیاری چارەسەرکردنی کێشەی ئازەربایجانیان دا، بۆ ئەو مەبەستەش ڕەشنوسێکی ٧خاڵیان ئاڕاستەی دەستەی نوێنەرانی ئازەربایجان کرد. تێدا ئاماژەیان بەوە کرد دەوڵەت بڕیاریداوە بەوردی لە کێشەکەیان بکۆڵێتەوەو داخوازی هاونیشتمانیانی ئەم ناوچەیە بەمەرجێ لەگەڵ یاسایی بنچینەیی و یاساکانی تری ئێران دژ و پێچەوانە نەبێت جێبەجێبکات[٢٩٧]، دەستەی نوێنەرانی ئازەربایجان لە سەرەتای کوبونەوەکاندا خواست و داواکارییەکانی خۆیان خستە ڕوو، کە بریتی بوون لە :

١- ئەنجومەنی میللی ئازەربایجان لەبری ئەنجومەنی ئەیالەتی ئازەربایجان بە فەرمی بناسرێت و دانیپێدابنرێت .

٢- ئەنجومەنی ئەیالەت ئۆستاندار، سەرۆکی دەزگا و بەرێوەبەرایەتیەکان لەوانەش بەڕیوەبەرایەتی دارایی دابنێ .

٣- زمانی تورکی ئازەری ببێتە زمانی فەرمی سەرجەم دامودەزگاکان و ناوەندەکانی خوێندن و سوپا.

---

[٢٩٤] حوسێنی مەدەنی ، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، ل٢٨٠ .

[٢٩٥] د،ئەفراسیاو هەورامی ، پەیوەندیەکانی کوردستان وئازەربایجان .......،ل١٦.

[٢٩٦].کوردستان (ڕۆژنامە) ، ژمارە ٥٠ ، ساڵی یەکەم ، دووشەممە ٦ی جۆزەردانی ١٣٢٥ بەرامبەر١٩٤٦/٥/٢٧،ل١ .

[٢٩٧] د.ئەفراسیاو هەورامی ، هـ.س، ل١٧ .

٤ – هێزی پێکهاتووی ئازەربایجان، ببێتە بەشێك لە سوپای ئێران و هەمان و پلە پۆستی سەربازی و سوپاییان هەبێت و لەلایەن حکومەتی تارانەوە دانپیادابنرێت[٢٩٨].

سەرەڕای ئەوەی نوێنەرانی حکومەتی ناوەندیی ئامادەنەبوون هیچ کام لەو داخوازییانە جێبەجێبکەن، هاوکات داوایان کردبوو هێزە چەکدارەکانی ئازەربایجان هەڵبوەشێتەوەو بەرپرسیارێتی دانانی ئۆستاندار و لێپرسراوانی دامودەزگاکانی دەوڵەت لە ئەستۆی حکومەتی ناوەندیی بێت، تەنانەت زمانی فارسی بکرێتە زمانی فەرمی دامودەزگا دەوڵەتیەکان مەسەلەی ئەنجومەنی ئەیالەتیش دوابخرێت بۆ پاش هەڵبژاردنەکانی خولی پانزدەهەمی ئەنجومەنی شورای میللی ئێران و دواتر بە یاسایەکی تایبەتی ئەو کێشە چارەسەربکریت[٢٩٩].

مەسەلەی مانەوە یان هەڵوەشانەوەی هێزە چەکدارەکانی ئازەربایجان بوو بە گرێکوێرەی گفتوگۆکان، حکومەتی قەوام و محەمەد ڕەزاشا ڕازی نەبوون شەرعیەت بە مانەوەی ئەم هێزانە بدەن لەبری ئەوە حکومەت پرۆژەیەکی حەوت خاڵی خستە بەردەم دەستەی دانوسانکاران، بەپێی ئەم پرۆژەیە هەر مافێك لە یاسای پەسەندکراوی نیسانی ١٩٤٦بەپێی بەندەکانی ٢٩ ،٩٠،٩٢، ٩٣ ی پاشکۆی یاسای بنچینەی ئێران سەبارەت بە ئەنجومەنەکانی ئەیالەت و ویلایەتی پەسەندکراو بۆ ئازەربایجانیش بەم چەشنە ی خوارەوە پەسەند دەکرێت :

١- بەڕێوەبەری دامودەزگاکانی کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی و هونەر، ترانسپۆرت، تەندروستی، پۆلیس، دادگاکان، دادستانەکان، بەڕێوەبەرایەتی دارایی لەلایەن ئەنجومەنەکانی ئەیالەتی و ویلایەتیەوە دیاریدەکرێن ، بەڵام دامەزراندنی فەرمی ئەوان لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە دەبێت.
٢- مافی دیاریکردنی ئۆستاندار (پارێزگار) بەپێی پەسەند کردنی ئەنجومەنی ئەیالەتی لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دەبێت، بەڵام فەرماندەکانی لەشکری پۆلیس و ئاسایش لەلایەن دەولەتی ناوەندییەوە دیاریدەکرێن .
٣- زمانی فەرمی ئازەربایجان وەك شوێنەکانی تر فارسی دەبێت، لە سەرجەم دامودەزگا و بەڕیوەبەرایەتەکانی هەرێمەکە لەگەڵ دەزگاکانی دادپەروەری و کاروبار بە زمانی فارسی و تورکی، تەنها خوێندن لە پێنج پۆلی سەرەتایی بە زمانی ئازەری دەبێت .

---

[٢٩٨] جعفرمهدی نیا ، زندگی سیاسی قیوام السلطنه ، چاپ دوم ، تهران، تابستان – ١٣٦٦، ص٣٣١ .

[٢٩٩] نەوشیروان مستەفائەمین ، حکومەتی کوردستان ، ل٢٢٩-٢٣٠ .

٤- لە کاتی دیاریکردنی داهاتیماڵیات و بودجەی وڵات، دەوڵەتی ئێران بۆ باشترکردنی بارودۆخ و ئاوەدانکرنەوەو گەشەپێدانی شارەکان و رێکخستنی باری کەلتوری و تەندروستی ....هتد ڕەچاوی دۆخی ئازەربایجان دەکات .

٥- چالاکی رێکخراوە دیموکراتیەکان و سەندیکاکان لە ئازەزەربایجان، وەك ناوچەکانی تری ئێران ئازاد دەبن .

٦- هیچ جۆرە گیروگرفت و سزا و زۆرلێکردن بەرامبەر دانیشتوان و فەرمانبەرانی دامودەزگاکان، کە لە ڕابردوودا بەشداریی بزوتنەوەی دیموکراتیان کردبێت بەکار ناهێرێت .

٧- زیادبوونی ژمارەی نوێنەرانی ئازەربایجان لە مەجلیسی ئێران بەگوێرەی ژمارەی ڕاستەقینەی دانیشتوانی ئەو ئەیالەتە دەبێت، بۆ ئەم مەبەستە هەر لە سەرەتایی کۆبونەوەی خولی پانزدەهەمی ئەنجومەنی میللی ئێران، پێشنیارێکی پێویست بۆ پەسەندکرنی بڕیارێکی تایبەت لەم بارەوە بدرێت، دوای پەسەندکردنی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، واتە کەمی ژمارەی نوێنەرانی ئازەربایجان لە مەجلیس شورای میللی ئێران، هەڵبژاردن لەم هەرێمەدا بکرێت[٣٠٠] .

هاوکات دەستەی نوێنەرانی ئازەربایجان داخوازیی و داواکاریەکانیان لە یاداشتێکدا، کە لە ٣٣ خاڵ پێکهاتبوو ئاڕاستەی تاران کرد، داوای هێشتنەوەی ئەو بارودۆخەیان کردبوو، کە لە ئازەربایجاندا هاتبووەکایەوە، هەروەها پێداگرییان لەسەر مانەوەی کۆماری ئازەربایجان و تەواوی ئەو ناوچانەی سەر بەو دەسەڵاتە کارگێڕیەن لە چوارچێوەی یەکێتی خاکی ئێران کردبوو، هاوکات سوپا و لەشکری ئازەربایجان خۆیان بەرپرسی ئاسایش و پاراستنی ناوچەکە بن و دەوڵەتی ناوەندیی تەنها سەرپەرشتی کاروباری دەرەوەی ئازەربایجان بکات و سەربەخۆیی ناوخۆیان پارێزراو بێت،[٣٠١] هەروەها داواییان کردبوو بەپێی (مەنشوری ئەتلانتێك) هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت، نەك بەگوێرەی یاسای بنەڕەتی ئێران .[٣٠٢]

---

[٣٠٠] ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیای فیدراڵ، فۆندی سکرتارێتی مۆلۆتۆف ، کۆپیەی ٨ ، دۆسیەی ٤٤ ، کارتۆنی ٣٤ل، ل ل٣-٤ وەرگیراوە لە ئەفراسیاو هەورامی ، پەیوەندیەکانی کوردستان و ئازەربایجان ...،ل١٦-١٧ .

[٣٠١] د.تورج اتابکی ،س.پ،ل١٦٥.

[٣٠٢] مەنشوری ئەتلانتیك، ئەو بلاَو کراوەیە بوو لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی بلاَوکرایەوە، کە لە ساڵی ١٩٤١ لە کەنداوی پلاسنتیا لەلایەن ڕۆزفلتی سەرۆکی ئەمریکا و ونستۆن چەرچڵی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیاوە مۆرکرا، تیایدا ئاماژە بە کۆمەڵێك لە مافەکانی مرۆڤ دراوە لە ئاستی تاکەکەسی و گروپ و رێکخراو..هتد، لە یەکێك لە خاڵەکانیدا دەڵێت: " هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە بە ئازادی ئەو حکومەتە هەڵبژێرێت کەخۆی پێی خۆشە، بەبێ ترس و نیاز مافی ژیانی هەبێت "

خولی یەکەمی گفتوگۆکان ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو، دوای ماوەیەك و بەهۆی فشارەکانی سۆڤێتەوە لەسەر کۆماری ئازەربایجان خولی دووەمی گفتوگۆکانی نێوان ئازەربایجان دەوڵەتی ناوەندیی دەستپێکردەوە، بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی ناوەندیی شاندێکی ڕەوانەی تەورێز کرد، کۆبوونەوەو وتووێژەکان لەسەر کێشە هەڵپەسێراوەکان دەستپێکردەوە، سەرئەنجام پرۆژە حەوت خاڵیەکەی حکومەتی ناوەندیی بوو بە بنچینەی گفتوگۆکان(٣٠٣)، لە ئەنجامی بیرو ڕاگۆڕینەوە لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێکەوتن، کە ئەمانەن:

١-سەبارەت بە خاڵی یەکەمی پرۆژەکەی حکومەتی تاران، سەرۆکی دارایی بە پێشنیاری ئەنجومەنی ئەیالەتی و پەسەند کردنی حکومەتی ناوەندیی دادەنرێت .

٢- ئەنجومەنی ئەیالەت چەند کەسێك بۆ پۆستی پارێزگار دەستنیشاندەکات، وەزارەتی کیشوەر یەکێکیان هەڵدەبژێرێت .

٣- حکومەت مەجلیسی میللی ئازەربایجان وەك ئەنجومەنی ئەیالەت ئەناسێنێ، دوای دامەزراندنی ئەنجومەنی شورای میللی ئێران بۆ خولی پانزدەهەم و دانانی یاسای نوێی ئەنجومەنەکانی ئەیالەت و ویلایەت، کە لەلایەن حکومەتەوە پێشنیار ئەکرێت، ئەوسا ئەنجومەنی ئەیالەتی ئازەربایجان بە گوێرەیی ئەو یاسایە هەڵدەبژێررێت .

٤- هێزەکانی ئازەربایجان بە بەشێك لە سوپای ئێران دابنرێت، کۆمیسۆنێکی هاوبەش لە نوێنەرانی حکومەتی ناوەندیی و ئەنجومەنی ئەیالەتی بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە پێکبهێنرێت(٣٠٤).

٥- (٧٥٪) داهاتی هەرێمی ئازەربایجان بۆ خەرجی ناوچەکە و ٢٥٪ ئەنێررێ بۆ دەوڵەتی ناوەندیی وەك خەرجی گشتی کە ئەمانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت :

أ- دەرامەتی پۆست، تەلەگراف، گومرگ، ڕێگای ئاسنین و کەشتیوانی لە دەریاچەی ورمێ هەمووی بە دەوڵەتی ناوەندیی دەدرێت .

**ب**- دروستکردن و چاککردنی شەقام و ڕێگا سەرەکیەکان لە ئەستۆی حکومەتی ناوەندیی دەبێت، هەرچی ڕێگا لاوەکیەکان و ناوچەیەکانیشە لە ئەستۆی ئەنجومەنی ئەیالەتی دەبێت .

---

(٣٠٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان...، ل٢٣٧-٢٣٨ .

(٣٠٤) جعفر مهدی نیا، س.پ، ل ل ٣٣٥- ٣٣٩ .

ج– ٢٥٪ داهاتی گومرگی ئازەربایجان بۆ زانکۆی ئازەربایجان تەرخان دەکرێت .

٦– حکومەتی ناوەندیی هەوڵدەدات ڕێگای ئاسنینی نێوان میانە– تەورێز بە زووترین کات دروست و تەواو بکات .

٧– هێزەکانی فیدایی ئەبن بە بەشێك لە هێزی ژاندارمری و پۆلیس، کۆمیسۆنێکی هاوبەش لە نوێنەرانی حکومەتی ناوەندیی و ئەنجومەنی ئەیالەتی بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە پێکبهێنرێت(٣٠٥) .

٨– دەوڵەت چاوپۆشیدەکات لەو زەویانەی خۆی، کە لەلایەن کۆماری ئازەربایجانەوە دابەشکراون، بەڵام دەبێت ئەو موڵکدارانەی، کە زەوییەکانیان دابەشکراوە قەرەبوو بکرێنەوە، بۆ مەبەستە کۆمسیۆنێکی هاوبەش لە نوێنەرانی هەردوولا بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە پێکبهێنرێت .

٩– دەوڵەتی ناوەندیی ڕەزامەندی دەدات دوای کردنەوەی مەجلیسی پانزدەهەم، پرۆژە یاسای هەڵبژاردن لەسەر بنەمای ئازادی و دیموکراسی، بە شێوازی نهێنی و بە بەشداری ڕاستەوخۆی ژن و پیاو بێت، ئازەربایجانیش بەپێی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانەکەی ژمارەی نوێنەرەکانی زیادبکرێت .

١٠– ئەیالەتی ئازەربایجان ئۆستانەکانی ٣–٤ دەگرێتەوە .

١١– حکومەت ڕازییە بۆ دابینکردن و باش بەڕێوەچوونی کاروباری ئازەربایجان، شورای بەڕێوەبەرایەتی لە پارێزگار و سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیەکان و سەرۆکی ئەنجومەنی ئەیالەتی پێکبهێنێت .

١٢– خوێندن لە قۆناغەکانی ناوەندیی و خوێندنی باڵا بە هەردوو زمانی فارسی و تورکی ئازەری بە پێی بەرنامەی وەزارەتی فەرهەنگ و پەروەردە دەبێت .

١٤– لەبەر ئەوەی حکومەت بەنیازی بوو یاسای نوێ بۆ هەڵبژاردنی شارەوانی لە هەموو ئێران لەسەر بنەمای دیموکراتی و دەنگدانی گشتی و نهێنی و ڕاستەوخۆ بۆ مەجلیس پانزدەهەم پێشنیار بکات، دوای پەسەندکردنی ئەو یاسایە هەڵبژاردنی نوێ بۆ ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەموو ئێراندا دەستپێدەکات، تا ئەو کاتە ئەنجومەنەکانی شارەوانی ئێستای ئازەربایجان وەك خۆیان دەمێننەوە .

١٥– ئەم ڕێکەوتننامەیە بە دوو وێنە ئامادە کراو گۆڕدرایەوە، پاش پەسەندکردنی لەلایەن حکومەت و ئەنجومەنی ئەیالەتی ئازەربایجانەوە، جێبەجێدەکرێت(٣٠٦) .

---

(٣٠٥) د.ك.و، الوحدة الوثائقية ، ملفات البلاط الملكي ، الملف ٣١١/٧٣٧ ، الوثيقة رقم ١١٨ ، ص ص ٣١١–٣١٣ ، كتاب المفوضية الملكية العراقية في طهران – ١٩٤٦/٦/١٧ .

بە گوێرەی خاڵەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە بێت، حکومەتی تاران لە خودموختارەیەکەی ئازەربایجان ڕازیبووە، هاوکات ئەنجومەنەکانی ئەیالەت و ویلایەتیش لەلایەن گەلانی ئازەربایجانەوە خۆیانەوە هەڵدەبژێرێن، ئازەربایجان ئەنجومەنی میللی خۆی دەبێت و سەرۆکی بۆ دیاریدەکات، هەروەها کۆماری ئازەربایجان سوپای خۆی دەبێت بۆ پارێزگاریکردن و بەرقەرار کردنی ئاسایشی ناوخۆ سودی لێوەردەگرێت(٣٠٧).

خولی دووەمی گفتوگۆکانی ئازەری – ئێرانی مەسەلەی کوردی بردەوە بۆ دواوەو خستیە سەبەتەی کێشەی ئازەربایجانەوە، لەلایەکەوە ئەم گفتوگۆیانەی دوایی بەبێبەشداری پێکردنی نوێنەری کورد ئەنجامدار، ئەمەبەتەواوی پێچەوانەی ڕێکەوتننامەی نێوان کوردستان و ئازەربایجان بوو، کە ئازەرییەکان پێوەی پابەندنەبوون(٣٠٨)، لەلایەکی ترەوە کێشەی کورد وەك کێشەی نەتەوەیەکی سەربەخۆ نەمایەوە، کە وەك گەلی ئازەری قەوارەیەکی سیاسی و بەڕێوەبەرایەتیەکی جیاوازی خۆی هەبێت و بتوانێت ئەنجومەنەکانی ئەیالەتی و ویلایەتی خۆی پێکبهێنیت، بەڵکو بەپێچەوانەوە کوردیش وەك کەمایەتیەکانی تری ئازەربایجان لە ئاسوری و ئەرمەنیەکان تەنها ماف خوێندنی پێنج ساڵی قوناغی سەرەتاییان بە زمانی زگماکی خۆیان پێدرا، جگە لەوە کوردەکانی دەرەوەی ئازەربایجان لەپارێزگاکانی کرماشان و کوردستان، کە زۆرینەی کوردی کوردستانی ئێرانیان لیێ پێکهاتبوو لە لایەن حکومەتی تارانەوە پشتگوێ خرابوون(٣٠٩).

بەم چەشنە وابەستەنەبوونی پیشەوەری و حکومەتەکەی بە ڕێکەوتننامەی نێوانیان لەگەڵ کوردستان ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگربوو، بەتایبەتی لە کاتی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان حکومەتی تاران کوردهیچ هاوکارییەکی کاریگەریان پێشکەشنەکردن لە کاتێکدا بارزانیەکان و بەگزادەکانی فەیزوڵڵابەگی لە گەمارۆدانی سەربازگەی میاندواو لەلایەن فیرقەی دیموکراتەوە بەشداری چالاك و کاریگەرییان لە پشتیوانی فیداییەکانی فیرقەی دیموکرات کرد، لەم بارەوە نەجەف قولی پسیان نوسیویەتی : "هاوکاری و یارمەتی کورد ڕێگەی گرت لە پاشەکشەی هێزەکانی سەربازگەی میاندواو گرت، کە نەتوانن بەرەو شاهیندژ بکشێنەوە، هەروەها لە میانەی گەمارۆدانەکەدا لە ١٢/٣ تا ١٩٤٥/١٢/٢٥ پارێزگاریکردن لەپردی جەغتوور

---

(٣٠٦) کوردستان (ڕۆژنامە) ، ژمارە ٦٤ ،ساڵی یەکەم ، سێشەممە ١١ی پەشپەڕی ١٣٢٥ – ١٩٤٦/٧/٢ ،ل١-٢ .

(٣٠٧) نەوشیروان مستەفا ئەمین ،س.پ،ل٢٤٠ .

(٣٠٨) موجتەبابورزوویی ،س .پ،ل٤٤٢ .

(٣٠٩) نەوشیروان مستەفا ئەمین ،س.پ،ل٢٤٣ .

لە ئەستۆی هێزەچەکدارەکانی کورددابوو[٣١٠]، هاوکات هاوکاری و پشتیوانی فەیزوڵڵا بەگیەکانی ناو لەشکری کوردی بۆ فیداییەکانی فیرقەی دیموکرات، سەربازگەگانی حکومەتی تارانی لە تکاب و ماینبلاغ لە ناوچەی ئەفشار ڕووبەڕووی مەترسیکردەوە، هەموو ئەمانە نیشانەدەری دڵسۆزی کوردبوون، چ پێش واژۆکردنی پەیمانی یەکێتی و برایەتی نێوان کوردستان و ئازەربایجان، چ دواتریش لەگەڵ پیشەوەریی وحکومەتەکەی هاوکارییەکی ڕاستەقینە بوون . واژۆکردنی ڕێکەوتننامەی نێوان ئازەربایجان و ئێران مایەی خۆشحاڵی ئازەرییەکان بوو، بەڵام دانیشتوانی کوردی ناوچەکە لەو ڕێکەوتننامە بەگومانبوون، چونکە بەرژەوەندیەکانی کورد لە بەرچاو نەگیرابوو، زۆر پرسیار هەبوون بێوەڵام مابونەوە، بۆ نموونە کێشەی بەڕیوەبەرایەتیە کوردیەکان لە ئەستۆی کێ دەبێت؟ یاخود ئایا کورد لە دامودەزگاکان و بەڕێوەبەرایەتیەکانی ناوچەکە بەشدارییان پێدەکرێت؟ ئایا ڕێبەرانی کۆماری کوردستان چ هەڵوێستێکیان لەم بارەیەوە دەبێت ئایا کێ ڕێبەرایەتی کورد بە ئەستۆ دەگرێت؟ ئەمانە و چەندین پرسیار و داواکاریی لەلایەن کوردانی ماکۆ وە لە چاوەڕوانی وەڵامدا بوون[٣١١].

بۆ بەدەنگەوەچوون و هەڵسەنگاندنی کاروباری کورد لە ماکۆ، قازی محەمەد دوو نوێنەری کوردی ڕەوانەی ناوچەکە کرد، لە میانەی کۆبونەوەو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ نوێنەرانی هۆز و خێڵە کوردەکانی ناوچەکە، بۆیان ڕوونبویەوە، کە حاجی سەعید محەمەدی نوێنەری کۆماری کوردستان پارێزەری یەکێتی و برایەتی نێوان کورد و ئازەر نییە بەپێچەوانەوە ناوبراو ڕۆڵی خراپی لە قوڵکردنەوەی ناکۆکی و دووبەرەکی هۆز و خێڵەکانی ناوچەکە گێڕاوە، بۆیە لە کارەکەی دوورخرایەوە، واتە بەپێچەوانەی هەڵویستی حکومەتی ئازەربایجان ، کە پابەند نەبوون بەجێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی نێوانیان لە گەڵ کۆماری کوردستان، ڕێبەرانی کۆمار هەڵوێستی ئەرێنیان گرتەبەر بۆ کەمکردنەوەی گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوانیان . لە میانەی کۆبونەوەیەکی گەورەی سەرۆك هۆز و خێڵە کوردەکانی ماکۆ و خۆی لە١٥-١٩٤٦/٦/١٨ لەشاری ماکۆ بەسترابوو، کەسێکی نوێ بە ناوی شێخ حەسەنی کوڕی شێخ عەبدولقادری سەرۆکی هۆزی جەلالی وەك بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران دەستنیشانکراو ڕەزامەندی لەسەر درا [٣١٢].

---

[٣١٠] نجف قولی پسیان ، مرگ بود بازگشت هم بود ، شرکت سهامی ، چاپ اول ، تهران-١٣٢٧ ، ص١٠٦ .

[٣١١] ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیای فیدراڵ ، فۆندی ٤ و ٥، کۆپیەی ٣١ ، کارتۆنی ٣٥٩ ل ،ل١٦٤ .وەرگیراوە لە ئەفراسیاو هەورامی، پەیوەندی کوردستان وئازەربایجان ...،ل٥٤ .

[٣١٢] هـ.س، ل٥٥ .

بەشی سێیەم/ گفتوگۆ و دانوسانەکانی نێوان تاران و کوردستان و لەشکرکێشی تاران بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان

باسی یەکەم/ هەوڵەکانی کۆماری کوردستان بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتی تاران و پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان .

١- گفتوگۆ و دانوسان لە نێوان حکومەتی تاران و کۆماری کوردستان .

سەرەڕای بانگهێشتکردنی فەرمی قازی محەمەد لەلایەن حکومەتی تارانەوە بۆ گفتوگۆ و دانوسان، بەڵام دوو هۆکاری سەرەکی قازی محەمەدیان ناچارکرد ڕووبکاتەوە تاران و بە گفتوگۆ ڕازی بێت، لە لایەکەوە دەسەڵاتدارانی تەورێز بەبێئەوەی ڕاوێژ بە کورد بکەن و بەبێ بەشداری ڕاستەوخۆی کورد لە وتووێژەکانیان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی لە بارەی کوردیشەوە بڕیاریان دابوو، ئەمەش بە ئاشکرا لە ڕێکەوتننامەی ١٩٤٦/٦/١٣ دەرکەوت، کە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی ئازەربایجان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بەواژۆی (موزەفەر فەیروز)[٣١٣] و پیشەوەری پەسەندکرا، ئەمەش پێچەوانەی ڕێکەوتننامەی نێوان کوردستان و ئازەربایجان بوو، پێشێلکردنی ئاشکرای بەندی٥ی ڕێکەوتننامەکە بوو، کە بۆ گفتوگۆ کردن و دانوسان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی دەبوایە هەردوولا پرس بەیەکتری بکەن، ڕێکەوتنی پیشەوەری لەگەڵ ئێران بە واتای ئەوەهات کورد وەك کەمینەیەك لە چوارچێوەی ئازەربایجانی خودموختاریدا دەمێنێتەوە، لەلایەکی ترەوە ڕوسەکان بەردەوام فشاریان دەخستە سەر کورد، تا لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی دانوسان و ڕێکەوتن ئەنجامبدەن، ئەمەش ئەوەی دەگەیاند لە دیدی سۆڤێت و ئازەربایجان و دەوڵەتی ناوەندییەوە، کۆماری کوردستان بچووك کرایەوەو دووبارە بوەوە بە بەشێك لە ئازەربایجان[٣١٤].

هەر سەبارەت بەو بۆچوونەی سەرەوە، ڕۆزفلت نوسیویەتی: " لە ڕێکەوتننامەی نێوان کورد و ئازەربایجان گەلی کورد تا ڕادەیەکی زۆر زەرەرمەند بوو، وێڕای ئەوەی زۆربەی بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە

---

[٣١٣] موزەفەر فەیروز سەرنوسەری ڕۆژنامەی (رعد امروز) و ئەندامی پارتی ڕاستڕەوی (الحزب الملی) بوو، دواتر لە کابینەکەی ئەحمەد قەوام بوو بە وەزیری ئاوەدانکردنەوە، لە مانگی ئابی ١٩٤٦ لەهەمانکاتدا بوو بە جێگری سەرۆك وەزیران . بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژیانی موزەفەر فەیروز بڕوانە :

د.ك.و، الوحدة الوثائقية ، ملفات البلاط الملكی ، الملف ٣١١/٤٩٩٣ ، الوثيقة رقم ١٨١ ، ص٢٢٧-٢٢٨ ، كتاب المفوضية الملكية العراقية في طهران ، ١٩٤٦/٨/٥ .

[٣١٤] كريس كوچيرا ، جنبش ملی كرد، ص٢١٧ .

له بەرژەوەندیی ئازەربایجان داڕێژرابوون، بەهۆی ئەم ڕێکەوتننامەوە کوردستان بوو بە قەوارەیەکی سیاسی بەبێ بوونی بنەمایەکی یاسایی ،هەروەها بوون بە کەمینەیەکی نەتەوەیی سەر بە ئازەربایجان له کاتێکدا پێشتر کەمینەیەکی نەتەوەیی بوون له خاکێکی گەورەتردا، کە ئێران بوو، بەمەش هەر یەکە له ئێران و سۆڤێت چارەنوسی کوردییان وابەستەی چارەنوسی ئازەربایجان کردبوو"[٣١٥].

بە گوێرەی ڕێکەوتننامەی نێوان تاران و ئازەربایجان، دکتورسلام الله جاوید، کە خۆی وەزیری ناوخۆی حکومەتی ئازەربایجان بوو پۆستی پارێزگاری ئازەربایجانی لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە پێدرا، بەمەش هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان بە شاری مەهابادیشەوە کەوتنە ناو سنوری دەسەڵاتی سلام الله جاوید[٣١٦].

بەم چەشنە بۆ لایەنی کوردی ڕوونبوەوە ڕێکەوتنەکەی تاران و تەورێز، بە هیچ جۆرێك دانی بە حکومەتە خودموختارە کوردییەکەی مەهابادا نەناوە، هەروەك عەبدوڵڵا پشدەری نوسیویەتی: " ئەو کاتە خەڵکی کوردستان لەوە گەیشتن هاوکارە ئازەربایجانیەکانی هاوڕێیان، کە خۆیان بە دڵسوز و بە وەفا بۆ کورد و کۆماری کوردستان نیشاندابوو، بە هیچ جۆرێك پابەندینەبوون، بەڵکو نیازیان وابوو چارەنووسی کورد بخەنە بازاڕەوەو لە بەرژەوەندی سیاسی خۆیان کڕین و فرۆشتنی پێوەبکەن "[٣١٧].

قازی محەمەد لە چاوپێکەوتنی له ١ /١٩٤٦/٦ لە گەڵ (ئاژانسی فرانس پرێس) ، وتویەتی : "کورد ڕازی ئەبێت ئەگەر حکومەتی ناوەندیی بڕیاربدات قانونی دیموکراتی لە هەموو ئێران جێبەجێبکرێ، دانبنێ بەو قانونانەدا ئێستا لە کوردستان سەبارەت بە خوێندنی کوردی و ئۆتۆنۆمی بەڕێوەبەرایەتی ناوچەیی و لەشکر کاریان پێدەکرێت"، هەروەها لە باسی بارودۆخی ئەو کاتەی کوردستاندا وتویەتی : "هەلومەرجی کوردستان زۆر جیاوازە لە هی ئازەربایجان، وڵاتەکەی ئێمە هەرگیز لەلایەن هێزەکانی سۆڤێتەوە داگیرنەکراوە، لەو کاتەوە ڕەزاشا وازی لە دەسەڵات هێناوە نە ژاندارم و نە هیچ هێزێکی تری ئێران نە هاتونەتە ناو کوردستانەوە، لەبەر ئەوە ئێمە لەوساوە بە کردەوە بە سەربەخۆیی ژیاوین، ئێمە هەرگیز لە هیچ جۆرە دەستێوەردانێکی بێگانە لە هەر کوێوەبێ چاوپۆشیناکەین، کێشەی کوردستان بە تەواوی مەسەلەیەکی ناوخۆیە و دەبێت لە نێوان کورد و حکومەتی ناوەندییدا لابەلا بکرێ. ئەگەر ئێمە

---

[٣١٥] ارچی روزفلت، جمهورية مهابادالكردية، ترجمة: ظاهرحمه طه، الطبعة الاولى، د.م — ١٩٨٨، ص٣٨-٣٩ .

[٣١٦] د.ك.و، الوحدة الوثائقية ، ملفات البلاط الملكي ،الملف ٣١١/٧٣٧، الوثيقة رقم ١١٨ ،ص ٣١٥ ، كتاب المفوضية الملكية العراقية في طهران ،١٩٤٦/٦/٢٤ ؛ د.ك.و، الوحدة الوثائقية ، ملفات البلاط الملكي ، الملف ٣١١/٤٩٩١، الوثيقة رقم ٦٣ ،ص٩٦ ، كتاب المفوضية الملكية العراقية في طهران ، ١٩٤٦/٦/٢٩ .

[٣١٧] عبدالله احمد ره سول پشدەری ،س.پ،ل٥٣ .

ئەمڕۆ پێدائەگرین لەسەر داوای ئۆتۆنۆمییەکی جوزئی بۆ ولاّتەکەمان، گوناحی حکومەتی ناوەندییە هیچی نەکردووە بۆ باشکردنی وەزعی ئێمە. ئێمە بەڕاستی حەزئەکەین ڕێگەی پێشکەوتن بگرین، ئێمە حەزناکەین لاسایی ئەمریکا یان ڕوسیا بکەینەوە، بەلاّم ئەوەش ڕەتئەکەینەوە وەك ئاژەڵی ولاّتانی شارستانی بژین "[٣١٨].

پێشەوا قازی محەمەد بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك، تا کێشەی کورد لە پاشکۆی مەسەلەی ئازەربایجان بێنێتە دەرەوەو بەرگێکی یاسایی بە بەر کۆماری کوردستاندا بکات[٣١٩]. لە ١٩٤٦/٦/٢٦ بە یاوەری حاجی بابە شێخ لە تەورێزەوە بەرەو تاران کەوتنە ڕێ و لە فرۆکەخانەی مهرئاباد لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە دۆستانیانەوە لە پایتەخت پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا[٣٢٠]. لەو ماوەیەی شاندی کوردی لە تارانبوو، قازی محەمەد چەندین دیدار و کۆبونەوەی لەگەڵ بەرپرسە گەورەکانی ئێران ئەنجامدا لەوانە: قەوامو سەڵتەنە، موزەفەر فەیروز، رزم ئارای فەرماندە گشتی هێزە چەکدارەکان، وێڕای نهێنی پارێزی کۆبونەوەکان و شاردنەوەی زانیارییەکان لەلایەن حکومەتی تارانەوە لە سەرچاوە بینرا و بیستراوەکانی ڕاگەیاندنەکان، بەلاّم ئەوانەی باسی ڕووداوەکانیان کردووە بەبێ ئاماژەکردن بە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی دەوڵەت، باسیان لەوە کردووە، قەوام پێشنیاریکردووە بە دامەزراندنی پارێزگای کوردستان لەلایەن قازی محەمەدەوە، کە سنورەکەی لە ناوچەکانی سنوری سۆڤێتەوە دەستپێبکات، تا دەگاتە ناوچەی کامیاران، کە دەکەوێتە نێوان سنە و کرماشان، قازی محەمەدیش بە فەرمی لەلایەن حکومەتی تارانەوە وەك پارێزگاری ئەو پارێزگا نوێیە بناسرێت، بە مەرجێ حکومەتی کوردستان واز لە دۆستایەتی و هاوپەیمانێتی خۆی لەگەڵ حکومەتی ئازەربایجان بهێنێت[٣٢١]. ئەوەی مایەی سەرنجە پێشنیازێکی وا بە هیچ جۆرێك لەگەڵ شێوازی کارکردن و ڕێبازی سیاسی ئێران ناگونجێت، بەتایبەتی ناوچەی کرماشان، کە بەشێك بووە لە ناوچەی نفوزی بەریتانیا، لەلایەن کۆمپانیا نەوتیەکانی بەریتانیاوە کاری تێدادەکرا، هەرگیز ناگونجێت بکرێتە بەشێك لە دەسەلاّتی کوردی، هاوکات قازی محەمەدپیاوێکی دانا بوو هەرگیز دونیابینی ئەو ڕێگەی نەدەدا، کە زلهێزێکی وەك بەریتانیا بکات بە دوژمنی کورد و دەسەلاّتەکەی، زۆرباش دەیزانی یەکخستنی ئەوناوچە کوردیانە لەگەڵ حکومەتی کوردستان لە هەلومەرجی ئەو کاتەدا کارێکی سەخت وگران دەبێت، هەرچەندە پێشەوا ڕازینەدەبوو،

---

[318] **Wilson Howell Jnr ,The Soviet and The Kurds. Astudy of National Minority -1965 ,P.188 .**

[٣١٩] حوسێنی مەدەنی ،س.پ،ل٢٩٤ .

[٣٢٠] کوردستان (ڕۆژنامە) ، ژمارە ٦٥ ، ساڵی یەکەم ،١٤ی پوشپەڕی ١٣٢٥ ، ل ٤ .

[٣٢١] د.یاسین سەردەشتی ، کوردستانی ئێران ...، ل٢٠٥-٢٠٦ .

بەلآم بە سەلماندنی دانایی خۆی وای نیشاندا ئەگەر دکتۆر سلام الله جاویدی پارێزگاری ئازەربایجان ڕەزامەندبێت ئەویش ڕازییە(٣٢٢).

هاوکات هەندێك سەرچاوەی تر باس لەوە دەکەن قازی محەمەد لە کاتی گفتوگۆکانی لەگەڵ سەرۆك وەزیران داوایکردووە ئەو دەستکەوت و جیاووکانەی بە ئازەربایجان دراون بەپێی ڕێکەوتنی تاران – تەورێز، بە هەمانشێوە بە دەسەلآتی کوردیش بدرێت، پێشنیاریکردووە سەرجەم ناوچە کوردیەکان بە سنە و کرماشانیشەوە بکرێن بە یەك هەرێمی سەربەخۆ و قازی محەمەد بکرێتە فەرمانڕەوا و حاکمی ئەو هەرێمە(٣٢٣).

هەرچۆنێك بێت ئەگەر پێشەوا پیاوێکی هەلپەرست بوایە، ئەوا ئەم داواکارییە ئەگەر ڕاست بووبێت قبولّ دەکرد، بەلآم قازی محەمەد پیاوی بیر و باوەڕ بووە، پەسەندکردنی پێشنیازێکی لەو جۆرەی بە پەیمانشکێنی و بێبەلێنی داناوە، جگە لەمەش قازی پیاوێکی داناو دووربین بووە نەیویستووە گەلی کورد لە دۆستایەتی ئازەربایجان و پشتیوانی یەکێتی سۆڤێت دابڕێت، بێگومان ئەوان هەرگیز بە سەودا و مامەڵەیەکی لەو جۆرە ڕازی نەدەبوون، قەوام سیاسەتمەدارێکی دووربین و فێڵباز و لێزان بوو بە هەموو جۆرێك ئەیویست کوردستان و ئازەربایجان لە یەکتری و لە یەکێتی سۆڤێتیش دابڕێت بەتایبەتی، کە دەیزانی کۆماری کوردستان وەك کۆماری ئازەربایجان کۆمۆنیست نین. دەیویست بەبێبەشکردنی هەردوو حکومەتی کوردستان و ئازەربایجان لە پشتیوانیەکانی یەکێتی سۆڤێت، لەشکری سۆڤێت لە ئێران ناچاری کشانەوە بکات، دانوسان و گفتوگۆکانیشی هەر لەپێناو درێژ کردنەوەی کات و بەدەسهێنانی هەلی زیاتر بوو، تاکو بتوانێت دەست بەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەلآتی هەردوو کۆماری خودموختاری کوردستان و ئازەربایجاندا بگرێت(٣٢٤) .

هەرچەندە وتووێژەکانی تاران دەستکەوتێکی ئەوتۆی بۆ کورد نەبوو، بەلآم لەسەر ئەمانە ڕێکەوتن :

١– قەوام بەڵێنیدا، بۆ ئەوەی دەسەلآتی خودموختاری کورد فۆرمێکی یاسایی هەبێت ، دەیخاتە بەردەم پەرلەمان تاکو بڕیاری لە بارەوە بدرێت .

٢– بڕیاردرا پەیوەندیی هاوبەشیان لە ئاستێکی بەرزدا بهێڵنەوە، بۆ ئامادەکردن و ڕێکخستنی بنەما و لایەنەکانی خودموختاری و دیاریکردنی سنوری جوگرافیایی کوردستان و ئازەربایجان کار جدی بکرێت .

---

(٣٢٢) د.عبدالرحمن قاسملو ، اربعون عاما من الكفاح من اجل الحرية ، ص٥٦ .

(٣٢٣) د.طاهر خلف البكاء ، م.س، ص٢٤٣ .

(٣٢٤) نەوشیروان مستەفا ئەمین ،س.پ،ل٢٥٢–٢٥٣ .

٣- بڕیاردرا خەرجی بوودجەی کۆماری کوردستان وکۆماری ئازەربایجان لە بوودجەی دەوڵەتی ناوەندیی دابین بکرێت، هەروەها دەوڵەت دوو ئۆتۆمبیلی وەك دیاری پێشکەش بە پێشەوا و حاجی بابەشێخ کرد[٣٢٥].

بەم جۆرە دوای زیاتر لە دووهەفتە مانەوەی شاندی کورد بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد و یاوەرەکانی بە دەستی بەتاڵ گەڕانەوە مەهاباد، شایەنی باسە قەوام بە بیانووی نەخۆشیەوە خۆی لە گفتوگۆ و کۆبونەوەکان دوورخستەوە[٣٢٦]، تەنانەت قازی پێش گەڕانەوەی لە تاران ڕایگەیاند بوو دوای پێنج ڕۆژی تر لە گەڕانەوەیان بۆ درێژەدان بە وتووێژ و دانوسانەکان دەگەڕێنەوە تاران، بەڵام نەگەڕایەوە، قازی محەمەد بەهانەی بۆ نەگەڕانەوەی ئەوە بوو، کە وتووێژ بە بەشداری هەندێك لە سەرکردەکانی سوپا بێئەنجام دەبێت، بە بڕوای پێشەوا : " کورد بڕواییان بە نیازپاکی قەوام هەیە، بەڵام هەندێك کەس لە تاران هەوڵدەدەن قەوام لە کورد دووربخەنەوەو گفتوگۆکان کۆتایی پێبهێنن. لەلایەکی ترەوە ئەفراسیاو هەورامی ڕۆڵی سۆڤێت بە خراپ و کاریگەر لەسەر کێشەی کورد و گفتوگۆکانی نێوان تاران و مەهاباد باس کردووە ئاماژە بەو نامەیەی باقرۆف کردووە، کە بۆستالینی نووسیوە لە ١٩٤٦/٧/٥، وتوویەتی :" قەوام لە ڕێی باڵیۆزی ئێمەوە (سۆڤێت) لە تاران، داوایکردووە قەناعەت بە قازی محەمەدی ڕێبەری کورد بکرێت بێتە تاران بۆ وتووێژ، قەوام دەیەوێ بە هەر شێوەیەك بێ کورد دژی ئازەری هانبدات"، باقرۆف ویستویەتی قەناعەت بە ستالین بکات بانگکردن و چاوپێکەوتنی ڕێبەرانی کورد لە لایەن قەوامەوە پیلانی دوژمنکارانەیە، تا ستالین فەرمان بە باڵیۆزی ڕوسیا بکات چاوپۆشی لە بانگهێشتکردنی قازی محەمەد بۆ تاران بکات، بەڵام داواکارییەکەی باقرۆف لەلایەن ستالینەوە پشتگوێخرا[٣٢٧] .

هەرچەندە ئاکامی دیدار و چاوپێکەوتنەکان شتێکی ئەوتۆی بۆ کورد بەدەستنەهێنا، بەڵام پێشەوا زیاتر لە جاران لەسەر ئاشتی و هێمنایەتی پێداگریکرد، هانی خەڵکیدا بە چەکی زانست و زانیاری بەرەنگاری نەزانین و تاریکی ببنەوە، دەیویست ڕای گشتی ئێران و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی بەرامبەر خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد ڕاستکاتەوە، کە پێشتر بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردیان بەهەڵە بە هەوڵی ڕێگری و چەتەیی و تاڵانچێتی سەرۆك خێڵ و هۆز و عەشیرەتەکان و قاچاخچێتی سەر سنورەکان دانا بوو، لە هەمانکاتدا پێشەوا بۆ ڕەواییدان بە مەسەلەی کورد چەندین جار دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ

---

[٣٢٥] عبداللە احمد ڕە سول پشدەری ،یاداشتەکانم، بەشی یەکەم،بەغداد- ١٩٩٢،ل٦٨-٦٩ .

[٣٢٦] میرزا محەمەد مەنگوری ،س.پ،ل٨٩-٩٠ .

[٣٢٧] ئەفراسیاو هەورامی ، ڕۆژهەڵاتی کوردستان .....،ل٢٠٥ .

نوێنەرانی ناوخۆی ئێران وەك حكومەتی ئازەربایجان یان حكومەتی ناوەندیی، یاخود دەسەڵاتدارانی سۆڤێت و نوێنەری كونسوڵخانەكانی ئەمریكا و بەریتانیا ئەنجامداوە، هەمیشە مامەڵەیەكی هاوسەنگی كردووە تاكو پێكدادان لە نێوان بەرژەوەندیی كورد و بەرژەوەندیی زلهێزەكان یان وڵاتانی دراوسێی ئێران ڕوونەدات(٣٢٨).

## ٢- پەیوەندیی نێوان كوردستان و ئازەربایجان پاش ڕیكەوتننامەی ٢٣ی نیسان ١٩٤٦

سەرەڕای هەوڵی بەردەوامی پێشەوا بۆ ئاشتی و برایەتی لەگەڵ ئازەرییەكان، كە لە سەر زمانی ئەوەوە هاتووە: " لەبەر ئەوەی ئێمە لەگەڵ ئازەربایجانیەكان خەباتێكی زۆرمان بۆ ئازادی كردووە، ئێستا زەمینەی لەبار و گونجاو هەیە بۆ هاوكاریی نزیك لەگەڵ هاوڵاتیانی خۆماندا و دەبێت كوردەكانی ورمێ، شاپور، خۆی، هاوكاریی لەگەڵ ئازەربایجانیەكان بكەین" (٣٢٩)، هەرچەندە ئەم تێڕوانین و بیرەڕەسەنەی پێشەوا جگە لەوەی یەكێتی بۆ ڕیزەكانی گەل لەو قۆناغەدا هێنایە ئاراوە، هاوكات زەمینەیەكی لەبار و گونجاوی بۆ پێكهێنانی پەیوەندییەكی دۆستانەی لەنێوان هەردوو گەلی كورد و ئازەردا ڕەخساند(٣٣٠)، بەڵام پەیوەندییەكانی نێوان هەردوو كۆمار، تا دەهات خراپتر دەبوو بەتایبەتی پەیوەندیی نێوان سەرۆك هۆزەكانی كورد لەگەڵ دیموكراتەكانی تەورێز، لە ١٨ ی تەموزی ١٩٤٦ هێزێكی ٣٠٠ كەسی لە كوردەكانی هۆزی شكاك چوونە ناو شاری خۆی و داواییان لە دیموكراتەكان كرد بەپێی بەندەكانی پەیمانی ٢٣ی نیسان نیوەی بەڕێوەبەرایەتیەكانیان بدرێتێ وەك بەڕێوەبەرایەتی دارایی و پۆلیس، بەڵام دیموكراتەكان بە كۆكردنەوەی ژمارەیەكی زۆر لە فیدایی ناوچەكانی مەرەند و ماكۆ و هێنانیان بۆ خۆی بە مەبەستی دەرپەڕاندنی شكاكەكان دۆخەكەیان خراپتر كرد، تەنانەت كار گەیشتە ئەوەی جێگری كونسوڵی سۆڤێت (ئالأدیرف) ناوبژیكردن، هەڕەشەی لە كورد كرد لە ئەگەری پابەند نەبونیان پەلە دەكات لە گەڕانەوەی سوپای سۆڤێت بۆ ئازەربایجان ئەمەش گورزێكی كوشندە بوو لە دەسەڵاتی عومەرخان درا، كە دواتر بۆ دژایەتی سۆڤێت درێخی نەكرد(٣٣١).

---

(٣٢٨) حوسێنی مەدەنی ، س.پ،ل٢٩٧ .

(٣٢٩) د.یاسین سەردەشتی، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان، بەرگی یەكەم ، چاپخانەی سیما ،سلێمانی -٢٠٠٧ ،ل١٧٢-١٧٣ .

(٣٣٠) ریچارد ئەی . مۆیلی، پەیوەندیەكانی كۆماری كوردستان و كۆماری ئازەربایجان ، وەرگێڕانی: حەسەنی قازی ، واشنتۆن - ١٩٧٩، ل ٦٩ .

(٣٣١) جیراڵد دوهەر، كوردو فیرقەی دیموكرات، وەرگێڕانی : ئەبو بەكر خوشناو، بەدرخان (ڕۆژنامە) ، ژمارە ١٣٩، ٢٢ی نیسانی ٢٠١٠ .

هاوكات كۆمیتەی ناوەندیی (ح.د.ك.أ) بە ناردنی نامەی ژمارە ٣١٧٥ لە ڕێكەوتی ١٣٢٥/٣/١١ بۆ فەرمانداری ماكۆ وێڕای گلەیی لە فیرقەی دیموكراتی ئازەربایجان، كە تا بەرپرسانە مامەڵەی كردووە، ئەوەشی وەبیرهێنانەوە ئەركی پاراستنی سنورەكانی ئازەربایجان لە ئەستۆی هێزی پێشمەرگەی كوردستاندایە دەبوایە پاداشتكرێن، بەڵام پێشمەرگەیەك بە ناوی عەبدوڵا ئەمینی، كە بلیتی ژمارە ٢٠٢ پێ بووە كوژراوە، نەك بكوژەكان سزا نەدراون بەڵكو بەخۆیان و چەكەكانیانەوە بە ئازادی دەسوڕێنەوە، بۆیە كۆمیتەی ناوەندی (ح.د.ك.أ) داوای سزادانی تاوانباران و ئاگاداركردنەوەیان لەو بارەیەوە كردووە[٣٣٢]،

بە هەمانشێوە كۆمیتەی ناوەندیی (ح.د.ك.أ) لە مەهاباد نامەی ژمارە ٣٢٢٤ ی لە ڕێكەوتی ١٣٢٥/٣/١٤ دەنێرێت بۆ فەرمانداری ماكۆ، ئاماژە بە كەمتەرخەمی و گوێپێنەدانی فەرمانبەرانی ئازەری دەكات بەرامبەر بە كورد، كە بە بیانووی جۆراوجۆر تەنگیان پێهەڵدەچنن و سوكایەتیان پێدەكەن، بۆ نمونە كوردێكی ئەندامی فیرقەی دیموكراتی ئازەربایجان بە ناوی حەسۆ لە شاری ماكۆ كوردێكی ئەندامی (ح.د.ك) بە ناوی مسیۆ كوشتووە، هەر لەو نامەیەدا بە دەستەواژەی ئایا ئەمە دۆستایەتی و برایەتیە گلەی لە ئازەرییەكان كراوە و داواكراوە تاوانبار بە گوێرەی یاسا سزا بدرێت[٣٣٣].

لە دوای هەڵبژاردنەكانی ئازەربایجان لە ٢٢ی تەموزی ١٩٤٦ ئاژاوەو پشێوی لە ورمێ دروستبوو بەتایبەتی دوایی سەركەوتنەكانی دیموكراتەكانی ئازەربایجان، خوێندكاران و بازرگانان بەرەو پۆستەخانە ڕۆشتن و داوایان لە تەورێز كرد ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە ساختەیە هەڵبوەشێننەوە[٣٣٤]، هاوكات فیرقەی دیموكراتی ورمێ، كە هیچ كاتێك ملكەچی بۆ كۆمیتەی ناوەندیی تەورێز پێخۆش نەبوو پشتیوانی لە داوای خۆپیشاندەران لەو تەلەگرافەی، كە بۆ پیشەوەری نێررا سەبارەت بە وەرگرتنەوەی شەرعیەتی نوێنەرانی ورمێ لە شورای ئۆستان و دووبارەكردنەوەی هەڵبژاردنەكان كرد، بۆ لێكۆڵینەوەی زیاتر لەمەڕ ئەو مەسەلەیە، پیشەوەری، سادق پادگان و كۆمەڵێك ئەندامی كۆمیتەی ناوەندیی ڕەوانەی ورمێ كرد، تەنانەت وتراوە، كە بازرگانە عەجەمەكانی ناو شاری ورمێ حكومەتی كوردیان دەوێت، خاوەن موڵك و

---

[٣٣٢] ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیای فیدراڵ ، فوندی ٤ ، كۆپیەی ٣١ ، كارتۆنی ٣٥٦ل ، ل٢٣٠-٢٣١ وەرگیراوە لە ئەفراسیاو هەورامی، پەیوەندیەكانی نێوان كوردستان و ئازەربایجان ....، ل٧٠ .

[٣٣٣] ئەفراسیاو هەورامی، س.پ ، ل٢٣٢ .

[٣٣٤] بەدرخان (ڕۆژنامە) ، س.پ .

زەویدارەکانیش لە ڕژێمی سۆشیالیزمی ئازەربایجان بێزار بوون، خۆیان وانیشاندا لایەنگری کوردیان پێ باشتر بێت [٣٣٥].

لە ڕێکەوتی ٤- ١٢/٨/١٩٤٦ قازی محەمەد سەردانی ورمێ و سەڵماسی کردووە، پاش دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ پیشەوەری، داوای کرد کۆکردنەوەی بەروبومی دانەوێڵە بەپێی دەستوری پێشووی دەوڵەتی ناوەندیی بێت نەك بەپێی پێوەری تازەی حکومەتی ئازەربایجان، پێدەچێت ئەو پێوەرانەی دیموکراتەکان بۆ کۆکردنەوەی بەروبوم و دانەوێڵە دایاننابێت لەگەڵ دیدی کەسایەتیە ئاینیەکانی کورد و شەریعەتی ئیسلامدا نەگونجاوبێت، لەلایەکی ترەوە کوردەکان پشتیوانی دانیشتوانی خۆی، سەڵماس و ورمێیان کردووە کە دەیانویست بە پێوەرە کۆنەکە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت[٣٣٦] . هاوکات لە زۆربەی گوندەکانی سەڵماس و ورمێ بۆ کۆکردنەوەی دەیەکی بەرهەم، کە موڵکدارەکان بەرامبەر پاراستنیان دەیاندا بە کورد، لەلایەن کوردەوە چەکدار هاتنە ناوچەکە، دوایی گفتوگۆی نێوان پێشەوا و پیشەوەری، هێزە کوردیەکان ڕازیبوون لەو ناوچانە بکشێنەوە، بەڵام بە ویستی خۆیان دەغڵ و دان کۆبکەنەوە[٣٣٧].

شایەنی باسە پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و ئازەربایجان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر بوو، بەتایبەتی هۆزە کوردەکانی ناوچە جێناکۆکەکان، وەك ورمێ و میاندواو، کە بەگشتی سکالآیان هەبوو لەسەر جێبەجێنەکردنی بەندەکانی ڕێکەوتننامەکەی ٢٣ی نیسان ١٩٤٦، بەپێچەوانەوە حکومەتی ئازەربایجان دەسەلآتی بەسەر مەڵبەندە کوردییەکاندا گرتبوو، تەنانەت هەوڵیدابوو (غولآم یەحیادانیشان) بکاتە فەرمانداری پۆلیس لە مەهاباد، بەڵام قازی محەمەد زۆر بەتوندی ناڕەزایی دەربڕیبوو، ڕایگەیاندبوو، کورد هیچ دەزگایەکی تر بێجگە لە هی خۆیان پەسەند ناکەن، هەروەها کوردەکانی ماکۆ و خۆیش بە هەمانشێوە زۆر لە دەسەلآتی حکومەتی ئازەربایجان بێزاربوون، تەنانەت حەسەن ئاغای کوڕی شێخ عەبدولقادر سەرۆك عەشیرەتی جەلالیەکانی ماکۆ سەردانی تەورێزی کردبوو بۆ ڕاوێژکردن لەگەڵ قازی محەمەد، تاکو شارەکە بخەنە ژێر دەسەلآتی کوردەوە[٣٣٨] .

---

[٣٣٥] ئەنوەر سوڵتانی ، ڕۆژهەلآتی کوردستان، ل ٢٧٠-٢٧٢ .

[٣٣٦] ئەنوەر سوڵتانی، س .پ، ل٢٧٤-٢٧٥ .

[337] **Confidential U.S State Department Gentral Files, Iran. 1945 -1949, Internal Affairs Decimal Number 891 and Foreign Affairs Decimal Number 791 and 711,91, A microfilm Project OF university Publication of Americainc .**
**FO95I2596 XC 0333**

[٣٣٨] ئەنوەر سوڵتانی ، س.پ، ل٢٠٨ ؛

هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان دوای ململانێیەکی دوورودرێژ لەسەر ناوچە جێناکۆکەکانی خۆی، شاهپوور، ورمێ، میاندواو، ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی داهاتی ئەم ناوچانە بە شێوەیەکی یەکسان لە نێوانیاندا دابەشبکرێت، بۆ پڕکردنەوەی ئەو تێچوون و خەرجییە زۆرەی هەیانە، بەڵام هیچ ڕاگەیاندنێکی فەرمیان لەو بارەوە دەرنەکردبوو، هاوکات کوردێکی خەڵکی ناوچەکە وەك دەفتەرداری حکومەتی ئازەربایجان دانرابوو، هەر بەگوێرەی ئەو ڕێکەوتنە هێزە کوردیەکان ناونووسی خەڵکیان کرد بۆ ڕاژەی سەربازی بە موچەی مانگانەی (٨٠–١٢٠) تمەنی، ئەمەش زۆر لەو موچە زیاتر بوو، کەحکومەتی ئازەربایجان دەیدا بە سەربازەکانی، بۆیە زۆرێك لە فیداییەکان بەچەکەکانیانەوە چوونە ناو ڕیزەکانی لەشکری کوردەوە[٣٣٩].

وێڕای هەوڵی بەردەوامی ڕوسەکان بۆ خاوکردنەوەی گرژی و ئاڵۆزییەکان، کە زۆربەی جار لە بەرژەوەندیی ئازەرییەکان بووە، لەگەڵ ئەوەشدا بێ وەفایی کاربەدەستانی ئازەربایجان لەمەڕ ئەو گفتو بەڵێن و ڕێکەوتنانەی لەگەڵ کورد کردویانە مایەی سەرسوڕمانی تەنانەت ڕوسەکانیش بووە، پیلان و فرت و فێڵ و هەڵخەڵەتاندنەکانی ڕێبەرانی ئازەربایجان بەرامبەر بە کورد کەسێکی شۆڤێنی وەك باقرۆفی هێناوەتە سەرخەت و بە ئاشکرا لە نامەکانی ١٩٤٦/٧/١١، ١٩٤٦/٧/٢٦، ١٩٤٦/٩/١١، کە بۆ کاربەدەستانی ئازەربایجان و (ئیمیلیانۆف)ی نووسیوە، داوایکردووە ئەو گفتوبەڵێنانەی بە کوردیان داوە جێبەجێبکەن، لەو نامەیەی باقرۆف ٧/١١ بۆ (پیشەوەری، شەبوستەری، جاوید، پادگان) ی ناردووە داوای لێکردون بەرامبەر بەو توتنەی لە کوردیان کڕیوە تفەنگ و فیشەکیان بدەنێ، لە ڕێگای نوێنەری بازرگانیشەوە کەلوپەل و شەکر و چایان بدرێتێ[٣٤٠].

هەروەها باقرۆف لەو نامەیەی کە لە ١٩٤٦/٧/٢٦ بۆ ئیمیلیانۆفی ناردووە سەبارەت بە کێشەی کورد نوسیویەتی: " دیارە کاروباری کوردەکان بە باشی بەڕێوەناچێت " لەم ڕووەوە ئازەرییەکانی بە تاوانبار و کەمتەرخەم داناوە، کە دەستیان گرتووە بە سەر ئەو کۆمەك و یارمەتیانەی سۆڤێت بۆ کوردی ناردووە، بە هۆی ئەمەوە نەیانتوانیوە متمانەی کورد بە دەستبێنن، جارێکی تر باقرۆف لە ١٩٤٦/٩/١١ نامەیەکی ناردووە بۆ چوارینەی تەورێز (پیشەوەری، شەبوستەری، جاوید و پادگان) ، نووسیویەتی: "قازی محەمەد ئەم دواییە چەند کێشەیەکی گرنگی خستۆتە بەردەم ئێوە پەیوەندییان بەو بارودۆخەوە هەیە، کە لە ئازەربایجان و کوردستان هاتۆتە ئاراوە، کە چارەسەرکردنیان بە ڕێکوپێکی دەبێتە مایەی

---

[٣٣٩] تەلەگرافی ژمارە ٣٠٥ ی تەورێز لەلایەن بەرێز رۆجتیلێ بۆ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە لەندەن ، ١٩٤٦/١٠/٧ .
**FO371I 52008 .**

[٣٤٠] د. ئەفراسیاو هەورامی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان.......،ل٢٠٧ .

بەهێزکردنی پەیوەندیی دوولایەنەی هەردوو گەلی کورد و ئازەر، جگە لەوەی ئێوە وەك پێویست پێشوازیتان لەو پێشنیازەی قازی محەمەد نەکردووە، بەداخەوە هێشتا کێشەکان بەبێ چارەسەرکردن ماونەتەوە، لەوانە پێشنیازی فراوانکردن و بەهێزکردنی هەنگ (پۆل) ی مەهاباد و گۆڕینی بۆ بریگاد (تیپ) بە یەکخستنی لەگەڵ گوردانی ئازەربایجان، ئەم تیپە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی توانای سەربازیتان، بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئازەربایجان و کوردستانیش پێویستە"[٣٤١].

سەرەڕای پابەندبوونی لایەنی کوردی و ڕێبەرانی کۆماری کوردستان بە بەشێکی زۆری ئەو گفتوبەڵێن و ڕێکەوتنانەی لەگەڵ دەسەلاتدارانی تەوریز هەیانبوو، بەلام لایەنی بەرامبەر وەك پێویست و لە کاتی گونجاودا هاوکار نەبوو، ئەو کاتەی حکومەتی ئازەربایجان هاتە پێشەوەو ویستی کارەکان بە ئاڕاستەی ڕاستەقینەی خۆیدا بەرێت، کات زۆر درەنگبوو بۆ هاوکاری و دۆستایەتی. لەشکرکێشی تاران بەرەو ئازەربایجان و کشانەوەی سوپای سور، بەستنی پەیمانی نەوتی سۆڤێت- ئێران، هەموو ئەمانە بارودۆخێکی ئالۆز و نەخوازراوی دروستکردبوو، کە هەردوو حکومەتی ئازەربایجان و کوردستانی بەتەنیا و بەبێ هیچ پشتیوانیەکی هەرێمی و نێودەوڵەتی هێشتبوەوەو هەر ئەمەش بوو، کە ڕێبەرانی ئازەربایجان و کوردستانی ناچارکرد لە پێناو ڕێکخستنی هێزەکانیان و پاراستنی سنورەکانیان لە هەر مەترسی و هێرشێکی حکومەتی تاران بۆ سەریان پێکەوە لە ١٩٤٦/١٠/١٦ کۆبونەوەیەکی بەپەلەیان ئەنجامدا و کۆمیسیۆنێکی هاوبەشیان دروستکرد، دوای تاوتوێکردنی بارودۆخەکە و بیروڕا گۆڕینەوەی هەردوولا پەیمانی سەربازییان واژۆکردو لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێکەوتن[٣٤٢].

١- پێکهێنانی لەشکرێکی کوردی – ئازەری هاوبەش، کە بنکەی سەرەکیان لە شاری تەوریز بێت .

٢- ناردنی لەشکری نیزامی ئازەربایجان بۆ قۆڵی سەقز لە کوردستان، هەروەها ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ئازەربایجان لە کاتی پێویستدا .

٣- جەنراڵ (عەزیمی) ئازەربایجانی وەك سەرۆکی گشتی بۆ قۆڵی سەقز و سەردەشت لە کوردستان، بۆ هولاسۆر و هەوشار لە ئازەربایجان دابنرێت .

٤- مەلا مستەفای بارزان وەك سەرۆکی گشتی هێزە چەکدارەکانی کورد و ئازەر لە قۆڵی سەقز دابنرێت.

٥- ناوچەی هەوشاری ئازەربایجان لە ژێر چاودێری محەمەد حوسێن سەیفی قازیدا بێت .

---

[٣٤١] د. ئەفراسیاو هەورامی، س.پ ، ل٢٠٧-٢٠٨ .

[٣٤٢] محمودی مەلا عززەت ، جەمهوریەتی کوردستان، ل٣٠٢ .

٦– قازی محەمەد فەرماندەی گشتی و هەرە بەرزی هێزەکانی کورد و ئازەر بێت لە کوردستان .

٧– پیشەوەری فەرماندەی گشتی و هەرە بەرزی هێزەکانی ئازەر و کورد بێت لە ئازەربایجان .

٨– هێزە چەکدارەکانی کوردستان هەر یارمەتیەکی ویست لە کاتی پێویستدا دەبێت ئازەربایجان دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکات و هاوکارییبکات[٣٤٣].

هەرچەندە دەسەڵاتدارانی تەورێز لە ژێر فشاری فەرمانبەرانی سۆڤێت و باقرۆفدا بوون، لەلایەکی ترەوە دەیانزانی کورد لێیان ناڕازییە، ئەگەری ڕووبەڕووبونەوەو پێکدادان لە ناوچە جێناکۆکەکانی ورمێ، خۆی، ماکۆ لە زیادبوندایە و ڕێکەوتنی نێوانیان مەترسی هەڵوەشانەوەی لەسەرە، ناچاربوون هەندێك گۆڕانکاری لە هەڵسوکەوتیان بەرامبەر بە کورد بکەن، لەوانە ڕازیبوون بەشێك لەو هاوکاریانەی بۆ کورد هاتبوون و لەلایەن تەورێزەوە ڕاگیرابوون ڕادەستی کورد بکەنەوە، بەڵام کات زۆر درەنگی کردبوو، ڕووداوەکانی هەرەسهێنان و ڕووخانی هەردوو کۆمارەکە بە تەواوی نزیکببوونەوە، ئەم گۆڕانکاریانەش نەیدەتوانی شتێکی ئەوتۆ بکات، کە سودی بۆ بەرژەوەندییە بالاَکانی هەر دوولا هەبێت [٣٤٤].

## ٣– کاریگەریی ڕێکەوتنی ئێران و سۆڤێت لەسەر چارەنووسی هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان

شایەنی باسە نە لە دانوسان و وتووێژەکانی ئێران و سۆڤێت لە موسکۆ، نە لە ڕێکەوتننامەکەی قەوام وسادیچکۆف بە هیچ جۆرێك کێشەی کورد وەك کێشەی نەتەوەیەکی سەربەخۆ باسی لێوەنەکراوە، بە پێچەوانەوە مەسەلەی کورد خراوەتە ناو سەبەتەی مەسەلەی ئازەربایجانەوە،حکومەتی سۆڤێتیش لەسەر ئاستی بالاَ و فەرمی هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ دەسەلاَتی ئازەر و کورددا نەبوو، بەڵکو لە زۆربەی بۆنەکاندا جەختیان لەوە کردوەتەوە کێشەی ئازەربایجان کێشەی ناوخۆیی ئێرانە، دوای ڕێکەوتنەکەی نێوانیان لەگەڵ حکومەتی ئێران و وەرگرتنی بەڵێنی تەواو بەپێدانی جیاووکی نەوتی باکور بە کۆمپانیا هاوبەشەکەیان، بێگوێدانە ئەو گفتو و بەڵێنانەی بە کورد و ئازەرییان دابوو، سوپاکەیان تا ٩ی ئایاری ١٩٤٦ لە هەموو خاکی ئێران کشانەوە، ئەم هەنگاوەی سۆڤێت گورزێکی کوشندەبوو بۆ هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان و کارئاسانی تەواوی بۆ گەڕانەوەی سوپای ئێران بۆ ئەم ناوچانە کرد، کەتوانیان

---

[٣٤٣] نەوزاد مەجید – خدر سەرمۆردی، کۆماری کوردستان – مەهاباد ١٩٤٦ لە ڕووی یاسای گشتی نێودەوڵەتیەوە ، بلاَوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری ، سلێمانی –٢٠٠٤، ل٩٣–٩٤ ؛ عەلا الدین سەجادی ،س.پ، ل ٣٠٨–٣٠٩ .

[٣٤٤]د.ئەفراسیاو هەورامی ، س.پ، ل٢١٩.

لەماوەیەکی کورتدا دەسەڵاتە خۆجێیەکانی کوردستان و ئازەربایجان لەناو بەرن و ناوچەکە بخەنەوە ژێر دەسەڵاتی ناوەندیی تاران[٣٤٥].

بەم چەشنە سوپای شاهنشایی بە ناوی گێڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندیی و دابینکردنی ئازادی هەڵبژاردنی گشتی و پاراستنی ئاسایش و چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بۆ خولی پانزدەهەمی ئەنجومەنی شورایی میللی ئێران، کە بەپێی ڕێکەوتنی سۆڤێت – ئێران ئەم ئەنجومەنە دەبێت ڕێکەوتنی پرسی نەوت جێبەجێبکات توانی بە بێ کێشە بگاتە ئازەربایجان، هەر سەبارەت بەمە باڵوێزی ئەمریکا (جۆرج ئالن ) لە ١٩٤٦/١١/٢٧ بە ئاشکرا ڕایگەیاندبوو: " ئەوەی ئێران وتویەتی، حکومەتی ئێران ناچارە بۆ دابینکردنی ئاسایش، هێزی نیزامی بۆ هەموو شوێنەکان بنێرێ، ڕاست و دروستە "[٣٤٦].

هەرچەندە ڕێبەرانی کورد پێش کشانەوەی سوپای سور لە سەردانیان بۆ ورمێ سەردانی (هاشمۆف)ی کونسوڵی سۆڤێتیان کردبوو، دەربارەی کشانەوەی سوپای سور و پاشەڕۆژی کوردستان گفتوگۆیان لەگەڵ کردبوو، بەڵام ناوبراو پێیڕاگەیاندبوون، کە ئەو هێزەبچووکەی حکومەتی تاران دەینێرێتە کوردستان بۆ پارێزگاریکردنی ئاسایش و چاودێری هەڵبژاردنەکانە، دوای هەڵبژاردن لە ناوچەکە دەکشێنەوە[٣٤٧].

کشانەوەی سوپای سۆڤێت لە ئێران هاوکات بوو لەگەڵ ژمارەیەك ڕووداو و گۆرانکاری وەك : بەستنی پەیمانی (یەکێتی و برایەتی کورد و ئازەر)، هەروەها گفتوگۆی نێوان حکومەتی تاران و نوێنەرایەتی هاوبەشی کوردستان و ئازەربایجان، هاوکات شەڕ پێفرۆشتنەکانی سوپای ئێران لە بەرەی سەقز، بانە، سەردەشت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خەڵك کەوتنەخۆو ورەیانبەرنەدا، بەرپرسەکانی حکومەتی کوردستان داوایان لە هێزی خێل و عەشیرەتە کوردەکان کرد، ڕووبکەنە ناوچە سنوریەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر مەترسی و هەڕەشەیەکی لە ناکاو و چاوەڕواننەکراوی سوپای ئێران، بەتایبەتی لە بەرەی سەقز، کە هەزاران پێشمەرگە و چەکداری هۆزەکان بەو پەڕی لە خۆبوردووییەوە بۆ ئازادکردنی سەقز و سنە کۆبونەوە[٣٤٨].

---

[٣٤٥] پیتر أوری، تاریخ معاصر ایران...، ص٢٨٧–٢٨٨ .

[٣٤٦] جعفر مهدی نیا ، م.س، ص٥٢٠ .

[٣٤٧] کوردستان (ڕۆژنامە) ،ژمارە ٤٤ ، ساڵی یەکەم ،١٧ی بانەمەڕی ١٣٢٥ .

[٣٤٨] نەوشیروان مستەفا ئەمین ، حکومەتی کوردستان ،ل ٢٧٠–٢٧١ .

له كۆبونەوەيەكی جەماوەری بەرفراوان له ٥ی ئایاری ١٩٤٦ كه به بەشداری ژمارەیەكی بەرچاو له سەرۆك عەشیرەتەكانی مەنگوڕ، مامەش، زەرزا، دیبۆكری، قەرەپاپاغ و ئەفسەرانی هێزی دیموكراتی كوردستان بەڕێوەچوو، پێشەوا قازی محەمەد وتارێكی به نرخی بۆ ئامادەبووانی كۆبونەوەكه پێشكەشكرد و ڕایگەیاند : " له كاتێكدا ئۆردوی سور له نێوانمان دا بوو، دوژمنانی ئێمه هەمیشه وایان بلأودەكردەوە، كه داوا و ئیدیعای كوردان هەمووی بەهۆی سیاسەتێكی خاریجی یه، كه مقسودیان ئۆردوی سوربوو، بەلأم ئەوڕۆ به ئاشكرای له هەموو كەسێك مەعلوم بووە، كه كورد ئازادی دەویّ و دەست لەو مەرامه هەڵناگریّ وجودی ئەو عەشایەرانه لەو ڕۆدا، كه به گیان و ماڵ ئامادەن ئاخرین دلۆپی خوێنی خۆیان بۆ ئەو مەرامه بڕژێنن، شاهیدێكی زۆر گەورەیه بۆ ئەوەی كورد ئازادی دەویّ و دەستی لیّ هەڵناگریّ بۆ وەچنگ هێنانی ئازادی ئیعتیمادی هەر بەخۆیه ...."[٣٤٩].

ئەو سیاسەته دیماگۆجیانەی، قوام جێبەجێیكرد، به دەستكەوتێكی گرنگ بۆ حكومەتی تاران دادەنرێت، لەكاتێكدا قەوام پێشوازی لەدەستەی نوێنەرایەتی كوردوئازەر كرد بەمەبەستی چارەسەركردنی ئاشتیانەی پرسی كورد و ئازەر له ١٩٤٦/٤/٢٨ كرد، تەنها یەك ڕۆژ دوای ئەوە له ١٩٤٦/٤/٢٩ هێزێكی ئێرانی، كه پێكهاتبوو له هەنگی ٢٧ی ناوەند، كه زیاتر له ١٠٠٠ سەرباز و ئەفسەری لەخۆ گرتبوو به چەكی قورس و تۆپ و ڕەشاش به پشتیوانی دوو فرۆكەی جەنگی هێرشێكی چاوەڕواننەكراویان كرده سەر سەنگەرەكانی هێزی پێشمەرگه له بەرەی سەقزەوە، جگه له گرتنی گوندی ئاڵتون بەرەو گوندی قاراوا پێشڕەوییانكرد[٣٥٠]. بەلأم هێزەكانی پێشمەرگه (هێزی لقی ٣ بارزان) بەسەركردایەتی عەقید بەكرحەوێزی له كەمینێكدا، كه بۆ هێزەكانی ئێرانیان دانابوو گورزێكی كوشندەیان لێدان و ژمارەیەكی زۆریان لێكوشتن و دەستكەوتی باشیان له چەك و كەلوپەلی جەنگی بەدەستهێنا [٣٥١].

ئاشكرایه له هەلومەرجێكی وادا بەبیّ ئاگاداری تاران ئەنجامدانی هێرشێكی لەو جۆره كارێكی ئاستەمه، بۆیه حكومەتی قەوام به ئامانجی سەربازی هێرشێكی لەو جۆرەی ئەنجامداوه به مەبەستی:
١– هەڵسەنگاندنی توانای هێزی پێشمەرگەی كوردستان لەم بەرەیەدا كه بۆ ئایندەی لەشكری شاهنشایی مایەی مەترسیی و هەڕەشه بوو .

[٣٤٩] كورد ستان (ڕۆژنامه) ، ژماره ٤٦ ، ساڵی یەكەم ،٢١ ی بانه مەڕی ١٣٢٥ .
[٣٥٠] میرزا محمد امین مەنگوری ، س.پ،ل ل ٢١٧–٢١٩ ؛ حامید گەوهەری ، كۆماری كوردستان ،ل٣٠٣ .
[٣٥١] كوردستان (ڕۆژنامه) ، ژماره ٤٩ ، شەممه ١٣٢٥/٣/٤ ؛ ولیام الایغلتن الابن ، س.پ،ل١٤٨ .

٢– بەدەستهێنانی شوێنێکی ستراتیژی و سەربازی گرنگ، لەلایەکی ترەوە دوورخستنەوەی هێزی پێشمەرگە لەسەر ڕێگای سەقز– بانە – سەردەشت بۆ بەهێزکردن و پڕچەککردنی سەربازگەکانی مێرەدێ و بۆکان و سەردەشت، تا ئامادەو خۆڕاگربن بەرامبەر هەر هێرشێکی لە ناکاوی پێشمەرگە بۆ سەریان لە ڕووی سیاسیشەوە بێگومان ئەگەر هێرشەکە سەرکەوتووبوایە، لەشکری ئێران دەیانتوانی بەرەو قولایی هەرێمی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بکشێن و بەئاسانی موکریان و مەهاباد بگرنەوە[٣٥٢]، بەم چەشنە ئەمە دەبووە کارتێکی فشاری سیاسی و سەربازیی بە دەست دەسەلأتدارانی تارانەوە، تاکو بەئاسانی مەرجەکانی خۆیان بە سەر کورد و ئازەردا بسەپێنن بەبێئەوەی قەوام بەرامبەر بە سۆڤێت شەرمەزار بێت، چونکە پرسی کورد و قەوارەکەی بە هیچ جۆرێك لە ڕێکەوتننامەی قەوام – سادیچکۆف دا نەهاتبوو، لەلایەکی ترەوە ئەگەر هێرشەکە شکستخواردوو بوایە، کە هەر واش بوو، ئەو کات حکومەتی تاران دەتوانێت خۆی لە ڕێکەوتنەکە دووربگرێت بۆ دریژکردنەوەی پرسی چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەکانی ئازەربایجان و کوردستان، ئەمەش دەبوو بەهاندەرێك، تا زووتر سوپای سور لە ئێران بکشێنەوە، لەلایەکی تریشەوە سۆڤێتی هاندا تاکو فشاری زیاتر بخەنە سەر ئازەریەکان بۆ نەرمینواندن لە داواکارییەکانیان لەگەڵ تاران بە مەبەستی هەرچی زووتر چارەسەرکردنی کێشەکان و جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی قەوام. سەبارەت بە دامەزراندنی کۆمپانیایی نەوتی هاوبەشی سۆڤێت – ئێران و جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی تریش پەیوەستن بەم بابەتەوە [٣٥٣].

حکومەتی تاران پاش شەڕەکەی قاراوا، سەرلەشکر (رزم ئارا ) ی فەرماندەی گشتی سوپای بۆ ناوچەکە نارد، تا لەو دۆخە ئاڵۆزە لێکۆڵینەوە بکات، رزم ئارا لە ٣ی ئایاری ١٩٤٦ گەیشتە سەقز، مەبەست لە هاتنی بریتی بوو لە :

١– بەهێزکردنی سوپای ئێران، بەگواستنەوەی بەشێکی هێزەکانی کرماشان، گەیاندنیان بە سەربازگەکانی سەقز بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەر هێرشێکی چاوەڕواننەکراوی هێزەکانی پێشمەرگە و عەشیرەتە کوردەکانی بەرەی سەقز .

٢– گەیاندنی کۆمەك و هاوکاری و کەلوپەلی جەنگی و ئازوقە بە سەربازگەکانی بانە، سەردەشت، میرەدێ، کە دوای شەڕەکەی قاراوا کەوتبوونە بارودۆخێکی ناهەموارەوە، (رزم ئارا) پێویستی بە کات و شوێنێکی گونجاو بوو بۆ پەلامارێکی تری سەربازی، بە ناوی گفتوگۆ و دانوسانەوە دوایی دیدار و چاوپێکەوتنی لە

---

[٣٥٢] کوهستان (هەفتنامە)، ٣٠ اردیبهشت ١٣٢٥ .

[٣٥٣] کوهستان (هەفتنامە)، شمارە ٥٧ ، سال دوم ،٦ خرداد ١٣٢٥ ؛ کوهستان، شمارە ٥٩، سال دوم ١٣ خرداد ١٣٢٥.

لێپرسراوانی هێزی میللی کوردستان کرد[٣٥٤]. له ڕۆژی ٢٦ی مایسی ١٩٤٦ ڕژم ئارا له شاری سەقز پێشوازیی له گروپێکی سەربازی کۆماری کوردستان به سەرۆکایەتی عزەت عبدلعزیز و به یاوەری ژمارەیەك لێپرسراوی کۆماری ئازەربایجان کرد، وەك: عەلی زادە، ئازەر بادگان و ئاغای جەودەت، لایەنی ئێرانی بەرپرسیارێتی هەلآیسانی جەنگی قاراوایان گرتەئەستۆ. دوای گفتوگۆی چڕ سەبارەت به کێشەکانی نێوانیان، ئەم ڕێکەوتننامەیان واژۆکرد[٣٥٥]:

١- بەرپرسانی حیزبی دیموکرات، به هێزەکانیان ڕاگەیەنن له جێگای خۆیان بمێننەوەو واز له تەقەکردن بهێنن و چیتر له شەقامەکاندا گرفتی هاتوچۆ دروستنەکەن .

٢- بۆ ڕێگرتن لەهەر جۆرە پەلامار و پێکدادانێکی چەکداری، هێزی پێشمەرگەی کوردستان چوار کیلۆمەتر له سەقز و سێ کیلۆمەتر له ڕێگای بانه – سەقز – سەردەشت بکشێنەوە، بۆ ئەوەی سوپای ئێران بتوانێت پێداویستی و ئازوقه بۆ سەربازگەکانی بانه ڕەوانه بکات .

٣- هەم دەوڵەت و هەم هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان نابێت بنکه سنورییەکانیان بەهێز بکەن، هاوکات فڕۆکەکانی ئێرانیش نابێت چوار کیلۆمەتر زیاتر له باکوری سەقز بفڕن .

٤- بۆ ڕێگرتن لەهەر چەشنه له یەکنەگەیشتنێك یان خراپ حاڵیبونێك،(ح.د.ك) سێ نوێنەری خۆی بۆ شارەکانی سەقز- بانه – سەردەشت ڕەوانه دەکات، تاکو ببنه پردی پەیوەندیی سیاسی نێوان هێزی پێشمەرگه و سوپای ئێران .

٥- بۆ کاتی جێبەجێکردنی خاڵی ٣، ٢٨ی مایس کاتژمێر ٨ی بەیانیه .

حەسەن ئەرفەع پێیوابوو هەردوو حکومەتی تاران و کوردستان ئامانجیان یاریکردن به کات بوو، چونکه حکومەتی تاران دەیویست بەم ڕێکەوتنه کاتی تەواو به دەستبێنێت بۆ بەهێزکردنی سوپاکەی له بەرەی سەقز، هاوکات کوردیش بەنیازبوون دوای گرتنی سەقز، بانه، سەردەشت بەرەو سنه پێشڕەویبکەن، بۆیه له چیاکانی دەوروبەرەوە پەلاماری هێزە نێرراوەکانی ئێرانیاندەدا به ئامانجی ڕێگری له بەهێز کردنی سەربازگەکانی دەوڵەت[٣٥٦].

---

[٣٥٤] علا الدین سجادی ، س.پ،ل ل ٢٧٧-٢٧٨ .

[٣٥٥] حامید گەوهەری، س.پ،ل ل٣٠٥-٣٠٨ .

[٣٥٦] حەسەن ئەرفەع ،س.پ، ل ١٤٨-١٤٩ .

بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی حەسەن ئەرفەعەوە، میرزا محەمەد مەنگوڕی پێوایە لەشکری کوردستان ستراتیژێکی بەرگریکارانەی هەبووە، ئامانجی پاراستنی سنورەکانی کۆماری کوردستان بووە بەتایبەتی ئەو سنورانەی، کە لەلایەن دەسەلاتی ناوەندییەوە مایەی مەترسی بوون، وەك ناوچەکانی تکاب، میاندواو، سەردەشت، بانە و سەقز، کە هەر لە سەرەتایی دامەزراندنی کۆمارەوە هێزی پێشمەرگە لەم ناوچانە جێگیرکراون و ئەرکی پاراستنی سنورەکانیان لەهەر دەستدرێژییەکی دەرەکی یان پەلاماردانێکی لەشکری ئێران خرابویە ئەستۆ، شایەنی باسە لەشکری کوردستان لە ڕووی چەك و تفاق و جلوبەرگ و دیسپلینەوە کەموکورتی زۆری هەبوو، جگە لە بارزانیەکان، کە جەنگاوەری بە ئەزمون و بەدیسپلین بوون، پابەندی لێپرسراوەکانیان بوون. بەشێکی تری ئەم هێزانە لە هێزە عەشیرەتیەکانبوون، کە شارەزایی ڕێسا و یاسای سەربازینەبوون، بەڵکو زیاتر بە دوایی تالآنی و دەستکەوتدا دەگەڕان[٣٥٧].

شایەنی باسە فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگە و تەنانەت خودی میرحاج چەندین جار ڕاپۆرتیان لەسەر جموجوڵی هێزەکانی ئێران و خۆ ئامادەکردنیان بۆ سەر هێزی پێشمەرگە خستە بەر دید و دەستی قازی محەمەد، بەلآم هەڵوێست و بۆچونەکانی پێشەوا لەسەر بارودۆخی بەرەکانی جەنگ لە کوردستان لەگەڵ ئەوانی تر جیاواز بوو، پێشەوا لە وەلآمی نامەیەکی فەرماندەی هێزەکانی بۆکان و ناوچەی سەرا کە لە ١٣٢٥/٣/١٣ بۆی ناردبوو، نوسیوویەتی: "..... هەر کارێکی جوزئی ئەلان دەبێ لەگەڵ ئەوضاعی بین مللی تطبیق بکرێ ....لەبەر ئەوە ئێمە مەجبورین لە ڕێی سوڵحەوە تا ممکن بێ ناتوانین بە ڕێی دیدا بڕۆین ئەو تاخیرە لەبەرئەوەیە دەنا من لە تۆ زیاتر بە پەلەترم ..... "[٣٥٨]. ناوەڕۆکی نامەکە ئەوە دەردەخات، تا چەند قازی محەمەد هەوڵیداوە بە پارێزەوە هەنگاو بنێت، لەوە گەیشتووە چارەنوسی کوردستان بە هەڵوێستی زلهێزەکانەوە بەستراوە، لەو پێناوەشدا هەموو هەوڵێکی داوە، تاکو چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لەگەڵ حکومەتی تاران بە بنبەست نەگات، بەهۆی پێداگریەکانی سۆڤێت، کە ڕێگەی نەدا کورد و هێزی پێشمەرگە ڕووبەڕووی سوپای ئێران ببنەوە، قازی محەمەد فشارێکی زۆری خرابووە سەر[٣٥٩].

هەرچەندە ئاگربەس و ڕێکەوتن لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای ئێراندا هەبوو، بەلآم جێبەجێنەکرا، سوپای ئێران بەبیانووی گەیاندنی ئازوقە و خواردەمەنیەوە، چەك وکەلوپەلی جەنگیان

[٣٥٧] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوری ، س.پ، ل١٢٤-١٢٥ .

[٣٥٨] مەحمودی مەلا عززەت ، دەوڵەتی جمهوری کوردستان . نامە و دۆکۆمێنت ، بەرگی یەکەم و دووەم ، چاپی دووەم ،سلێمانی -٢٠٠٣ ، ل١٩٤ .

[٣٥٩] حوسێن مەدەنی ، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان ، ل ل٢٨٨-٢٨٩ .

دەگواستەوە بۆ سەربازگەکانی بانە، سەردەشت، ئەمەش چەندین پێکدادانی لە نێوان هەردوولادا لێکەوتەوە بەتایبەتی لەسەر ڕێگاکانی سەقز– بانە، سەقز– بۆکان[٣٦٠].

بە پێی ڕێکەوتنی نێوانیان سەرلەشکر ڕزم ئارا بەڵێنی بە پیشەوا دابوو، تا کاتی ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٤٦ کۆتایی بە گفتوگۆ و دانوسانەکان نەیەت و نەگەڕێنەوە بۆ تاران بە هیچ جۆرێك شەڕ لەگەڵ هێزی پێشمەرگە ناکات، بەڵام بەڵینەکەی شکاند و بە بیانووی گەیاندنی ئازوقە بۆ سەربازگەکانی بانە و سەردەشت بە سێ هەزار سەرباز و، ٨ تۆپ، ٢ فڕۆکە، ٢ تانك، فەرمانی بە سەرتیپ هەمایۆنی سەرلەشکری ٤ی کوردستان کردبوو، کە لە سەقزەوە پەلاماری گردی (مامەشا) بدات لە چیای (ملقەرەنی)، کە ئەو گردە لەلایەن لقی ١ی هێزی بارزان بە سەرۆکایەتی مستەفا خۆشناو پارێزگاری لێدەکرا، لە شەڕێکی سەختی ١٢ کاتژمێریدا سوپای کوردستان، کە ژمارەیان ٣٩ کەس زیاتر نەبوو، زیانیکی گەورەیان لە هێزی دوژمندا، لەئاکامدا هێزی پێشمەرگە بە یانزدە بریندارەوە لە گردەکە پاشەکشەیانکرد و لە سەنگەرەکانی پشتەوە خەتی بەرگرییان لێدا و توانیان گورزێکی کوشندە لە هێزی لەشکری ٤ی کوردستان بوەشێنن بە جۆرێك نزیکەی ٥٠٠ کەسیان لێ کوژراوە، ٢٥٠ کەسیان لێ بەدیلگیرا، وێڕای تێکشاندنی دوو تانك، ژمارەیەکی زۆر تفەنگ و فیشەك کەوتە دەست هێزیی پێشمەرگەی کوردستان .[٣٦١]

لە پاش شەڕی (مامەشا) پێشەوا لەگەڵ ڕزم ئارا لە بەرەی سەقز لە گوندی سەرا کۆبوەوە، پێشەوا ڕەزامەندی نیشاندا بەرامبەر داواکاریی ئێران بە ڕێگادان بە ناردنی ئازوقە و پێداویستی بۆ سەربازگەکان بێئەوەی هەوڵی بەهێزکردنیان بە چەك و تەقەمەنی و سەربازی نوێ لەلایەن سوپاوە بدرێت، هاوکات پێشەوا داوایکرد ئەو کاروانانەی، کە ئازوقە دەنێرن لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە پشکنینیان بۆ بکرێت و بە یاوەری نوێنەری پێشمەرگە لە سەقز هاتوچۆبکەن، بەپێچەوانەشەوە ڕێگرییان لێدەکرێت ئەگەر پابەند نەبن[٣٦٢]. لە چوارچێوەی ئامادەکارییەکان بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکە، وەزارەتی جەنگی کوردستان عەبدولڕەحمانی زەبیحی و هەژار موکریانی وەك پشکنەری کاروانەکان دەستنیشانکرد لە

---

[٣٦٠] عبد الرحمن قاسملو ، اربعون عاما من الکفاح ....،ل٥٨ .

[٣٦١] کوردستان (ڕۆژنامە) ، ژمارە ٦٠ ، شەممە ٢٩ جۆزەردانی ١٣٢٥ ؛ عەقید بەکرحەوێزی ، گەشتێك بە کۆمارەکەی مەهاباددا، بیرەوەریەکانم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا ١٩٤٤–١٩٤٧، بەشی یەکەم ،چاپی یەکەم، کۆیە –٢٠٠٠، ل ل ٦١–٦٦

[٣٦٢] عەلا الدین سەجادی ، س.پ، ل٢٩٠–٢٩١ .

شارەکانی سەقز، بانە، سەردەشت. هاوکات لە ڕێگەی محەمەدی نانەوازادە و جافری کەریمیەوە چاودێری بەڕێوەچوونی ڕێکەوتنامەکە دەکرا[٣٦٣].

محەمەدی نانەوازادە، کە یەکێك بوو لە باشترین ئەفسەرەکانی هێزی پێشمەرگە و جێگری وەزیری جەنگ بوو لە ڕۆژی ١٦ی تەموزی ١٩٤٦ بە پیلانێکی پێش وەختە لەلایەن فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانەوە، ئەو فڕۆکەیەی، کە بڕیاربوو محەمەدی نانەوازادە لە بانەوە بگوێزێتەوە بۆ سەقز دەستکاریکرا بوو، فڕۆکەکە کەوتە خوارەوەو شەهیدبوونی محەمەدی نانەوازادەی لێکەوتەوە، لە کاتێکدا فڕۆکەوانەکە بەبێئەوەی هیچی بە سەر بێت بە پەڕەشوت خۆی هەڵدابووە خوارەوە، بۆیە لای زۆر کەس ئەمە بە پیلانێکی پێش وەختە بۆ تیرۆرکردنی نانەوازادە بینراوە[٣٦٤].

پابەندبوونی پێشەوا بە ڕێکەوتنەکەوە کەڵکی خراپی لێوەرگیرا لەلایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە، داواییان لە پێشەوا کرد بۆ خاو کردنەوەی گرژی و ئاڵۆزییەکانی سەنگەرەکانی سەقز باشتر وایە ژمارەی هێزە چەکدارەکانی لەو بەرەیە کەمبکاتەوە، پێشەواش بە هۆی ئەو ئارامییەی، کە دوای ڕێکەوتنەکە هاتبووە ئاراوە، لە ترسی ئەوەی هێزە عەشیرەتیەکان سەربەخۆیانە کارێکی تێکدەرانە بکەن، کە ڕێکەوتنەکە پێشێلبکات، لەلایەکی ترەوە ئەو بەڵێنانەی حکومەتی تاران لەمەڕ چۆڵکردنی ناوچەکانی سەقز، سەردەشت، بانە دابوویان، دوای چۆڵکردنی زەنجان لەلایەن هێزەکانی دیموکراتی ئازەربایجانەوە، وەك لەگەڵ پێشەوا ڕێکەوتنی لەسەر کرابوو، قازی محەمەد بڕیاری کەمکردنەوەی هێزەکانی لە قۆڵی سەقز داو داوایکرد هێزە عەشیرەتیەکان بگەڕێنەوە سەرماڵوحاڵی خۆیان، جگە لە ١٢٠٠ پێشمەرگەی بارزانی، کە ئەرکی پاراستنی سنوری باشوری کۆماری کوردستانیان لە ئەستۆدا بوو[٣٦٥].

لە ڕاستیدا ڕێبەرانی کۆماری کوردستان دەیانزانی، تا چ ڕادەیەك بوونی هێزەکانی سوپای ئێران مایەی مەترسی و هەڕەشەی گەورەن لە شارەکانی بانە، سەقز، سەردەشت، کە بە سنوری باشوری کۆماردادەنران، لەلایەکی ترەوە ڕزگارکردنی ئەم ناوچە ستراتیژیانە زۆر گرنگ بوون بۆ پاراستنی ئاسایشی سنوری باشوری کۆمار لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی، دەبوو بە هۆی فراوانکردنی قەڵمڕەوی حوکمداری کۆماری کوردستان[٣٦٦]. بۆیە حەمەڕەشیدخانی بانە فەرماندەی گشتی هێزەکانی بۆکان و سەراو،

---

[٣٦٣] هەژار موکریانی ، س.پ، ل٨٠-٨١ .

[٣٦٤] سید محمدی صمدی ، نگاهی به تاریخ مهاباد ، انتشارات رهبر و مهاباد ، چاپخانه میلاد ، چاپ اول — ١٣٧٧، ص١٨٤-١٨٥ .

[٣٦٥] میرزا محمد امین مەنگوڕی ،س.پ، ل٩٠-٩١ .

[٣٦٦] زهیر عبدالملك ، الاکراد و بلادهم کردستان بین السؤال وجواب ، السوید — ١٩٩٩، ص٢٠٩ .

هەروەها ئەفسەرانی سوپای بارزانیەکان داوایی ئازادکردنی ئەم شارانەیان کرد و بیّ متمانەیی خۆیان بە ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتی تاران نیشاندابوو، پێانوابووئەو بێنە و بەردەیەی حکومەتی تاران بەناوی دانوسانەوە دەیکات، تەنها گەمەیەکی سیاسی مەترسیدارە بۆ غافڵگیرکردن و بەدەستهێنانی کاتی زیاترە، تا خۆیانی پیّ بەهێز بکەن، بەڵام قازی محەمەد هەڵبژاردنی ڕێگەی چارەی ئاشتیخوازانەی پیّ باشتربوو[٣٦٧].

## باسی دووەم/ ڕووخاندنی هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان لەلایەن حکومەتی تارانەوە

### ١- سەرهەڵدانەوەی گرژیی و ئاڵۆزییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان لەگەڵ حکومەتی تاران

وێرای پابەند بوونی قازی محەمەد بە تەواوی برگەکانی ڕێکەتننامەی نێوانیان لەگەڵ ڕژم ئارا، هەروەها فەرمانیدا بە چۆڵکردنی قۆڵی سەقز لەلایەن چەکدارە عەشیرەتیەکانەوە، بەڵام دۆخی ئاگربەس زۆر درێژەی نەکێشاو سەر لە نویّ شەڕ و پێکدادان لە نێوان هەردوو لادا سەریهەڵدایەوە، هۆکارەکەشی بۆ پابەندنەبوونی هەردوو فەرماندەی ئێرانی (پزیشکیان) و (سەرهەنگ ئایرم) گەڕایەوە، کە ڕێکەوتنەکەیان پێشێلکرد. لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٤٦ چەند ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگر، کە چەك و تەقەمەنیان دەگواستەوە بۆ بارەگاکانیان لە قۆڵی سەقز، لەسەر ڕێگای سەقز- بانە کەوتنە ناو کەمینێکی پێشمەرگەوە، دوای پێکدادانێکی کەم هێزی پێشمەرگە توانیان دەستبەسەر ئەو کاروانەدا بگرن و ڕەوانەی مەهابادییان کرد[٣٦٨]. لە درێژەی ڕووداوەکاندا سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٦ هێزێکی ئێران بە چوار تانك و زرێپۆشێك و چەندین ئۆتۆمبێلی پڕ لە چەك و تەقەمەنی و سەرباز بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ ئایرم لە گوندی (مەکلاوە) ی نێوان بانە و سەردەشت، بەرەو سەربازگەکانی دەوروبەری سەردەشت پێشڕەوییانکرد، لەلایەن چەند پێشمەرگەیەکی بارزانیەکانەوە داوایی ڕاوەستانیان لێکرا، بەڵام ئەوان لە بری وەستان لێیان هاتنە دەست و شەڕە تەقەیەکی زۆریانکرد لە ئاکامدا جگە لە

---

[٣٦٧] مەحمودی مەلا عززەت ، جەمهوریەتی کوردستان.... ،ل ل ٥٨٨-٥٩٤ .

[٣٦٨] کوهستان ، شمارە ٦٨ ، سال دوم ،١٣ ابانماە ١٣٢٥ .

کوژرانی چەند سەربازێکی ئێران چەندین کەسی سیڤیلی خەڵکی گوندەکەش شەهیدبوون، هێزە شکستخواردوەکە کشانەوە[٣٦٩]

بە گوێرەی پەیمانی نێوانیان هەر شەڕێك ڕوویدەدا دەبوایەپێشەوا سەرۆك وەزیران ئاگاداربکاتەوە، بەم بۆنەیەوە پێشەوا لەسەر شەڕی سەردەشت تەلەگرافێکی بۆ سەرۆك وەزیران لە ١٣٢٥/٨/١٠ نارد، کە دەڵێت: " گەورەو بەڕێز ئاغای سەرۆك وەزیران...پێرێ سەرهەنگ ئایرم لە سەردەشت بە تانك و تۆپ و سەربازێکی زۆرەوە هێرشیان کردۆتە سەر بنکەکانی دیموکرات و دوو ڕۆژە شەڕە تەکلیف چیە"[٣٧٠].

لەپێناو گێڕانەوەی ئەو چەك و تەقەمەنی و ئۆتۆمبیلانەی، کە لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لەسەر ڕێگای سەقز– بانە دەستی بەسەردا گیرابوو، حکومەتی تاران نوێنەرێکی بە ناوی (سەرهەنگ عەلی اسغەر فیوچی) بۆ لای کاربەدەستانی مەهاباد نارد، هەروەها بڕیاریدا لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە پێکبێنێت. بەلآم نە کورد ئامادەبوو ئەوەی دەستی بەسەردا گرتبوو بۆ تارانی بگەڕێنێتەوە، نە حکومەتی تارانیش بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکەی سەردەشت هیچ کارێکی کرد بارودۆخەکە، تا ڕادەیەك بە هێمنی مایەوە، بەلآم ڕێکەوتنەکەی نێوانیان بە کردار هەڵوەشایەوەو هیچ لایەکیان پێوەی پابەندنەبوون[٣٧١].

بە گوێرەی ڕێکەوتنەکانی نێوان تاران و ئازەربایجان لە ١٩٤٦/٦/١٣ کۆمیسۆنی هاوبەشی نێوان هەردوولا پێکهات، بەلآم نەیتوانی کێشەی سوپاو لەشکری ئازەربایجان چارەسەربکات، ئەوەی بارگرانی زۆری لەسەر ئابووریی ئازەربایجان دانابوو، بابەتی ڕاگرتنی لەشکر و دەستەکانی فیدایی بوو، کە مانگانە ٢ملیون تمەن خەرجیانبوو، بە هۆی پەیماننامەی ئازەربایجان– تارانەوە، ئازەربایجان نەیتوانی بۆ بەخێوکردنی سوپاکەی سەرچاوەی داهات بدۆزێتەوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانەو چەندین کێشەی تری هەڵپەسێراو، لە٢٠ی ئابی ١٩٤٦ دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان بە سەرۆکایەتی شەبوستەری (سەرۆکی ئەنجومەنی ئەیالەتی ئازەربایجان)، دکتۆر سلام الله جاوید(پاریزگاری ئازەربایجان)، سادق پادگان (جێگری سەرۆکی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان)، پەناهیان (فەرماندەی گشتی هێزەکانی ئازەربایجان) بۆ وتووێژ و دانوسان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی بەرەو تاران کەوتنەڕێ[٣٧٢].

---

[٣٦٩] عەقید بەکر عبدلکریم حەوێزی ، س.پ ، ل٨٤–٨٥ .

[٣٧٠] حوسێنی مەدەنی ،س.پ، ل٣٠١ .

[٣٧١] عەقید بەکر عبدلکریم حەوێزی ، س.پ، ل٨٥ .

[٣٧٢] حەسەن ئەرفەع ،س.پ، ل١٥٢ .

شاندی دانوسانکار وێڕای ڕەخنەکانیان سەبارەت بە سیاسەتی بیرۆکراتیانەی دەوڵەت و هەوڵەکانی بۆ خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی، گفتوگۆی چڕیان لەگەڵ لێپرسراوانی تاران سەبارەت بە بواری پەروەردە، ڕێگاوبان، پۆستە و تەلەگراف، کاروباری لەشکری و....هتد کرد، بەڵام ئەنجامێکی دڵخۆشکەرییان دەستنەکەوت، بە ناچاری لە ١٩٤٦/٩/٦ شەبوستەری لە بروسکەیەکیدا بۆ پیشەوەری نائومێدی خۆی سەبارەت بە چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکان خستە ڕوو، هاوکات داوای لە پیشەوەری کرد، فەرمانبدات دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان لە تارانەوە بۆ تەوریز بگەڕێنەوە. بۆیە بەناچاری شەبوستەری و پادگان بۆ تەوریز گەڕانەوە، بەڵام جاوید بۆ تاوتوێکردنی ئەو بابەتانەی لە کاتی وتووێژەکانیان باسیان لێوەکردبوو لەتاران مایەوە[٢٧٣]. هەرچەندە زۆربەی کێشەسەرەکیەکانی ئازەربایجان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی بەبێ چارەسەرکردن مانەوە، بەڵام لە ئاکامی گفتوگۆی نێوانیان لەسەر ئەم خاڵانە ڕێکەوتن :

١- بە پێی ڕێکەوتنی ١٩٤٦/٦/١٣ بڕیاردرا شاری (زنجان) بە زووترین کات لەلایەن هێزەکانی فیدایی ئازەربایجانەوە چۆڵ بکرێت، لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا شارەکە بە تەواوی بدرێتەوە دەستی هێزەکانی ئێران لەبری ئەوە سوپای ئێران شارەکانی سەردەشت و هەوشار (تکاب) لە کوردستان ڕادەستی حکومەتی ئازەربایجان بکات .

٢- سەبارەت بە کێشەی سوپا هەر سێ جەنراڵ (عەلەوی، پەناهیان، باڵکۆڤنیك هیدایەت ) بە نۆرە ، کە وەك فەرماندەی لەشکر و جێگری فەرماندەو سەرۆکی ستادی سوپا دیاریکراون، دەنێررێن بۆ تەوریز بەمەبەستی ڕێکخستنی لەشکری ئازەربایجان و ئەفسەرەکانی ، ئەرکی سەرکردایەتیکردنی کەرتەکانی سوپا و لەشکر لە ئەستۆی ئەوان دەبێت .

٣- سەبارەت بە پاسەوانی (نگهبان) و پۆلیس بڕیاردرا، کە بەرپرسی دەزگای پاسەوانی ئازەربایجان و فەرماندەی هەنگەکانی پاسەوانی لەلایەن حکومەتی تارانەوە دیاریکرێن، بەڵام جێگرەکانیان لەلایەن ئەنجومەنی ئەیالەتی ئازەربایجانەوە هەڵبژێرێن و پاش پەسەندکردنیان دەستوری کارکردنیان بۆ دەردەکرێت .

٤- بڕیاردرا تەواوی یاساکانی شارستانی لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی ئێران لە تەواوی بوارەکاندا لە ئازەربایجان هاوشێوەی ناوچەکانی تری ئێران جێبەجێبکرێن .

---

[٢٧٣] ئەفراسیاو هەورامی ، پەیوەندیەکانی کوردستان و ئازەربایجان ....،ل ل ١٠٢-١٠٣ .

٥- بودجەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئازەربایجان لەلایەن بانکی ناوەندییەوە دابینکرێت، بەشێکیشی لە داهاتی ناوخۆ بەدەستبهێنرێت .

٦- ٣٥٪ داهاتی گومرگەکانی سنوری ئازەربایجان بۆ هەرێمەکە خۆی دەبێت، ٦٥٪ داهاتەکان بۆ تاران بۆ خەرجی گشتی دەنێررێت .

٧- لەسەر بڕیاری حکومەتی تاران، تا کاتی دیاریکردنی بودجەی گشتی لەشکری ئازەربایجان، دەوڵەت ٢٠ ملیۆن ڕیاڵ یارمەتی دەداتە لەشکری ئازەربایجان بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی لەشکر، چۆنیەتی خەرجکردنی لە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی هەرێمی ئازەربایجان دەبێت[٣٧٤].

شایەنی باسە بۆ وەڵامدانەوەی قەوام لە ١٩٤٦/١١/١٠ کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کۆبونەوەیەکی بەرفراوانی ڕێکخست، لەم کۆبونەوەیەدا، کە بە بەشداری بەرپرسانی ئازەربایجان و لێپرسراوانی حیزبی ناوچەکان و پارێزگاری ئازەربایجان بەڕێوەچوو، بە گشتی کاروباری دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجانیان لە وتووێژەکان پەسەندکرد، بەلاّم ناڕەزایی خۆیان لەمەڕ ئەم کێشانە نیشاندا وەك : دانپێدانەنانی دەوڵەتی ناوەندیی بەو دەرەجە و پلە و پایانەی بە ئەفسەرانی سوپای ئازەربایجان دراوە، هاوکات پەسەندنەکردنی پلەی ئەو بەرپرس و فەرماندانەی سوپا و پۆلیس، کە دەوڵەت بەبێ پرس و ڕەزامەندی ئەنجومەنی ئازەربایجان دیاریکردوون، بەلاّم ئەو هەڵە مەترسیدارەی لەو کۆبونەوەیەدا بڕیاری لەسەر درا چۆڵکردنی شاری زەنجان لە هێزەکانی ئازەربایجان بوو، کە بە گوێرەی ڕێکەوتنی نێوانیان لەگەڵ حکومەتی تاران دەبوایە دەوڵەتی ناوەندیی بەرامبەر چۆڵکردنی زەنجان، شارەکانی سەردەشت و سەقز چۆڵکەن، بەلاّم لە بری ئەوە حکومەتی تاران یەکەیەکی سوارەی سەربازی ئێرانی بەرەو کوردستان نارد، ئەمەش بە سەرەتای لەشکرکێشی ئێران بۆ کۆتایهێنان بە هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان دادەنرێت[٣٧٥].

قەوام ئەلسەڵتەنە لە درێژەی ئەو سیاسەتە چەواشەکارانەی بەرامبەر ئازەربایجان و کورد جێبەجێکرد، لە ١٩٤٦/١١/٢١ بروسکەیەکی بۆ جاویدی پارێزگاری ئازەربایجان ناردوو داوای لێکرد، لە پێناو بەڕێوەبردنی هێمنانەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی خولی ١٥ی ئێران، بڕیاری دەوڵەت لەمەڕ ناردنی هێزی سەربازی بۆ ناوچەکە پەسەند بکەن، بەلاّم دکتۆر جاوید لە وەلاّمی ئەو بروسکەیەدا ئاماژەی

---

[٣٧٤] د.تورج اتابکی ، م.پ، ل١٧١ ؛ اذربایجان (روزنامه) ، شماره ٣٥٥ ، اول اذرماه ١٣٢٥ .

[٣٧٥] ئەفراسیاو هەورامی ،پەیوەندیەکانی کوردستان و ئازەربایجان..... ،ل ل ١٠٦-١٠٧ .

بەوەکرد، کە ناردنی هێز بۆ ئازەربایجان پێچەوانەی ڕێکەوتنی نێوانیانە، دەتوانێت ئەو ئەرکە بە سوپای ئازەربایجان بسپێرێت[٣٧٦].

لە ڕاستیدا ڕەوتی ڕووداوەکان ئەوەیان نیشاندا، حکومەتی تاران نیازی گرتنەوەی ئازەربایجان و کوردستانی هەیە و تەنها چاوەڕێی کاتە گونجاوەکە دەکات، لەو بارودۆخە ئالۆزەدا، سەرلەشکر رزمئارا فەرمانیدا بە لەشکری ١ی ناوەندیی و لەشکری ٣ی قەزوین کرد، کە لە حاڵەتی ئامادەباشی تەواودا بن، ڕۆژی ٢ی سەرماوەرز بەرامبەر ١٩٤٦/١١/٣ بە پێی پلانی سوپا لەشکری ١ی ناوەندیی لە ناکاو چوونە ناو شاری زەنجان و گرتیان، تەواوی ئەو ناوچانەی دەکەوتنە سەر ڕێگای زەنجان بۆ میانە بەهەمانشێوە داگیرکرا[٣٧٧]، دەستبەسەرداگرتنی دامودەزگا و شوێنە گرنگەکانی ئەم شارەو گرتن و دادگایکردنی فەرمانبەرە ئازەری و دیموکراتەکان، بووە مایەی بێزاری و ڕق و کێنەی ڕێبەرانی دیموکرات و هێرشی ڕاگەیاندنەکانی بەدوای خۆیدا هێنا، کەبە پێشێلکردنی ڕێکەوتنەکان و خیانەتکار ناویانبردن، داگیرکردنی زنجان بەو ئاسانیە و بەبێ بەرگرییەکی ئەوتۆی سوپای ئازەربایجان، لەشکری ئێرانی هارکرد و ورەی فیداییە ئازەریەکانی بە تەواوی تێکشاند، لەلایەکی ترەوە زنجان بوو بە بنکەیەکی ستراتیژی گرنگ بۆ لەشکری ئێران، کە لەوێوە بەرەو ناوچەکانی تری ئازەربایجان و کوردستان پێشڕەوییان کرد[٣٧٨]. ئەمەش گورزێکی کوشندەی لە حکومەتی ئازەربایجان وەشاند و ئەو پەڕی لاوازی ئازەربایجانی نیشاندا، لە کاتێکدا سوپای ئێران ئەو کاتە هێندە بەهێز نەبوون، ژمارەیان لە بیست هەزارکەس کەمتربوو، نزیکەی سێ هەزار کەسیان جاش بوون، چەکەکانیشیان تەنها ٣٠ تانك و چەند تۆپ هاوێژێك و چەند فڕۆکەیەکی کۆنبوو، کە بە کەڵکی جەنگیان نەبوو[٣٧٩].

فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکانی ئێران لەسەر داوای محەمەد ڕەزاشا و ئەحمەد قەوام بە هاوبەشی ژمارەیەك لە فەرماندە باڵاکانی سوپا، پلانی هێرشکردنە سەر ئازەربایجان و کوردستانیان بە شێوازێکی زۆرباش و مەیدانی داڕشت :

١- قۆڵی یەکەم، کە گرنگترینیانبوو لە بەرەی زەنجان- تەورێز لە ڕۆژهەڵاتەوە جوڵە بە لەشکری ئێران بۆ گرتنی شارەکانی تەورێز، مەراغە، ورمێ، میانە بکرێت، هاوکات لەم شارانەدا بارەگای سەربازی بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیی دابنرێت.

---

[٣٧٦] ئەفراسیاو هەورامی،س.پ، ل١٠٨ .

[٣٧٧] علی دهقان ، سرزمین زردشت ....... ، ص ص ٢٨٢-٢٨٤.

[٣٧٨] عبد الرحمن قاسملو ، م.س، ص٦١ .

[٣٧٩] نجف قلی پسیان ، م.س، ص٦٤ .

٢- قۆڵی دووەم، لە باكورەوە ستونێك لە ڕەشتەوە بەرەو ئاستارا، ئەردەبیل بجوڵێنرێت، تا كو ڕێگا لە كۆمەك و یارمەتی دەرەكی و كشانەوەی هێزەكانی دیموكرات بۆ سۆڤێت لە كاتی شكستهێنانیاندا بگرێت.

٣- قۆڵی سەقز چالاك بكرێتەوەو هێزەكانی سەردەشت و بۆكان لە ڕۆژئاواوە دەست بە پەلامار و هێرش بۆ سەر قالكردنی هێزی پێشمەرگە بكەن، تاكو نەتوانن هاوكاری هێزەكانی ئازەربایجان بكەن .

٤- ستونێكی لەشكری ٤ لە قۆڵی تكاب- شاهیندژ - میاندواو بۆ دابڕینی كوردستان و ئازەربایجان لە یەكتری بجوڵێنرێت، تاكو بارزانیەكان نەتوانن هاوكاریی هێزەكانی ئازەربایجانەوە لەكاتی پێویستدا بكەن. سەرەڕای هەموو ئەمانەش پلانیان دانابوو لە ڕێگای هۆز و خێڵە دەوڵەتخوازەكانەوە گرفت بۆ هێزەكانی دیموكرات دروستكەن[٣٨٠].

ئەو هێزانەی بۆ هێرشی گشتی سەرئازەربایجان و كوردستان ئامادە كرابوون، بریتی بوون لە: ٢٢ی تیپی پیادە، ٤ تیپی سوارە، دوو یەكەی تۆپخانەی ٥٧ ملیمی چیایی، ٢ یەكەی تۆپخانەی ١٠٥ ملیمی، بلند یەك یەكەی دژە فڕۆكە، كەتیبەیەكی دۆشكە و، ٤ كەتیبەی ئاربیجی(قازیفە)، ٣ كەتیبەی زرێپۆش، دوو كەتیبە ئەندازیاریی بە هەموو پێداویستیەكانیانەوە، ٤ كەتیبەی تۆپی ٣٧ ملیمی، لەگەڵ هەموو پێویستیەكانی گواستنەوەو تەندروستی و فریاگوزاری و پێویستیەكانی تۆپخانە و پیادە، بەڕێوەبردنی یەكەكان .[٣٨١] هاوكات هێزی عەشیرەتە دەوڵەتخوازەكانی وەك: زولفەقاری، یەمینی، ئەفشار، ئەسڵەحەدارباش .....هتد، كە بۆ یارمەتی لەشكر بانگكرابوون، هەروەها هێزەكانی لەشكر ٤ ی كوردستان لەگەڵ چەند ستونێكی ئێرانی، كە لە هەمەدان و كرماشان و ئیلامەوە بە هاوكاریی چەكدارە ئەلقەلەگوێكانی دیبۆكری، مەنگوڕی و مامەش لە قۆڵی كوردستان كۆبونەوە، وێڕای ئەوەش هێزی ئاسمانی ئێران بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەر دۆخێكی نەخوازراو خرابووە ئامادەباشیەوە[٣٨٢].

قەوام بۆ بۆ گرتنەوەی كوردستان، وەك هەمیشە سیاسەتێكی تەڵەكەبازانەی بەكارهێنا، تەلەگرافێكی بۆ پێشەوا قازی محەمەد نارد، كە ئەمە دەقەكەیەتی: "ئاغای قازی محەمەد، بە لەبەرچاوگرتنی بڕیارێكی داومە، هەڵبژاردن دەبێ لەژێر چاودێری هێزی ئەمنیەتی نێرراو لە مەركەزەوە بەڕێوەبچێ، پێویستە هەڵبژاردنی مەڵبەندی كوردنشینی ئازەربایجان بە هاوكاری دڵسۆزانە و بێ ئەملا و ئەولای ئێوە بەڕێوەببردرێ، بۆیە پێویستە لێمان ڕوونبێتەوە لە خۆی- شاپور- ڕەزاییە و مەهاباد، كە

---

[٣٨٠] علی دهقان ، م.پ، ص٧٨٥ .

[٣٨١] مهدی نیا، م.پ،ل٥٢١ .

[٣٨٢] د.یاسین سەردەشتی ، كوردستانی ئێران ، ل٢٢٣ .

مەڵبەندی کوردنشینە بەچ شێوەیەك هاوکاری هێزی ئەمنیەتی دەکەن، تاکو دەستوراتی پێویست ڕابگەیەنین، ئەو هاوکارییە گەرم و خۆشەویستیە تایبەتەی، کە لەم ماوەیەدا لە شەخسی ئێوەمان دیووە، چاوەڕوانم لەو شوێنانەی پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە، بە دڵگەرمیەکی تەواوەوە هەوڵبدەی کارەکان بەرەو پێش بچن"[٣٨٣]. قازی محەمەد لە وەڵامی تەلەگرافەکەی قەوامدا نووسیویەتی: "…. کۆنترۆڵکردنی هەڵبژاردن بەپێی یاسای هەڵبژاردن، دەبێت لە ئەستۆی ئەنجومەنی هەرێمیدا بێت"، بەڵێنی بە قەوامدا هەڵبژاردن لە کوردستان لە بارودۆخێکی ئازاد و دیموکراتیدا بەڕێوەدەچیٚ، پێشەوا ڕایگەیاند، ناردنی سوپای ئێران بۆ ناوچە کوردنشینەکان هیچ پێویست ناکات، لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی دووبارەبونەوەی ڕووداوەکانی هەڵبژاردنی خولی ١٤ی مەجلیسی شورای ئێران، سەرەڕای ئەوە هاتنی سوپا بۆ ناوچەکە دەبێتە هۆی سوکایەتی بە کورد کردن[٣٨٤].

## ٢- لەشکرکێشی سوپای ئێران بۆ سەرکۆماری ئازەربایجان و کۆماری کوردستان و ڕووخاندنی هەردوو کۆمارەکە

پیشەوەری و جاوید هەر لە سەرەتاوە دژی هاتنی سوپای ئێران بوون و قەوامیان ئاگادارکردەوە کارێکی لەو جۆرە پێچەوانەی ڕێکەوتنامەی نێوانیانە، پێیانڕایانگەیاند، ئازەربایجان سوپای خۆی هەیە و دەتوانێت ئارامی و ئاسایش بپارێزێت، لەبری سوپا ئەوان با چاودێر بنێرن ئەگەر دەیانەوێت لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن دڵنیا ببنەوە.[٣٨٥] دوایی گرتنی شاری زنجان لە ٢ی سەرماوەزی ١٣٢٥، کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە بەرامبەر ئەو بارودۆخە سەخت و دژوارەدا لە ڕۆژی ١٦ی سەرماوەرز، ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ حکومەتی تاران ڕاگەیاند و پیشەوەری ئاگادارییەکی هەڕەشە ئامێزی ئاڕاستەی قەوامکرد و نوسیویەتی:" گەمە بە ئاگر نەکات چونکە خەڵکەکەمان سوێندیان خواردووە بە هەموو تواناyانەوە ئازادییەکانیان بپارێزن .. بە سوێندەکەمان وەفادار ماوینەوە، ئەوانەی دەیانەوێت بە نوکی سەرەنێزە ئازادیمان لێبسێنن، هەرکەسیٚ بێت بە هێزی باسکی خەڵك سەرکوتی دەکەین و بەرەو دواوە دەیگێڕینەوە، ئەمەش ئاخر قسەمانە مردن بەڵیٚ، گەڕانەوە نەخێر"[٣٨٦].

---

[٣٨٣] کوهستان ، شمارە ٧٢ ، ١١ آذر ماە ١٣٢٥، ص١ .

[٣٨٤] د.ئەفراسیاو هەورامی ، ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ل٤٤ .

[٣٨٥] امل عباس جبر الجبرانی ، م.س، ص١٥٢ .

[٣٨٦] حوسێنی مەدەنی ، س.پ، ل٣٠٦ ؛ اذربایجان (روزنامە) ، شمارە ٣٥٧ ، ٥ اذرماە ١٣٢٥ .

قەوام لە ١٩٤٦/١٢/١٠ کۆتا بڕپاریدا، فەرمانی بە لەشکر کرد بەرەو تەورێز پێشڕەوییبکەن، هاوکات ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخەکە دواین کۆبونەوەیانکرد، لەنێوان ئامادەبوانی کۆبونەوەکەدا بیروڕای جیاواز دروستبوو، شەبوستەری و جاوید پێانوابوو بێبەرگریکردن ڕێگا بۆ گەڕانەوەی سوپای ئێران بۆ ئازەربایجان بکرێتەوە، لە لایەکی ترەوە پیشەوەری و پادگان دژی پێشنیاری گەڕانەوەی سوپای ئێران بۆ ئازەربایجان وەستانەوە، لە کۆتایی کۆبونەوەکەدا بە پێشنیاری (قولیئۆف) ی نوێنەری کونسوڵخانەی سۆڤێت لە تەورێز، هەریەکە لە : بیریا، پیشەوەری، پادگان و جیهان شاولو بڕیاریاندا ڕووبکەنە سۆڤێت ئازەربایجان بەجێبهێڵن[٣٨٧].

ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٠ لەشکرکێشی سوپای ئێران بە پەلاماردانی بەرزاییەکانی قافلانکۆ لەسەر ڕێگای زنجان– میانە دەستپێکرد، توانیان لە ماوەیەکی کورتدا وێستگەی شەمەندەفەری (ڕێژێنی) بگرن و ئازەرییەکانیان ناچار کرد ئەو ناوچەیە بەجێبهێڵن و ڕووبکەنە قافلانکۆ، سوپای ئێران، کە تانك و تۆپی قورس و هێزی ئاسمانی هەبوو توانی هێزەکانی ئازەربایجان بەسەرۆکایەتی غولام یەحیا دانیشان بشکێنیت و پاش نیوەڕۆی ٢٠ی سەرماوەز سوپای ئێران گەیشتە شاری میانە وداگیریکرد[٣٨٨]. دواتر سوپای ئێران لە چوارچێوەی درێژەدان بە پێشڕەوییەکانیان هێزەکانیان بە سەر چەند قۆڵێکدا دابەشکرد لەوانە: قۆڵی یەکەم بە ڕێگای سەرەگی نێوان میانە — تەورێزدا ڕووی کردە شاری تەورێزی پایتەختی ئازەربایجان، بەشێکی تری هێزەکە لە میانەوە بەرەو مەراغە پێشڕەویکرد، بەشێکی تریان لە میانەوە بەرەو بۆستانئاباد، لە وێوە بۆ سەراب و ئەردەبیل . دواین قۆڵ لە ڕەشتەوە بۆ ئاستارا بوو، هاوکات لە قۆڵی کوردستانیشەوە پێشڕەوییەکان بەرەو شاهیندژ و تکاب دەستپێکرد، بە هۆی لاوازی دیموکراتەکان و بەرگرینەکردنیان، تەنانەت هەڵهاتنی ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارەکانیان و چۆڵکردنی بەرەکانی جەنگ، سوپای ئێران بەبێ بەرەنگاربوونەوەیەکی ئەوتۆ توانیان سەرکەوتنی گەورە بە دەستبێنن[٣٨٩].

هەرچەندە ڕۆژی ٢٠ی سەرماوەرز لە تەورێز (شورای جەنگی) پێکهاتبوو، بەڵام لەبەر نەبوونی کۆدەنگی و یەکهەڵوێستی، نەیانتوانی وەك پێویست لەگەڵ بارودۆخەکەدا مامەڵەبکەن، ئەنجومەنی ئەیالەتی ئازەربایجان بڕیاری ڕاگرتنی شەڕ و ڕێگا کردنەوەی بۆ هاتنی هێزەکانی ئێران بۆ ئازەربایجان دەرکرد، ئەم بڕیارەش بە تەلەگرافێك لەلایەن شەبوستەری سەرۆکی ئەنجومەنی ئازەربایجان و جاویدی

---

[٣٨٧] د.تورج اتابکی ،م.پ، ص١٨٣ .

[٣٨٨] د.ئەفراسیاو هەورامی ، پەیوەندیەکانی کوردستان و ئازەربایجان .....،ل ل ١١٢–١١٤ .

[٣٨٩] نەوشیروان مستەفا ئەمین ، بەدەم ڕیگاوە گوڵچنین ، کتێبی سێەم ، بەرگی یەکەم ، دار العربیە للعلوم ناشرون، بیروت ،لبنان –٢٠١٤، ل٥٨٣.

پارێزگاری ئازەربایجان بۆ سەرۆك وەزیرانی ئێران نێرا، لەناوەڕۆکی تەلەگرافەکەدا شەبوستەری نوسیبووی :" بەڕێز قەوام ئەلسەلتەنە ئەمڕۆ ئەو تەلەگرافەی ئێوە بۆ دکتۆر جاویدتان نارد بوو گەیشتە دەستم، من بانگەوازی کۆبونەوەیەکی تایبەتی و نائاسایی مەجلیسی هەرێمی ئازەربایجانم کرد، لە ئەنجامی هەلۆێستی خێرخوازانەی من و هەروەها دکتۆر جاوید و ژمارەیەك لە کەسانی نیشتمانپەروەر و دیموکراتخواز بە یەکدەنگ داخوازییەکانی ئێوەم سەبارەت بە دەستپێکردنی هەڵبژاردن و تەواوکردنی کارەکە پەسەندکرد، دەستوردرا بواری تێکهەڵچوونێك ببێتە هۆی براکوژی نەدرێت، هەروەها ئۆستانداری ئازەربایجان بەدامودەزگاکانی دەستوریداوە، کە ڕێگا بۆ ئاسانکردنی بارودۆخی هاتنی سوپای ئێران بۆ ئازەربایجان بۆ ئەوەیە یەکێتی و سەربەخۆیی تەواوەتی خاکی ئێرانی خۆشەویست بپارێزێت، هیوادارین بەرێزتان هەروەها دەستور بدەن لە هەر چەشنە کردەوەیەك، کە بە پێچەوانەی ویستی ئێوە بێت دوورەپەرێزی بکەن "[٣٩٠].

لە پاش بڕیاری خۆبەدەستەوەدان لەلایەن ئەنجومەنی ئەیالەتی ئازەربایجانەوە، سەرلەئێوارەی ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١١ پیشەوەری و پادگان پۆستەکانی خۆیان بەجێهێشت و ڕۆیشتن بۆ یەکێتی سۆڤێت، دوای ئەوان زۆربەی ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات و بەرپرسە بالأکانی حکومەت بە هەمانشێوە بەرەو سۆڤێت هەڵهاتن، ئەوانەی مابونەوە تەنها شەبوستەری، جاوید، بیریا، ئیبراهیمی، ویلایی و کەبیری ..هتد بوون، لە کۆبونەوەیەکی بەپەلە و نائاسایی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، ڕێبەرایەتی کۆمیتەی ناوەندیی خرایە ئەستۆی بیریا. ویلایی بە هاوکاریی شەبوستەری و جاوید هەوڵیاندا خەڵك هێوربکەنەوە، داواییان لە خەڵك کرد هێمنی خۆیان بپارێزن و بەرەنگاری هاتنی هێزەکانی ئێران نەکەن، بەڵام لە ئەنجامی ئەو پشێووی و لێکترازانەی پارت و سوپا، چەك کەوتبووە دەست باندە چەکدارە شاپەرستەکان، کە سەرکردە کۆنەپەرستە خۆجێییەکان بە سەرپەرشتی تاران سەرکردایەتیان دەکردن، لە بەرەبەیانی ١٩٤٦/١٢/١٢ کەوتنە تالأنکردنی ماڵ و فرۆشگای دیموکراتەکان، بارودۆخێکی زۆر ئاڵوز و سەخت دروستبوو، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە خەڵکی و ئەفسەر و سەرباز لە تەورێزەوە بەرەو جولفا و لە وێشەوە بەرەو سۆڤێت ڕۆشتن ، هەمان کارەساتیش بە سەر شارەکانی ئەردەبیل، ورمێ ، خۆی و شارەکانی تری ئازەربایجاندا هات، لە ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٣ هێزەکانی ئێران بە سەرۆکایەتی جەنراڵ هەمایۆنی هاتنە تەورێزەوە، بە گەیشتنیان دەستیانکرد بە دەستگیرکردن و کوشتنی بێبەزەییانەی دیموکراتەکان، جگە لە دەسگیرکردنی شەبوستەری و جاوید و گواستنەوەیان بۆ تاران، هەڵمەتی دەستگیرکردنی دیموکراتەکان بە چڕ و پڕی دەستیپێکرد، کە ماڵ بە ماڵ و بە لیستی ناو بە دوایاند دەگەڕان، تا کۆتایی مانگی کانونی

[٣٩٠] ئەفراسیاو هەورامی ، س.پ ، ل١٢٤–١٢٥ .

یەکەم نزیکەی ١٥٠٠ کەسیان خستە زیندانەوە، سەرەڕای ئەوەش زیاتر له ٥٠٠ کەسیان کوشت و سەدانی تریان بێسەروشوێن کرد[٣٩١].

سەبارەت بە تێکشکانی بزوتنەوەی دیموکراتی لە ئازەربایجانی ئێران، ئاژانسی هەواڵدەری تاس ڕوونکردنەوەییەکی بڵاوکردەوە ئاماژەی بە تێکشکانی بزوتنەوەی نیشتمانی دیموکراتی لە ئازەربایجانی ئێران کرد، کە لەماوەی شەو ڕۆژێکدا لە ١٩٤٦/١٢/١١ بە تەواوی لەناوچووە، فیرقەی دیموکرات دەسەڵاتەکانی بە تەواوی لە دەستداوە، هەرچی دەستکەوتەکانیشێتی وەك دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا، بە فەرمیکردنی زمانی ئازەری لە تەواوی دامەزراوەو دەزگاکانی هەرێمی ئازەربایجان، بنیاتنانی زانکۆ و مۆزەخانە، دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی لە دەستدا، ئەنجومەنی ئازەربایجان هەڵوەشایەوە[٣٩٢].

هەر سەبارەت بە کۆمەڵکوژی و لێدانی دیموکراتەکانی ئازەربایجان لە یاداشتەکانی (کراسینغ) دا باس لەوە کراوە، کە دادگای نیزامی– سەحرایی ئەفسەرە دیکتاتۆرەکانی ڕژێم لە ١٩٤٧/١/٣ بڕیاری گولەبارانکردنی بەسەر (حەمزە) ی ئەفسەری سوپای میللی ئازەربایجان جێبەجێکرد، جگە لە ناوبراو تەواوی ئەو ئەفسەرانەی کە بڕیاری بەرگرینەکردن و ڕێگادان بە هاتنەوەی سوپای ئێرانیان بۆ ئازەربایجان جێبەجێکرد هەڵواسران و گولەباران کران، وەك: جەنراڵ کەبیری، جەنراڵ ئەعزەم، پالکۆڤینك قولی سوبحی ....هتد، هاوکات دەیان کەس لە زیندانەکاندا چ بەهۆی نەخۆشی و برسێتەوە بوو بێت، یان لە ژێر ئەشکنجە و سزایی سەختدا گیانیانسپارد[٣٩٣].

قەوام سیاسەتێکی تەڵەکەبازانەی هەبوو سەبارەت بە خۆدزینەوە لەپرسی چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد، بە ناردنی تەلەگرافێك بۆ ڕێگرینەکردن و هاوکاریکردنی گەڕانەوەی سوپای ئێران بۆ کوردستان و بە بیانووی پاراستنی هێمنانەی ئاسایش و مسۆگەرکردنی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی خولی پانزدەهەمی مەجلیس میللی ئێران، بە ئاشکرا نیازی داگیرکردنەوەی کوردستانی خستە بەردەم ڕێبەرانی کۆمار بەتایبەتیش قازی محەمەد، وەڵامی نەرێنانەی پێشەوا لەمەڕ داواکەی قەوام، لێپرسراوانی حکومەتی میللی کوردستانی ڕووبەڕووی دۆخێکی دیفاکتۆ کردەوە، کە خۆئامادەکردن

---

[٣٩١] ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیای فیدراڵ ، فۆندی ٠٩٤ ، کۆپیەی ٣٨ ، دۆسیەی ٦٤، کارتۆنی ٣٦٥ ،ل ل١–٨ .وەرگیراوە لە ئەفراسیاو هەورامی ، پەیوەندیەکانی کوردستان و ئازەربایجان....،ل١١٤–١٢١ .

[٣٩٢] ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیای فیدراڵ، فۆندی ٥٦، کۆپیەی ١٠ ، کارتۆنی ٢٣١، دۆسیەی ٢٧٣ ،ل ل ٢٩–٣٥ وەرگیراوە لە ئەراسیاو هەورامی ، پەیوەندیەکانی نێوان کوردستان و ئازەربایجان........،ل١٢٣.

[٣٩٣] هـ.س،ل١٩٧ .

بۆ جەنگبوو، لە ١٩٤٦/١٢/٥ قازی محەمەد گروپێکی ١٠ کەسی بۆ پێکهێنانی (شورای جەنگ) دەسنیشانکردو بڕیاریشیاندا بەرگری لە ناوچە ئازادکراوەکانی سنوری دەسەلآتی کۆمار بکەن، بە هاوکاری هێزە عەشیرەتیەکان بڕیاریاندا لە ١٩٤٦/١٢/٦ کۆبونەوەیەکی گشتی لە مزگەوتی (هەیاس ئاغا) ی شاری مەهاباد ئەنجامبدەن و گوێ لە بیروڕای خەڵکی بگرن[٣٩٤].

لە کۆبونەوەکەی مزگەوتی هەیاس ئاغا زورێك لە سەرکردەکانی کۆمار بە قازی محەمەد و سەدری قازیشەوە ئامادەییان بۆ بەرگریکردن و ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ سوپای ئێران نیشاندا، بەلآم لە دەرەوەی سنوری کۆمار، تەنانەت سەدری قازی ئاماژەی بە کەمورەی و بێتوانایی هێزی سوپا و ژاندارمری ئێران کرد، باسی لەوەش کرد، کە دەولەت لە قۆڵی سەقز، سەردەشت و تکابەوە هێزێکی ئەوتۆی نییە ئەگەر هێزی پێشمەرگە لەلایەن فیداییەکانی دیموکراتی ئازەربایجانەوە هاوکاری بکرێن بە ئاسانی دەتوانن بیانشکێنن، هەروەها ئاماژەی بە توانای هێزە عەشیرەتیەکان کرد، کە بە باشی دەتوانن بەرەنگاری سوپایی ئێران ببنەوە[٣٩٥]. هاوکات دەستەیەکی تر هەبوون بۆچوونی پێچەوانەیان هەبوو لەوانە : مەلا عەبدوڵلآی مودەریس، مەلا حوسێنی مەجدی، پێیانوابوو بەرەنگاربونەوەی حکومەت لە بەرژەوەندیی و توانای ئەواندا نییە، لە پێناو ڕێگریکردن لە خوێنڕشتن و کاولکاری باشتر وایە بە بێ شەڕکردن لەگەڵ سوپای ئێران ڕێگای هاتنە ناوەوەیان بۆ ناو خاکی کۆماری کوردستان پێبدرێت[٣٩٦].

لە پاش بڕیاردانی ئازەربایجان بە بەرگرینەکردن و خۆ بەدەستەوەدان، چەند هەزار سەرباز و فیدایی ئازەری، کە لە قۆڵی پێشەوەی جەنگ بوون بەرەو تەورێز کشانەوە، هاوکات لە ١٩٤٦/١٢/١٠ دەستوری کشانەوە بە هێزەکانی پێشمەرگە بارزانیەکان درا، کە لە قۆڵی سەقز- سەردەشت بوون و پارێزگارییان لە دواین سنوری کۆماری کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی دەکرد، ئەوانیش بە ڕێگای میاندواوەو بۆ بۆکان لەوێشەوە بۆمەهاباد کشانەوە، هەر کە سەرهەنگ غەفاری گەشتە بۆکان هەمانڕۆژ بەشێکی زۆری هێزە عەشیرەتیەکان چوونە پاڵ هێزەکەی و پشتیان لە کۆمار کرد، لە ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١١ هێزەکانی سوپای ئێران بەبێبەرگرییەکی ئەوتۆ گەیشتنە تەورێز، هەمانڕۆژ لە وێوە بەرەو جولفا ، مەرەند، خۆی، ماکۆ، پێشڕەوییانکرد. شکستی سوپای ئازەربایجان، کە لە ڕووی چەك و کەلوپەلی جەنگی و

---

[٣٩٤] ویلیام ایغلتن الابن ،م.س ، ص١٨٦ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین ، حکومەتی کوردستان....، ل٢٧٤ .

[٣٩٥] جعفر مەهدی نیا ، زیندگی سیاسی..... ل ٥٢٢-٥٢٣ .

[٣٩٦] غەنی بلوریان ،س.پ، ل٧٥ .

فەرماندەی لێزان و لەشکری ڕاهێنراوەوە جێگای سەرسوڕمان بوو، هاوکات هەڵهاتنی پیشەوەری و پادگان و ئەوانی تر بەرەو خاکی سۆڤێت مایەی نیگەرانی و تێڕامان بوو[٣٩٧].

بەم چەشنە چۆڵکردنی سنورەکانی ڕۆژهەلأت و باکور لەلایەن هێزەکانی حکومەتی ئازەربایجانەوە گرفتی گەورەی بۆ ڕێبەرانی کۆمار دروستکردبوو، کە هێزێکی ئەوتۆیان نەبوو تا لەم قۆڵەوە ڕووبەڕووی دووژمن ببنەوە بەتایبەتی دوایئەوەی فەرماندەی گشتی هێزەچەکدارەکانی ئێران لەشکری ٣ی لە تەورێزەوە بۆ هاوکاریی لەشکری ٤ی کوردستان تاکو مەهاباد بگرن نارد[٣٩٨].

لەو بارودۆخە سەختەدا پێشەوا لە بەردەم سێ بژاردەی دژواردا بوو، کە هەڵبژاردنی هەریەکەیان پێویستی بە دانایی لە بڕیارداندا هەبوو، بێگومان هەر یەکەیان کاریگەریی گەورەی بەجێدەهێشت لەسەر چارەنووسی کۆمار، بڕیارەکان یان دەبوایە بەرگری و شەڕی سەرتاسەری کوردستان بکەن بەبێ پشتیوانیەکی هەرێمایەتی و لایەنگرییەکی نێودەوڵەتی و هاوکارییەکی باشی ناوخۆیی، یان خۆڕادەسکردن و ڕازیبوون بەو چارەنووسە شومەی، کە لەژێر ڕەحمەتی بێبەزییانەی دەوڵەتی ئێرانەوە سەرچاوەی دەگرت، یان هەڵهاتن و خۆ دەربازکردن هاوشێوەی پیشەوەری و هاوکارەکانی، لە ئەگەرێکی وادا کۆمار و خەڵکەکەی دەبنە قۆچی قوربانی خێڵە تالأنچی و عەشیرەتە شاپەرستەکان و کۆمەڵکوژی بێبەزییانەی لەشکری ئێران وەك ناوچەکانی تەورێز و دەوروبەری، بۆیە پێشەوا مایەوەو خۆ بە دەستەوەدانی خۆی و براکەی و چەند هاوکارێکی تری بە گونجاوترین بژاردە دانا، داوای لە خەڵکی کرد سەرجەم ئەو بەڵگە و کەلوپەلانەی، لەوانەیە لەداهاتوودا ببنە مایەی کێشەو تاوانبارکردنیان لەناو ببەن، خۆیشی بەرپرسیارێتی تەواوی ڕووداوەکانی مەهابادی گرتە ئەستۆ و، فەرمانیدا پێشمەرگەکان بە بێبەرگریکردن بەرەکانی جەنگ ڕادەستی سوپای ئێران بکەن[٣٩٩].

شکستی لە ناکاوی بێبەرەنگاربونەوەی سوپای ئازەربایجان و گرتنی تەورێزی پایتەخت بەو ئاسانیە لەلایەن سوپای ئێرانەوەو ڕووخانی کۆماری ئازەربایجان، کاریگەریی خراپی هەبوو لەسەر ورەی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان، لەلایەکی تریشەوە ڕێگای پێشڕەوی بۆ سوپای ئێران کردەوە، بەبێ هیچ کۆسپ و تەگەرەیەك هێرش بکەنە سەر کوردستان[٤٠٠]، لەو بارودۆخە پشێوی و نالەبارەدا قەوام فەرمانیدا

---

[٣٩٧] هێمن ، س.پ ، ل٢٧.

[٣٩٨] د.ك.و ، الوحدة الوثائقية ، ملفات البلاط الملكی ، الملف ٣١١/٧٣٢ ، الوثيقة رقم ١٣٨ و الوثيقة ١٨١ ، ص ص٣٨٠ – ٤٩٠ ، بتاريخ ١٩٤٧/١/٥ .

[٣٩٩] عبدالله ئەحمەد ڕەسول پشدەری ، س.پ، ل٩٤ .

[٤٠٠] چاوپێکەوتنێکی بلأوکراوەی جەلیل گادانی لە بەرنامەی پەنجە مۆر– بەشی دووەم، تەلەفزیۆنی ڕووداو، ٢٠١٦/٢/١٦.

به لەشکری سێ لە قۆڵی باشورەوە بەرەو مەراغە، مياندواو، مەهاباد بۆ هاوکاریی لەشکری ٤ی کوردستان، کە جەنراڵ هەمایۆنی فەرمانداەی بوو پێشڕەوییکەن، هاوکات ئەویش لە قۆڵی باکورەوە بە ئاڕاستەی سەقز– بۆکان – مەهاباد پێشڕەویکرد تاکو بە هاوکاری لەشکری سێ مەهاباد بگرن[٤٠١]. شایەنی باسە بەرلەوەی سوپای ئێران بگەنە مەهاباد، پێشەوا فەرمانیدا دەرگای جبەخانەی مەهاباد بخرێتە سەرپشت و هەرچی چەك و تەقەمەنی پێویست بوو درا بە بارزانیەکان، هەروەها ئالآی کوردستانیش لەلایەن پێشەواوە بە ئەمانەت بە مەلا مستەفا سپێردرا و داوای لێکرد بیپارێزێت[٤٠٢].

دوای ئەوەی بارزانیەکان لە مەهاباد چوونە دەرەوە بەرەو ناوچەی نەغەدە کشانەوە[٤٠٣]، پێشەوا بە تەلەفون پەیوەندیی بەجەنراڵ هەمایونیەوە کردو، جەنراڵ پێیوت: " بەمزوانە هەموو کوردستان دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی ئێرانەوە"، پێشەوا لە وەڵامدا وتی:" شاندێك دەنێرم تاکو ڕێکەوتننامەی ئاشتی مۆر بکات، هەمایۆنی وتی: " ڕێکەوتنی ئاشتی لە نێوان دوو دەوڵەتدا مۆردەکرێت بۆیە باشتر وایە بەر لە هەڵگیرسانی جەنگ خۆتان بە دەستەوە بدەن". بۆ جاری دووەم کە پێشەوا پەیوەندی بە هەمایۆنیەوە کرد، هەمایۆنی دووبارە داوای خۆ بەدەستەوەدانیان لێکرد و پێیوت : "هەر جۆرە دواکەوتنێك لەخۆ بەدەستەوەدان زەرەر و زیانی گەورەی بە دواوە دەبێت بۆتان، بۆیە باشتر وایە پەلە بکەن لە وەڵامدا قازی محەمەد وتی : "ئەگەر دڵنیایی و گرەنتی گیانیم پێ ببەخشن ئەوا خۆم دێم بۆ لاتان" هەمایۆنیش وتی: "دڵنیابە گرەنتی سەلامەتی گیانیتان پێ دەبەخشم "[٤٠٤].

بەم جۆرە لە ١٩٤٦/١٢/١٦ دەستەیەك لە نوێنەرانی شاری مەهاباد کە پێکهاتبوون لە: سەید عەلی حوسێنی، کەریم ئاغای دیبۆکری، عەلی ئاغای قەرەنی ئاغا، سلێمان پیرمارف ئاغای مامش، میرزا ڕەفعەت شافعی بازرگان، مام حەسەنی مەنگوڕ، نوێنەری تایبەتی قازی محەمەد، کە سەیفی قازی و محەمەد حوسێن خان بوون، ڕۆشتن بۆ لای جەنراڵ هەمایۆنی و لە نزیك کارگەی قەندی مياندواو لە (ناسرکەند) چاوییان پێیکەوت، لەو دیدارەدا هەمایۆنی بەناوی لەشکر و دەوڵەتی ئێرانەوە خێڵەکانی دڵنیا

---

[٤٠١] د.ك.و ، الوحدة الوثائقية ، ملفات البلاط الملكی ، الملف ٣١١/٧٣٧ ، الوثيقة رقم ١١٨ ،ص٤٩٠ ، كتاب وزارة الخارجية العراقية الى الديوان الملكی ،١٩٤٦/١٢/٢٩.

[٤٠٢] حوسێنی مەدەنی ،س.پ، ل٣٠٨ .

[٤٠٣] جليلی جليل و اخرون، الحركة الكردية فی العصر الحديث، ترجمة: عبدی حاجی، الطبعة الاولی، دار الرازی ، بيروت، ١٩٩٢،ص٢٠٨ .

[٤٠٤] ئەنوەر سوڵتانی ، بیرەوەری دوو ڕۆژنامەنووسی ئێران لە مەڕ کۆماری کوردستان ١٩٤٦ ، گزنگ ( گۆڤار) ، ژمارە ٢٤ ، سوید– هاوینی ١٩٩٩ ، ل٢٢ .

کردەوە، کە حکومەتی ناوەندیی دژی شەڕکردنە و هیچ هەڵوێستێکی دژە کوردی نییە[٤٠٥]، هاوکات پێشەوا بۆ ڕێگریکردن لە هەر جۆرە خوێنڕشتن و تۆڵەسەندنەوەیەك خۆی و سەیفی قازی ئامۆزایی و حاجی بابەشێخ و حاجی ئاغای گەورەك ڕوویانکردە شاری میاندواو پێشوازییان لە جەنراڵ هەمایۆنی و سوپای ئێران کرد، سوپا لە ١٩٤٦/١٢/١٧ گەیشتە مەهاباد و بە خۆڕادەسکردنی پێشەواو هاوڕێکانی کۆتایی بە کۆماری کوردستان هات، سوپای ئێران دوای پێنج ساڵ توانی بگەڕێتەوە بۆ موکریان و مەهاباد[٤٠٦] .

دوای داگیرکردنەوەی شاری مەهاباد لەلایەن سوپای ئێرانەوە، پێشەوا و سەدری قازی و حوسێن سەیفی قازی و حاجی بابە شێخ و چەند هاوکارێکی تریان درانە دادگا و لە ١٩٤٧/١/٣ حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەرکرا، لە بەرواری ١٩٤٦/٣/٣١ لە گۆڕەپانی چوارچرا سێدارە دران[٤٠٧] .

